# توانستە جوگرافییەکانی هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای سیاسی)

عیماد عەبدول حوسێن جاف

لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٤

**ناوی کتێب:** توانستە جوگرافییەکانی هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان

**نووسینی:** عیماد عەبدول حوسێن جاف

**دیزاینی بەرگ:** دیار سەعید شێخۆ پیرانی

**دیزاینی ناوەڕۆک:** هێما ئەحمەد شێخۆ

**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی

**ساڵ و شوێنی چاپ:** هەولێر - ٢٠٢٤

**چاپخانە:** زانکۆی سەلاحەددین

**تیراژ:** ١٠٠٠

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (١١٢٨) ساڵی ٢٠٢٤ پێدراوە.

ئـەم پەرتووکـە لـە بنەڕەتـدا، وەک بەشـێک لـە پێداویسـتییەکانی بەدەسـتهێنانی بڕوانامـەی ماسـتەر لـە زانسـتی جوگرافیـا، بەسەرپەرشـتی پ.د. سـلێمان عەبدوڵـڵا ئیسـماعیل پێشکەشـی ئەنجومەنـی کۆلێـژی ئادابـی زانکـۆی سـەڵاحەددین - هەولێـر کـراوە.

**ئەم پەرتووکە پێشکەشە بە:**

- بە ڕۆحی پاکی باوکم
- دایکی ئازیزم و برا و خوشکەکانم
- هاوسەری خۆشەویستم
- جگەرگۆشەکانم.....( ڕۆڤان و مێرڤا و مێڤان )
- مامۆستایانی بەڕێزم لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن
- هەموو ئەوانەی ڕێگای زانستیان نیشانداوم و هاوکاریان کردووم
- پێشکەشە بە نەتەوە و نیشتمانەکەم (کورد و کوردستان)

## پێرست


| لاپەڕە | ناونیشانی بابەتەکان |
|---|---|
| ٩ | پێشەکی |
| **١٣** | **بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە** |
| ١٥ | **باسی یەکەم:** چەمکی کورد و سنووری کوردستان |
| ١٥ | تەوەری یەکەم: چەمکی کورد و کوردستان |
| ١٩ | تەوەری دووەم: دابەشکردنی کوردستان |
| ٣١ | تەوەری سێیەم: دەستنیشانکردنی سنووری کوردستان |
| ٤٩ | **باسی دووەم:** چەمک و سنووری هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان |
| ٤٩ | تەوەری یەکەم: چەمکی هەرێم و ڕۆژئاوای کوردستان |
| ٥٧ | تەوەری دووەم: دیاریکردنی سنووری هەرێمی ڕۆژئاوا |
| ٧٧ | تەوەری سێیەم: ڕووبەر و شێوە و شوێنی هەرێمی ڕۆژئاوا |
| **٨٣** | **بەشی دووەم: توانستە سروشتییە جوگرافیەکانی هەرێمی ڕۆژئاوا** |
| ٨٧ | تەوەری یەکەم / پێکهاتەی جیۆلۆجی و بەرزی و نزمی |
| ١٠٥ | تەوەری دووەم / ئاوهەوا ( المناخ - Climate ) |
| ١٠٩ | تەوەری سێیەم/ دەرامەتی ئاوی ( الموارد المائية ) |
| ١٢٧ | تەوەری چوارەم /خاک و ڕووپۆشی ڕووەکی |
| ١٣٥ | تەوەری پێنجەم/ دەرامەتی کانزایی (المعدن-mineral) |
| **١٤٥** | **بەشی سێیەم: توانستە جوگرافییە مرۆییەکانی هەرێمی ڕۆژئاوا** |
| ١٤٩ | **باسی یەکەم:** جوگرافیای دانیشتوانی هەرێمی ڕۆژئاوا |
| ١٤٩ | تەوەری یەکەم: گۆڕانکاریە دیموگرافیەکان |
| ١٥٩ | تەوەری دووەم: گۆڕانی دانیشتوان (التغير السكاني) |

| | |
|---|---|
| تەوەری سێیەم: دابەشبوونی دانیشتوان (التوزيع السكان) | ١٦٣ |
| تەوەری چوارەم: پێکهاتەی دانیشتوان | ١٦٩ |
| **باسی دووەم:** توانسته جوگرافیه ئابورییەکانی هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان | ١٩٣ |
| تەوەری یەکەم: چالاکی کشتوکاڵی (النشاط الزراعي – Agricutura activity) | ١٩٥ |
| تەوەری دووەم: چالاکی پیشەسازی (النشاط الصناعي–Industrial activity) | ٢٠٥ |
| تەوەری سێیەم: چالاکی گواستنەوە و بازرگانی (نشاط النقل و التجارة) | ٢١٣ |
| تەوەری چوارەم: چالاکی خزمەتگوزاری و گەشتوگوزار | ٢٢٧ |
| **بەشی چوارەم: هەڵسەنگاندنی توانستە سیاسیەکان و بەربەست و سیناریۆکانی ئایندەی هەرێمی ڕۆژئاوا** | **٢٣٥** |
| تەوەری یەکەم / هێزە سیاسیەکانی هەرێمی ڕۆژئاوا | ٢٣٧ |
| تەوەری دووەم / سەرهەڵدانی جەماوەری سوریا و کوردانی ڕۆژئاوا | ٢٥١ |
| تەوەری سێیەم/ ڕێڤەبەری خۆسەر (الإدارة الذاتية) قۆناغەکانی دروستبوونی | ٢٥٧ |
| تەوەری چوارەم / پەیوەندییەکانی هەرێمی ڕۆژئاوا (ناوخۆ – دەرەکی) | ٢٦٥ |
| تەوەری پێنجەم/ بەربەست و سیناریۆکانی بەردەم ئایندەی هەرێمی ڕۆژئاوا | ٢٩٥ |
| **ئەنجامەکان** | ٣٠٧ |
| **ڕاسپاردەکان** | ٣١٥ |
| **لیستی سەرچاوەکان** | ٣١٧ |
| **پاشکۆ** | ٣٣٩ |

# پێشەکی

هەرێـم پارچەیەکـە لـە سـەر ڕووی زەوی کـە لـە ناواخنـدا تەبـا و یەکگرتـووە، بـە دیاردەیـەک یـان کۆمەڵـە دیاردەیـەک لـە ناوچەکانـی دەوروبـەری جیادەکرێتـەوە، هەرێمـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان ئـەو پانتاییـە جوگرافییـە کـە بەشـێکە لـە کوردسـتانی گـەورە و درێژەپێـدەر و تەواوکـەری بەشـەکانی باکـوور و باشـووری کوردسـتانە، هیـچ دیاردەیەکـی سروشـتی نییـە لێکیـان جیابکاتـەوە، پـاش ڕووخانـی دەوڵەتـی عوسـمانی و پەیماننامـە و نێودەوڵەتییـەکان هەرێمـی ڕۆژئـاوا لـە ژێـر سەرپەرشـتی ئینتدابـی فەرەنسـیدا لکێـنرا بـە دەوڵەتـی نوێـی سـوریاوە.

ڕۆژئاوایـی کوردسـتان لـە سـەروبەندی سـەربەخۆبوونی دەوڵەتـی سـوریاوە تاکـو ئێسـتا سـەقامگیری ڕەهـا و مـاوە درێـژی بەخـۆوە نەدیـوە، بەڵکـو بـۆ گۆڕینـی دیمۆگرافیـای ناوچەکـە دووچـاری سیاسـەتێکی پـلان بـۆ دانـرا و هەڵمەتێکـی فـراوان بـووە، لـە ئێسـتادا هەرێمـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان و سـوریا بوونەتـە چەقـی ململانێیەکـی هەرێمـی و نێودەوڵەتـی، ئەمـەش لـە دەرئەنجامـی پاشـهاتەکانی بەهـاری عەرەبـی و گرنگـی پێگـەی جیۆپۆلەتیکـی ناوچەکەیـە.

چەمکـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان دەسـتەواژەیەکی کۆنـە و دەگەڕێتـەوە بـۆ پێـش ڕێککەوتنـی سـایکس - پیکـۆ، لـە ئەدەبیاتـی سیاسـی ڕۆژئاواییەکانـدا، بـە تایبـەت فەرەنسـی و بەریتانییەکانـدا هاتـووە، ڕۆژئـاوای کوردسـتان خاوەنـی چەندیـن توانسـتی سروشـتی و مرۆیـی و سیاسـی تایبـەت بـە خۆیەتـی کـە کاریگـەری لـە سـەر

پێگــە و هێــزی جیۆپۆلەتیکــی هەرێمــی ڕۆژئــاوا دروســتکردووە، لــە پــاش ســەرهەڵدانی قەیرانــی ســوریا لــە (٢٠١١)، ڕۆژئــاوای کوردســتان بــە چەنــد قۆناغێــک وەک قەوارەیەکــی سیاســی خۆبەڕێوەبــەری خــاوەن بنەمــا و فاکتــەری بەهێــزی جوگرافــی لــە گۆڕەپانــەکادا بــە دیــار کــەوت کــە پێگــە و ڕۆڵــی لــە نــاو ڕووداوە جیۆپۆلەتیکــی و سیاســیەکانی ســوریا و ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت هەیــە.

ئامانــج لــەم توێژینەوەیــە دەستنیشــانکردنی ســنووری هەرێمــی ڕۆژئــاوای کوردســتانە لــە نێــو دەوڵەتــی ســوریا و کوردســتانی گــەورە، لەگــەڵ دەستنیشــانکردنی گرنگتریــن توانســتە سروشــتی و مرۆیــی و سیاســیەکانی هەرێمــی ڕۆژئاوایــی کوردســتان و هەڵســەنگاندنی جیۆپۆلۆتیکــی بۆیــان، هەروەهــا خســتنەڕووی ئــەو بەرنامــە و پــلان و سیاســەتانەیە کــە دەوڵەتــی ســوریا لــە کاتــی ســەربەخۆبوونییەوە تاکــوو ئێســتا دژ بــە ڕۆژئاوایــی کوردســتان ئەنجامــی داون، بەشــێکی تــر لــە ئامانجەکانــی ئــەم توێژینەوەیــە خســتنەڕووی پەیوەندییــە ناوخــۆی و هەرێمــی و نێودەوڵەتییەکانــی هەرێمــی ڕۆژئاوایــە، لەگــەڵ ئــەو بەربەســت و ئالەنگاریانــەی دێنــە بــەردەم هەرێمــی ڕۆژئــاوا لەگــەڵ خســتنەڕووی ســیناریۆکان بــۆ ئاینــدەی ڕۆژئــاوای کوردســتان.

لــە پێنــاو پێکانــی ئامانجەکانــی نامەکــەدا، توێژینــەوە دابــەش کــراوە بــۆ چــوار بــەش و هــەر بەشــێکیش بــۆ بــۆ چەنــد بــاس و تەوەرێــک دابەشــکراوە، بــەم شــێوەی لای خــوارەوە:-

بەشــی یەکــەم تایبــەت کــراوە بــە چوارچێــوەی تیــۆری توێژینــەوە، لــە باســی یەکەمــدا چەمــک و ســنووری کــورد و کوردســتان خراوەتــەڕوو،

لـە باسـی دووەمـدا چەمـک و سـنووری هەرێمـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان خراوەتــەڕوو، هەرچــی بەشــی دووەمــە تەرخانکــراوە بــۆ توانســتە سروشـتییە جوگرافییەکانـی هەرێمـی ڕۆژئـاوا، لـە کاتێکـدا بەشـی سـێیەم دوو باســە تایبەتــە بــە توانســتە جوگرافییــە مرۆییەکانــی هەرێمــی ڕۆژئـاوا، باسـی یەکـەم تەرخانکـراوە بـۆ جوگرافیـای دانیشـتوانی هەرێمـی ڕۆژئــاوا و باســی دووەم توانســتە جوگرافییــە ئابورییەکانــی هەرێمــی ڕۆژئـاوا دەخاتـەڕوو، سـەبارەت بـە بەشـی چـوارەم کـە کۆتـا بەشـە لـە پێنـج تـەوەردا هەڵسـەنگاندن بـۆ توانسـتە سیاسـیەکان و پەیوەنـدی و بەربەسـت و سـیناریۆکانی ئاینـدەی هەرێمـی ڕۆژئـاوا دەکات.

لـە کۆتایشـدا توێژینـەوە بـە چەنـد ئەنجامێـک گەیشـتووە لەوانـە: کــورد دانیشــتوانی ڕەســەنی ناوچەکــەن، کوردســتانی گــەورە کــە دابەشــی ســەر پێنــج دەوڵــەت کــراوە ڕووبەرەکــەی (٦٨٥٨٧٧کــم٢)، ڕۆژئــاوای کوردســتان بــە شــێکە لــە کوردســتانی گــەور و ڕووبــەری ڕۆژئــاوای کوردســتان (٣٣١٥٠ کــم٢) ڕێــژەی (٤,٨٣٪) کــۆی خاکــی کوردسـتانی گـەورە پێکدەهێنێـت، لـە هەمـان کاتـدا ڕێـژەی (١٧,٩٪) کــۆی خاکــی دەوڵەتــی ســوریا پێکدەهێنێــت، ژمــارەی دانیشــتوانی هەرێمـی ڕۆژئـاوا (٤٦٤٨٠٥٠)هـەزار کەسـە کـە ڕێـژەی (١٤,٤٪) کـۆی دانیشـتوانی دەوڵەتـی سـوریا پێـک دەهێنێـت، ناوچـەی توێژینـەوە لـە ڕووی پێکهاتــەی نەتەوەیــی فــرە ڕەنگــە پێکدێــت لــە (کــورد، عــەرەب، ئاشــوری، ئەرمــەن، چاچــان، تورکــمان )، نەتــەوەی کــورد زۆرینــەی دانیشــتوانی هەرێمەکــە پێکدەهێنێــت، ژمــارەی کــورد (٣٠٠٩٠١٨) هــەزار کەســە بەمــەش ڕێــژەی (٦٦,٥٪) کــۆی دانیشــتوانی هەرێمــی

ڕۆژئـاوا پێکدەهێنێـت، ڕۆژئـاوای کوردسـتان خاوەنـی چەندیـن توانسـتی ئابــوری گرنگــە لەوانــە کشــتوکاڵ و ســەرچاوەکانی وزە بــە تایبــەت نـەوت و گاز، سـەبارەت بـە ئاییـندەی هەرێمـی ڕۆژئـاوا توێژینـەوە بـەو دەرئەنجامـە گەشـتووە کـە ناوچەکـە دووچـاری چەندیـن و بەربەسـت و ئاڵەنـگاری دەبێتـەوە، لەوانـە بەربەسـتی سروشـتی و مرۆیـی، ئاییـندەی هەرێمـی ڕۆژئـاوا وەک بکەرێکـی نادەوڵەتـی لـە ڕەوشـێکی نادیاردایـە، هەرچـی وڵاتانـی زلهێزیشـە، کـورد وەک کارتـی فشـار بـۆ بەرژەوەنـدی و خواسـتی خۆیـان بـە کاری دەهێنـن.

# بەشی یەکەم

# چوارچێوەیی تیۆری لێکۆڵینەوە

# باسی یەکەم: چەمکی کورد و سنووری کوردستان

## تەوەری  یەکەم: چەمکی کورد و کوردستان

### ١.  کورد

نەتــەوەی کــورد یەکێکــە لــەو نەتەوانــەی کــە لــەو کەوانــە شــاخیە گــەورەی باشــووری خۆرئــاوای ئاســیا لــە مێــژوودا ســەری هەڵــداوە و پــەرەی ســەندووە، ئــەم کەوانــە شــاخیە کــە بڕبــڕەی پشــتی ئــەم ناوچەیــە، چیاکانــی زاگــرۆس و تــۆرۆس دەگرێتــەوە، کوردەکانــی ئەمــرۆ نــەوەی ڕاستەوخۆی دانیشتوانی ئەسڵی ئـەم هەرێمـەن و لـە شـوێنێکی دیکــەوە نەهاتــوون، بەڵکــو دانیشــتوانی ڕەســەنن تیاییــدا.[١]

کــورد نــەوەی گوتیەکانــن، گوتیەکانیــش باپیرانــی کــوردی ئێســتان، لــە نــوسراوە ســۆمەرییەکاندا لــە دەوروبــەری (٢٤٠٠) ســاڵ پێــش زایــن نــاوی پێشــینانی کــورد هاتــووە، کــورد بــە نــاوی گوتــی (Guti ) نــاسراوە، ئــەم گوتیانــە لــە هــەردوو دیــوی چیــای زاگــرۆس نیشــتەجێبوون، گۆتیــام و ناوچەکانــی تــری ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت لــە دەوروبــەری ســاڵانی (٢٠٠٠) پ.ز کەوتونەتــە بــەر شــاڵاوی داگیــرکاری هــۆزە هنــدۆ – ئەوروپییــەکان.[٢]

ئــەم هۆزانــە پــاش ئــەوەی لــە دەوروبــەری ســاڵانی (١٥٠٠) ســاڵ پ.ز، لــە نیشــتمانی ڕەســەنی خۆیــان لــە ناوچــەی پۆنەتیــک (Ponitic area) کۆچیــان کــرد بــۆ گۆتیــام، لەمــە بــە دواوە نــاوی (ئارییــەکان) لــە

(١) فـواد حەمـە خورشـید، نەخشـەی کوردسـتان لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیایی سیاسـی، وەرگێرانی: سـوداد ڕەسـوڵ، چاپـی یەکەم، چاپخانـەی کەمال، سـلێمانی، (٢٠٢٠)،لا١٥.

(٢) عـلي جزيـري، الكـرد و كردستان(كردسـتان سـوريا أنموذجـا )، الطبعـة الأولـى، مطبعـة جامعـة صـلاح الديـن، أربيـل، (٢٠١٧)، ص٥ .

هەرێمەکانی (گۆتیام) بە دەرکەوت، میدیەکان کە دەستیان بە سەر چیای زاگرۆس (گۆتیام)دا گرتبوو، بەهێزترین شەپۆلی داگیرکاری ئارییەکانیان پێکدەهێنا، پاش تێپەربوونی چەند سەدەیەک و تێکەڵ بوونی هەردوو پێکهاتەکە گەلێک دروست بوو کە زمان و شارستانییەت و سیما ئەنسرۆپۆلۆجیی ئارییەکان زاڵبوو بە سەر گوتیەکان، هەردوو پێکهاتەکە یەکیانگرت یەک گەلی یەکگرتوویان لێ دروست بوو، مێژوونووسی یۆنانی هیرۆدۆتس ناوی میدییەکانی لێ ناون، بۆیە لە ئێستادا کورد بە نەوەی میدیەکان دەناسرێت.[1] زۆربەی زاناکانی مێژوو هاوڕان کە کورد بەشێکن لە کۆمەڵەی ئاری، ڕەگوڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گەلانەی لە چیاکانی زاگرۆس و تۆرۆس و ناوچەکانی دەوروبەری نیشتەجێ بوون لە سێ هەزار ساڵ پێش زاین، ڕەگوڕیشەی کورد لە دوو چین پێکهاتووە ئەوانیش، چینی یەکەم لە چیاکانی زاگرۆس و تۆرۆس نیشتەجێ بوون کە (لۆلۆ، کوتی، کورتی، جوتی، جودی، کاسی، سۆباری، خلدی، هۆری، میتانی) و چینی دووەم گەلانی هیند و ئەوروپین کە هاتوون و پاشان نیشتەجێ بوون لە ناوچەکە وەک (میدیەکان و کاردۆخییەکان) تێکەڵ بە گەلانی ناوچەکە بوون و پاشان گەلی کوردی لێ کەوتۆتەوە.[2]

---

(١) فواد حەمە خورشید، جەزا تۆفیق طالب، أصل الكرد، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی B، ژمارە (١٠)، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، (٢٠٠١)، لا (١٤٧-١٦٠).

(٢) خالد عقلان، هوشنك أوسي،الجذور التاريخية للقضية الكردية، المعهد المصري للدراسات السياسية و الاستراتيجية، استانبول، (٢٠١٧)، ص٢.

**٢. كوردستان**

وشـەی كوردسـتان (نیشـتمانی كـوردان) بـۆ یەكـەم جـار لـە نـوسراوی مێژوونووسـانی عـەرەب، لـە سـەدەی دوازدە بەرچـاو دەكەوێت، بـە پێی ئەو نوسراوانـە كوردسـتان ئـەو نیشـتمانە لـە خـۆ دەگرێت كـە خۆرهەڵاتـی بناری شـاخەكانی تـۆرۆس لەگـەڵ باكـووری زنجیرە شـاخەكانی زاگرۆس بـە یەكەوە دەبەسـتێتەوە.[١] سـەبارەت بـە بوونـی ئـەم دەسـتەواژەیە لـە سـەر نەخشـە جوگرافییـەكان ڕەنگـە ئیـبن حەوقـەل كـە كۆچكـردووی سـاڵی (١٥٦٩-١٥٧٠) یەكـەم كـەس بێـت كوردسـتانی لە سـەر نەخشـەی هەرێمی چیاكانـدا دیاری كردبـێ، بـە نـاوی (گەرمیـان و كوێسـتانی كـوردان) ئامـاژەی پـێ كردبێ.[٢]

توێـژەر سـلێمان عەبدوڵـڵا لـە تێـزی دكتۆرایەكەیـدا سـەبارەت بـە دەسـتەواژەی كوردسـتان دەڵێـت، مانـای (نیشـتمانی كـورد)ە و ئـەم دەسـتەواژەیە هـەم جوگرافییـە، هـەم نەتەوەییە، كوردسـتان ئەو نیشـتمانەیە كـە لـە سـەرەتای مێـژووەوە وەک گروپێكـی مێژوویـی جیـاواز كـورد تێـدا نیشـتەجێیە، پشـت بەسـتن بـە هەریەک لە فاسـلی نیكتیـن و محەمەد ئەمین زەكـی بـەگ و ئەدغـار بالانـس و محەمـەد فەریـد وەجـدی و ئەدمۆنـس، جـەلال تاڵەبانـی، مونـزر مەوسـلی، شـاكر خەسـباک، فـواد حەمـە خورشـید، جەمـال رەشـید، جـەواد مـەلا و زۆرێكـی تـر لـە سـەری هـاوڕاو كۆكـن.[٣]

(١) مایـكڵ نـاس، ئانیـا فـلاخ، ئەرجـان ئایبۆخـا، شۆرشـی ڕۆژئـاوا، وەرگێرانـی رەفعـەت مـورادی، چاپـی یەكـەم، چاپخانـەی سـەردەم، سـلێمانی، (٢٠١٩)، لا٦٧ .

(٢) سـلێمان عەبـدوڵا ئیسـماعیل، تایبەتمەندییەكانـی بـاران لـە هەرێمـی كوردسـتانی عێـراق، سـەنتەری لێكۆڵینـەوەی سـتراتیژی كوردسـتان، سـلێمانی، (٢٠٠٦)، لا١٥ .

(٣) سـليمان عبداللـه اسـماعيل، السياسـة المائيـة لـدول حـوضي دجلـة والفـرات و انعكاسـاتها علـى القضيـة الكرديـة، الطبعـة الأولـى، مركـز كردسـتان للدراسـات

سـەبارەت بـە ڕیشـە و ڕەچەڵەكـی دەسـتەواژەكە، لێكۆڵـەران بـە سـەر دوو گروپـدا دابـەش بـوون، گروپێكیـان وای دانـاوە كـە دەسـتەواژەكە دەسـتەواژەیەكی كوردییـە لـە دوو بڕگـەی (كـورد) و (سـتان) واتـە نیشـتمان پێكدێـت، گروپەكـەی تـر وای بـۆ دەچێـت كـە دەسـتەواژەكە گوزارەیەكـی فارسـیە لـە دوو بڕگـەی (كـورد) و (سـتان) پێكـدێ مانـای وڵاتـی ئـازاكان یاخـود وڵاتـی شۆرەسـواران دەدات.[1] ئێمـە لێـرەدا هیـچ جـۆرە جیاوازیـەك لـە نێوانیانـدا نابینیـن.

كوردسـتان وەك نـاوی هەرێـم و زاراوەیەكـی جوگرافـی بـۆ یەكـەم جـار لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی دوازدەهەمـی زاینیـدا لـە سـاڵی (١١٥٧ز) لـە سـەردەمی سـەلجوقییەكاندا بەكارهاتـووە، هەروەهـا مێژوونووسـی بـە ناوبانگـی فـارس حەمەدڵـڵا مسـتەوفی قەزوینـی لـە كتێبەكەیـدا (نزهـە القلـوب) لـە دەوروبـەری (١٣٤٠ز) دا نـاوی كوردسـتانی هێنـاوە.[2] گەریدەی بـە ناوبانگـی ئیتالـی ماركـۆ پۆلـۆ (١٢٥٤– ١٣٢٣ز) یەكـەم كـەس بـووە نـاوی كوردسـتانی تۆمـار كـردووە بـە «كاردسـتان» نـاوی بـردووە، لـە سـەدەی حەڤدەهەمیشـدا بـۆ ماوەیـەك بەشـێكی كوردسـتانی ژێـر دەسـەڵاتی عوسـمانی بـە شـێوەیەكی ڕەسـمی بـە ویلایەتـی كوردسـتان ناوبـراوە.[3]

---

الاستراتیجیة، السلیمانیة، (٢٠٠٤)، ص٤١٧ .

(١) سـلێمان عەبـدوڵا ئیسـماعیل، چەمـك و سـنوری هەرێمـی كوردسـتانی عێـراق، گۆڤـاری سـەنتەری برایەتـی، ژمـارە (١٤)، هەولێـر، (١٩٩٩)، لا٥.

(٢) هـاكان أوزأغلـو، أعیـان الكـرد والدولـة العثمانیـة، ترجمـة: خلیـل علـی مـراد، الطبعة الأولـی، مطبعـة جامعة صـلاح الدیـن، أربیـل، (٢٠١٦)، ص٤٧.

(٣) ئازاد نەقشەبەندی، دەربارەی دەستنیشانكردنی سنوری كوردستان، گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە ٢، ساڵی سێیەم، لا-لا (٥-٢٥)، سلێمانی، (١٩٩٤)، لا٦.

## تەوەری دووەم

## دابەشکردنی کوردستان

یەکـەم دابەشـکردنی کوردسـتانی گـەورە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی (١٥١٤ز) پـاش شـەڕی چاڵدێـران کـە لـە نێـوان هـەردوو ئیمپراتۆریەتـی سـەفەوی فارسـی و عوسـمانی تورکـدا ڕوویـدا و کوردسـتانیان بـۆ دوو بـەش دابـەش کـرد، پـاش ئـەم جەنگـە بارودۆخـی نەتـەوەی کـورد گۆڕانـکاری گـەورەی بـە سـەردا هـات، بارودۆخـی کوردسـتان لـە ژێـر فەرمانـڕەوای ئـەم دوو دەوڵەتـە بـەردەوام لـە گۆڕانکاریـدا بـوو، بـە پێـی بەرژەوەنـدی میـرەکان کـە هەرجـارەی بـە لایەکـدا خۆیـان سـاخ دەکـردەوە. [1]

سـنووری کوردسـتان لـە نێـوان دەوڵەتـی عوسـمانی و دەوڵەتـی سـەفەوی لـە پـاش شـەڕی چاڵدێـران بـە چـوار پەیـمان دەستنیشـان کـراون کـە بریتیـن لـە پەیمانـی سـاڵی (١٥٥٥)ی ئەماسـیە و پەیمانـی سـاڵی (١٦٣٩)ی زەهـاو و یەکـەم پەیمانـی سـاڵی (١٨٣٢)ی ئـەرزەرۆم و دووەم پەیمانـی سـاڵی (١٨٤٧)ی ئـەرزەرۆم، کـە لـە یەکـەم پەیمانـی ئـەرزەرۆم هەلومەرجێکـی گونجـاوی بـۆ لێکتێگەیشـتن فەراهـەم کـرد، بـەڵام نەیتوانـی چارەسـەر بـۆ هەمـوو کێشـەکان بدۆزێتـەوە، دواتـر لـە بـەر پەیبردنـی هـەردوو دەوڵـەت بـە پێویسـتی هێنانـەدی سـنووری یەکجارەکـی لـە نێوانیانـدا و بـە ناوبژیوانـی و هاندانـی هەریـەک لـە

---

(١) حەسـەن ئەرفەع، کوردەکان لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی و سیاسـی، وەرگێرانی: سـەردار محمد، چاپی یەکەم، دەزگا و چاپ و پەخشـی سـەردەم، سـلێمانی، (٢٠٠١)، لا٣٦ .

بەریتانیـا ڕووسـیا، هـەردوو لا کێشـەی سـنووریان بـە سـەرەنجامێکی یەکجارەکـی گەیانـد، بـە جۆرێـک دوای چـوار سـاڵ وتووێـژی دژوار و سـەخت هـەردوولا لـە سـاڵی (١٨٤٧) دووەم پەیمانـی ئەرزەرۆمیـان ئیمـزا کـرد و تێیـدا ئێـران وازی لـە داواکردنـی ناوچـەی سـلێمانی هێنـا.[١]

سـاڵی (١٩١١) پرۆتۆکۆڵـی تـاران و سـاڵی (١٩١٣) پرۆتۆکۆڵـی ئیسـتانبوڵ لـە نێـوان هـەردولادا ئیمـزا کـراو لیژنەیـەک بـۆ کێشـانی سـنوور لـە کێوەکانـی ئاراراتـەوە لـە باکـوور تـا فـاو لـە باشـووردا کەوتـە کار لـە سـاڵی (١٩١٤) دا هـەر (٨٧) کۆنووسـی لیژنەکـە ئیمـزا کـران، بەمـەش کۆتایـی بـە کێشـەی سـنوور لـە نێـوان دەوڵەتـی عوسـمانی و ئێـران هـات.[٢]

(١) حسـن مجيـد الدجيلـي، ايـران و العـراق خـلال خمسـة قـرون، دار الاضـواء للطباعـة والنـشر والتوزيـع، بيـروت، (١٩٩٩)، ص٤٩٣-٥١٢.

(٢) فەریـد ئەسەسـەرد، ئەتڵەسـی سیاسـی هەرێمـی کوردسـتان (١٩١٤-٢٠٠٥)، ئامادەکردنی: سـەردار محمد، سـەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، سـلێمانی، (٢٠١٠)،لا٦.

### ١. ڕێککەوتننامەی سایکس – پیکۆ

گەورەتریـــن پلانـــی نێودەوڵەتـــی دابەشـــکردنی کوردســـتان لـــە ڕێککەوتنامـــەی ســـایکس- بیکـــۆ ســـاڵی (١٩١٦) خـــۆی دەبینێتەوە.[١] لـــە کاتـــی جەنگـــی یەکەمـــی جیهانـــدا زنجیرەیـــەک وتوێـــژی نهێنـــی لـــە نێـــوان ڕووســـیا و بەریتانیـــا و فەرەنســـا بەڕێوەچـــوو کـــە ڕێـــی بـــۆ گەیشـــتن بـــە ڕێککەوتنێـــک دەربـــارەی دابەشـــکردنی ســـەرزەمینی دەوڵەتـــی عوســـمانی بـــە ســـەر هـــەر ســـێ دەوڵەتـــدا خۆشـــکرد.[٢]

ئامانجـــی ئـــەم پەیماننامەیـــە چڕکردنـــەوەی هەوڵـــی هاوپەیمانـــان بـــوو بـــۆ لاوازکردنـــی دەوڵەتـــی عوســـمانی و بچوکردنـــەوەی قەبارەکـــەی و لێکردنـــەوەی بەشـــە ناتورکیەکـــەی کـــە هەریـــەک خاکـــی میزۆپۆتامیـــا و وڵاتـــی شـــام (بـــلاد الرافیدیـــن و بـــلاد الشـــام) و هەندێـــک لـــە هەرێمەکانـــی کەنـــداو کـــە لـــە ژێـــر قەڵەمـــڕەوی ئـــەم ئیمپراتۆریەتـــە بـــوون لەگـــەڵ بەشـــێکی فـــراوان لـــە کوردســـتان کـــە بـــە (٦٠٪) کـــۆی خاکـــی کوردســـتانی گـــەورە دەخەملێنرێـــت لـــە خـــۆی دەگـــرت.[٣]

ناوەڕۆکـــی ڕێککەوتنامەکـــە پێکهاتبـــوو لـــە (١٢) مـــادە و پاشـــکۆیەک و نەخشـــەیەک، لەبەرئـــەوەی ئـــەو دەوڵەتانـــەی وەک عێـــراق و ســـوریا و

(١) هەمان سەرچاوە، ل٨٧.

(٢) غسان ولید الجوادی، اتفاقیـة سایکس بیکو السیاق و التداعیات ١٩١٦ – ١٩٢٣ حول مستقبل کوردستان، مجلة زانکۆ سلێمانی، قسم B للدراسات الأنسانیة ، العدد ٥٥، ص-ص (٧٣٥ – ٧٤٨) ، سلیمانیة، (٢٠١٨)، ص٧٣٧.


(٣) فواد حمه خورشید مصطفی، جزا توفیق طالب، سایکس بیکو الإعتبارات الجیوبولتیکیة و إنعکاساتها علی مصیر کوردستان، مجلة زانکۆ سلێمانی، قسم B للدراسات الأنسانیة، العدد ٥٥، ص-ص (٥٣٩ – ٥٥٨)، سلیمانیة، (٢٠١٨)، ص٥٣٩.

ئـوردون و...... نەبـوون و ئـەو ناوانـەش بـاو نەبـوون، بۆیـە ناوچەکەیـان لـە سـەر بنچینـەی ڕەنـگ و پیـت دیـاری کـرد، بـە شـێوەیەک پیتـی (A) و ڕەنگـی سـوور بـۆ بەریتانیـا بـوو و عێـراق و ئوردنـی دەگرتـەوە، پیتـی (B) ڕەنگـی شـین بـۆ فەرەنسـا بـوو و شـامی دەگرتـەوە لەگـەڵ ناوچـەی بـۆر کـە فەلەسـتینی دەگرتـەوە و کرایـە ناوچەیەکـی نێودەوڵەتـی.[١]

هەرچـی سـەبارەت بـە بەشـداریکردنی ڕووسـیایە لـە پەیمانەکـەدا ئـەوا لـە (٦مارتـی ١٩١٦)دا بەریتانیـا و فەرەنسـا حکومەتـی ڕووسـیان لـەو پەیمانـە ئـاگادار کـردەوە، بەڵێنـی ئەوەیـان بـە ڕووسـیا دا کـە ناوچەکانـی ئـەرزەرۆم و ترابـزۆن، وان، بەدلیـس و چەنـد ناوچەیەکـی کوردسـتانی پـێ بدرێـت لەگـەڵ ئەرمینیـای ڕۆژئـاوا و بەشـێك لـە باکووری کوردسـتان کـە دەبـوو ناوچـەی زەرد پێـک بهێنێـت، دوای ئـەوەی ئیتالیـا شـەڕی لـە دژی ئەڵمانیـا ڕاگەیانـد، وڵاتانـی هاوپەیـمان ڕێککەوتنێکیـان لەگـەڵ ئیتالیـا مۆرکـرد بـە پێـی ڕێککەوتنەکـە ناوچـەی سـەوز (باشـووری ڕۆژئـاوای ئەنـادۆڵ) هەروەهـا ناوچـەی (c) لـە بەشـی ڕۆژئـاوا و ناوەڕاسـتی ئەنـادۆڵ لـە ژێـر ڕکێفـی ئیتالیـا دروسـت بکرێـن.[٢] نەخشـەی (١).

(١) مسعود عبدالخالق، سایکس پیکۆ و دیزاینی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست پرۆژەی کوردی بۆ چاکسازیەکەی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی B زانستە مرۆڤایەتیەکان، ژمارە (٥٥)، لا-لا (٤٩٥-٥١٨)، سلێمانی، (٢٠١٨)، ٤٩٨.

(٢) ئـارام عەلـی مستەفا، پەیماننامـە نێودەوڵەتیـەکان (کۆتایـی سـەدەی ١٩ – چارەکـی یەکەمـی سـەدەی ٢٠) ڕۆڵ و هەڵوێسـتی کـورد و ڕوسـیا، گۆڤـاری زانکـۆی سـلێمانی بەشـی B زانسـتە مرۆڤایەتیـەکان، ژمـارە (٣٦)، لا-لا (٧-٣٢)، سـلێمانی، (٢٠١٢)، لا١٣.




**نەخشەی(١) ڕێککەوتنامەی سایکس - پیکۆ، شوێنی کوردستان لە نەخشەکەدا**

**سەرچاوە:** ئەحمەد رفیق کەریم، شاد حەمید محمد، گواستنەوە لە بەندەکانی ڕێکەوتنامەی سایکس _ پیکۆ دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی/بەشی (B) زانستە مرۆڤایەتیی - ژمارە (٥٥)، (٢٠١٨)، لا ٣٦٦.

سەبارەت بە کوردستانی بن دەستی ئێران بە هەمان شێوەی دەوڵەتی عوسمانی، سەدەی نۆزدە بۆ ئێران سەدەی یەکلاکردنەوەی کێشەکان و کۆمەڵێک ڕێککەوتن و پەیماننامەی دووقۆڵی و فرەلایەن و تەنانەت نێودەولەتیش بوو، هەندێک لەو ڕێککەوتنانە کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر گەلی کورد هەبوو، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا دوو پەیمان

و ڕێکەوتننامـە لـە نێـوان ئێـران و ڕووسـیادا مۆرکـران، کـە کاریگەریـان لـە سـەر گەلـی کـورد و نیشـتمانەکەی هەبـوو، ئەوانیـش پەیمانـی گوڵسـتان کـە لـە (١٢تشـرینی یەکەمـی ١٨١٣) و پەیمانـی ئاشـتی تورکمانچـی لـە (١٠ شـوباتی١٨٢٨) دا بـوون، لـە ئاکامـی ئـەم دوو پەیمانـەدا بەشـێکی زۆری کوردەکانـی پشـت قەفقـاز و نیشـتمانەکەیان کەوتـە بـن دەسـتی ڕووسـیا.[١]

پـاش بەشـداریکردنی ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانی لـە یەکەمیـن جەنگـی جیهانـــی (١٩١٤ - ١٩١٨) و لایەنگیـــری بـــۆ ئەڵمانیـــا و ئیمپراتۆریەتـــی نەمســا و مەجــەر لــە دژی هاوپەیمانــان کــە لــە بەریتانیــا و فەرەنســا و ڕووســیا پێکدەهــات دەوڵەتــی عوســمانی شکســتی خــوارد.[٢] پــاش کۆتایــی هاتنــی جەنگــی یەکەمــی جیهــان پــەڕە تیۆرییەکــەی ســایکس پیکــۆ هەڵدرایــەوە و بــاری سیاســی و ســتراتیژی ناوچەکــە بــە دەور و خولــی ســێ پرەنســیپدا دەخولایــەوە:

**یەکـەم**: لەتوپەتکردنـی ئیمپراتۆریەتـە فرەڕەگـەز و فرەتایفـە و فرەزمـان و فرەدینییەکـەی عوسـمانی.

**دووەم**: هێشـــتنەوەی ئیمپراتۆرییەتـــە فرەڕەگـــەز و فرەتایفـــە و فرەزمانەکـــەی ئێـــران بـــە یەکگرتـــووی.

**سـێیەم**: کێشـانی نەخشـەیەکی سیاسـی نـوێ بـۆ تـەواوی ناوچەکـە [٣]

(١) ئارام عەلی مستەفا، سەرچاوەی پێشوو لا ٨.

(٢) فواد حمە خورشيد مصطفى، جزا توفيق طالب، المصدر السابق، ص ٥٣٩.

(٣) فەریـد ئەسەسـەرد، پـڕۆژەی دەوڵەتـی کـوردی و سیسـتەمی نـوێ ی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، گۆڤـاری سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیژی، ژمـارە (١) سـاڵی چـوارەم، سـلێمانی، (١٩٩٥)، لا٣٩.

هەرچەنـدە ڕێككەوتننامـەی سـایكس پیكـۆ جێبەجـێ نەكـرا و چارەنووسـی كوردسـتان بـە پێـی بەندەكانـی ڕێكەوتننامەكـە دەستنیشـان نەكـرا، بەڵكـو بـە پێـی ئـەو بارودۆخـە تازەیـە بـوو كـە لـە ئەنجامـی جەنگـی یەكەمـی جیهانهاتەكایـەوە، ئـەو (سـازش و مساوەمات)ــە نێودەوڵەتیانـەی لـە نێـوان هاوپەیمانـەكان لـە لایـەك و هێـزە هەرێمیـەكان لـە لایەكـی تـردا كـرا، بـەڵام وەک سـەرچاوە فەرەنسـیەكان ئامـاژەی بـۆ دەكـەن « ڕێككەوتننامـە كـە بـەردی بناغـەی گفتوگۆكانـی دوای شـەڕ بـوو، وەک دراوێـک بـۆ مامەڵـە كـردن بـە كارهێـنراوە».[١]

پـاش بەرپابوونـی شـۆڕشـی (ئۆكتۆبـەری ١٩١٧ز) لـە ڕووسـیا، سـەركەوتنی شـۆڕشـەكە، كاربەدەسـتانی نوێـی ڕووسـیا بڕیاریانـدا هەرچـی پلانـی ئیمپریالیسـتەكانە ئاشـكرای بكـەن، چـۆن وڵاتـە زلهێزەكانـی دونیـا یـاری بـە چارەنووسـی میللەتـان بـە گشـتی و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـە تایبـەت دەكـەن، لـە ناوخۆیانـدا خـاک و سـامانەكانیان دەبەخشـنەوە و پارچـە پارچـەی دەكـەن، ئـەوەش لـە چوارچێـوەی ئاشـكراكردنی دیكۆمێنتـە نهێنییەكانـی ئەرشـیفی وەزارەتـی دەرەوەی ڕووسـیا بـوو، بۆیـە لـە ڕێككەوتنەكـە كشـانەوە بـە بیانـوی ئـەوەی دژ بـە بەرژەوەنـدی گەلانـی ژێـر دەسـتەیە.[٢]

---

(١) ئـازاد نەقشـەبەندی، سـایكس پیكـۆ و كوردسـتان، گۆڤـاری سـەنتەری برایەتـی، ژمـارە (٧) سـاڵی دووەم، هەولێـر، (١٩٩٨)، لا٩٧.

(٢) پشـكۆ حەمـە تاهیـر عبدولڕەحـمان، ڕەنگدانـەوەی ڕێكەوتنامـەی (سـایكس پیكـۆ- سـازانۆڤ) لـە سـەر كوردسـتانی ژێـر دەسـەڵاتی عوسـمانی ١٩١٦، گۆڤـاری زانكـۆی سـلێمانی بەشـی B زانسـتە مرۆڤایەتیـەكان، ژمـارە (٥٥)، لا (١٩٥-٢١٨)، زانكـۆی سـلێمانی، سـلێمانی، (٢٠١٨)، لا٢٠٢.

## ٢. كۆنگرەی ئاشتی و پەیمانامەی سیڤەر

پاش كۆتاییهاتنی جەنگی یەكەمی جیهان لە (١٩١٨/٩/٣٠) و بە ئامادە بوونی وڵاتانی براوەی جەنگ (هاوپەیمانان) و بەستنی پەیمانی ئاشتی لە پاریس لە ساڵی (١٩١٩) و دانانی مەرجەكانی ئاشتی لەگەڵ وڵاتانی بەرەی دۆڕاوی جەنگ، كە تێیدا (٣٢) دەوڵەت ئامادە بوون، لە نێوان (١٩ – ٢٥ نیسان ١٩٢٠) لە سان ڕیمۆ پێنج پەیماننامەی ئاشتی مۆركران، هەروەها پەیماننامەی ئاشتی لە سیڤەر لەگەڵ توركیا واژۆكرا، كە بە پەیمانی سیڤەر دەناسرێت ، لە (١٠ ئابی ١٩٢٠) ئەو ناوچانەی كە بە ناوچەی هەژموون (مناطق النفوذ) لە پەیمانی سایكس-پیكۆ هاتبوو گۆڕان بۆ ناوچەی كۆڵۆنیاڵی (ئینتداب) بۆ هەریەك لە لە فەرەنسا و بەریتانیا لە هەرێمەكانی دەوڵەتی عوسمانی.[١]

بەم جۆرە ناوچەكانی داگیركراو لە سایكس-پیكۆ سیفەتێكی یاسایی و نێودەوڵەتی دانپێدانراوی وەرگرت، بە هۆی ئەوەی كۆمەڵەی گەلان پێی وابوو ئەو هەرێم و ناوچانە ئامادە نین سەربەخۆبن و پێویستیان بە پێشخستن و بەرەوپێشبردن هەیە بۆئەوەی بگەنە قۆناغێك ئامادە بن بۆ سەربەخۆ بوون، بۆیە ئینتیداب بووە واقیعێكی دانپێدانراو لە ناوچەكانی هەژموونی فەرەنسا و بەریتانیا و ئەوان بەرپرس بوون لە دیاریكردنی دواڕۆژی ئەو ناوچانە و جۆری فەرمانڕەوای تێیاندا.[٢] پەیمانی ئاشتی (سیڤەر) لەگەڵ توركیا نەخشەیەكی نوێی بۆ ناوچەكە كێشا، كە بە ڕوونی دروستكردنی دەوڵەتی كوردی لە خۆدەگرت لە سەر خاكی

(١) فواد حمه خورشيد مصطفى، جزا توفيق طالب, المصدر السابق ، ص ٥٤٤.
(٢) نفس المصدر، ص ٥٤٥.

باکووری کوردستان لە مادەی (٦٣) برگەی سێیەمدا هاتبوو، لکاندنی باشووری کوردستان بەو دەوڵەتە چاوەڕوانکراوا بە پێی مادەی ٦٤ی هەمان پەیماننامە.[١] بەڵام barودۆخی جیۆپۆلەتیکی و سەربازی لە ئەنادۆڵ گۆڕانکاری دراماتیکی مەترسیداری بەخۆیەوە بینی، کە لەگەڵ خواست و ئامانجەکانی کەسایەتیەکانی کۆنگرەی ئاشتی یەکی نەدەگرت، چونکە لەو ماوەیەدا لە (١٩١٩/١/١٨– ١٩٢١/١/٢) لە ئەنقەرە حکومەتێکی نوێ بە ڕابەرایەتی کەمال ئەتا تورک دروست بوو، هەموو فشارەکان و پەیمانەکانی ڕەتدەکردەوە کە بە سەر سوڵتانی دورخراوە سەپێنرا بوو، لە هەمان کاتدا هاوکاری حکومەتی بەلشەفیەکانی ڕووسیا بۆ ئەتا تورک کە وایان دادەنا بەرخودانی تورکەکان بەشێکە لە بزوتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی دژی ئیمپریالیەت، حکومەتی ئەنقەرە لە ساڵی (١٩٢١) هەموو پەیماننامەکانی ڕەتکردەوە لە نێویشیاندا سیڤەر، پاش سەرکەوتنی هێزەکانی تورکیا لە دەرکردنی یۆنانییەکان و مەترسی هاوپەیمانان لە هاوکاری روسەکان بۆ تورکیا، بەریتانیا و هاوپەیمانان ناچاربوون پەیمانێکی نوێ لەگەڵ تورکیای نوێ ببەستن لە لۆزان لە (٢٤ تەموزی ١٩٢٣).[٢]

لە کۆنگرەی لۆزان بەریتانیا دەستی لە هەموو داخوازییەکانی نەتەوەی کورد هەڵگرت کە لە پەیمانی ئاشتی (سیڤەر) لە سەر سەربەخۆی و ئۆتۆنۆمی لەگەڵ تورکیا هاتبوو، داخوازییەکان بچوکرایەوە لە پێدانی مافی ڕۆشنبیری بە کەمینەکان، پاش پەیمانی

(١) فەرید ئەسەسەرد، المصدر السابق ، لا٣٦-٣٧.

(٢) فواد حمە خورشید مصطفى، القضية الكوردية في المؤتمرات الدولية، مطبعة موكريان، أربيل، (٢٠٠١)، ص ٧٦-٧٩.


لـۆزان بەریتانیـا و فەرەنسـا لـە ناوچەکانـی ژێـر هەژموونـی خۆیـان دەسـتیان کـرد بـە دروسـتکردنی چەنـد دەوڵەتێـک کـە دەسـەڵاتی عەرەبـی تێـدا بـاڵا دەسـت بـوو، ئەوانیـش دەوڵەتـی عێـراق بـە فەرمـی (١٩٢١) دروسـتکرا و دەوڵەتـی سـوریا (١٩٤٦)، پـاش گۆڕینـی سـیماکانیان لـە ناوچـەی ژێـر ئینتیـداب بـۆ دەوڵەتـی سـەربەخۆی خـاوەن سـەروەری، ئەویـش بـە چاودێـری و دەسـتێوەردانی کۆمەڵـەی گـەلان بـە جۆرێـک هەریـەک لـەم دەوڵەتانـە بـوون بـە ئەنـدام لـە کۆمەڵـەی گـەلان.[1]

بـەم جۆرە باشـووری کوردسـتان لکێـنرا بە دەوڵەتی عێراق کـە دەوڵەتێکی پادشانشـینی بـوو و ڕۆژئـاوای کوردسـتان لکێـنرا بـە دەوڵەتـی سـوریا کـە دەوڵەتێکـی کۆمـاری خـاوەن سـەروەری بـوو، لـەو مێـژووەوە گەلـی کـورد لـەو بەشـانەی لکێـنراون بـەو دەوڵەتانـەوە، بـە دەسـت سیاسـەتی گۆڕینـی دیمۆگرافـی و نەتـەوەی و جوگرافـی دەناڵێنێـت و بزوتنـەوەی نەتەوەیـی کـوردی کەوتوەتـە ژێـر فشـاری جیۆپۆلەتیکـی هاوپەیمانـی چـوار دەوڵەتـی دژبـەر بەمافەکانـی ئەوانیـش عێـراق، سـوریا، ئێـران، تورکیـا، نەخشـەی (٢).

بــە تێڕوانیــمان بــۆ دەرئەنجامــی ڕێککەوتــن و پەیماننامــەکان، دوای ئــەوەی هــەردوو دەوڵەتــی عوســمانی و ئێرانــی بــە هــاوکاری و لــە ژێــر گوشــاری وڵاتانــی ئەوروپــی، بــە تایبــەت بەریتانیــا و ڕووســیا توانیــان سیســتەمی میرنشــینی لــە کوردســتان هەڵبوەشــێننەوە، گەلــی کــورد بــە تایبــەت لــە کۆتایــی ســەدەی نۆزدەیــەم و چارەگــی یەکەمــی ســەدەی بیســتەم، ســەرباری کێشــە ڕاســتەوخۆکانی خــۆی لەگــەڵ ئــەو دوو

(١) فواد حمه خورشید مصطفی، جزا توفیق طالب, المصدر السابق، ص ٥٤٧-٥٥١.

دەوڵەتـە و دەوڵەتانـی تـر ڕووبـەرووی گرفتێکـی تـری نێودەوڵەتـی و دیبلۆماسـی بـووەوە، کـە دەتوانیـن نـاوی بنێیـن گەلەکۆمەکـی جیهانـی یاخـود تەونـی جاڵجاڵۆکەیـی پەیـمان و ڕێککەوتننامـە نێودەوڵەتییـەکان.




**نەخشـەی (٢) کوردسـتانی هاوچـەرخ پـاش پەیـمان و ڕێکەوتنامـەکان لکاندنـی بـە دەوڵەتانـەوە**

**سەرچاوە:** فواد حمە خورشید مصطفی، جزا توفیق طالب، سایکس بیکو الإعتبارات الجیوبولتیکیة و إنعکاساتها علی مصیر کوردستان، مجلة زانکۆ سلێمانی، قسم B للدراسات الأنسانیة، العدد ٥٥، سلێمانیة (٢٠١٨)،ص، (٥٥٤).

پەیمانــی ســایکس _ بیکــۆ و کۆنگــرەی ئاشــتی و پەیمانەکانــی تــر، ئــەو نەخشــەی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتەی ئێســتا هەیــە کــە ســنوورەکانی دەســتکردی زۆرەملێیــی وڵاتانــی کۆڵۆنیاڵیــە، گەلانــی ناوچەکــەی بێبــەش کــردوە لــە ئاشــتی و ئارامــی و ڕێزگرتنــی هاوســێیەتی لــە نێــوان نەتــەوەکان، لــە ئەنجامــی ڕێککەوتنــی وڵاتانــی زلهێــز بــە تایبــەت فەرەنسـا و بەریتانیـا، کـە بـە پێـی بەرژەوەنـدی خۆیـان سـنوورەکانیان کێشـاوە و ڕەچـاوی خواسـت و داخـوازی گەلانـی ناوچەکەیـان نەکـردووە بـە تایبـەت نەتـەوەی کـورد، کـە بـە زۆرە ملـێ بـە بـێ وەرگرتنـی ڕای خـۆی دابەشـی سـەر چەنـد وڵاتێـک کـراون و بـە تووندتریـن شـێوە دووچـاری هەڵمەتـی لـە ناوبـردن و قڕکـردن و سـڕینەوەی ناسـنامە بـووە، ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت هیـچ کاتێـک ئارامـی و ئاسایشـی بـە خۆیـەوە نەدیـووە، بـە هـۆی دابەشـکردنی نەتـەوەی کـورد بـە سـەر ئـەو دەوڵەتانـەی کـە نەتـەوەی کـورد هیـچ پەیوەندییەکـی نەتـەوەی وجوگرافــی لــە گەڵیانــدا نییــە، بــەردەوام ئــەو دەوڵەتانــە دژایەتــی کوردیــان کــردووە و هەوڵــی لــە ناوبردنیــان داوە.

## تەوەری سێیەم

## دەستنیشانکردنی سنووری کوردستان

بـە پێچەوانـەی زاراوەی کوردسـتان کـە تەنیـا یـەک بۆچـون دەربـارەی هەیـە، سـنووری کوردسـتان بۆچونـی هەمـە چەشـن و جیـاوازی لە سـەرە[1]. دیاریکردنـی سـنووری کوردسـتانی گـەورە زۆر دژوارە کـە بـە وردی دیـاری بکرێـت، چونکـە دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی نەبـووە.[2] هـەر زوو لـە لایـەن دەسـەڵاتدارانەوە ژمارەیەکـی زۆر لـە تورکـمان و فارس و عەرەبیـان هێناوەتە کوردسـتان و تێکـەڵاوی کوردکـراون، کوردیـان ناچـار بـە کۆچکـردن و ئـاوارە بـوون کـردووە لەمـەوە کێشـەی سـنوور دروسـت بـووە، کوردسـتان ڕۆژێـک لـە ڕۆژان خاوەنـی سـنوورێکی سیاسـی نەبـووە کـە دانپێدانراوبێـت، خـاک و گەلەکـەی دابەشـکراوە لـە سـەر چەنـد دەوڵەتێـک.[3] ئەمـەش بـە هـۆی شـوێنی سـتراتیژی خاکـی کوردسـتان و ئـەو سـامانە زۆر و زەوەنـدەی سـەر خـاک و ژێـر خاکـی کوردسـتان هەیـە، هەمیشـە بووەتـە جێـی چـاو تێبڕیـن، بۆیـە بـەردەوام هەوڵـی پارچـە پارچەکردنـی خـاک و نەتـەوەی کوردیـان داوە، تاوەکـو ئاسـانتر بتوانـن داگیـری بکـەن.[4]

(١) ئازاد نەقشەبەندی، سایکس پیکۆ و کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا ٥.

(٢) عومـەر هەمـزە سـاڵح، بایەخـی کوردسـتان لـە ڕووی جیۆپۆلەتیکـەوە، گۆڤـاری شرۆڤـە، ژمـارە (٢٠)، هەولێـر، (٢٠١٣)، لا١٠٨.

(٣) سـليمان عبداللـه اسـماعيل، السياسـة المائيـة لـدول حـوضي دجلـة والفـرات و انعكاسـاتها علـى القضيـة الكرديـة، المصـدر السـابق، ص ٤١٧.

(٤) خاليـد مەحـوی، ڕێکەوتننامـەی سـایکس بیکـۆ هـۆکاری لـە دایکبوونـی و ئـاکام و ئەنجامـی، گۆڤـاری شرۆڤـە، ژمـارە ١٨، هەولێـر, (٢٠١٣)، لا١٢١.

بیـرو بۆچونـەکان لـە مـەڕ سـنووری کوردسـتان هەمەچەشـن و هەمەجـۆرن بـە جۆرێـک دەتوانیـن بڵێیـن هـەر نووسـەرێک یـان توێژەرێک بـە جۆرێـک سـنووری کوردسـتانی دەستنیشـانکردووە، لێرەدا هەندێـک لـەو بۆچوونانـە دەخەینـەڕوو:

ئیـبن حوقـل: لـە کتێبەکەیـدا بـە نـاوی (صـورة اقلیـم الجبـال)، بـە ڕوونـی ئامـاژەی بـە هەرێمێـک داوە، کـە هەرێمـی گەرمیـان و کوێسـتانی کوردەکانـە و بـە (مصایـف الاکـراد و مشـاتیهم) نـاوی بـردووە، لـەم هەرێمانـە پێـک دێـت لـە باکـوورەوە چیاکانـی دەیلـەم و ئازەربایجـان، لـە ڕۆژهەڵاتـەوە خوراسـان، لـە باشـوورەوە خوزسـتان و عێـراق، ئیـبن حەوقـەل لـە نەخشـەکەیدا بـە هێڵێکـی ئەسـتور تخومـی هەرێمەکـەی دیاریکـردووە نـەک سـنوورەکەی، بـۆ ئەمـەش گلەیـی لـێ ناکرێـت، چونکـە سـنووری سیاسـی بـە چەمکـە نوێیەکـەی لـەو سـەردەمەدا نەبـووە.[1] نەخشـەی (ت،ژمـارە ٣).

ئەولیـا چەلەبـی کـە نووسـەر و گەریـدەی تورکـە لـە بـارەی سـنووری کوردسـتان چەنـد ڕوونکردنەوەیەکـی داوە، ئـەم نووسـەرە لـە نێـوان ساڵانی (١٦٤٠ – ١٦٥٥) لـە ناوچەکانـی کوردسـتان گەشـت و گەڕانـی کـردووە، لـە کتێبەکـەی خـۆی بـە زمانـی تورکیـە و لـە دە بـەرگ پێکدێـت بـە درێـژی باسـی کـورد و کوردسـتان دەکات، لـە بەرگـی چـوارەم باسـی درێژبوونـەوەی جوگرافیـای کوردسـتان دەکات بـەم شـێوەیە «کوردسـتان وڵاتێکـی بەرفراوانە لای سـەرەوەی ویلایەتـی ئـەرزەرۆم و لەوێـوە بـەرەو ویلایەتەکانـی وان و

(١) فواد حەمە خورشيد، القضية الكوردية في المؤتمرات الدولية، المصدر السابق، ص ٤٣.

هـەکاری و جەزیـرە و ئامێـدی و موسـڵ و شـارەزوور و هەریـر و ئـەردەڵان و دەماوەنـد و دەroوونـە و دەرەتەنـگ و بەغـدا و هەتـا بـەسرە دەڕوات.[1]

شەمســەدین ســامی (١٨٥٠ - ١٩٠٤) گــەورە نووســەری عوســمانی لــە فەرهەنگــی ڕاگەیاندن(قامــوس الاعلام)ــەکەیدا لــە بــارەی ســنووری کوردســتانەوە دەڵێــت «کوردســتان وڵاتێکــی گەورەیــە لــە ڕۆژئــاوای ئاســیا، بەشــی هــەرە زۆری دەکەوێتــە نــاو دەوڵەتــی عوســمانی و بەشــێکی تریشــی بــە ئێرانــەوە بەســتراوەتەوە، پێــی دەوترێــت کوردســتان لــە بەرئــەوەی کــورد زۆرینــەی دانیشــتوانەکەی پێــک دەهێنیــت، ئــەم نــاوە چووەتــە نــاو دابەشــکردنی بەڕێوبەرێتــی و سیاســیەکانەوە، ســەردەمانێک لای ئێمــە ویلایەتــی کوردســتان و لــە ئێــران ئییالــەت و ویلایەتــی کوردســتان هەیــە، بــەڵام ئــەم نــاوە هەمــوو وڵاتەکەیــان نەگرتوەتــەوە، دەستنیشــانکردنی سنوورەکەی کارێکــی ئەســتەمە دەکرێــت نزیکــی بکەینــەوە، کوردســتان لــە لای باکــووری خۆرئاوایــەوە ئازەربایجــان، لــە خۆرهەڵاتــەوە عێراقــی عەجــەم، لــە باشــوورەوە لوڕســتان و عێراقــی عەرەبــی، لــە لای باشــووری خۆرئاوایــەوە جەزیــرە، لــە لای باکــووری خۆرئاوایــەوە هاوســنووری ئەنادۆڵــە، دەتوانیــن بڵێیــن لــە شــێوەی هەرمێیەکــی هەڵگەڕاوەیــە دەکەوێتــە نێــوان هێڵــی پانــی (٣٤°- ٣٩°) باکــوور، وە هێڵــی درێــژی ( ٣٧°- ٤٦°)ڕۆژهــەڵات».[2]

---

(١) ئـازاد نەقشـەبەندی، سـایکس پیکـۆ و کوردسـتان، سـەرچاوەی پێشـوو، لا١٣١، و فـواد حەمـە خورشـید، المصـدر السـابق، ص ٤٥.


(٢) شەمسـەدین سـامی، کـورد و کوردسـتان لـە یەکـەم ئەنسـکلۆپیدیایی تورکـی لـە مێـژوودا، وەرگێـران: ئەحمـەد تاقانـە، چاپـی دووەم، دەزگا و چاپـی ئـاراس، هەولێـر، (٢٠١٠)، لا٢٧٩-٢٨٠.




**(أ) نەخشەی کوردستان لای ماوستیل**




**(ب) نەخشەی هۆزە کوردییەکان (مارک سایکس)**




**(ت) گەرمیان و کوێستانی کوردان (ابن حوقل)**



**(پ) نەخشەی کوردستان لای محەمەد ئەمین زەکی بەگ**

## نەخشەی (٣) دەستنیشانکردنی ناوچە کوردیەکان بە پێی ڕای توێژەران

**سەرچاوە:** فواد حەمە خورشید، نەخشەی کوردستان لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای سیاسی، وەرگێرانی: سوداد ڕەسوڵ، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی(٢٠٢٠)، (لا (ا)٤٤، (ب) ٤٩، (ت) ٥١، (پ) ٩٦).

مێژوونوسی بە ناوبانگی کورد، میر شەڕەفخانی بدلیسی لە بارەی سنووری کوردستان لە شەڕەفنامەدا نووسیویەتی «کەوشەنی وڵاتی کوردان کە ناوی کوردستانە لە سەر لێواری دەریایی هورمز لە سەر کەناری دەریایی هیندی هەڵکەوتووە، دەست پێ دەکات لە وێوە بە خەتێکی ڕاست دەکشێ و دێت هەتا لە مەڵبەندی مەلاتییە و مەرعەش دەبڕێتەوە، وڵاتی فارس و عێراقی عەجەم و ئازەربایجان و ئەرمەنستانی چکۆلە و ئەرمەنستانی گەورە دەکەونە لای باکووری ئەو خەتەوە، عێراقی عارەب و موسڵ و دیاربەکر دەبنە باشووری ئەو سنوورە».[1]

محەمەد ئەمین زەکی بەگ لە بارەی سنووری کوردستان دەڵێت « ئەو ویلایەت و نیشتمانەی کورد تێدا نیشتەجێن و خۆیان بە کوردستان دەناسێنن دەبێت بە وردی لێیان وردبینەوە، لە بەرئەوەی ناوچەیەکی بەرفراونە کە لە باکوورەوە چیاکانی ئارارات و سنووری ویلایەتی کەرەج، واتە لە هێڵی درێژی (٤٣,٠٢°)ی ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو کارس و ئەرزەرۆم و ئەرزنجان و دێرسیم لە ڕۆژئاوا دەکشێ، لە دێرسیمەوە بەرەو خارپوت و دیاربەکر، لەوێشەوە بە درێژای ڕوباری دیجلە تا چیاکانی حەمرین درێژ دەبێتەوە، ئەم هێڵە سنووری جیاکەرەوەیە لە نێوان کوردستانی عوسمانی لە ڕۆژئاوا لەگەڵ ئێران، ئەم ناوچانە کورد لەگەڵ تورک و ئەرمەن لە باکووری و عەرەب لە باشووری ڕۆژئاوای عوسمانی تێکەڵن»[2] نەخشەی (پ، ژمارە ٣).

(١) میر شەرەفخان بدلیسی، شەرەفنامە، وەرگێران: هەژار، چاپی سێیەم، دەزگا و چاپی ئاراس، هەولێر، (٢٠٠٦)، لا٢١.

(٢) محمد أمین زکی بک، خلاصة تاریخ الکرد و کردستان، ترجمة: محمد علی

لـە کتێبەکـەی کریـس کۆچێـرا هاتـووە وڵاتـی کوردسـتان لە نەخشـەدا بە باشـی دیـارە، لـە دەریـای ناوەڕاسـتەوە تا کەنـداوی فـارس درێژ دەبێتـەوە.[1]

قاسـملۆ لـە تێـزی دکتۆرایەکەیـدا سـەبارەت بـە سـنووری کوردسـتان دەڵـێ «سـنووری کوردسـتان بـە هێڵێکـی ڕاسـت لـە لوتکـەی ئـارارات دەسـت پـێ دەکات، لـە گۆشـەی باکـووری ڕۆژهـەڵات لێـژ دەبێتـەوە بـە ئاڕاسـتەی باشـوور تـا دەگاتـە بەشـی باشـوور لـە زنجیـرە چیـای زاگـرۆس و پشـتەکەوە، لـەم خاڵـەوە بـە شـێوەی هێڵێکـی ڕاسـت دەڕوات تـا دەگاتـە شـاری موسـڵ لـە عێـراق، لەوێشـەوە بەهێڵێکـی ڕاسـت دەڕوات بـەرەو ڕۆژئـاوا تـا دەگاتـە ناوچـەی ئەسـکەندەرۆنە، هێڵەکـە درێـژ دەبێتـەوە بـەرەو باکـووری ڕۆژهـەڵات تـا دەگاتـە ئـەرزەرۆم، لەوێشـەوە درێـژ دەبێتـەوە بـەرەو ڕۆژهـەڵات تـا لوتکـەی ئـارارات.[2]

مـارک سـایکس نەخشـەیەکی وردی سـەبارەت بـە هـۆزە کوردیـەکان ئامـادە کـردووە، گەڕانێکـی وردی لـە بەشـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان ئەنجـام داوە کـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی عوسـمانی دا بـووە، کـە بـۆ کێشـانی نەخشـەکەی (٧٥٠٠) میـل کـە دەکاتـە (١٩٤٢٥) کیلۆمەتـر چوارگۆشـە لـە خاکـی کوردسـتان گـەڕاوە، کـە ئـەم زانیارییـە مەیدانییـە بـووە بـە سـەرچاوەی بنچینەیـی بـۆ نەخشـەکەی محەمـەد ئەمیـن

عونی، مطبعة السعادة، مكتبة الجامعة الأمريكية بالقاهيرة، مصر. (١٩٣٦)، ص١٣.

(١) کریـس کۆچێـرا، مێـژووی کـورد لـە سـەدەی ١٩- ٢٠دا، وەرگێـران: محمـد ریانـی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی کارون، تـاران، (١٣٦٩)، لا٣٤.

(٢) عبدالرحمـن قاسـملو، كردسـتان و الكـرد دراسـة سياسـية و اقتصاديـة، ترجمـة: ثابـت منصـور، طبعـة الثانيـة، مطبعـة شـڤان، سـليمانية، (٢٠٠٨)، ص٢٦.

زەکـی بـەگ بـۆ دیاریکردنـی خاکـی باکـووری کوردسـتان، بـەڵام وتـار و نەخشـەکەی هـۆزە کوردییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانی نەگرتوەتـەوە، نەخشـەکەی بـە بەڵگـەو سـەرچاوەیەکی بێلایـەن وە بەهێـزی سـنووری کوردسـتان دادەنرێـت، ئەوانـەی نەخشـەی کوردسـتانیان کێشـاوە لـە لای باکـوور و باکـووری ڕۆژئـاوای پشـتیان بـەم نەخشـەیە بەسـتووە.[1] نەخشـەی (ب،ژمـارە٣).

سیسـل جـۆن ئیدمۆنـدۆس C.J.Edmduns سوپاسـالار و کارگێـڕی سیاسـی و ڕاوێـژکاری حکومەتـی بەریتانیـا لـە کوردسـتان، لـە کتێبـە بـە ناوبانگەکەیدا(کـرد و تـرک و عـرب) سـنووری کوردسـتان بـە جۆرێـک دەستنیشـان دەکات کـە لـە باکوورییـەوە ئـەو سـنوورە بـە گشـتی بـە ئێـرەوان (یەریڤـان)، ئـەرزەرۆم، ئەرزنجانـدا تێدەپـەڕێ لەوێـوە لار دەبێتـەوە لـە مەرعـەش ڕوو لـە حەلـەب دەکات، لـە باکـووری ڕۆژئـاوا بـە بنـاری چیاکانـدا دەچێتـە پێـش تـا دەگاتـە دیجلـەو لەوێـوە شـان بـە شـانی لای ڕۆژهەڵاتـی ڕووبـاری دیجلـە دەچێتـە خـوارێ و هەندێـک بـەرەو باکـوور بـە هێڵـی کێـوە سـور (جبـل حمریـن) دا ڕوو لـە ناوچەیەکـی سـنووری ئێـران و عێـراق لـە نزیـک مەندەلـی دەکات، لـە ڕۆژهـەڵات واتـە ئێـران سـنووری کـوردەکان بـەرەو باشـووری ڕۆژهـەڵات دەسـت پـێ دەکات هەرێمەکانـی ماکـۆ بەشـێک لـە خـوێ و ورمـێ و سـابڵاخ (مهابـاد) و سـەقز و سـنە تـا کرماشـان لـە خـۆ دەگرێـت ڕێـگای بنەڕەتـی کرمانشـان بـۆ کرێنـد لەوێـوە بـە هێڵێکـی ڕێکـدا تـا مەندەلـی

(١) فـواد حەمـە خورشـید، نەخشـەی کوردسـتان لێکۆڵینەوەیـەک لـە جوگرافیایـی سیاسی،سـەرچاوەی پێشـوو. لا٥٠.

ناوچەیەکە کە کوردەکان لە خزمە لەک و لوڕەکانیان جیا دەکاتەوە، جارە جارە بە کورد دەژمێردرێن، ئەم وڵاتە دابەشکراوە بە سەر تورکیا و عێراق و ئێران و سوریا و بەشێک لە خاکەکەشی خراوەتە ناو یەکێتی سۆڤیەت.[1]

ماونسێل کە کاپتنێکی بەریتانی بووە لە ساڵی (١٨٩٤) نەخشەیەکی بە ناوی (کوردستان) لە کۆمەڵەی جوگرافی بەریتانی بڵاوکردوەتەوە، هەرچەندە هەموو خاکی کوردستان ناگرێتەوە زیاتر تەرکیزی لە سەر مەڵبەندەکانی ناوەڕاستی کوردستان کردوەتەوە، بەڵام بە یەکێک لە دیارترین و وردترین ئەو نەخشانە دادەنرێت کە زۆرێک لە توێژینەوەکان ئاماژەیان پێ کردووە، ماونسێل لە وتار و نەخشەکەی ئاماژە بە سنووری کوردستان دەکات، کە لە باکوورەوە سنوورەکەی بە خەتێک دەست پێ دەکات بە درێژای چەمی فورات سۆ لە شاری ئەرزنجانەوە بە ئەرزەرۆم تێپەردەبێت و تا سنووری ڕوسیا (ڕوسیای جاران ) لای چیاکانی ئارارات، فراوانترین ناوچەکانی کوردستان بە ئاڕاستەی باشووری ڕۆژهەڵاتی درێژدەبێتەوە کە هەموو ئەو هەرێمە چیایە دەگرێتەوە کە لە سنووری فارسەوە درێژ دەبێتەوە بۆ کفری، چیای مانشت، کرمانشان لە وڵاتی فارس لە ڕۆژئاواوە لە دەشتەکانی خوارووی حەوزی دیجلە کورد بە دەگمەن لەوێ نیشتەجێن لە کفرییەوە سنوورەکەی بۆ موسڵ درێژ دەبێتەوە بە ڕێرەوی ڕووباری دیجلە دەڕوات دەچێت بۆ دیاربەکر،

(١) سیسل جۆن ئیدمۆندۆس، کورد و تورک و عەرەب، وەرگێران: حامید گەوهەری، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، (٢٠٠٤)، لا١٩.

لە خەرپووتەوە بۆ دەرسیم سنووریەتی لەم ئاڕاستەوە، لە ڕۆژهەڵات بەشێکی گەورەی لەو بەشە بە پیتەی ولاتی فارس کوردی تێدا نیشتەجێیە، سنوورەکەیان لە کرمانشانەوە دەست پێ دەکات بۆ باکوور بۆ شاری سنە لەوێش لە شاخە سنوورییەکان بۆ ڕۆژئاوای ورمێ تا ئارارات.[١] نەخشەی (أ، ژمارە ٣).

ئەم سنوورانە ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە کە ماونسێل سەفەری تێدا کردووە، بۆیە ناتەواوە هەموو ناوچەکانی کوردستانی عوسمانی و سەفەوی ناگرێتەوە، هەروەها ناوچەی لوڕەکانی گەورە و بچوک ناگرێتەوە لەگەڵ ئەو بەشەش پێی دەگوترێت ڕۆژئاوای کوردستان.[٢]

عەبدوڵا غەفور سنووری کوردستانی بەم جۆرە دەستنیشانکرددوە «لە باکوورەوە لەگەڵ ئازەربایجان و ئەرمینیا و تورکیادایە، لە باشوورەوە ئێران و کەنداوی (فارسی – عەرەبی)ە، لە ڕۆژهەڵاتەوە ئێرانە، لە ڕۆژئاواشەوە عێراق و سوریایە، کوردستان دەکەوێتە نێوان هێڵی پانی (٣٠,٦١°)ی باکوور و (٤٠,٣٩°)ی باکوور و دەکەوێتە نێوان هێڵی درێژی (٣٦,٠٠°)ڕۆژهەڵات و (٥٢,٦١°) ی ڕۆژهەڵات واتە (١٦,٦١) هێڵ ڕاکشاوە، درێژی خاکی کوردستان لە باکوورەوە تاکوو باشوور ١٣٠٠ کم، پانییەکەشی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا خۆی لە (٥٥٠کم) دەدات، ئەو پانییە لە هەموو لایەک وەکو یەک نییە، لە لای باکوور پانییەکەی دەگاتە (٥٧٨کم) لە ناوەڕاست کەم دەبێتەوە

(١) فواد حەمە خورشید، نەخشەی کوردستان لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیایی سیاسی، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٦.
(٢) هەمان سەرچاوە، لا٤٧.

تـا (٢٣٢کـم)، هەتـا بـەرەو باشـووریش بڕۆیـن پانییەکـەی تەسـکتر دەبێتـەوە لـە بەشـی کۆتـای باشـووردا (١١٢کـم) زیاتـر نابێـت[1]. نەخشـەی (أ ژمـارە ٤).

توێـژەر ئـازاد نەقشـەبەندی وای دەبینێـت کوردسـتان لـە شـێوەی سێگۆشـەیەکی وەسـتاوی نارێکدایـە، کـە کەنـداوی ئەسـکەندەرۆنە و شـاری لینینـکان و کەنـداوی فـارس هـەر سـێ سـوچی ئـەو سێگۆشـەیە پێکدێنـن، کوردسـتان دەکەوێتـە ناوەڕاسـتی ڕۆژئـاوای کیشـوەری ئاسـیا لـە نێـوان بازنەکانـی پانـی (٣٠°-٤١°)باکـوور و هێڵەکانی درێـژی (٣٦°-٥١°)ڕۆژهەڵات، بـە سـەر تورکیـا و ئێـران و عێـراق و سـوریا و ئەرمەنسـتان دابەشـکراوە.[2] توێـژەر سـلێمان عەبدوڵـڵا ڕای وایـە کوردسـتان دەکەوێتـە نێـوان بازنەی پانی (٢٩° - ٤٠°) باکـوور و هێڵـی درێـژی (٣٦° - ٥٢°) ڕۆژهـەڵات و ڕووبـەری گشـتی کوردسـتان (٥٣٥ هـەزار کـم$^2$)، و بـە نزیکەیـی (٨٢٪) ئـەم ڕووبـەرە بـەش کـراوە لـە نێـوان تورکیـا و ئێـران دابـەش کردنەکـە بـەم شـێوەیە:

١. ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا.

٢. باکـووری ڕۆژهـەڵات و باکـووری ڕۆژئـاوای سـوریا لـە نێوانیشـیاندا زنجیرەیەکـی پێکـەوە گرێـدراو هەیـە.

٣. باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق.

---

(١) عەبـدوڵا غەفـور، جوگرافیایـی کوردسـتان، چاپـی چـوارەم، چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە، کوردسـتان، هەولێـر، (٢٠٠٥)، لا١٥.

(٢) ئـازاد نەقشـەبەندی، دەربـارەی دەستنیشـانکردنی سـنوری کوردسـتان، سـەرچاوەی پێشـوو،لا٢٢.


٤. بەشی ڕۆژئاوا لە ئێران جگە لە ناوچەی ئەهواز.[1] نەخشەی(ب ژمارە ٤).

توێـژەر هاشـم یاسـین حـەداد سـەبارەت بـە سـنووری كوردسـتان و ڕووبەرەكـەی ڕای وایـە، ڕووبـەری كوردسـتانی گـەورە (٦٠٨٢٠٠) كـم٢، لـە ڕووی ئەسـترۆنۆمییەوە دەكەوێتـە نێـوان هـەردوو هێڵـی درێـژی (٣٥،٣٥° - ٥٢،٠٢°) ڕۆژهەڵاتـی گـۆی زەوی هـەردوو بازنـەی پانـی(٢٩،٤٠° - ٤١،٠١°) باكـووری گـۆی زەوی، لـە ڕووی جوگرافییـەوە لـە باكـوورەوە هاوسـنوورە لەگـەڵ توركیـا و لـە باكـووری ڕۆژئـاوا وڵاتـی ئەرمینیایـە، لـە ڕۆژهـەڵات هاوسـنوورە لەگـەڵ ئێـران، لـە باشـووریش هـەردوو وڵاتـی عێـراق و سـوریایە، كوردسـتانی گـەورە دوو كەنـاری ئـاوی هەیـە یەكێكیـان لـە سـەر كەنـداوە، ئـەوەی تریـان كەنـار ئاوێكـی بچوكـە لـە سـەر دەریایـی ناوەڕاسـت. نەخشـەی (ت ژمـارە ٤).

(١) سـلیمان عبداللـه اسـماعیل، السیاسـة المائیـة لـدول حـوضي دجلـة والفـرات و انعكاسـاتها علـى القضیـة الكردیـة، المصـدر السـابق، ص(٤٣٢) .




(أ) نەخشەی کوردستان (عەبدوڵا غەفور)




(ب) نەخشەی کوردستان (سلێمان عەبدوڵا)




(ت) نەخشەی کوردستان (هاشم یاسین)




(پ) نەخشەی کوردستان چاپی قاهیرە ١٩٤٧

**نەخشەی (٤) سنووری کوردستانی گەورە بە ڕای توێژەران**

**سەرچاوە:**


أ. عەبدوڵا غەفور، جوگرافیای کوردستان، چاپی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، کوردستان، هەولێر، (٢٠٠٥)، لا١٦.

ب. سلێمان عبداللە اسماعیل، السیاسة المائیة لدول حوضي دجلة والفرات و انعکاساتها علی القضیة الکردیة، الطبعة الأولی، مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیة، السلێمانیة، (٢٠٠٤)، ص(٤٣٢).

ج. هاشم یاسین حەداد، نەخشەی کوردستانی گەورە، داتای بڵاو نەکراوە، هەولێر، (٢٠٢٠).

(د) Elias Modern press, map of Kurdistan, Cairo, (1947).

نەخشەی کوردستان و پاشکۆکەی یەکێکە لە وردترین نەخشەکانی کوردستان، کە لە (نیسانی ١٩٤٧) لە قاهیرە چاپکراوە، ئەم نەخشەیە لە ناو هەموو نەخشەکانی دیکەدا وردترە، تەواوی درێژبوونەوەی جوگرافیای سروشتی و مرۆیی کوردستانی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگرێتەوە، سەرەڕایی دەستنیشانکردنی ئەو ناوچە کوردنشینانەی دەرەوەی کوردستان، واتە ئاوارە و پەراگەندە وەک کوردی ئەفغانستان و خوراسان و قەوقاز و باشووری فارس. نەخشەی (پ ژمارە ٤).

توێژەر فواد حەمە خورشید لە بارەی ئەم نەخشەیەوە دەڵێت «گەورەترین و وردترین نەخشەی نەتەوەیی کوردە کە هەتا ئێستا کێشرابێت، هەر بۆیە بە دایکی هەموو ئەو نەخشانەش دادەنرێت کە بۆ کوردستان کێشراون، لە هەموویان وردتر و گونجاوترە»، ئەم نەخشەیە بە هۆی ڕاستی و واقعیبوونی لە ئینسکلۆپیدیایی جیهانی فەرەنسی لە بڵاوکردنەوەی بابەتێک بە ناوی کوردستان لە چاپی(١٩٦٨) ئەم نەخشەیە لە گەڵیدا بڵاوکردوەتەوە کە ڕووبەری کوردستان (٥٣٠٠٠٠) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە.[١]

(١) فواد حەمە خورشید، نەخشەی کوردستان لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیایی

لە پاشكۆی نەخشەكەدا ئاماژەی بە دەستنیشانكردنی سنووری كوردستان كردوە، لەو شوێنە دەست پێدەكات كە سنووری عێراق – ئێران سنووری كوردستان دەبڕێت بەرە و باكووری ڕۆژئاوا دەچێت كە لێرەدا بە كورتی ئاماژەی پێ دەكەین كە دەست پێ دەكات: -

١. لە سنووری ئێرانەوە تا سنووری توركیا لە نزیك كەنداوی ئەسكەندەرۆنە.

٢. لە سنووری توركیا لە نزیك ئەسكەندەرۆنە تا سنووری یەكێتی سۆڤیەت.

٣. لە سنووری ڕووسی – توركیەوە بۆ سنووری ڕووسی – ئێرانی.

٤. لە سنووری ڕووسی – توركیەوە بۆ سنووری ئێرانی – عێراقی.[(١)]

لە ژێر ڕۆشنایی كۆی ئەو ڕاو بیر و بۆچوونانەی خرانەڕوو سەبارەت بە دەستنیشانكردنی سنووری كوردستانی گەورە، گەواهی چەند ڕاستیەك دەدەن، كە سنووری كوردستان لە چیاكانی ئارارات لە باكووری ڕۆژهەڵاتەوە دەست پێدەكات، درێژ دەبێتەوە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات كەناری ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ دەبڕێ و درێژ دەبێتەوە بەرە سنە و كرمانشان، لوڕستان و ناوچەی بەختیاری تێپەڕدەكات تاكوو كەنداوی (فارس – عەرەب)ی، لەوێشەوە بە هێڵكی پێچاوپێچ هەڵدەكشێ بەرەو ڕۆژئاوا، مەندەلی دەبڕێ و بە ڕۆژئاوای خانەقین و شارەبان تێیدەپەڕێت، لە ڕۆژئاوای شاری موسڵ پێچ دەكاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا لە خوارووی ناوچەی جەزیرە بە هێڵێكی

---

سیاسی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠٤-١٠٩.

(1) Elias Modern press, map of Kurdistan, Cairo, (1947), p 10-13.

پێچاوپێـچ ناوچەکانـی باشـووری حەسـەکە و سـەرێ کانـی و سریـن و بـاب و چیـای کـوردان (جبـل سـمعان) تێپـەردەکات، لـە خـواروی عەفریـن لێژدەبێتـەوە بـەرەو باشـووری ڕۆژئـاوا ناوچەکانـی حـارم و جـسر شـغور تێپـەردەکات، هەڵدەگەڕێتـەوە بـەرەو باکـووری ڕۆژئـاوا هاوشـان لەگـەڵ لیـوای ئەسـکەندەڕۆنە، لـە شـاری دۆرت یـۆڵ دەگاتـە سـەر دەریایـی سـپی ناوەڕاسـت، لەوێـوە هەڵدەکشـێت بـەرەو باکـوور بـە ڕۆژئـاوای شـارەکانی قەیسـەر و سـیڤاس تێدەپەرێـت تـا دەگاتـە شـاری قـارس لـە باکـوور درێـژ دەبێتـەوە تـا دەگاتـەوە ئـارارات، نەخشـەی (٥).




**نەخشەی (٥) دەستنیشاکردنی سنووری کوردستانی گەورە**

**سەرچاوە:** کاری توێژەر لە ڕێگەی بەکارهێانی پرۆگرامی (Arc GIS 10,7.V) پشت بەست بە زانیارییە بە دەست هاتووەکان

لـە ڕووی شـوێنی فەلەکییـەوە، کوردسـتان دەکەوێتـە نێـوان هێڵەکانـی درێـژی (٣٥,٠٠° - ٥٢,٠٢°) ڕۆژهەڵاتـی گرینیـچ و بازنەکانـی پانـی (٢٩,٤٠° - ٤١,٤٠°) باکـووری هێڵـی یەکسـان، لـە ڕووی جوگرافییـەوە لـە باکوورەوە هاوسـنووره لەگـەڵ کۆمـاری تورکیـا، باکـووری ڕۆژئـاوا کۆمـاری ئەرمینیایـە، لـە ڕۆژهـەڵات هاوسـنووره لەگـەڵ ئێـران، لـە باشـووریش وڵاتـی عێـراق، لـە باشـووری ڕۆژئـاوا وڵاتـی سـوریایە، کوردسـتان دوو کەنـاری ئـاوی هەیـە یەکێکیـان لـە سـەر کەنـداوی (فـارس - عـەرەب) ییـە، ئـەوی تریـان لـە سـەر دەریایـی ناوەڕاسـتە.

**خشتەی (١) ڕووبەر و ڕێژەی خاکی کوردستان بەسەر وڵاتانی سەردەست**

| بەشەکانی کوردستان | وڵاتی سەردەست | ڕووبەر کم٢ | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- | --- |
| باکووری کوردستان | تورکیا | ٣٢٧٣٠٠ | ٤٧,٧١ ٪ |
| ڕۆژهەڵاتی کوردستان | ئێران | ٢٣٥٣٣٥ | ٣٤,٣٠ ٪ |
| باشووری کوردستان | عێراق | ٨٣٦٨٥ | ١٢,٢٠ ٪ |
| ڕۆژئاوای کوردستان | سوریا | ٣٣١٥٠ | ٤,٨٣ ٪ |
| کوردستانی قەوقاز | ئەرمینیا | ٦٥٩٢ | ٠,٩٦ ٪ |
| کوردستانی گەوره | | ٦٨٦٠٦٢ | ١٠٠ ٪ |

**سەرچاوە:** کاری توێژەر پشت بەست بە دەرئەنجامەکانی نەخشەی (٥)

ڕووبـەری خاکـی کوردسـتان (٦٨٦٠٦٢) کـم٢، دابەشـکراوە بـە سـەر دەوڵەتـە هەرێمیـەکان لـە ژێـر هەژمـوون و دەسـەڵاتی ئەواندایـە، بـە جۆرێـک باکـووری کوردسـتان ڕووبـەری (٣٢٧٣٠٠)کـم٢ ڕێـژەی (٤٧,٧١ ٪) خاکـی کوردسـتان پێـک دەهێنێـت، لـە ژێـر دەسـتی تورکیادایـە، ڕۆژهەڵاتـی

کوردستان ڕووبەرەکەی (٢٣٥٣٣٥)کم٢ ڕێژەی (٣٤,٣٠٪)خاکی کوردستان پێک دەهێنێت لە ژێر دەستی ئێراندایە، باشووری کوردستان ڕووبەرەکەی (٨٣٦٨٥)کم٢ ڕێژەی (١٢,٢٠٪)خاکی کوردستان پێک دەهێنێت لە ژێر دەستی عێراقدایە، ڕۆژئاوای کوردستان ڕووبەرەکەی (٣٣١٥٠)کم٢ ڕێژەی (٤,٨٣ ٪) خاکی کوردستان پێک دەهێنێت لە ژێر دەستی سوریادایە، کوردستانی قەوقاز (ئەرمینیا) ڕووبەرەکەی (٦٥٩٢) کم٢ ڕێژەی (٠,٩٦٪)کم٢ خاکی کوردستان پێک دەهێنێت لە ژێر دەستی ئەرمینیادایە. خشتەی (١).

## باسی دووەم

## چەمک و سنووری هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان

لەم باسەدا هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی زانستیانە هەریەک لە چەمکەکانی هەرێم و ڕۆژئاوای کوردستان و سنوور پێناسە بکەین، پاشان بە پشت بەستن بە بەڵگە جۆراو جۆرەکان سنوور و ڕووبەری هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان دەست نیشان بکەین:-

### تەوەری یەکەم

### چەمکی هەرێم و ڕۆژئاوای کوردستان

**١. چەمکی هەرێم**

مەبەست لە زاراوەی هەرێم (الأقليم – Region) ناوچەیەکە لە سەر ڕووی زەوی، کە جیا دەکرێتەوە لە ناوچەکانی دەوروبەری بە دیاردەیەک یان کۆمەڵێک دیاردە یان تایبەتمەندی ڕوون، کە کەسایەتی و تەبایی هەرێم لە ناواخندا بە دەردەخات.[(١)] یاخود بەشێکی سەر زەمینە لە ناوخۆدا لە ڕووی ڕوخسار و تایبەتمەندی ڕوونە و هەماهەنگی تێدایە، ئەمەش وا دەکات لە سەر زەمینەکانی دەوروبەری خۆی جودا بکرێتەوە، کە تێکەڵەی چەند توخمێکە وەک زەمین، ئاو، هەوا، ڕووەک، مرۆڤ لە یەکەیەکی شوێندا کە دیاردە جوگرافییەکان تیایدا بە شێوەیەکی سروشتی هەما هەنگن.[(٢)]

---

(١) محمد جاسم علي شعبان العاني، الأقليم و التخطيط الأقليمي، الطبعة الأولى، دار الصفاء للنشر و التوزيع، عمان، (٢٠٠٦)، ص٣١.

(٢) سلێمان عەبدوڵا ئیسماعیل، تایبەتمەندییەکانی باران لە هەرێمی کوردستانی

هەرێـم ڕووپێوێکـی زەمینـە کـە ڕووخسـار و خاسـیەتی تایبەتـی خـۆی هەیـە، ئـەو ڕوخسـار و خاسـیەتە تایبەتانـە یەکپارچەیـی و کارەکتەرەکـەی بەرجەسـتە دەکـەن، ئەگـەر چـی تـا ئێسـتا شـێوە و ڕووبـەر بـۆ هەرێـم نەکراوەتـە مـەرج، بـەڵام دەبێـت پێوانەیـەک یـان چەنـد پێوانەیـەک بـۆ لێکچوونـی بەشـەکانی هەبێـت، تاکـوو هەرێـم بـەم بەشـە لێکچوانـە لـە دەوروبـەری خـۆی جیـا بکرێتـەوە، سـەرەنجام هەمـوو هەرێمێـک دەبـێ:

١. سنووره هەرێمیەکـە و جموجـۆڵ و چالاکییـە جیاجیاکانـی خەڵکەکـەی لەگـەڵ یەکـتردا بگونجێـن.

٢. پایتەختێکـی هەرێمـی هەبێـت وەک ناوەندێـک لانـی کەمـی پێداویسـتیەکانی دانیشـتوانەکەی دابیـن بـکات.

٣. سـنووره ئیدارییەکـەی لەگـەڵ دیـاردە سروشـتی و مرۆییەکانـدا بگوجـێ.[1]

لـە سـەر بنەمـای ئـەوەی خرایـەڕوو دەتوانیـن بڵێیـن هەرێـم پارچەیەکە لـە سـەر ڕووی زەوی کـە لـە ناواخنـدا تەبـا و یەکگرتـووە، لـە ڕووی دیاردەیـەک یـان چەنـد دیاردەیـەک جـا چ سروشـتی بێـت یـان مرۆیـی، بـە بـەراورد لەگـەڵ ناوچەکانـی دراوسـێی ناتەبـا و جیـاوازە، ئـەم جیـاوازی و ناتەباییـە جیـای دەکاتـەوە و هەرێمەکـەی پـێ دەناسرێـت.

---

عێراق، سەرچاوەی پێشوو، لا١٢.

(١) خەلیـل ئیسـماعیل محەمـەد، دۆزی کـورد لـە نەخشـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەراسـتدا، پێداچونـەوەو ڕێخسـتنی: هیـوا سـادق سـەلیم، چاپـی یەکـەم، دەزگای چـاپ و پەخشـی حەمـدی، سـلێمانی، (٢٠١٣)، لا١٥.

## ٢. چەمکی ڕۆژئاوای کوردستان

چەمکـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان دەسـتەواژەیەکی کۆنـە و دەگەڕێتـەوە بـۆ پێـش ڕێکەوتنـی سـایکس پیکـۆ، لـە ئەدەبیاتـی سیاسـی ڕۆژئاواییەکانـدا بـە تایبـەت فەرەنسـی و بەریتانییەکانـدا هاتـووە، مەبەسـت لێیـان ئـەو بەشـانە بـووە کـە کەوتونەتـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان و باکـووری کوردسـتان[١]. فەرەنسـیەکان و بەریتانییـەکان لـە کاتـی جەنگـی یەکەمـی جیهـان ئـەو بەشـەی کوردسـتان کـە لکێـنراوە بـە سـوریاوە، لـە ئەدەبیاتـی سیاسـی خۆیانـدا بـە «کوردسـتانی ڕۆژئـاوا یـان بەشـی باشـووری ڕۆژئـاوا لـە کوردسـتان» ناویـان دەهێنـا.[٢]

ناوچـەی کـوردان، کوردسـتانی سـوریا ئـەم چەمکـە لـە ئێسـتادا بـە کاردێـت بـۆ ئـەو ناوچانـەی کـە کـورد تێیـدا زۆرینـەن لـە چوارچێـوەی جوگرافیـای سیاسـی سـوریا.[٣] لـە ئەدەبیاتـی پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان (p.k.k) باشـووری بچـوک بـە کاردێنـن بـۆ جیاکردنـەوە لـە باشـووری مـەزن (کوردسـتانی عێـراق)، و ڕۆشـنبیران و کوردەکانـی ئـەم ناوچانـە چ لـە باکوور یـان ڕۆژئـاوا بـەم سـنوورە دەسـتکردە کێشـراوەی نێـوان هـەر دوو دەوڵەتی تورکیـا و سـوریا چەمکـی (خـەت - هێـڵ) بـەکار دەهێنـن [٤] مەبەسـت

(١) علي صالح ميراني، الحركة القومية الكوردية في كوردستان – سوريا (١٩٤٦-١٩٧٠)، رسالة ماجستير (غير منشورة) ، كلية الاداب، جامعة دهوك، (٢٠٠٣). ص٢١.

(٢) عـلي صالـح ميـراني، سياسـة التمييـز القومـي و حمـلات التعريـب الحكوميـة في كوردسـتان – سـوريا، الطبعـة الأولـى مطبعـة جامعـة دهـوك، (٢٠١٠) .ص٩.

(٣) إسـماعيل محمد حصاف، تأريخ كردسـتان سـوريا المعاصر (١٩١٦-١٩٤٦)، الجزء الأول، الطبعـة الأولـى، مطبعة جامعة صلاح الدين، أربيـل، (٢٠١٧)، ص٢٣٠ .

(٤) علي جزيري، الكرد و كردستان (كردستان سوريا أنموذجا )، المصدر السابق، ص٢٧٨ .

لەم خەتە ئەو هێڵی شەمەندەفەرەیە کە ئەڵمانەکان دایانمەزراندبوو بە هێلی (بەغدا - بەرلین) ناسراوە، هەر بۆیە بە کوردەکانی باکووری کوردستان دەوترێت (سەرخەت)، و (بن خەت) بۆ کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بە کاردێت.[١]

پێمان وایە لە سەردەمی ئێستادا چەمکی (ڕۆژئاوا - رۆژئاڤا) چەمکێکی زۆرتر بەربڵاوە لە ناو ڕاگەیاندن و پارت و ڕێکخراو و دامودەزگا ئەکادیمیەکانی کوردستانی، بەشێک لە ئەکادیمی و نووسەر و توێژەرە بێگانەکانیش، چەمکی (باشووری ڕۆژئاوای کوردستان)نیش بەکاردێت، ئەمەش بۆ دەستنیشانکردنی شوێنی هەرێمی ڕۆژئاوایە بە گوێرەی نەخشەی کوردستانی گەورە.

### ٣. چەمکی سنوور

پێناسەی چەمکی سنوور بە پێی زانستە جیاوازەکان جیاوازە، لە زمانی یاسادا بریتیە لە هێڵێکی بەربەستی جیاکەرەوە کە دەبێتە هۆی دیاریکردنی ئەو رادەیەی (مدی) دەوڵەت دەتوانێت سەروەری تێدا بڵاو بکاتەوە، جیاکردنەوەی دوو دەوڵەت یان زیاتر لە یەکتر، سنوور لە چەمکی سەربازیدا مەبەست لێی هێڵی لێکەوتە (تماس) یان ڕووبەڕووبوونەوەیە کە پێویستە پارێزگاری لێ بکرێت.[٢] لە زمانی جوگرافیادا بریتیە لە هەرێمی ڕامیاری دەوڵەت هەر وەک

(١) عوسمان عەبدولڕەمان سمایل، کورد لە سوریا (١٩٢٠-١٩٤٦)، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، (٢٠٠١)، لا٣٥-٣٦.

(٢) محمد محمود إبراهيم الديب، الجغرافية السياسية أسس و تطبيقات، مطبعة الانجلو المصرية، قاهيرة، (١٩٩٠)، ص٢٣٥.

چـۆن بەشـداره لـە دروسـتکردنی کەسـایەتی جوگرافـی و شارسـتانی، شـان بـە شـانی توێژینـەوەی لـە سـەر دەکرێـت.[١]

سـنوور لـە جوگرافیـای ڕامیاریـدا کـە بابەتـی توێژینەوەکەمانـە: بریتیـە لـە تایبەتمەنـدی دەوڵـەت کـە چوارچێـوە هەرێمیەکـەی دیـاری دەکات، واتـە ئـەو زەوییـەی دەتوانرێـت کەڵکـی لـێ وەربگیرێـت و وەبەرهێنرێـت، ئـەوەی ئەکەوێتـە ئـەم چوارچێوەیـە ڕووبـەری وشـکانی و ئـاوی و بـواره هەواییەکـەی سـەریان......هتد.[٢] کـە لـە سـەر نەخشـە بـە هێڵێـک و لـە سـەر زەوی بـە هێـما، کێـل، سـیم، دیوار.....هتـد دەکێشـرێت.[٣] باسـکردن لـە سـنوورەکانی ڕۆژئـاوای کوردسـتان پەیوەسـتە بـەو سـنووره سیاسـیەی دەوڵەتـی سـوریا، کـە لـە پـاش جەنگـی یەکەمـی جیهانـی و دابەشـکردنی دەوڵەتـی عوسـمانی ئـەم دەوڵەتـە نوێیـە دروسـت بـوو.

(١) محمـد أزهـر السـماک، الجغرافيـة السياسـية الحديثـة، دار الكتـب للطباعـة والنـشر، بـدون مـكان النـشر، (١٩٩٣)، ص٩٤.

(٢) محمـد محمـود إبراهيـم الديـب، الجغرافيـة السياسـية بالمنظـور المعـاصر، مطبعـة محمـد عبدالكريـم، ،قاهيـرة، (٢٠٠٢) ص٦٢١.

(٣) ئەحمـەد ڕەفیـق کەریـم، ناوچـە دابڕاوەکانـی هەرێمـی کوردسـتان، ماسـتەرنامەی بڵاونەکـراوە، کۆلیـژی زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان، بەشـی جوگرافیـا، زانکـۆی سـلێمانی، (٢٠٠٩)، لا١٨.

**ئالەنگاری و دژواری دیاریکردنی سنووری ڕۆژئاوای کوردستان:-**

١. زۆر لـە نووسـەر و مێژوونوسـان لـە باسـکردنی ڕۆژئـاوای کوردسـتاندا، دیاریکردنـی سـنووری ڕۆژئـاوا و ڕووبەرەکەیـان پشـتگوێ خسـتوە، یـان بـە هەرەمەکـی و خەمڵانـدن دایـان نـاوە، خەمڵاندنەکـەش بابەتیانـە نییـە بەڵکـو خۆیـان لـێ ڕزگار کـردووە.

٢. نەبوونـی کیانێکـی کـوردی لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان لـە ڕابـردوودا، دان نەنـان بـە بوونـی کـورد بـە شـێوەیەکی دەسـتوری و یاسـایی لـە دەوڵەتـی نوێـی سـوریادا، دژایەتیکردنـی مافەکانـی لـە لایـەن حکومەتـی سـوریاوە.

٣. ڕۆژئـــاوای کوردســـتان دووچـــاری سیاســـەتێکی پـــلان بـــۆ دانـــراو، هەڵمەتێکـی فراوانـی گۆڕینـی ئەتنیکـی بـووە، بـە جۆرێـک کاریگـەری فراوانـی لـە سـەر دیمۆگرافیـای ڕۆژئـاوای کوردسـتان دروسـتکردووە، لـە بەشـەکانی دواتـر بـە وردی ئاماژەیـان پـێ دەکەیـن.

٤. کەمـی لێکۆڵینـەوەی زانسـتی و داتـا و زانیـاری لـە سـەر جوگرافیـا و مێـژووی نەتـەوەی کـورد لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان.

٥. توانـەوەی بەشـێک لـە کوردەکان لـە نـاو کۆمەڵگای عەرەبـی سـوریادا، بـە جۆرێـک کەلتـور و زمانـی عەرەبـی بـە سـەریاندا زاڵ بـووە، زمـان و جلوبەرگـی کوردی گۆڕیـوە بـۆ زمـان و جلوبەرگـی عەرەبـی.

٦. نەبوونـــی ســـەرژمێرییەکی تـــەواو لـــەم بەشـــەی کورســـتان، بگـــرە خەمڵاندنێکـــی بابەتیانـــەش لـــە بەردەســـتدا نییـــە.

٧. نەبوونـــی دیاردەیەکـــی جیاکـــەرەوە لـــە شـــێوەی ڕووبـــار، زنجیـــرە چیا،...هتـــد کـــە ناوچـــە کوردســـتانییەکانی ســـوریا لـــە بەشـــەکانی تـــر جیابکاتـــەوە، بـــەو مانایـــەی جـــۆرە تێکهەڵکێشـــیەک هەیـــە لـــە نێـــوان ناوچـــە کوردنشـــین و عـــەرەب نشـــینەکان.

٨. نەبوونـــی داتـــا و زانیـــاری پێویســـت لـــە دامودەزگاکانـــی ڕۆژئاوایـــی کوردســـتان.

## تەوەری دووەم

## دیاریکردنی سنووری هەرێمی ڕۆژئاوا

دەستنیشانکردنی سنووری هەرێمی ڕۆژئاوا لە بەر ئەو هۆکار و ئاڵەنگاریانەی ئاماژەمان پێکرد دژوار و ئەستەمە، ناچارین پشت بە بەڵگەی مێژووی و جوگرافی و دیدەنی گەشتیار و گەریدەکان و بیرو باوەری کەسانی ئەکادیمی و ڕامیاری لەگەڵ توێژینەوە زانستیەکان و نەخشە و دۆکۆمێنت و ئینسکلۆپیدیای وڵاتە فەرمانڕەواکانی کوردستان و ئینسکلۆپیدیای وڵات و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ببەستین، لەم سۆنگەیەوە دیاریکردنی سنووری ڕۆژئاوای کوردستان بە تایبەت لە بەشەکانی باشوور و باشووری ڕۆژئاوای هەرێمەکە دیاریکردنێکی یەکلاکەرەوە و یەکجارەکی نابێت، بەڵکو زیاتر بە نزیکەیی (تقریبی) دەبێ گوزارشت لە ڕای توێژەر دەکات، ئەویش بە پشت بەستن بەو پێوەرانەی کردوومانە بە بنەما لێرەدا دەیانخەینەڕوو:

### ١. دۆزینه‌وه‌ شوێنه‌وارییه‌كان و به‌ڵگه‌ مێژووییه‌كان

سه‌رچاوه‌ مێژووییه‌كان ئاماژه‌ بۆ ئه‌وه‌ ده‌كه‌ن كه‌ ناوچه‌ی جه‌زیره‌ی سه‌روو، ئه‌و خاكه‌یه‌ به‌ درێژای مێژوو كوردی لێ ژیاوه‌، هه‌ڵكۆڵینه‌ شوێنه‌وارییه‌كان كه‌ له‌ چه‌ند ناوچه‌یه‌كی شوێنه‌واری ئه‌نجام دراوه‌، ئه‌وه‌ ده‌سه‌لمێنن كورد به‌رده‌وام له‌م ناوچانه‌ نیشته‌جێ بووه‌، گه‌لی سۆبارتۆ وه‌ك نموونه‌ وه‌ربگرین كه‌ له‌ ناوچه‌كانی نێوان چیای زاگرۆس و ڕووباری خابور ژیاون، حۆرییه‌كان شاری (ئۆركیش) یان كردوه‌ به‌ پایته‌ختی ده‌وڵه‌ته‌كه‌یان كه‌ ده‌كه‌وێته‌ سه‌ر چاوگه‌كانی خابور، مه‌لیكی میتانی (ساوشتر)ی یه‌كه‌م شاری (واشۆكانی/سه‌رێ كانی) له‌ سه‌ر چاوگه‌كانی خابور وه‌ك ناوه‌ندی فه‌رمانڕه‌وای خۆی داناوه‌.[١] كۆنترین تۆماری مێژوویی سه‌رزه‌مینی سۆبارتۆی دۆڵی دووزێ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ نیوه‌ی دووه‌می هه‌زاره‌ی سێیه‌می پێش زاین كه‌ به‌ نووسینی بزماری تۆمار كراوه‌، له‌و كاته‌دا ئه‌م نیشتمانه‌ له‌ ناوچه‌كانی جه‌زیره‌ و قامیشلی و عامووده‌ و حه‌سه‌كه‌ له‌ سه‌ر ئاوزێلی ڕووباری دیجله‌ و خابور بووه‌.[٢]

ته‌نانه‌ت به‌شێك له‌ لێكۆڵه‌ره‌وانه‌ هاوچه‌رخه‌كان ده‌ڵێن مێژووی بوونی كورد له‌ ناوچه‌ی جه‌زیره‌ و عه‌فرین ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ سه‌رده‌می پێش زایین، بۆ سه‌رده‌می نیشته‌جێبوونی ئه‌و گه‌لانه‌ی كه‌ به‌ شاخاوی ناو ده‌بران له‌ به‌شی باكوور و ڕۆژهه‌ڵاتی نزیك (زنجیره‌ چیای زاگرۆس و

---

(١) علـی صالـح میرانـی، الجزیـرة العلیـا في ضـوء كتابـات الرحالـة والوثائـق، الطبعـة الأولـی، مطبعـة جامعـة صـلاح الدیـن، أربیـل، (٢٠١٦)، ص١٠-١١.

(٢) ئه‌حمه‌د ڕه‌فیق كه‌ریم، ناوچه‌ دابڕاوه‌كانی هه‌رێمی كوردستان، سه‌رچاوه‌ی پێشوو، لا٢١.

تۆرۆس)، تاوەکوو دەگاتە باکوور بە ئاراستەی چیاکانی قەفقاز و ئاسیای بچوک، توێژینەوە مێژووییەکان، وڵاتی کوردان بە شوێنی سەرهەڵدانی یەکەم شارستانی مرۆڤ دادەنێن لە چاخی بەردینی نوێدا کە شارستانی (تەل حەلەفیان) بووە، هاوشێوەی کەوان فراوان بووە لە ڕووباری زێی گەورە لە باشووری کوردستان، لە ڕۆژهەڵاتەکەیەوە دەستی پێکردووە تاوەکوو فورات لە ڕۆژئاوا.[1]

شاری ئۆرکیشی کۆن کە دەکەوێتە سێگۆشەی خابور، واتە لە بەشی ڕۆژئاوای دەشتی بە پیت (السهل الخصیب)، هەڵکەوتووە لە نێوان سەرێ کانی و حەسەکە و قامشلی، ناوەندی فەرمانڕەوای حۆرییەکان بووە، کە دەسەڵاتیان لە باکوور دەریاچەی وانی تێپەڕاندووە و لە باشوور تاوەکوو ڕووباری دیالە بووە.[2]

### ٢. ڕای نووسەر و توێژەرانی بێگانە

جیرارد جالیاند نووسەری فەرەنسی لە کتێبەکەیدا لەو بەشەی باسی ڕۆژئاوای کوردستان دەکات، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە زانیاری لە سەر کوردی سوریا پەرشوبڵاوە، لێرەو لەوێ دەکرێت زانیاری لە سەریان بە دەست بخرێت، بە تایبەت لە کتێبەکانی عەرەب و موسڵمانەکان لە سەدەکانی ناوەڕاست، جیرارد(١٩٧٦) ژمارەی کورد لە سوریا بە

(١) حاجی عەفرینی، ئەوانی تر، عەفرین دەروازەی دەریای نێوەڕاست ،چاپی یەکەم، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، (٢٠٢١)، لا٨٠.

(٢) مروان برکات، جبل الکرد - عفرین عبر العصور، الطبعة الثانیة، شلیر للطباعة والنشر، قامشلو، (٢٠١٩)، ص٦٩.

(٨٢٥٠٠٠) کەس لە قەڵەم دەدات، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە ساڵی (١٩٧٦) ڕێژەی (١١٪) کۆی دانیشتوانی دەوڵەتی سوریای پێک هێناوە،کە (٧,٥) ملیۆن کەس بووە، دابەش بوون بە سەر ناوچەکانی (چیای کوردان، چیای سەمعان، ئەعزاز، جەزیرەی باکوور، جەزیرەی باشوور، حەلەب، دیمەشق، ناوچەکانی دیکە)، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کورد لە سوریا بۆ بژێوی ژیانیان پشت بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دەبەستن.[١]

جوردی تیجیل لە کتێبەکەیدا (کرد سوريا التاريخ و السياسة و المجتمع)لە سەر کوردی سوریا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، زۆرینەی کوردانی سوریا بە کرمانجی دەئاخڤن، کە شێوە زارێکی سەرەکی زمانی کوردییە، کوردەکان موسڵمانی سونەن جگە لە ئێزیدییەکان، لە نێوان جەزیرە و ناوچەی چیای سەمعان (جبل سمعان)، دۆڵی عەفرین و کورداخ بڵاوبوونەتەوە، کوردەکان لە سەردەمی ئینتیدابی فەرەنسیدا، دانیشتوانەکەی لە سێ ناوچەی بەرتەسک لە یەک دابڕێندرابوون، ئەوانیش جەزیرە و جرابلس و کورداخ (عفرین)، بە درێژای سنووری تورکیا، ئەم ناوچانە درێژکراوەیەکی سروشتی ناوچە کوردییەکانە لە تورکیا و عێراق، کوردەکانی سوریا بە هۆکاری ڕەچەڵەکی جوگرافی و مێژوویان و شێوازی ژیانیان (ڕەوەند / نیشتەجێ) بووە، تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم نەبوونەتە کۆمەڵگایەکی هاوچەشن (متجانس).[٢]

(١) جيرارد جاليانـد، شعب بدون وطن _ الكورد و كردستان، ترجمة: عبدالسلام النقشبندى، الطبعة الأولى، مطبعة اراس، أربيل، (٢٠١٢)، ص٢٩٧-٣٠٠.

(٢) جوردي تيجيل، كرد سوريا التاريخ و السياسة و المجتمع، ترجمة: محمد شمدين، الطبعة الأولى، دار الزمان، ديمشق، (٢٠٢١)س، ص٣٠.

مێژوونوسی بەریتانی ستیڤن همسلی لونکریک لەگەڵ مێژوونوسی عێراقی مجید خدوری، پشتگیری ئەوە دەکەن ناوی سوریا لە مێژووی کۆن و نوێدا، مەبەست لێی چەند ناوچەیەکی جیاواز بووە، هەرگیز ناونیشانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەبووە، خدوری و لونکریک جەخت لە سەر ئەوە دەکەن بە درێژای فەرمانڕەوای عوسمانییەکان (١٥١٧ - ١٩١٨) عەرەب لە وڵاتەکانیاندا هیچ قەوارەیەکی سیاسی تایبەت بە خۆیان نەبووە، بەڵکو لە لایەن دامودەزگا هەرێمیەکان (الولايات) کە سەر بە باب و عالی بوون لە ئیستانبوڵ بەڕێوە بردراون، بە واتایەکی تر زۆربەی قەوارە عەرەبیە مۆدێرنەکان هیچ شەرعیەتێکی مێژووی و جوگرافی و سیاسیان نییە لە ڕابردودا، بە پێی ئەو دابەشکردنە کارگێرییەی عوسمانییەکان پشتیان پێ دەبەست لە ساڵی (١٩٠٤)، سوریا یەک یەکەی کارگێری پێک نەهێناوە بەڵکو دابەشبووە بە سەر سێ ویلایەت ئەوانیش ویلایەتی سوریا و ویلایەتی حەلەب ویلایەتی بەیروت.[(١)]

کارستن نیبور دۆزەرەوە و ماتماتیکزان و زانای کارتۆگرافی ئەڵمانی، پاش گەشتێکی بۆ جەزیرە ساڵی (١٧٦٤)، دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ ژمارەیەک سەرۆک هۆزی کوردی ناوچەکە، نەخشەیەکی بڵاوکردەوە، ناوی ئەو عەشیرەتانەی بڵاوکردووەتەوە کە لە گەشتەکەیدا چاوی پێیان کەوتووە، ئەوانیش عەشیرەتەکانی (شیتیە، مەلییە، دەقورییە، کیکیە، جاجانییە) لە بەشی باکووری جەزیرەی سوریای ئێستا، جێگەی باسە

(١) علی صالح میرانی، الجزيرة العليا في ضوء كتابات الرحالة والوثائق ،المصدر السابق، ص٨ .

ناوی هیچ هۆزێکی عەرەبی نەهێناوە جگە لە قەبیلەی (تەی) کە لە ئەوپەڕی خواروی جەزیرە نیشتەجێن.(١)

هاریت مونتغمری توێژەری بەریتانی لە سەر کوردی سوریا دەڵێت «ئەو بەشەی کوردستان کە کەوتە ژێر هەژموونی فەرەنسیەکان، دەکاتە باکووری دەوڵەتی سوریای هاوچەرخ، کوردی سوریا بەشێکن لە نەتەوەی کورد، ناوچە کوردییەکان بەشێکی ڕووبەری جوگرافی کوردستان پێک دەهێنن، هاوبەشن لە ڕووی کلتور و داب و نەریت و ئاین، ژمارەیان لە نێوان دوو بۆ سێ ملیۆن کەسە، لە سێ ناوچەی سەرەکی بە درێژایی پشتێنەی سنووری باکووری سوریا نیشتەجێ بوون، ئەوانیش ( کورداخ، کۆبانی، پارێزگای حەسەکە).(٢)

گەریدەی فەرەنسی فرسوا فولنی لە کتێبەکەیدا کە لە پاریس دەرچووە بە ناونیشانی (گەشتێک بۆ میسر و سوریا (١٧٨٨ – ١٧٨٩) باس لە بوونی کورد دەکات کە بە چری لە ناوچەکەدا هەن، ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی (ب.لیرخ) لە باسی کورد لە سوریا دەڵێ «کورد لە ناوچەکانی حەلەب و دۆڵی عەفرین دەژین، جەزیرە کوردێکی زۆر زیاتری لێیە»(٣)

جۆن کەیڤس، سەرحەد ئێرکمێن، جۆناتا سپایر بە هاوبەشی توێژینەوەیان لە سەر کورد و ڕێکخستنە سیاسیەکانی ئەنجام داوە،

---

(١) هاريت مونتغمري، كرد سوريا: وجود تعرض للإنكار، ترجمة: رضوان شيخو، الطبعة الأولى، مطبعة جامعة صلاح الدين، أربيل، (٢٠٢٠)، ص٩ .

(٢) المصدر نفسه ، ص٢٥.

(٣) على صالح ميراني، الجزيرة العليا في ضوء كتابات الرحالة والوثائق، المصدر السابق، ص٢٠.

ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، تا ئێستا ئامار و سەرژمێرییەکی ورد لە سەر بنەمای زمانی دایک و نەتەوایەتی لە سوریادا نەهاتوەتە گۆڕێ، تەنیا لە سەر بنەمای دابەشبوونی دانیشتوان بە سەر ئاستەکاندا سەرژمێری ئەنجام دراوە، هاوکات بەشێکی ئیکجار زۆر لە کورد لەو وڵاتەدا خاوەنی پێناس و ناسنامەی هاووڵاتیبوون نین، لەبەرئەوە ئەستەمە بگەینە ژمارەیەکی ورد و دروست، بە گشتی کورد لە سێ شوێن چڕ بوونەتەوە، ئەوانیش، جەبەلو ئەکراد، کۆبانی، جەزیرە (حەسەکە)، هەروەها کورد لە دێر زەمانەوە لە ناوەندی شاری حەلەب لە دوو ناوچەی سەرەکی نیشتەجێن، ئەوانیش گەرەکی ئەشرەفیە لەگەڵ شێخ مەقسود، لە پارێزگای لازقیە کورد لە ناوچەیەکدا نیشتەجێن بە ناوی جەبەل ئەکراد کە جیاوازە لە (جەبەل ئەکرادی) کە لە عەفریندا کوردانی تێدا نیشتەجێن، لە ناوەندی شاری لازقیە زۆر گەڕەکی کوردنشین هەن.[١]

### ٣. ڕای نووسەر و توێژەرە عەرەب و سورییەکان

بە گوێرەی مێژوونووسان و جوگرافیناسانی عەرەب وەک (بلازری، تەبەری، ابن اثیر) ئەو هۆزانەی بە ناوی کوردەوە ناسراون، پتر ناوچەکانی باشووری وان و کەنارەکانی باکووری دیجلەیان تا جزیرێ (جزیرە ابن عومەر) داگیر کردوە.[٢] توێژەر و جوگرافیناسی سوری ئەحمەد وەسفی

(١) سەرحەد ئێرکمێن، جۆن کەیڤس، جۆناتا سپایر، مێژووی پەیەدە، وەرگێرانی ماجید خەلیل، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، (٢٠١٧)، لا١٣-٢٠.
(٢) حەسەن ئەرفەع، کوردەکان لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی و سیاسی، سەرچاوەی پێشوو،لا١٢.

زەکەریا (١٨٨٩-١٩٦٤) لە توێژەرە لە پێشەکان دادەنرێت کە بە دادپەروەرانە (انصاف) لە سەر کورد دواوە و دەڵێت «کورد زۆرینەیان دەکەونە باکووری وڵاتی شام نزیک لە سنووری ئێستای تورکیا، لە قوڵای باکوور لە قەزای ئەعزاز و باب و جرابلس لەگەڵ قەزایەکانی باکووری ڕۆژهەڵات لە لیوای جەزیرەی فوراتی، ئەمانە هەمووی کوردی ڕەسەنن (اکراد اقحاح)، عەرەب پێیان نەگەشتووە لە هیچ ڕوویەکەوە.[1]

توێژەری سوری عادل عەبدولسەلام لە کتێبەکەیدا لە سەر جوگرافیای هەرێمی سوریا، ئاماژە بە کورد دەکات وەک پێکهاتەیەکی نەتەوەیی سوریا، توێژەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، نەتەوەیی کورد لە سوریا لە ناوچە سنوورییەکانی باکوور لەگەڵ تورکیا نیشتەجێن، لە ناوچەی کورداخ لە ناحیەکانی بلبل، راجو، جندریس، ناوەندی عەفرین و هەندێک ناوچەی ئەعزاز، ئەم ناوچانە دەکەونە ئەوپەری باکووری گۆشەی باکووری خۆرئاوا، تێکەڵ دەبێتەوە لەگەڵ ناوچەی کورداخ و جبل سمعان، ئەم ناوچەیە زیاتر لە (٥٥٪) کوردی سوریای لێ دەژی، ناوچەی دووەمی نیشتەجێبوونی کوردەکان دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دۆڵی ڕووباری فورات لە نێوان جرابلس و (حمام صغیر)، لە حمام صغیر دەتوانرێت بڵاوبونەوەیان بە نزیکەیی بکێشرێت، لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات تاوەکو گوندی بەندەرخان نزیک (عین العرب)، لەگەڵ ناوچەی (تل أبیض) لە سنووری تورکیا – سوریا، کە لە ڕووی کارگێڕییەوە

(١) علی صالح میرانی، الجزیرة العلیا في ضوء کتابات الرحالة والوثائق، (٢٠١٦)، المصدر السابق، ص٢٣.

دەکەونـە بەشـی باکـووری ناوچـەی (عیـن العـرب).[١]

کۆتـا ناوەنـدی نیشـتەجێبوونی کـوردەکان لـە دوای عفریـن، دووەم قورسـایی نیشـتەجێبوونی کـوردی تێدایـە ناوچەکانـی (رأس العین، درباسـیة، عامـود، قامشـلی) لەگـەڵ ناوچەکانـی باکـووری حەسـەکە و باکـووری ناحیـەی تـل حمیـس بـە ئاڕاسـتەی باکـووری ڕۆژهـەڵات تـا ناوچـەی مالکیـة کۆتایـی (منقـار البطـة)، دەکرێـت ئـەو کـوردە ئێزیدیانـەش لـە گـەل کوردەکانـی باکـووری سـوریا لێکبدەیـن کـە لـە دورگەیەکـی بچوکـی کوردیـدا دەژیـن لـە کۆتاییەکانـی ڕۆژئـاوای چیـای سـنجار لـە خاکـی سـوریە، سـەبارەت بـە عەرەبەکانـی ئێسـتای سـوریا ئـەم توێـژەرە ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات، ڕەچەڵەکیـان دەگەڕێتـەوە بـۆ عەرەبەکانـی نیمچـە دورگـەی عەرەبـی، لەگـەڵ هاتنـی موسـڵمانان (فتوحـات الاسـلامیة) شـەپۆلی عەرەبـە سـامیەکان لـە نیمچـە دورگـەی عەرەبـەوە ڕوویـان لـە سـوریا کـردووە.[٢]

ئەدیـب معـەوەز کـە بیرمەندێکـی لوبنانییـە کتێبێکـی لـە سـەر کـوردی سـوریا و لوبنـان دانـاوە، بـە وردی ئامـاژە بـە هەمـوو لایەنەکانـی تایبـەت بـە ژیانـی کـورد لـە سـوریا و لوبنـان دەکات، ئـەم توێـژەرە لـە سـەر کـورد لـە سـوریا دەڵێـت «کـورد لـە سـوریا دوو بەشـن، بەشـێکیان تێکـەڵ و ڕێکخـراون (مندمجـون، ممتزجـون) لەگـەڵ کۆمەڵگـەی عەرەبـی لـە سـوریا، بـە جۆرێـک هیـچ نیشـانە و ئاسـەوارێکی ڕووکـەش لـە نەتەوەبوونـی ئـەوان نەمـاوە، ئـەم کوردانـە لـە دیمەشـق و حەمـا

(١) عـادل عبدالسـلام، جغرافیـة سـوریة الإقلیمیـة، القسـم الأول، کلیـة الأداب، جامعـة دیمشـق، مطبعـة الروضـة، دیمشـق، (١٩٨١)، ص٢٢٢.
(٢) المصدر نفسه، ص٢٢٢.

نیشتەجێن، لەگەڵ چەند شوێنێکی تری کۆماری سوریا وەک قەزای حارم لە نێوان حەلەب و ئەسکەندەرۆنە، لەگەڵ چیای کوردان لە عەلەوین کە ژمارەی گوندەکانی لە هەشتا گوند کەمتر نییە، ئەم چیای کوردانە جیاوازە لە چیای کوردان (کورداخ) لە باکووری ڕۆژئاوای سوریا هەڵکەوتووە، هەموو ئەم کوردانەی دیمەشق و حارم و عەلەوین و حەما ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە بۆ کوردانی کوردستان بە تێکەڵی و خزمایەتی، بەڵام زمان و جلوبەرگیان گۆڕاوە، تێکەڵ بە کۆمەڵگەی عەرەبی بوون، ڕەنگە لە گوندێک یان شارۆچکەیەک تەنیا یەک کەسی بە تەمەن هەبێت زمای کوردی لەبیرمابێت و بزانێت قسەی پێ بکات، لە نێو ئەم بەشە ڕەسەنەی کورد لە سوریا زۆر شاعیر و ڕاگەیاندنکار و فەرمانبەری باڵای دەوڵەت و خێزانی خانەدان و بە ناوبانگ لە کۆمەڵگەی سوری هەڵکەوتون».[(١)]

هەرچی سەبارەت بە ناوچەکانی باکووری سوریایە، توێژەر پێی وایە کورد زۆرینەی ڕەهای ناوچەکە پێک دەهێنن و زمانی کوردی تاکە زمانی بەکارهاتووی ناوچەکەیە، تەنانەت کەمینەکانی تریش بەکاری دەهێنن، ئەم ناوچانە نزیکەی دوو هەزار گوندی کوردی لە خۆ دەگرێت، لە کەنارەکانی ئەسکەندەرۆنەوە لە کورداخەوە درێژ دەبێتەوە تا قەزای جەزیرەی فورات لە ڕۆژهەڵات، قەزایەکانی (عین دیوار، قامشلی، رأس العين، أراب بينار، جرابلس، منبج، اعزاز، کورداخ) دەگرێتەوە.[(٢)]

---

(١) أديب معوض، الأكراد في سوريا و لبنان - تأريخ ، تقديم: فلك الدين كاكەيی، الطبعة الثانية، مطبعة أراس، أربيل، (٢٠١٠)، ص٢٨.
(٢) المصدر نفسه، ص٣٠ .

**٤. نەخشە و داتا ئەرشیفیەکان**

نەخشـەیەکی فەرەنسـی کـە مێژوویەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ پێـش دەستنیشـانکردنی سـنووری دەوڵەتـی سـوریا، ئـەوە دەسـەلمێنێت کـورد زۆرینـەی هـەرە زۆری ناوچـەی جەزیـرە پێـک دەهێنێـت، ئـەم نەخشـەیە لـە بەرگـی گشـتی سـاڵی (١٩٢٤) کـە ژمـارە (S-L: CP٥٦٩) هەڵگرتـووە، لـە ئەرشـیفی نیشـتمانی فەرەنسـا لـە شـاری نانـت پارێـزراوە، ئـەم نەخشـەیە لـە لایـەن هێزەکانـی فەرەنسـا کێشـراوە، پێـش بڵاوبوونەوەیـان لـە ناوچەکە لە(ئـاداری ١٩٢٢)، نەخشـەکە بڵاوبوونـەوەی خێـڵ و عەشـیرەتەکان لـە ناوچەکـە ڕوون دەکاتـەوە، کـە لە کـۆی چوارده عەشـیرەت یازدەیـان کوردن، لـە سـنووری عێـراق لـە ڕۆژهـەڵات تاوەکـو سـەرێ کانـی (رأس العیـن) لـە ڕۆژئـاوا. نەخشـەی (أژمـارە ٦).[1]

عەشرەتـە عەرەبەکانیـش (الشیشـانة) لـە سـەرێ کانـی و دوانەکـەی تـر (الطـي، حـرب)ن لـە خـوارووی جەزیـرە، نەتوانـراوە ژمـارەی کەسـەکان و خێزانەکانـی عەشـیرەتەکان لـە جەزیـرە لـە بیسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو دیـاری بکرێـت، لە ئەرشـیفی نیشـتمانی فەرەنسـی هیـچ زانیاریەکی لە سـەر نییـە، بـەڵام ئەرشـیفی دۆمەنیـکا لـە پاریـس (Saul choir) ژمـارە فایلـی (IV Desires, 45, Dossier 45, Histories de la Haskie) بەڵگـەکان ئـەوە بـە دیار دەخەن ژمارەی دانیشـتوان و ژمارەی گوندەکانی نۆعەشـیرەتە کوردەکە، کـە لەگـەڵ دوو عەشرەتـی تر لـەم بەڵگەیە ناویـان هاتووە، لـەم فایلە لەگەڵ

(١) سـیامند حاجـو، خریطـة فرنسـیة تثبـت أن الکـورد یشـکلون الغالبیـة العظمـی مـن سـکان الجزیـرة قبـل ترسـیم الحـدود (٢٠٢٠)،
https://www.rudawarabia.net/arabic/opinion

ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی گوندی دوو عەشیرەتە عەرەبەکان هاتووە، بە پێی ئەم سەرژمێرییە ژمارەی گوندەکانی نۆ عەشیرەتە کوردییەکە کە لە نەخشەکەدا ناویان هاتووە (٥٠٩) گوندە ژمارەی دانیشتوانی (٤٣٤٥٥) کەسە، ژمارەی گوندەکانی دوو عەشیرەتە عەرەبییەکەش (١١٧) گوندە.




(ا) عەشیرەتەکانی جەزیرە (١٩٢٢)




(ب) میرنشینی مەندیەکان (کلیس - ئەعزاز)




(پ) سنووری ناوچە کوردنشینەکان بە ڕای (علی جزیری)




(ت)ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی (١ ٩١٥)

**نەخشەی (٦) ڕۆژئاوایی کوردستان لە نەخشە مێژووی و ئەرشیفیەکاندا**

**سەرچاوە:-**

أ. سـيامند حاجـو، خريطـة فرنسـية تثبـت أن الكـورد يشـكلون الغالبيـة العظمـى مـن سـكان الجزيـرة قبـل ترسـيم الحـدود (٢٠٢٠).

https//:www.rudawarabia.net/arabic/opinion

ب. محمـد عبـدو عـلي، إمارة الاكراد المندية – الجنبلاطيـة في ولاية حلب (إمرة كلس) ١٢٠٠م – ١٦٠٠م، مجلة الحوار، السنة ٢٥، العدد ٧٢، (٢٠١٨).

ج. بـژار عوسـمان ئەحمـەد، نەخشـەی باشـوور و ڕۆژئـاوای کوردسـتان لـە ئەرشـیفی بەریتانیـادا، (٢٠٢٢).

د. عـلي جزيـري، الكـرد و كردسـتان (كردسـتان سـوريا أنموذجـا )، الطبعـة الأولـى، مطبعـة جامعـة صلاح الديـن، (٢٠١٧)، أربيـل، ص٧٧٨.

(١٤ گونـد هـی عەشـیرەتی حـرب، ١٠٣ گونـد هـی عەشـیرەتی طـي) ژمـارەی دانیشـتوانیان (٨٦٣٠) کـەس بـووە.[١]

میرنشـــینی کـــوردە مەندییـــەکان یـــان جونبڵاتییـــەکان (المنديـــة - الجنبلاطيـة) کـە میرنشـینی کلیس-ئەعزازیـی پـێ وتـراوە بـە پێـی سـەرچاوە مێژوویـەکان بـۆ مـاوەی چـوار سـەدە فەرمانـڕەوای سـێکوچکەی سـیروس (حلـب – ئەنتاکیـە – عنتاب)یـان کـردووە، هەمـوو ناوچەکانـی عەفرینـی ئێسـتا و ناحیەکانـی حـارم و ئەعـزاز و کلـس و باکـووری دەشـتی (العمـق) ی گرتوەتـەوە تـا چیـای کـوردان لـە نـاو سـنووری تورکیـای ئێسـتا درێـژ بووەتـەوە، کـوردە ئێزیدییـەکان لـە دەوری ئـەم میرنشـینە کۆبوونەتـەوە،

(١) سيامند حاجو، المصدر السابق .

کـە تـا ئێسـتاش شـوێنەواری ئـەم میرنشـینە مـاوە لـە چیـای بارسـی لـە ڕۆژئـاوای شـاری کلـس، بـە نـاوی (قـەڵای جنبـڵات) کـە ١٥کـم لـە شـاری عەفرینـەوە دورە.[1] نەخشـەی (ب ژمـارە ٦).

توێـژەری فەرەنسـی فابریـس بالانـش، جوگرافینـاس و پسـپۆر لـە جوگرافیـای سیاسـی سـوریا و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، زۆر بـە وردی لێکۆڵینـەوەی لـە سـەر ناوچـە کوردییەکانـی سـوریا و باکـووری سـوریا بـە گشـتی ئەنجـام داوە، خاوەنـی ئەتڵەسـێکی بڵاونەکراوەیـە، بـە نـاوی (ئەتڵەسـی جوگرافیـای مرۆیـی باکـووری سـوریا) کـە لـە پەیمانـگای فەرەنسـی بـۆ ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دانـراوە، توێـژەر زۆر بـە وردی ناوچـە کوردییەکانـی ڕۆژئـاوای کوردسـتانی دیـاری کـردووە، ئامـاژەی بـە نـاوە کۆنەکانیـان کـردووە، ئامـاژەی بـە هەمـوو ئـەو گۆڕانکاریانـە کـردووە کـە لـە ئەنجامـی سیاسـەتی بـە عـەرەب کـردن لـە ناوچەکـەدا ئەنجـام دراوە، لەگـەڵ دیاریکردنـی هەمـوو ئـەو گونـد و شـار و شـارۆچکانەی دەستنیشـانکردووە، ئامـاژەی بـە ڕەچەڵەکـی دانیشـتوان و نـاوی ڕەسـەنی ناوچـەکان کـردووە بـە پشتبەسـتن بـە نەخشـەو بەڵگـەی سـەردەمی ئینتدابـی فەرەنسـی، نووسـەر سـەرەتا توشـی سەرسـوڕمان بـووە لـە نهێنـی بوونـی نـاوی کـوردی بـە چـڕی لەمێـژووی کۆنـی ئـەو ناوچانـە و باکـووری سـوریا بـە گشـتی، هـەر لـە لازقیـە لـە باکـووری خۆرئـاوای سـوریا دەسـت پـێ دەکات تـا کۆتـا خـاڵ لـە ڕۆژهـەڵات، توێـژەر لـە گریمانەکانیـدا ڕاسـتیەکی ڕوونکردووەتـەوە، لـە سـەر بوونـی

(١) محمـد عبـدو عـلي، إمـارة الاكـراد المنديـة - الجنبلاطيـة في ولايـة حلـب (إمـرة كلـس) (١٢٠٠م - ١٦٠٠م)، مجلـة الحـوار، السـنة ٢٥، العـدد ٧٢، (٢٠١٨).

کـورد لـە مێـژووی کۆنـی ئـەم ناوچانـە کـە لـە لازقیـە دەسـت پێـدەکات دەڕوات بــەرەو ئیدلــب، حەلــەب، ڕەقــە، حەســەکە.[1]

نەخشـەیەک کـە لـە ئەرشـیفی بەریتانیادایە، لە (ئاداری ١٩١٥) کێشــراوە بـۆ دیاریکردنـی سـنووری ڕۆژهەڵاتـی دەوڵەتـی عوسـمانی کـە بـە (تورکیـا) نـاوی هاتـووە، لـە نەخشـەکەدا سـنووری کوردسـتان دەچێتـە سـەر دەریایـی ناوەڕاسـت کـە بەنـدەری ئەسـکەندەرۆنەیە، هـەر لـە نەخشـەکەدا شـاری (حەلـەب)ی بـە بەشـێک لـە خاکـی ڕۆژئـاوا دانـاوە. نەخشـەی (ت ژمـارە ٦)

**٥. ڕایی نووسەر و توێژەرە کوردەکان**

مێژوونوسـی گـەورەی کـورد (محمـەد ئەمیـن زەکـی بـەگ) سـەبارەت بـە کـورد لـە سـوریا، ڕایـی وایـە بوونـی کـورد لـە سـوریا دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمانێکی کـۆن، لـە شـێوەی کۆمەڵـە و خێـڵ و ڕەوەنـد، لـە چەنـد ناوچەیەکـی باکـووری ئـەم وڵاتـە نیشـتەجێ بـوون، زەکـی بـەگ لـە کتێبەکەیـدا ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات ژمارەیەکـی زۆر کـورد لـە ویلایەتـی حەلـەب دەژیـن، کە خـۆی لـە (٣٧) عەشـیرەتی کـوردی دەدات، هەروەها کۆمەڵێـک تیـرە و عەشـیرەتی تـر لـە ناوچەکانی (حارم) و (جبل الوسـط) و (بیـلان)، و لـە حەوزی ڕووبـاری (العاصی) و ( جبل الأكـراد) بوونیان هەیە، لـە شـاری دیمەشـق ژمارەیەکـی زۆر کـوردی لێیـە.[2]

---

(١) رضـوان بادينـي، قـراءة في أطلـس الجغرافيـا البشريـة لشـمال سـوريا: التنـوع القومـي للسـكان، (٢٠١١).

http://sawtalkurd1.blogspot.com/2012/07/blog-post_08.html

(٢) محمد أمين زكى بک، المصدر السابق، ص٣٦.

توێـژەر ئیسـماعیل حەسـاف کـە خاوەنـی چەندیـن لێکۆڵینـەوە و کتێبـی مێژوویـە لـە سـەر ئـەم بەشـەی کوردسـتان، ڕای وایـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان، ناوچەکانـی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی سـوریا دەگرێتەوە، کە هاوسـنوورە لەگـەڵ باکـوور و باشـووری کوردسـتان (سـنووری سـوریا – عێـراق – تورکیـا ) لـە ڕووی جوگرافییـەوە خاکەکـەی دابـەش بـووە بـە سـەر پارێزگاکانـی حەسـەکە (جەزیـرە) کـە ناوچەکانـی جەزیـرەی سـەروو و هەرێمـی دیجلە و خابـور و حەسـەکە دەگرێتـەوە، کـورداخ (چیـای کرمانـج) کـە شـاری عەفرین ناوەنـدی سـەرەکی ناوچەکەیـە و پایتەختـی بازرگانی و سیاسـیە، بەشـێک لە خاکەکـەی دەکەوێتـە پارێـزگای ڕەقـە لەگـەڵ بەشـێک لـە پارێـزگای ئیدلـب، لەگـەڵ بوونێکـی چـڕی کورد لـە دیمەشـقی پایتەخـت.[1]

شرفانـی ڕای وایـە دەرەنجامـە سیاسـیەکانی جەنگـی یەکەمـی جیهـان بـە سـوێ و کاریگـەر بـوون لـە سـەر کـورد و پرسـە ئازادیخوازەکـەی، بـە تایبـەت پـاش ڕێکەوتنـی سـایکس – بیکـۆ و ڕوخانـی دەوڵەتـی عوسـمانی، دابەشـکردنی کوردسـتانی عوسـمانی لـە سـەر لایەنـە زاڵـەکان بـێ خواسـتی گەلـی کـورد، بەشـێکی کوردسـتان خرایـە ژێـر ئینتیدابـی فەرەنسـی پـاش ڕێکەوتنـی ئەنقـەرەی نێـوان فەرەنسـا و کەمالییـەکان سـاڵی (١٩٢١)، کـە ئـەم بەشـەش پێکهاتبـوو لـە (جەزیـرە، کۆبانـی، کـورداخ) کـە لـە ناوەنـدە سیاسـیەکانی بەریتانیـا، بـە کوردسـتانی ڕۆژئـاوا نـاوی دەهێـنرا، لـەو کاتـەوە چارەنووسـی ئـەم بەشـەی کوردسـتان بەسـتراوەتەوە بـە دەوڵەتـی نوێـی سـوریاوە.[2]

(١) إسماعيل محمد حصاف، المصدر السابق، ص٢٢٨.

(٢) برهـان نجـم الديـن شرفـاني، كوردسـتان - سـورية ضـلال الأنتـداب الفرنسـى، الطبعـة

بەشێک لە ئەکادیمی و توێژەر و نووسەرە کوردەکان سەبارەت بە سنووری ڕۆژئاوای کوردستان، پێیان وایە سنووری هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان لە چیای شەنگار دەست پێ دەکات، کە ناوچەکانی باکووری سوریا بە شێوەیەکی پێچاو پێچ دەگرێتەوە، ئەویش ناوچەی جەزیرە بە گشتی و دێرک (المالكية) سەرێ کانی (رأس العين)، دەرباسیە، عامودە، قامشلی، حەسەکە، گرێ سپی (تل الأبيض)، مەنبەج، باب، ئەعزاز، چیای کرمانج (جبل الأكراد)، عەفرین (کورداخ)، کوبانی (عين العرب)، سرین (صرين)، ترپەسپی (القحطانية)، شهباء، لەگەڵ هەندێک ناوچە لە بەرزاییە کەنارییەکان بە ئاڕاستەی دەریایی ناوەڕاست، ئەمەش گوزارشت دەکات لە ڕای هەریەک لە عەبدوڵا غەفور و فواد حەمە خورشید و ئازاد نەقشەبەندی و سلێمان عەبدوڵا و علی جزیری.[1]

لێرەدا توێژینەوەکە دەگاتە ئەوەی بڵێین لەسەر بنەمایی

الأولى، دار الزمان، ديمشق، (٢٠٢١)، ص٢٥.

(١) سەرچاوە : بڕوانە هەریەک لە :-

[1] عەبدوڵا غەفور، کوردستان دابەشی کارگێری تریتۆری (١٩٢٧-٢٠١٧)، چاپی سێیەم، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، (٢٠١٩)، لا ٩٤-٩٥ .

[2] فواد حەمە خورشید، نەخشەی کوردستان لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیایی سیاسی، سەرچاوەی پێشوو، لا١٥٨.

[3] سليمان عبدالله اسماعيل، السياسة المائية لدول حوضي دجلة والفرات و انعكاساتها على القضية الكردية، المصدر السابق، ص٤٢٩ .

[4] ئازاد نەقشەبەندی، دەربارەی دەستنیشانکردنی سنوری کوردستان،سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٢ .

[5] علي جزيري، الكرد و كردستان (كردستان سوريا أنموذجا )، المصدر السابق، ص ٢٨٠.

ئـەوەی خرایـەڕوو، پشـت بەسـت بـەو بەڵگـە مێـژووی و جوگرافـی و توێژینـەوە جـۆر بـە جـۆرە ئەکادیمیـەکان و ئـەو ڕاو بۆچونانـەی پێشـوو دەتوانیـن بڵێیـن، هەرێمـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان ئـەو پانتاییـە جوگرافیەیـە کـە درێژەپێـدەر و تەواوکـەری هـەردوو بەشـی باکـوور و باشـووری کوردسـتانە، لـەم ناوچەیـەدا پێگەیشـتنێکی جوگرافـی لەگـەڵ هـەردوو بەشـەکەی تـری کوردسـتاندا هەیـە، هیـچ جیاکەرەوەیەکـی جوگرافـی سروشـتی نابیندرێـت کـە جیـای بکاتـەوە لـە بەشـەکانی تـری کوردسـتان، لـە ئێسـتادا بەشـێکی لکێـنراوە بـە دەوڵەتـی سـوریا لـە پـاش جەنگـی یەکەمـی جیهانـی.

سـنووری هەرێمـی ڕۆژئـاوا لـە باکـوورەوە ڕوون و ئاشـکرایە، چونکـە سـنوورێکی سیاسـی و نێودەوڵەتـی هەیـە کـە کۆمـاری تورکیـا لـە کۆمـاری سـوریا جیادەکاتـەوە، هەرچەنـدە هیـچ جیاکەرەوەیەکـی سروشـتی نابیندرێـت، لـە هەندێـک شـوێن هاوشـان دەڕوات لەگـەڵ هێڵـی خێـرای شـەمەندەفەری ڕۆژهـەڵات (بەغـدا - بەرلیـن)، بـە دیاریکـراوی لـە باکـووری ڕۆژئـاوا لـە ناحیـەی بلبـل لـە شـاری عەفریـن دەسـت پێـدەکات و تێدەپەڕێـت بـە باکـووری شـاری ئەعـزاز، بـاب، جەرابلـس، کۆبانـی، گرێسـپی، سـەرێ کانـی تـا باکـووری دێـرک ( المالکیـة) درێـژ دەبێتـەوە بـە دیـاری کـراوی تـا (عیـن الدیـوار).

سـنووری ڕۆژهەڵاتـی هەرێمەکـە هاوشـان دەڕوات لەگـەڵ سـنووری هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، بـە دیاریکـراوی لـە باکـووری ڕۆژهەڵاتـەوە ڕووبـاری دیجلـە سـنووری جیاکەرەوەیـە تـا دەگاتـە پیشـابور لـە وێـوە لادەدات بـەرەو باشـووری ڕۆژئـاوا تـا خـواروی چیـای شـەنگال.

سنووری باشووری هەرێمی ڕۆژئاوا لە خوارووی چیای شەنگال دەست پێ دەکات و تێپەڕدەبێت بە خوارووی هۆل، حەسەکە، سەرێ کانی، گرێ سپی، سرین، مەنبەج، باب، تا چیای کوردان (جبل سمعان) درێژدەبێتەوە، پاشان شۆڕدەبێتەوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوچەی حارم، و نزیک دەبێتەوە لە ناوچە کەنارییەکان لە (جسر شغور) لە ئەوپەڕی باشووری ڕۆژئاوا، ڕۆژئاوای هەرێمەکە سنوورەکەی هاوشانە لەگەڵ لیوایی ئەسکەندەرۆنە کە ناوچەیەکی جێناکۆکە لە نێوان سوریا و تورکیا لە ئێستادا بەشێکە لە خاکی تورکیا، کە لە جسر شغور لە باشووری ڕۆژئاواوە هەڵدەکشێت بە ڕۆژئاوای حارم و عەفرین تێدەپەڕێت تا دەگاتەوە شارۆچکەی بلبل لە ئەوپەڕی باکووری ڕۆژئاوا. نەخشەی (٧)

بە شێوەیەکی گشتی بە پێی دابەشکاری ڕووبەر و کارگێری دەوڵەتی سوریا خاکی هەرێمی ڕۆژئاوا دەکەوێتە نێو چوار پارێزگای سوریا بە ڕێژەی جیاواز کە لە چەندین ناوچە (منطقة – قەزا) پێک دێت بەم شێوەی لای خوارەوە:-

١. پارێزگای حەسەکە (هەرێمی جەزیرە): پێکدێت لە ناوچەکانی دێرک (المالكية)، قامشلی، سەرێ کانی (رأس العين)، ناوەندی حەسەکە (مركز).

٢. پارێزگای ڕەقە: پێکدێت لە ناوچەکانی گرێ سپی (تل الأبيض)، سرین (صرين).

٣. پارێزگای حەلەب: پێکدێت لە ناوچەکانی کۆبانی (عين العرب)، شیوخ تحتانی، منبج باب، چیای کوردان (جبل السمعان)، ئەعزاز، عفرین.

٤. پارێزگای ئیدلب: پێکدێت لە ناوچەکانی حارم، جسر الشغور.

## تەوەری سێیەم

## ڕووبەر و شێوە و شوێنی هەرێمی ڕۆژئاوا

**ڕووبەر:** هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان ڕووبەرەکەی (٣٣١٥٠) کم$^{٢}$، بە پێی ئەو دەستنیشانکردنەی توێژەر دیاریکردووە، پشتبەست بە زانیارییە بە دەستهاتووەکان، ئەم ڕووبەرە (٤,٨٣ ٪) خاکی کوردستانی گەورە پێک دەهێنێت، و لە (١٧,٩٠ ٪) کۆی خاکی دەوڵەتی سوریا پێک دەهێنێت کە ڕووبەرەکەی (١٨٥١٨٠)کم$^{٢}$. ڕووبەر یەکێکە لە پێوەرە گرنگەکان بۆ دیاریکردنی هێزی دەوڵەت یان هەرێم، ئەگەر ڕووبەری هەرێم فراوان بێت دەبێتە هۆی هەمەچەشنی دەرامەتە ئابورییەکان، ئەمەش وا دەکات ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان لە خۆ بگرێت.[(١)] فراوانی ڕووبەری دەوڵەت کاریگەری گرنگی هەیە، بە تایبەت لە کاتی جەنگدا، ئەمەش بۆ بەرگریکردن لە قوڵاییەوە، هەرێمی ڕۆژئاوا بە پێی پۆلێنکاری (HarmJ.deBlige)، دەکەوێتە ناو وڵاتە بچوکەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا ڕووبەر پێوەر نییە بۆ توانا و هێزی دەوڵەت، ڕەنگە دەوڵەت هەبێت ڕووبەری زۆر بێت، بەڵام بێ سوود بێ بە هۆی ئەوەی بیابان بێت یان ناوچەیەکی بەستەڵەک.[(٢)] هەرێمی ڕۆژئاوا خاوەنی خاک و دەرامەتی سروشتی زۆرە کە هێز و توانستی زۆری پێدەبەخشێت.

---

(١) جزا توفيق طالب، المقومات الجيوبولتيكية للأمن القومي في إقليم كردستان، الطبعة الأولى، منشورات مركز كردستان للدراسات الأستراتيجية، السليمانية، (٢٠٠٥)، ص٢٠.

(٢) سفین جلال فتح الله، بنچینە و بنەماکانی زانستی جوگرافیایی سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر، (٢٠١٤)، ل٨٤.

**شێوە:** دوایی (ڕووبەر) شێوە یەکێکە لە تایبەتمەندییە جوگرافییەکانی دەوڵەت، کە دەتوانێت لە سەر کردار و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کاریگەری بە جێبهێڵێت، هەر دەوڵەتێک بە هۆی ئەوەی لە یەکەیەکی ڕووبەری زەوی پێکهاتووە، خاوەنی شێوەیەکی تایبەتە کە لە دەوڵەتەکانیتری جیا دەکاتەوە، گرنگی شێوە کاتێک دەردەکەوێ دوری و ماوەی ناوچەکانی دەوروبەر لە ناوەندی دەوڵەتەوە یان گرفتێک بەهۆی ئەم دورییە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بێتە ئاراوە.[1]

(١) هاورێ یاسین محمدامین، دەروازەیەک بۆ جوگرافیای سیاسی و جیوپۆلەتیک، چاپی دووەم، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، (٢٠١٥)، لا٦٤.




**نەخشەی (٧) هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان**

**سـەرچاوە:** کاری توێـژەر لەڕێگـەی بەکارهێانـی پرۆگرامـی(Arc GIS ١٠,٧.٧) پشـت بەسـت بـە زانیارییـە بـە دەسـت هاتـوەکان

هەرێمــی ڕۆژئــاوا (درێژکۆلەیــی شــێوە)یە، ئەمــەش بــەو هەرێمــە سیاســیانە دەوترێــت کــە درێژیەکــەی لایەنــی کــەم شــەش ئەوەنــدەی پانییەکــەی بێــت، ئــەم تایبەتمەندییــە لــە شــێوەی دەوڵــەت کاریگــەری لــە ڕووی خراپــی و باشــیەوە هەیــە، هەندێــک جــار وادەکات جیــاوازی لــە ڕووی پێشــکەوتنی ناوچــەکان دروســت بێــت، دروســتبوونی چەندیــن ناوچــەی ئاوهــەوای جیــاواز، لە ڕووی ســەربازییەوە کەرتکردنــی ئــەم جــۆرە لــە دەوڵــەت ئاســانە لــە لایــەن دوژمنــەوە دابڕینــی لــە ســەنتەرەوە.[1] ئەگــەر بڕوانینــە هەرێمــی ڕۆژئــاوا دەبینیــن شــێوەی هەرێمەکــە کاریگــەری گــەورەی دروســتکردووە لــە ســەر هەرێمەکــە، بــە جۆرێــک دەوڵەتــی تورکیــا توانیویەتــی چەنــد بەشــێکی هەرێمەکــە کــەرت بــکات و دایبڕێــت لــە ناوچەکانــی تــری هەرێمەکــە، وەک عەفریــن و ســەرێ کانــی و گرێســپی.

**شــوێن:** شــوێنی دەوڵــەت لــە گرنگتریــن فاکتــەرە سروشــتییەکانە کــە کاریگــەری لــە ســەر دیاریکردنــی هێــز و سیاســەتی ناوخــۆ و دەرەکــی هەیــە، ڕاســتیەکی نەگــۆڕە کــە هــەر دەوڵەتێــک شــوێنێکی نەگــۆڕ و تاکــی لــە ســەر ڕووی زەوی، جیــای دەکاتــەوە لەگــەڵ دەوڵەتەکانــی تــر، ئــەوەی جێــگای باســە شــوێنی جوگرافــی هــەر خاڵێــک لە ســەر ڕووی زەوی چەســپا و نەگــۆڕە، بــەڵام گرنگــی شــوێن و کاریگەرییەکانــی دەگۆڕێــت بــە شــێوەیەکی بــەردەوام لەگــەڵ پێشــکەوتنی تەکنەلۆژیــا و گواســتنەوەو جوڵــە.[2]

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩.

(٢) نافــع نــاصر القصــاب، محمد،صبــاح محمــود، عمــران عبدالجليــل، الجغرافيــة السياســية، الجمهوريــة العراقيــة وزارة التعليــم العــالي والبحــث العلمــي، (بــدون ســنة طبــع). ص٢٩.

لــە ڕووی شــوێنی فەلەكییــەوە هەرێمــی ڕۆژئــاوا دەكەوێتــە نێــوان بازنەكانــی پانــی (٣٥:٥٠,٠٠° - ٣٧:٥٠,٠٠°) باكــووری هێڵــی یەكســان، هێڵەكانــی درێــژی (٣٥:٥٠,٠٠°٤٢:٣٠,٤٠ - °) ڕۆژهەڵاتــی گرینیــچ و لــە ڕووی شــوێنی جوگرافییــەوە لــە باكــوورەوە هاوســنوورە لەگــەڵ باكــووری كوردســتان ( توركیــا )، لــە ڕۆژهەڵاتــەوە هاوســنوورە لەگــەڵ هەرێمــی كوردســتان (عێــراق)، لــە باشــوورەوە لەگــەڵ كۆمــاری ســوریا هاوســنوورە، لــە ڕۆژئــاواوە لەگــەڵ كۆمــاری توركیــا هاوســنوورە، هەرچەنــدە هەرێمەكــە لــە بەشــەكانی ڕۆژئــاوای ناوچــە كەنارییەكانــی دەریایــی ناوەڕاســت نزیــك دەبێتــەوە، بــەڵام ڕاســتەوخۆ نــاگات بــە دەریــا، بۆیــە بــە هەرێــمێكی داخــراو هەژمــار دەكرێــت، چونكــە هیــچ كەلەبەرێكــی دەریایــی نیـــــیـــــە. نەخشــەی (٧).

# بەشی دووەم

# توانسـتە سروشـتییە جوگرافیەکانـی هەرێمـی ڕۆژئـاوا

جوگرافیـای سیاسـی گرنگـی دەدات بـە لێکۆڵینـەوە لـە پەیوەنـدی نێـوان تایبەتمەندییەکانـی ژینگـەی جوگرافـی و شـوێن، لەگـەڵ تاکـەکان و ڕەفتـاری سیاسـییان، بـەو واتایـەی تـا چەنـد ئـەم ڕەفتـار و بڕیـارە سیاسـیانە دەکەونـە ژێـر کاریگـەری ژینگـەی جوگرافـی لـە لایـەک و ئـەو گۆڕانانـەی ئـەم بڕیارانـە دەیهێننـە سـەر ئـەم ژینگـە جوگرافییـە لـە لایەکـی تـرەوە، جـا ئەنجامەکـەی ئەرێنـی بێـت یاخـود نەرێنـی.[1] لـە ڕێگـەی توانسـتە جوگرافیەکانـەوە دەتوانیـن خاڵـی بەهێـز و لاوازی هـەر هەرێمێکـی سیاسـی دیـاری بکرێـت، کـە هەندێـک توانسـت ئەرێنیـن و وەک خاڵـی بەهێـز بـۆ هەرێمەکـە هەژمـار دەکرێـت، بـە پێچەوانـەوە هەندێـک توانسـت نەرێنییـە بـە خاڵـی لاواز بـۆ هەرێمەکـە هەژمـار دەکرێـت.[2] لـەم بەشـەدا گرنگتریـن توانسـتە جوگرافییـە (سروشـتی) ەکانـی هەرێمـی ڕۆژئـاوا دەخەینـەڕوو.

## توانستە سروشتییەکان

فاکتـەرە سروشـتییەکان لـە فاکتـەرە گرنـگ و بنەڕەتییەکانـن و کار دەکەنـە سـەر هێـز و توانـای هەرێمـی سیاسـی لـە سـەر ئاسـتی ناوخـۆ و هەرێمایەتـی و نێودەوڵەتـی، دیـاردە سروشـتییەکان لـە نـاو یەکەیەکـی سیاسـی ڕۆڵێکـی گرنگـی هەیـە، ناکرێـت پشـتگوێ بخرێـت

(١) قاسـم الدويـكات، الجغرافيـة السياسـية، طبعـة الأولـى، مركـز الكتـاب الأكاديمـى، عـمان، ٢٠١١، ص١٩.

(٢) محمـد ريـاض، الأحـوال العامـة في الجغرافيـة السياسـية والجيولوبولتيكيـة ،ط١، دار النهضـة العربيـة ، القاهـرة، ١٩٩٧، ص١٩ .

لـە لێکۆڵینەوەکانـی جوگرافیـای سیاسـی.[1] لـەم بەشـەدا هـەوڵ دەدەیـن گرنگتریـن توانسـتە سروشـتییەکانی هەرێمـی ڕۆژئـاوا بخەینـە ڕوو.

(١) محمد حجازى، الجغرافية السياسية، ط١، دار السلام القاهرة،١٩٩٧، ص٨٠.

## تەوەری یەکەم

## پێکهاتەی جیۆلۆجی و بەرزی و نزمی

### یەکەم: پێکهاتەی جیۆلۆجی (البنية الجيولوجية-Geologic structure)

مەبەست لە پێکهاتەی جیۆلۆجی پێکهاتەی چینەکانی ژێر زەوییە، کە تا ڕادەیەکی زۆر ئەم پێکهاتەیە کار لە مۆرفۆلۆجیای دیاردەکانی سەر ڕووی زەوی دەکات و شێوازی ڕوخسارەکانیان دەردەخات، چونکە دیاردە سروشتییەکان دەسکاری ئەو پێکهاتە جیۆلۆجیەن.[١] هەرچەندە توێژینەوە لە پسپۆرییە وردە سروشتییەکان (هاوشێوەی جیۆلۆجیا) لە دەرەوەی بازنەی جوگرافیای سیاسییە، بەڵام بایەخدان پێی یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە دیاردە سروشتییەکان و پەیوەندیان بە کۆمەڵگاکان لە سەر ڕووی زەوی، بۆ نموونە پێکهاتەی جیۆلۆجی جیگەی بایەخ پێدانی جوگرافیای سیاسیە لە بەر چەند هۆکارێک، لەوانە زانینی دەرامەتە کانزاییەکانی هەرێمی سیاسی، گرنگترین پاڵپشتیە بۆ هێزی هەرێمی سیاسی، هەروەها پێکهاتەی جیۆلۆجی بەرپرسە لە ئاسان یان زەحمەت گەیشتن بە کانزاکان.[٢] بۆ تێگەیشتن لە جیۆلۆجیای هەرێمی ڕۆژئاوا، پێویستە ئاماژە بە مێژووی ئەو گۆڕانکاریانە بکەین کە لە چاخە جیۆلۆجیەکاندا ڕوویانداوە.

---

(١) سفین جلال فتح اللە، بنچینە و بنەماکانی جوگرافیایی سیاسی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥ .

(٢) رؤوف راشد خلە، كينيا دراسة فى الجغرافية السياسية، رسالة ماجستير (غير منشور)، معهد البحوث و الدراسات الأفريقية قسم الجغرافية، جامعة القاهيرة، سنة (٢٠٠٠)، ص٣٠.

وێڕای ئەوەی وشکانی و ئاو لە کۆنترین چاخەکانی جیۆلۆجیەوە لە سەر زەوی هەبوون، بەڵام لە ئەنجامی چەند گۆڕانکارییەک گۆڕانی گەورەی بە سەردا هاتووە، لەوانە جوڵەی خشکەی تاوێرەکان و چەمانەوە و شکان و درز و قڵیشەکان، سەرەتا زەوی لە یەک کیشوەر پێکهاتووە کە بە (پانجیا – pangaea) یان (کیشوەری مەزن) ناسراوە، لە ئەنجامی تێکشکانی پانجیا دوو کیشوەری گەورە دروست بوون (گندوانە لە باشوور، لۆراسیا لە باکوور)، هەروەها لە نێو ئەم کیشوەرانە هەندێک دەریایی خۆجێی هەبووە، گرنگترینیان دەریایی (تیسی _ Tetheys) بووە، پاشان لە ئەنجامی زنجیرەیەک شکانی یەک لە دوای یەک ئەم دوو کیشوەرە دابەش بوون بۆ چەند کیشوەرێکی بچوکتر، کە ئەم کیشوەرانەی ئەمڕۆن.(١)

خاکی هەرێمی ڕۆژئاوا شان بە شانی جیهان بەو قۆناغە جیۆلۆجیانەدا تێپەڕیوە کە لێرەدا دەیانخەینە ڕوو:

**١. قۆناغێ بەر لە کامبری (٢٠٠٠-٥٧٠) ملیۆن ساڵ پ،ز:**

بەردەکانی ئەم قۆناغە بەردی گۆڕاون، لە چینەکاندا بە شێوەی خاڵی بچوک بەدەر دەکەون کە ڕووبەرەکەیان لە نێوان (٠,٥ – ٣ کم٢) دەبێت، ئەم بەردانە بە درێژایی هێڵی درز و شکانەکان لە ناوچەیەکی بچوکی ڕۆژئاوای هەرێمەکە دەبینرێن، پاشماوەی ئەم بەردانە ئەوەی کە ماوە بەردی (شیت، کوارتز، مەڕمەڕ)، ئەوەشی لە ناو چووە و نەماوە بەردی (بلوری، ئیمفیبولیتی)یە، کە گرنگی ئابورییەکەی سنووردارە.(٢)

(١) هاوڕێ یاسین محمد أمین، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیایی هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپخانەی کارۆ، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠١٤، لا٤١ .
(٢) علی جزیری، الکرد و کردستان (کردستان سوریا – أنوذجا)، المصدر السابق، ص٢٨٥.

**٢. سەردەمی یەکەم ماوەی ژیانی کۆن Paleozoic (٥٧٠-٢٥٠) ملیۆن ساڵ پ،ز:**

بەردەکانی ئەم سەردەمە لە چیای عەبدول عەزیز (جبل کزوان) لە ناوچەی جەزیرە، و چیای کورداخ (جبال الأمانوس) دەردەکەوێت و چینە بەردەکانی پێکدێت لە (لمی قوڕی نەرم (الخضار الرملي الناعم )، کۆنگلۆمیرت، کلسی دۆلۆمایت، پارچە بەردی کلسی) هەر لەم سەردەمەدا دوو چاخی لاوەکی بە دیار دەکەون، ئەوانیش چاخی خەڵوزی (کاربۆنی) کە پێکهاتەی چینەکانی بریتیە لە بەردی (کلسی، بەردی لمی نەرم)، لە ناوچەی جەزیرە و چیای عەبدول عەزیز بە دیار دەکەون.[١]

سەبارەت بە بەردەکانی چاخی پیرمیان (الدور البرمي) لە نێو چینە بەردەکانی هەرێمی ڕۆژئاوا هیچ پاشماوەیەک نەدۆزراوەتەوە، ئەمەش بە هۆی ئەو دابڕانەی نیشتووی دەریاکان دروستیان کردوە لەم چاخەدا لە ئەنجامی هەڵکشان و قەتیس بوونی ئاوەکان.[٢]

**٣. سەردەمی دووەم ماوەی ژیانی ناوەڕاست (میسۆزۆیک - Mesozoic):**

ئەم سەردەمەش سێ چاخ دەگرێتەوە؛ بریتیە لە چاخی (ترياسی، جوراسی، کریتاسی) لێرەدا پێکهاتەی ئەم چاخانە لە ناوچەی توێژینەوە دەخەینەڕوو:

(١) المصدر نفسه، ص٢٨٦ .

(٢) عادل عبدالسلام، جغرافية سورية الإقليمية، المصدر السابق، ص٢٦ .

**أ. پێکهاتەی چاخی ترياسی (Triassic period)**

لــە چاخــی ترياســيدا چەنديــن پێکهاتــەی جــۆرا و جــۆری جيۆلۆجــی دروســت بــووە، لــە ڕووی ئابوريیــەوە بــێ بايەخــن وەک بــەردی کلســی لــە چينــی تەنــک، دۆزينــەوەی ئــەم چينــە بــەردە زۆر ســنووردارە لــە چەنــد ناوچەيکــی دياريکــراو بــە ڕووبــەری زۆر بچــوک، لــە باکــووری ڕۆژئــاوای هەرێمەکــە هەيــە.[1] پاڵپشــت بــە نەخشــەی (٨).

**ب. پێکهاتەی چاخی جوڕاسی (Jurassic Period)**

ئـەم پێکهاتەيـە بـە هەمـان شـێوەی پێکهاتـەی ترياسـی بڵاوبونەوەکـەی سـنووردارە، تەنيـا لـە بەشـی ڕۆژئـاوای هەرێمەکـە، بـە تايبـەت لـە چيـای کـورداخ دەبينرێـت، ئـەم پێکهاتـەش لە جـۆری بـەردی کلسـی و دۆلۆمايتە.[2]

**ج. پێکهاتەی چاخی کريتاسی (تەپاشيری - Cretaceous Period)**

لــەم چاخــەدا ڕۆژئــاوای کوردســتان داپۆشرابــوو بــە ئــاوی دەريــا، لــە نێــو قوڵايــی زەوی ئــەو ناوچانــەی توشــی ڕاماڵيــن و تێکشــکان و هەڵگەڕانــەوە بــوون، پێکهاتــەی ئــەم چينــە بــەردەی تێــدا بــە دەر دەکەوێــت، چيــای کــوردان و چيــای زاويــە و چيــای عەبدولعەزيــز ئــەم پێکهاتــەی تێــدا دەبينرێــت، بــەردی ئــەم پێکهاتــە لــە جــۆری (بــەردی کلــس، مــارن، دۆلۆمايــت، فۆســفۆر، لم، ســوان)، ئەســتوری ئــەم چينــە بەردانــە لــە نێــوان چەنــد مەترێــک تــا چەنــد ســەد مەترێکــە، لــە ڕووی ئابوريیــەوە بايەخێکــی زۆری هەيــە، چونکــە لــە نێــو ئــەم بەردانــەدا ئــاوی ژێــر زەوی کۆبووەتــەوە، هەروەهــا شــوێنی

(١) المصدر نفسه، ص٢٧.

(٢) علی جزيری ، المصدر السابق، ص٢٨٦ .

کۆبوونــەوەی نەوتــی خــاوە، بــە تایبــەت لــە بەشــی باکــووری ڕۆژهەڵاتــی هەرێمەکــە لــە ناوچــەی جەزیــرە.[1]

**٤. سەردەمی سێیەم (بایۆسین - نیۆسین):**

بەردەکانــی ئــەم ســەردەمە زۆربــەی ناوچەکانــی هەرێمەکــەی داگیــر کــردووە، بڵاوبوونەوەکــەی بــە جۆرێکــە لــە بانــی حەلــەب دەســت پــێ دەکات تاوەکــوو ناوچــەی جەزیــرە ڕووبەرێکــی فــراوان دەگرێتــەوە، بــەردی بایۆســین بــە شــێوەیەکی زۆر فــراوان لــە هەمــوو ناوچەکانــی هەرێمەکــە دەردەکەوێــت، بــە تایبــەت لــە بانــی حەلــەب و چیــای زاویــە و لــە نێــوان جەرابلــس و بەنــداوی تەبقــە، هەندێــک ناوچــە لــە باکــووری لازقیــە، چیــای کــوردان، چیــای عەبدولعەزیــز، ئەســتوری ئــەم چینــە بەردانــە لــە چەنــد مەترێــک بــۆ دەیــان مەتــرە، لــە بەرزاییەکانــدا ئەســتوریەکەی دەگاتــە چەنــد ســەد مەترێــک لــە ناوچــە نزمەکانــی وەک حــەوزە نێوانییــەکان و نزماییەکانــی لازقیــە و عەفریــن.[2]

لــە چاخــی نیوســین دەریــا ناوچەکانــی (لازقیــە، عەفریــن، حلــب) داپۆشــی، نیشــتوی دەریــاکان بریتــی بــوو لــە تاوێــری (مــارڵ، بــەردی لمــی، بــەردی جبســی، بــەردی کلســی، کۆنگلۆمییریــت)، لــە نێــو دۆڵ و بۆشــاییەکاندا نیشــتن و بڵاوبوونــەوە، پــاش ئــەوەی ئــاوی کەنــداوی عەرەبــی ناوچــەی جەزیــرەی داپۆشــی، ئەمــەش بــووە هــۆی بڵاوبونــەوەی نیشــتووی دەریایــی، کــە جیــا دەکرێتــەوە بــەوەی تاڕادەیــەک ســوێرە لەگــەڵ بوونــی

(١) عادل عبدالسلام ، جغرافية سورية الإقليمية ، المصدر السابق، ص٢٩.

(٢) علی جزیری ، الكرد و كردستان (كردستان سوريا - أنوذجا) ، المصدر السابق، ص٢٨٧.

ئـەو بەردانـەی ئاماژەمـان پێکـرد، ئەسـتوری ئـەم چینـە بەردانـە لـە نێـوان ٢٠٠ تـا ٨٥٠ م و لــە دۆڵەکانــدا دەگەشــتە ١٥٠٠ م.[١] جێگایــی ئاماژەیــە هەندێـک بـەردی ئاوێتـە لـە دۆڵـی عەفریـن دەردەکـەون کـە تێکەڵەیەکـە لــە نیشــتووی گرکانــی و بــەردی بازلــت، ئەســتورییەکەی ٢٥٠ م دەبێــت، لــە چاخــی بایۆســین چالاکــی گــرکان زیــادی کــرد، بۆیــە چینــی بازلتــی ڕووبەرێکـی فراوانـی پێکدەهێنـا لـە ناوچـەی جەزیـرە و عەفریـن، جسـر شـغور، چیـای زاویـە، باکـووری حەلـەب، گرکانـەکان هەندێکیـان چـالاک بــوون تــا ســەردەمی چــوارەم.[٢]

**٥. سەردەمی چوارەم ماوەی ژیانی نوێ (سینۆزۆیک – Cenozoic):**

تاوێرەکانــی ســەردەمی چــوارەم گرنگــی گــەورەی جوگرافیــان هەیــە لــە ڕووی مرۆیــی و ئابــوری، بــە شــێوەیەکی تایبــەت لــە ڕووی سروشــتی و توێژینەوەکانــی بــەرزی و نزمــی، لەبەرئــەوەی شــێوەی بــەرزی و نزمــی ئێســتای ســەر ڕووی زەویــی دەرئەنجامــی کۆتــا قۆناغــە لــە قۆناغەکانــی پەرەســەندنی بــەرزی و نزمــی کــە دەرئەنجامــی ســەردەمی چوارەمــە. [٣] بەردەکانــی ئــەم ســەردەمە لــە دامێنــی زنجیــرە چیــای تــۆرۆس درێــژ دەبێتــەوە بــەرەو باشــوور بــە شــێوەیەکی زۆر فــراوان، نیشــتووی بەردەکانــی ئــەم ســەردەمە بــە ڕووبــەری فــراوان لــە دامێنــی چیــای عەبدولعەزیــز و چیــای قەرەچوخــی داپۆشــیووە، بــەردە ئاوێتەکانــی ئــەم ســەردەمە بــە شــێوەی پەڵــەی بچــوک لــە جەزیــرە و جەرابلــس و دۆڵــی ڕووبــاری ڕەش

(١) المصدر نفسه، ص٢٨٧ .
(٢) علی جزیری ، الكرد و كردستان (كردستان سوريا – أنوذجا) ، المصدر السابق، ص٢٨٧.
(٣) عادل عبدالسلام، جغرافية سورية الإقليمية، المصدر السابق، ص٣٨.

(قەرەسو) دەبینرێت، کە پێک دێت لە بلۆکی لابیا لە بازلت، لە نێوان بلۆکە بازلتیەکان نیشتوی گڵی دروست بووە.[1]

جێگایی ئاماژەیە هەرێمی ڕۆژئاوا لە سەردەمی جیۆلۆجی چوارەم بە دوو چاخ تێپەڕیوە:


**أ. چاخی پلایستۆسین (Pleistocene period):**

دەستپێکی ئەم چاخە دەگەڕێتەوە بۆ ملیۆنێک ساڵ پێش ئێستا، لەم چاخەدا بەفر و سەهۆڵ زۆربەی ناوچەکانی هەرێمەکەی داپۆشیوە و چەند فەترەیەکی ساردی و گەرمی و وشکی و تەڕی (باران)ی یەک لە دوای یەکی بەخۆیەوە بینیوە، کە بووەتە هۆی دروست بوونی تۆڕە ڕووبارییەکانی (فورات، دیجلە، لقەکانیان).[2]

**ب. چاخی نوێ (هۆڵسین – Holocene period):**

ئاوهەوایی ئەم چاخە نزیک بە ئاوهەوای ئێستایە، دەستپێکی ئەم چاخە دەگەڕێتەوە بۆ (١٢) هەزار ساڵ پ.ز، ئەم چاخە بەردەکانی چاخی ناوەڕاست و نوێ و برۆنزی لە خۆ دەگرێت.[3] نەخشەی ( ٨).

(١) علی جزیری، الکرد و کردستان (کردستان سوریا – أنوذجا)، المصدر السابق، ص٢٨٧.
(٢) المصدر نفسه، ص٢٨٧ .
(٣) المصدر نفسه، ص٢٨٧ .




**نەخشەی (٨) پێکهاتە جیۆلۆجیەکانی هەرێمی ڕۆژئاوا**

**سەرچاوە:** کاری توێژەر، بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافیەکان (١٠,٧ Arc GIS – ArcMap )

لەسـەر بنەمـای ئـەوەی خرایـەڕوو لـە سـەر بارودۆخـی تەکتۆنـی و پێکهاتـەی جیۆلۆجـی هەرێمـی ڕۆژئـاوا، بۆمـان دەردەکەوێـت چەندیـن پێکهاتـەی جیـاواز لـە ناوچـەی لێکۆڵینـەوە بوونـی هەیـە، ئەمـەش دەرئەنجامـی کۆمەڵێـک جوڵـە و ڕووداوی چاخـە جیۆلۆجیـە جیاوازەکانـە، پێکهاتـەی جیۆلۆجـی کاریگـەری هەبـووە لـە سـەر جـۆری بـەرد و کانـزا لـە هەرێمەکـە، ئەمـەش ڕۆڵـی گرنـگ دەبینێـت لـە ئابـوری ناوچـەی لێکۆڵینـەوە، وەک بوونـی نـەوت و چەندیـن جـۆری کانـزا و کەرەسـتەی بیناسـازی، هەروەهـا دروسـت بوونـی ڕووبـار و لقـە ڕووبـارەکان، دروسـت بوونـی دەشـتی نیشـتەنی کـە سـودێکی زۆری بـۆ چانـدن و کشـتوکاڵکردن هەیـە، بوونـی ناوچـەی سـەرنجڕاکێش لـە ڕووی گەشـتیارییەوە بایەخـدارە بـۆ ناوچەکـە، ئەمانـە هەمـوو وەک خاڵـی بـە هێـز بـۆ هەرێمەکـە هەژمـار دەکرێـت.

### دووەم: بەرزی و نزمی (التضاریس - Topography)

مەبەسـت لـە بـەرزی و نزمـی شـێوەکانی ڕووی زەوی هەرێمـی سیاسـیە لـە چیـا و دەشـت و دۆڵ و بـان... هتـد، هەریـەک لـەم شـێوانە کاریگـەری گەورەیـان هەیـە لـە سـەر هێـز و تواناکانـی هەرێمـی سیاسـی، چونکـە شـێوەکانی ڕووی زەوی شـان بـە شـانی ئاوهـەوا تایبەتمەندییـە ئابورییەکانـی هەرێمـی سیاسـی دیـار دەکات.[1] شـێوەکانی ڕووی زەوی کاریگـەری و ڕەنگدانـەوەی لـە سـەر هێـزی دەوڵـەت و سـەنگی سیاسـی هەیـە، ئەمـە سـەرەڕای کاریگـەری لـە سـەر سروشـتی سیسـتەمی ناوخـۆی

(١) سفین جلال فتح الله ، سەرچاوەی پێشوو ، لا١١٧ .

دەوڵـەت و بـە یەکـەوە بەسـتنەوەی نەتـەوە یـان پەرتکردنیـان هەیـە.[١] هـەر شـێوەیەک لـە بـەرزی و نزمـی ڕەنگدانـەوەی زۆری لـە سـەر ئاڕاسـتە و ئاسـانی ڕێگاکانـی هاتووچـۆ و فـراوان بـوون و وەبەرهێنـان و گەشـەکردنی هەرێمەکـە هەیـە.[٢] کاریگـەری لـە سـەر بوونـی دەرامەتـی سروشـتی جۆراوجـۆر، لەگـەڵ بوونـی دەرامەتـی ئـاو و ڕووەکـی سروشـتی و دارسـتان و لـەوەڕگای سروشـتی هەیـە، کـە هەمـوو ئەمانـە فاکتـەری کاریگـەرن لـە سـەر هێـز و سـەنگی هەرێمـی سیاسـی.[٣]

هەرێمـی ڕۆژئـاوا لـە ڕووی بـەرزی و نزمیـەوە جیـاوازی لـە ڕووی زەویەکـەی بەرچـاو دەکەوێـت، لـە ناوچەیەکـەوە بـۆ ناوچەیەکـی دی بـە جۆرێـک ئاڕاسـتەی زەوی هەرێمەکـە لێـژ دەبێتـەوە تـا بـەرەو باشـوور بڕۆیـن جگـە لـە ناوچـەی عەفریـن، لێکۆڵینـەوە سروشـتی بـەرزی و نزمـی هەرێمـی ڕۆژئـاوا دەخاتـەڕوو کـە دابـەش دەبـن بـۆ ئـەم شـێوانە:

١. **چـــیا (ناوچـەی شـاخاوی):** دیاردەیەکـی سروشـتییە و شـێوەیەکە لـە شـێوەکانی بـەرزی و نزمـی دەوڵـەت، خەسـڵەت و گرنگـی سـتراتیژی خـۆی هەیـە.[٤] چیاکانـی هەرێمـی ڕۆژئـاوا بـە شـێوەیەکی گشـتی دەکەونـە بەشـەکانی ڕۆژهـەڵات و باکـووری ڕۆژئـاوای هەرێمەکـە کـە گرنگترینیـان ئەمانـەن:

---

(١) جزا توفيق طالب، المصدر السابق، ص٥٥.

(٢) عـلاء جـواد كاظـم، تقيـم جيوسـياسي لمحاولـة انفصـال اقليـم كردسـتان العـراق، رسـالة ماجسـتير (غيـر منشـور )، كليـة التربيـة، جامعـة ميسـان، ٢٠١٧، ص٩١.

(٣) اياد جاسم جبرالموالي، أقليم تركستان الشرقية (سيكيانج)، رسالة ماجستير (غير منشور )، قسم الجغرافية، كلية التربية للعلوم الأنسانية، جامعة ديالى، ٢٠٢٠، ص٥٩.

(٤) سفين جلال فتح الله ، سەرچاوەی پێشوو ، لا١١٧ .

**أ. چیاکانی ناوچەی جەزیرە:-**

**چیـای عبدالعزیـز (کیـزوان):** ئـەم چیایـە دەکەوێتـە ڕۆژئاوایـی شـاری حەسـەکە بـە دوری (٢٠)کـم، ئـەم چیایـە لـە ڕۆژهەڵاتـەوە درێژدەبێتـەوە بـۆ ڕۆژئـاوا کـە درێژیەکـەی دەگاتـە (٥٠ – ٥٥ )کـم و پانییەکـەی (١٦)کـم، ناوەنـدی بەرزیەکـەی (٧٠٠)م، بەرزتریـن لوتکەی دەگاتـە (٩٢٠)م دەکەوێتە ناوەڕاسـتی چیاکـە، هەرچی سـەبارەت بە ئاسـتی پلـەی لێـژی ڕووی چیاکەیە ئـەوا هاوسـەنگی بـە دی ناکرێـت لە ڕووەکانیـدا، بە جۆرێـک ڕووی باکووری چیاکـە کـورت و زۆر لێـژە، بە پێچەوانەوە ڕووی باشـووری چیاکە لێژی کەمترە و درێـژ دەبێتـەوە، بـە بـێ بچـڕان چیـای عبدالعزیز بـە ئاڕاسـتەی ڕۆژهەڵات درێژدەبێتـەوە تـا دەگاتە چیای شەنگال(سـنجار) ئەو بەشـەی چیای شـەنگال لـە ناو ڕۆژئاوای کوردسـتان پێی دەوترێت چیای (جریبة) دەروازەی سـاموخە چیـای شـەنگال و جریبـة لێـک جیا دەکاتـەوە.[1] نەخشـەی (٩).

**چیـای کوکـب (کوکبـی مـەلان):** ئـەم چیایـە بـە نـاوی تیـرەی مەلانـی کـوردی ناونـراوە، بەرزیەکـەی ٥٣٤ م، دەکەوێتـە باکـووری ڕۆژهەڵاتی شـاری حەسـەکە، لـە بنەڕەتـدا ئـەم چیایـە بورکانێکـی هەڵچـووە، بۆیـە شـێوەیەکی قوچەکـی گڕکانـی هەیـە، بەردەکانـی ئـەم چیایـە ڕەنگیـان ڕەشـە.[2]

**چیــای کراتشــوک ( قەرەچــوخ ):** ئــەم چیایــە دەکەوێتــە ئەوپــەڕی باکــووری ڕۆژهــەڵات لــە ناوچــەی (منقــار البطــة)، زنجیــرە چیایەکــی

(١) صالح عبدالسلام حسين، مشكيلات التنمية الزراعة و أفاق تطوير القطاع الزراعى في محافظة الحسكة/سورية (٢٠١٠-٢٠١٩) ، أطروحة دكتورا (غيرمنشور)، كلية الدراسات العليا، جامعة القران الكريم وتأصيل العلوم، ٢٠٢١، ص٣٥.

(٢) على جزيرى ، الكرد و كردستان (كردستان سوريا – أنوذجا)، المصدر السابق، ص٢٩٠.

بچوکـە لـە قەبـارە و دوری و بـەرزی، بەرزتریـن لوتکـەی (٧٦٩)م، هێڵێکـی جیاکەرەوەیـە لـە نێـوان حـەوزی ڕوبـاری دیجلـە و فـورات.[١]

**ب. چیاکانی ناوچەی عەفرین:-**

**چیـای کـورداخ (چیـای کرمانـج):** چەنـد چیایەکـی شـێوە سێگۆشـەییە، دەکەوێتـە دورتریـن گۆشـەی باکـووری ڕۆژئـاوا لـە سـنووری سـوریا و تورکیـا، لـە ڕۆژئـاواوە دەشـتی عومـق و لیـوای ئەسـکەندەرۆنە(هاتای)یە، لە ڕۆژهەڵاتـەوە ئاوڕێـژی ڕووبـاری عەفرینـە، بەرزاییەکانـی کـورداخ بەشـێکن لـە کۆتایـی باشـووری ڕۆژئـاوای چیاکانـی تـۆرۆس، پانتایـی ئـەم چیایـە لـە باکـوور بـۆ باشـوور ٥٠ کـم درێـژ دەبێتـەوە، تێکـڕای پانییەکەشـی (٢٥-٢٧) کـم دەبێـت، ناوەنـدی بەرزیەکـەی ٨٠٠م دەبێـت، بەرزتریـن لوتکـەی ئـەم چیایـە لوتکـەی بلبلـە، بەرزیەکـەی ١٢٠٠مەتـرە[٢].

**چیـای سـەمعان (لیلـون):** ئـەم چیایـە دەکەوێتـە ڕۆژهەڵاتـی ڕووبـاری عەفریـن، ئاڕاسـتەی درێژبوونەوەکـەی لـە باکـوور و باکـووری ڕۆژهەڵاتـەوە درێـژ دەبێتـەوە بـەرەو باشـوور و باشـووری ڕۆژئـاوا، ناوەنـدی بەرزیەکـەی (٦٠٠ - ٧٥٠)م، بەرزتریـن لوتکـەی ئـەم چیایـە دەگاتـە ٨٧٠م، ئـەم چیایـە چەندیـن قـەڵاو ئەشـکەوتی تێـدا دۆزراوەتـەوە کـە شـوێنی ژیانـی شارسـتانی مـرۆڤ بـوون لـە کۆنـدا وەک قـەڵای (سـەمعان) کە بووەتـە ناوی چیاکـەش، ئەشـکەوتی (دوودەری) کـە پاشـماوەی کۆنـی تێـدا دۆزراوەتـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی مرۆڤـی نیاندەرتـاڵ.[٣]

(١) صالح عبدالسلام حسين، مشكيلات التنمية الزراعة، المصدر السابق، ص٣٥.

(٢) حاجی عەفرینی و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، لا١٥٠.

(٣) علی جزيری، الكرد و كردستان (كردستان سوريا - أنوذجا)، المصدر السابق، ص٢٨٩.

**٢. دەشتەکان:** دەشت زەوییەکی تەختانە ئاستی بەرزی زۆر لە ئاست دەوروبەرەکەی بەرزتر نییە و ڕێکترە، بۆیە هەڵکەوتنی دەشت لە ناو خودی جەستەی هەرێمی سیاسی لە ڕووی جوگرافیای سیاسیەوە چەندین لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی هەیە.[١] سەبارەت بە ناوچەی توێژینەوە، دەشتەکان بەشێکی گرنگن لە تۆبۆگرافیای هەرێمەکە لە ڕوانگەی ئابوری و دیمۆگرافی، چونکە ناوەندی گرنگی نیشتەجێبوونی مرۆین، هەروەها شوێنێکی بە پیتە بۆ کشتوکاڵ و چاندن، لە گرنگترین دەشتەکانی هەرێمی ڕۆژئاوا:-

أ. **دەشتەکانی جەزیرە:** دەشتەکانی ناوچەی جەزیرە ڕووبەرێکی فراوان لە گۆشەی باکووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمەکە دەگرێتەوە، بە دەشتی نێوان دوو ڕووبار دەناسرێت، ئاڕاستەی لێژی ئەم دەشتانە بە شێوەیەکی گشتی لە باکوورەوە بەرەو باشوورە، ناوەندی بەرزی تێکڕا ٣٥٠م تێپەڕ ناکات.(٢) ئەو بەشەی لە نێوان ڕووباری دیجلە و چیای قەرەچوغ (کراتشۆک) هەڵکەوتووە لێژ دەبێتەوە لە ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاواوە بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵات، واتە بە ئاڕاستەی ڕووباری دیجلە، چیای قەرەچوغ (کراتشۆک) هێڵی جیاکەرەوەیە لە نێوان حەوزی ئاوی دیجلە و فورات.(٣)

دەتوانین بڵێین دەشتەکانی جەزیرە خاوەن لێژیەکی کەمن،

(١) سفین جلال فتح الله، بنچینە و بنەماکانی جوگرافیایی سیاسی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨.

(٢) عادل عبدالسلام، جغرافية سورية الإقليمية، المصدر السابق ، ص٨١ .

(٣) صالح عبدالسلام حسين، مشكيلات التنمية الزراعة، المصدر السابق ، ص٣٦ .

جیـاوازی بـەرزی و نزمـی تێیـدا کەمـە، خاوەنـی دیمەنێکـی جێگیـرن، دەوڵەمەنـدن بـە شـەپۆلی فـراوان، هیـچ شـێواویەک و بەربەسـتێک لـە دیمەنـی گشـتی ئـەم دەشـتانە بـەدی ناکرێـت، جگـە لـە چەنـد گردێکـی بچـوک نەبێـت کـە بەرزییەکەیـان (١٠ – ٢٠ )م دەبێـت لـە ڕووی زەویـەوە، ئەوانیـش پاشـماوەی دروسـتکراوی مرۆڤـن لـە شارسـتانییە کۆنەکانـدا.[١]

**ب. دەشـتەکانی عەفریـن:** دەشـتەکانی ناوچـەی عەفریـن تایبەتمەنـدن بـەوەی دەشـتی نێوانیـن، دەوردراون بـە بەرزایـی چیـاکان لـە هەمـوو لایەکـەوە بـە شـێوەیەکی گشـتی، خاکـی دەشـتەکانی عەفریـن خاکێکـی سـوری بـە پیتـە لـە بەرزاییەکانـی دەوروبـەری گواسـتراوەتەوە، بـە سـودە بـۆ چاندنـی زۆربـەی بەروبومـەکان و دارە بـە بـەرەکان، زۆربـەی دەشـتی ئـەم ناوچەیـە بـە داری زەیتـون چانـدراون.[٢] لێـرەدا دەشـتەکانی ئـەم ناوچەیـە لـە باکـوور بـۆ باشـوور دەخەینـە ڕوو:-

**دەشـتی مەیدانـا:** ئـەم دەشـتە دەکەوێتـە شـارۆچکەی مەیدانـا لـە باکووری عەفریـن، بـە شـێوەی کەوانەییـە، ئـەم دەشـتە ١٠کـم لـە سـنووری تورکیـاوە دورە، ئاڕاسـتەی ئـەم دەشـتە ڕوو لـە باکـووری ڕۆژئاوایـە بـە درێژایـی ١٠ کـم و پانـی(٥٠٠ – ١٠٠٠)م وە بەرزیـی ١٠٠٠م لـە ئاسـتی ڕووی دەریـاوە[٣].

(١) علی جزیری، الکرد و کردستان (کردستان سوریا – أنوذجا)، المصدر السابق، ص٢٩١.
(٢) ممـدوح طوبـال حمـو ، البیئـة و الحـراج في منطقـة عفریـن – الکـرد ، عفریـن ، ٢٠١٥ ، ص١٩ .
(٣) المصدر نفسه، ص١٨.

**دەشــتی بالیــا:** ئــەم دەشــتە دەکەوێتــە ڕۆژئــاوای شــارۆچکەی ڕاجــۆ، بەرزیەکــەی ٥٥٠م لەئاســتی ڕووی دەریــا، ڕووبەرەکــەی نزیکــەی ٢٠٠ هێکتــارە.[١]

**دەشــتی جوەیــق:** ڕووبەرێکــی فراوانــی دەشــتاییە دەکەوێتــە نێــوان بەرزاییەکانــی خەمەرڤیــن و بانــی عەفریــن لــە باشــوور، گرێــدراوی دەشــتەکانی (کتــخ و عــمارا) یــە، ڕووبــەری ئــەم دەشــتە نزیکــەی ١٥٠ کــم.[٢]٢

**دەشتی چۆمێ:** ئـەم دەشـتە دەکەوێتـە باکـووری شـاری عەفریـن، ئـەم دەشـتە بـە پیتریـن خاکـی کشـتوکاڵی دادەنرێـت لـە ناوچەکە لـە ڕووی خاک و ئاوهـەوا، هەمـوو جـۆرە بەروبومێکـی کشـتوکاڵی و داری بـە بـەری لـێ دەچێنرێـت، بـە تایبەتـی داری هەنـار کـە بـە هەنـاری باسـوتێ بەناوبانگـە، درێـژی ئـەم دەشـتە بـە نزیکەیـی دەگاتـە ٣٠کـم و پانییەکەشـی ١٠٠کـم، ڕووبـەری گشـتی ٣٠٠٠کـم، جێـگای ئاماژەیـە چەنـد دەشـتێکی تریـش لـە ناوچەکـە بوونـی هەیـە وەک دەشـتی شـێخ حەدیـد و دەشـتی لیلـون.[٣]

بـە سـەرنجدان لـە داتاکانـی نەخشـەی (٩) بـەرزی ونزمـی ناوچـەی توێژینـەوە خـۆی لـە سـێ ئاسـت دەبینێتـەوە، ئاسـتی یەکـەم ئـەو ناوچانەی بەرزیـان کەمـتر لـە (٥٠٠) مەتـرە لە ئاسـتی ڕووی دەریـا، ڕووبەریـان دەگاتە (١٨٤٤٩ کـم٢)، کـە (٥٥،٦٪) کـۆی ڕووبـەری ناوچەکـە پێـک دەهێنێـت و نزمتریـن ئاسـت (٨٣م) لـە ئاسـتی ڕووی دەریا لـە ناوچەی توێژینەوە، ئاسـتی


(١) المصدر نفسه، ص١٨.

(٢) المصدر نفسه، ص١٩.

(٣) المصدر نفسه، ص٢٠.

دووەم ئـەو ناوچانـەی بەرزیـان لـە نێـوان (٥٠٠ - ١٠٠٠) مەتـرە لـە ئاسـتی ڕووی دەریـا، ڕووبەریـان دەگاتـە (١٢٧٥٣کـم٢)، کـە (٣٨,٤٪) کـۆی ڕووبەری ناوچەکـە پێـک دەهێنێـت، ئاسـتی سـێەم ئـەو ناوچانـەی ئاسـتی بەرزیـان لە (١٠٠٠) مەتـر زیاتـر، ڕووبەریـان دەگاتە (١٩٤٨کم٢)، کـە دەکاتە (٥,٨٪) کۆی ڕووبـەری ناوچـەی توێژینـەوە وە بەرزترین ئاسـت (١٢٦٠م) لە ئاسـتی ڕووی دەریـا لە ناوچـەی توێژینـەوە.[١]

(١) داتایی ژمارەی نەخشەی ژمارە (٩) .




**نەخشەی (٩) بەرزی و نزمی ناوچەی توێژینەوە**

**سەرچاوە:** کاری توێژەر بەپشت بەستن بە داتای نموونەیی بەرزی و نزمی ژمارەی و بەکارهێنانی DEM ٣٠

## تەوەری دووەم

### ئاوهەوا (المناخ - Climate)

ئاوهـەوا بـە یەکێـک لـە گرنگتریـن ئـەو ڕەگـەزە سروشـتیانە دادەنرێـت کـە بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ کار دەکاتـە سـەر بەهـای هەرێـم و یەکـە سیاسـیەکان، چونکـە ئاوهـەوا پەیوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆی بـەو چالاکـی و کارانـە هەیـە مـرۆڤ ئەنجامـی دەدات، گرنگـی ئاوهـەوا لـەوە دەردەکەوێـت پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆی بـە بەروبوومـی کشـتوکاڵی و ڕووەکـی خۆڕسـک و دابینکردنـی ئاسایشـی خـۆراک هەیـە، لـە لایەکـی تـرەوە پەیوەنـدی ڕاسـتەوەخۆی بـە چالاکـی مـرۆڤ و دابەشـبوونی دانیشـتوان و کاروبـاری جەنـگ هەیـە.[١]

ئاوهــەوای هەرێمــی ڕۆژئــاوا تایبەتمەنــدە بــەوەی کــە دوو وەرزی ســەرەکی هەیــە، ئەوانیــش هاویــن و زســتان لەگــەڵ دوو وەرزی ڕاگــوزەری کــورت کــە پایــز و بەهــارە.[٢] لــەم باســەدا دوو لــە گرنگتریــن ڕەگەزەکانــی ئاوهــەوای ناوچــەی توێژینــەوە دەخەینــە ڕوو:-

(١) سـفین جـلال فتـح اللـە، بنچینـە و بنەماکانـی جوگرافیایـی سیاسـی، سـەرچاوەی پێشـوو، لا١٢١.

(٢) علی جزیری، الكرد و كردستان (كردستان سوريا – أنوذجا)، المصدر السابق، ص٢٩١.

**یەکەم: پلەی گەرما (الدرجة الحرارة - Temperatures)**

یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی ئاوهەوا، کاریگەری زۆر و گرنگی لە سەر دیاردەکانی ژیان لە سەر زەوی هەیە و کاردەکاتە سەر ڕەگەزەکانی تری ئاوهەوا، دەرکەوتنی جیاوازی دیاردەی ئاوهەوایی بەرئەنجامی جیاوازی پلەی گەرمایە شانبەشانی ڕەگەزەکانی تر.[1] سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە، پلەی گەرما گۆڕانکاری بە سەردا دێت بە پێی وەرز و مانگەکانی ساڵ، لە ژێر کاریگەری فاکتەرە سروشتی و مرۆییەکان، بە جۆرێک تێکڕایی پلەی گەرمی لە هەرێمی ڕۆژئاوادا لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٠ - ٢٠١٩) دا، (°١٩,٤) پلەی سەدی بووە.[2] خشتەی (٢).

بە سەرنجدان لە خشتەی (٢) تێبینی ئەوە دەکەین تێکڕایی پلەی گەرمی وەرزی زستان (°٨,٧) پلەی سەدییە، تێکڕایی پلەی گەرمی وەرزی هاوین (°٣١,٠) پلەی سەدییە، تێکڕایی گەرمترین مانگ، کە مانگی تەموزە (°٣٢,٢) پلەی سەدییە، تێکڕایی ساردترین مانگ کانونی دووەمە پلەی گەرمیەکەی (°٧,٣) پلەی سەدییە، ماوەی گەرمی ساڵانەش لە هەرێمەکە (°٢٤,٩) پلەی سەدییە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ باڵادەستی خاسیەت و تایبەتمەندی ئاوهەوای کیشوەری بە سەر هەرێمی ڕۆژئاوا.

---

(١) هاوڕێ یاسین محمد أمین، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیایی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣ .

(٢) داتایی ژمارەیی خشتەی ژمارە (٢) .

**دووەم: دابارین (الأمطار - Precipitation)**

هەمـوو شـێوەکانی ئـاو کـە لـە زەپۆشـەوە دێتـە خـوارەوە بـۆ سـەر زەوی پێیـان دەگوترێـت داباریـن، ئەمـەش چەنـد جۆرێکـە (بـاران، بەفـر، تـەرزە).[1] لـە ڕوانیـن لـە خشـتەی (٣) تێبینـی ئـەوە دەکرێـت بـە گشـتی دابارین لـە هەرێمـی ڕۆژئـاوا لـە سـەرەتای وەرزی پایـز (مانگـی ئەیلـوول) دەسـت پـێ دەکات تـا کۆتایـی وەرزی بەهـار (مانگـی مایـس) بـەردەوام دەبێـت، بـە دەگمـەن لـە وەرزی هاویـن شـێوەکانی دابارین ڕوودەدات، تێکڕایـی دابارین لـە وێسـتگەکانی هەرێمـی ڕۆژئـاوا (٤١٨,٨) ملـم بـووە لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی (٢٠١٠ – ٢٠١٩) دا.[2]

توێژینـەوە پشـتی بەسـتووە بـە هەشـت وێسـتگەی ئاوهەوایـی کـە دابەشـبوون بـە سـەر ناوچـە جیاوازەکانـی هەرێمەکـەدا، بـە سـەرنجدان لـە خشـتەی (٣) بۆمـان ڕوون دەبێـت، جیـاوازی بـەدی دەکرێـت لـە بـڕی دابارین لـە ناوچەیەکـەوە بـۆ ناوچەیەکـی تـر و لـە مانگێکـەوە بـۆ مانگێکـی تـر لـە هەرێمەکـە، بـە جۆرێـک بەرزترین بـڕی بـاران لـە وێسـتگەی (جسـر الشغور)ـە لـە ڕۆژئـاوای هەرێمەکـە، دەگاتـە (٦٧٤ ملـم) سـاڵانە، نزمترین بڕیـی بـاران بارین لـە وێسـتگەی (منبج)ـە کـە دەگاتـە (٢٨٢,٤ ملـم) سـاڵانە.[3]

بـە گشـتیی لێکۆڵینەوەکەمـان بـەو ئەنجامـە دەگات، بـڕی بـاران زیـاد

(١) علـی أحمـد غانـم، جوگرافیایـی ئاوهـەوا، وەرگێرانـی: گـۆران ڕەشـید، بڵاوکـراوەی پـڕۆژەی تیشـک، ژمـارە ٥٨، ٢٠٠٩، ل٢٤٠.
(٢) داتایی ژمارەیی خشتەی ژمارە (٣) .
(٣) داتایی ژمارەیی خشتەی ژمارە (٣) .

دەکات تا لە باشوورەوە بەرەو باکوور بڕۆین لە ڕۆژهەڵاتی هەرێمەکە و بڕەکەی لە باکوور و باشووری ڕۆژئاوای هەرێمەکە زیاتر دەبێت، ئەمەش بە هۆی شوێنی فەلەکی و بەرزی و نزمی کە فاکتەری سەرەکین لە سەر بڕی باران لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، لە کاتێکدا ئاڕاستەکانی پلەی گەرما بەرز دەبێتەوە ئاڕاستەی دابارین نزم دەبێتەوە و نامێنێ، لە کاتێکدا ئاڕاستەکانی پلەی گەرمی مانگانە نزم دەبێتەوە ئاڕاستەکانی دابارین زیاد دەکات، ئاوی باران گرنگیەکی تایبەتی هەیە بۆ ناوچەکە لەبەرئەوەی بۆ کشتوکاڵکردن پشتی پێ دەبەسترێت، بە هۆی باران ئاوی سەر زەوی زیاد دەکات و ئاوی ژێر زەویش زیاد دەکات، ئەمەش وا دەکات ئاسایشی خۆراک سەقامگیر بێت.

## تەوەری سێیەم

## دەرامەتی ئاوی (الموارد المائية)

ئـاو بـە یەكێكـە لـە گرنگتریـن دەرامەتـە سروشـتییەكان دادەنرێـت، دەرامەتـی ئـاوی هــەر هەرێمێـك یـان دەوڵەتێـك دەرئەنجامـی ئـەو دابارینەیـە كـە بـە سـەر خاكـی هەرێمـدا دەبارێـت، هەروەهـا ئـەو ڕووبارانـەی لـە سنوورەكانی دەرەوە یـان لـە ناوخـۆ بـە جەسـتەی هەرێمـدا ڕێـڕەو دەكـەن، ئـەم دەرامەتـەش بـە سـەرچاوەی هێـز و سـامانێكی ئابـوری چـالاك لـە قەڵـەم دەدرێـت و بـە فاكتەرێكـی سـەرەكی بەردەوامـی ژیانیـش دادەنرێـت.[1] هەرێمـی ڕۆژئـاوا خـاوەن دەرامەتێكـی ئاوییـە، كـە ڕەنگدانـەوەی دەسـكەوتی ئـاوی بـە سـەر كـۆی پانتایـی هەرێمەكـە بەخشـیوە كـە خۆیـان دەبیننـەوە لـە:-

(١) سـفین جـلال فتـح اللـە، بنچینـە و بنەماكانـی جوگرافیایـی سیاسـی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٢٨.

## خشتەی (٢) تێکڕایی مانگانە و وەرزانە و ساڵانەی پلەکانی گەرما لە وێستگەکانی هەرێمی ڕۆژئاوا (٢٠١٠-٢٠١٩)

| وێستگە | قامشلی | حەسەکە | سەرێ کانی | دێرک/ مالکیة | عەفرین | کۆبانی | جسرالشغور | منبج | تێکڕای هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کانونی دووەم | ٧,١ | ٧,٤ | ٧,٧ | ٧,٢ | ٧,٣ | ٧,٣ | ٨,٤ | ٦,٧ | ٧,٣ |
| شباط | ٩,٤ | ٩,٢ | ٩,٠ | ٨,٦ | ٨,٢ | ١٠,٠ | ٩,٨ | ٨,٠ | ٩,٠ |
| ئادار | ١٢,٢ | ١٤,٠ | ١٢,٣ | ١٢,٢ | ١١,٥ | ١٤,٥ | ١٤,٢ | ١١,٥ | ١٢,٨ |
| نیسان | ١٨,٣ | ١٨,٣ | ١٨,٨ | ١٧,٧ | ١٦,١ | ١٩,١ | ١٧,٥ | ١٦,٤ | ١٧,٨ |
| مایس | ٢٤,٥ | ٢٤,٦ | ٢٤,٨ | ٢٣,٧ | ٢١,٥ | ٢٤,٣ | ٢٠,٥ | ٢١,٦ | ٢٣,١ |
| حوزەیران | ٣١,٩ | ٣٢,٤ | ٣٢,٤ | ٣٠,٢ | ٢٧,٠ | ٢٩,٥ | ٢٥,٧ | ٢٦,٥ | ٢٩,٤ |
| تەموز | ٣٤,٣ | ٣٤,٦ | ٣٤,٥ | ٣٣,٩ | ٢٩,٥ | ٣٢,٩ | ٢٨,٦ | ٢٩,٤ | ٣٢,٢ |
| ئاب | ٣٣,٠ | ٣٤,٠ | ٣٤,٤ | ٣٣,٢ | ٢٩,٠ | ٣١,٥ | ٢٩,٥ | ٢٨,٩ | ٣١,٦ |
| ئەیلول | ٢٩,٨ | ٢٩,٢ | ٢٨,٥ | ٢٨,٨ | ٢٦,٤ | ٢٧,٥ | ٢٦,٢ | ٢٦,٠ | ٢٧,٨ |
| تشرینی یەکەم | ٢١,٦ | ٢٢,٥ | ٢٠,٨ | ٢٢,٢ | ٢٠,٥ | ٢٢,١ | ٢٢,٥ | ٢٠,٥ | ٢١,٥ |
| تشرینی دووەم | ١٤,٢ | ١٤,٣ | ١٤,٨ | ١٥,٢ | ١٢,٥ | ١٣,٩ | ١٣,٦ | ١٢,٤ | ١٣,٨ |
| کانونی یەکەم | ٩,٤ | ٩,١ | ١٢,٢ | ١٣,٨ | ٧,٥ | ٩,٠ | ١١,٣ | ٧,٤ | ٩,٩ |
| تێکڕای ساڵانە | ١٩,٩ | ٢٠,٨ | ٢٠,٩ | ١٨,٧ | ١٨,١ | ٢٠,١ | ١٨,٩ | ١٧,٩ | ١٩,٤ |
| تێکڕای هاوین | ٣٣,٠ | ٣٣,٦ | ٣٣,٧ | ٣٢,٤ | ٢٨,٥ | ٣١,٣ | ٢٧,٩ | ٢٨,٢ | ٣١,٠ |
| تێکڕای زستان | ٨,٦ | ٨,٥ | ٩,٦ | ٩,٨ | ٧,٦ | ٨,٧ | ٩,٨ | ٧,٣ | ٨,٧ |
| مەودای گەرمی ساڵانە | ٢٧,٢ | ٢٧,٢ | ٢٦,٨ | ٢٦,٧ | ٢٢,٢ | ٢٥,٦ | ٢١,١ | ٢٢,٧ | ٢٤,٩ |

**سەرچاوە:** کاری توێژەر پشت بەست بە:


**١.** صالح عبدالسلام حسين، مشكيلات التنمية الزراعة و أفاق تطوير القطاع الزراعى في محافظة الحسكة/سورية (٢٠١٠-٢٠١٩)، أطروحة دكتورا (غيرمنشور)، كلية الدراسات العليا، جامعة القران الكريم وتأصيل العلوم، ٢٠٢١، ص٣٨.

٢. الجمهورية العربية السورية، وزارة الزراعي، المجموعة الأحصائية لعام ٢٠٠٨–٢٠٢٠.

http//:moaar.gov.sy/category/statistical-group-2020

**یەکەم/ ئاوی سەر زەوی:**

ئـاوی (ڕووبـار و چـەم و دەریاچـە و جۆگـەکان) دەگرێتـەوە جـا بـە شـێوەی وەرزی بێـت یـان هەمیشـەی، سـەرچاوەی سـەرەکی دابینکردنـی پێداویسـتیەکانی ڕۆژانـەی مـرۆڤ و چالاکییـە ئابوورییەکانـن وەک (کشـتوکاڵ، پیشەسـازی، خزمەتگـوزاری، گواسـتنەوە).[1]

هەرێمـی ڕۆژئـاوا دەرامەتـە ئاوییەکـەی بەشـێکی لـە ڕێـی ڕووبـار و زێیەکانـەوە بـە دەسـت دێنـێ کـە زۆرینەیـان سـەرچاوەکانیان لـە دەرەوەی سـنووری نێودەوڵەتـی هەرێمەکەیـە، ئەوانـی تریـش لـە نێـو خـودی هەرێمەکەیـە، لێـرەدا ئاماژەیـان پـێ دەدەیـن:-

**ڕووبـاری دیجلـە:** بـە هـۆی ئـەوەی دەکەوێتـە ئەوپـەڕی گۆشـەی باکـووری ڕۆژهەڵاتـی هەرێمەکـە و سـنووری نێودەوڵەتـی نێـوان هەرێمـی ڕۆژئـاوا (کۆمـاری سـوریا) و باشـووری کوردسـتان (عێـراق) و باکـووری کوردسـتان (تورکیـا) پێـک دەهێنێـت، ڕۆڵێکـی ئەوتـۆی نییـە لـە سـامانی ئـاوی سـەر زەوی هەرێمەکـە، سـەرچاوەی ئـەم ڕووبـارە لـە باکـووری کوردسـتان (تورکیـا) هەڵدەقوڵێـت، درێژیەکـەی لـە نـاو خاکـی هەرێمـی ڕۆژئـاوا (٤٢کم)ـە.[2]

ڕووبـەری ئاوزێلەکـەی لـە نـاو خاکـی هەرێمـی ڕۆژئـاوا (٨٣٦کـم$^{٢}$)

(١) باسـم قاسـم سـلێمان گـۆران، شـیکردنەوەیەکی جوگرافـی بـۆ خزمەتگوزاریـە کۆمەڵایەتیـەکان لـە شـاری بـەردەڕەش، نامـەی ماسـتەر (بڵاونەکراوە)، بەشـی جوگرافیا، کۆلیـژی ئـاداب، زانکـۆی سـەلاحەدین - هەولێـر، ٢٠٢٢، لا٤٨ .

(٢) داتایی ژمارەی نەخشەی (١٠) .

زیاتــر نییــە.[١] بــە هــۆی ئــەو وەبەرهێنانــەی تێداکــراوە بــە ئامانجــی ئــەوەی ســاڵانە نزیکــەی (٤٦٠) ملیــۆن مەتــر ســێجا داهاتــی ئــاوی لــێ بــە دەســت بخرێــت.[٢] بــەڵام بــە هــۆی قوڵــی ڕێــڕەوی ئاوەکــە و بــەرزی زەوییەکانــی دەوروبــەری ســود وەرگرتــن لــە ئــاوی ئــەم ڕووبــارە تاوەکــوو ئێســتا ســنووردارە.[٣]

(١) سـليمان عبداللـه اسـماعيل، السياسـة المائيـة لـدول حـوضي دجلـة والفـرات و انعكاسـاتها علـى القضيـة الكرديـة، المصـدر السـابق، ص٢٥٥ .

(٢) عادل عبدالسلام، جغرافية سورية الإقليمية، المصدر السابق، ص١٨٠.

(٣) صالـح عبدالسـلام حسـين، مشـكيلات التنميـة الزراعـة و أفـاق تطويـر القطـاع الزراعـي في محافظـة الحسـكة/ سـورية (٢٠١٠-٢٠١٩)، المصـدر السـابق، ص٥٣.

**خشتەی (٣) تێکڕایی مانگانە و ساڵانەی دابارین/ملم لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (٢٠١٠-٢٠١٩)**

| وێستگەی ئاوهەوا | کانونی دووەم | شباط | ئادار | نیسان | مایس | حوزەیران | تەموز | ئاب | ئەیلول | تشرینی یەکەم | تشرینی دووەم | کانونی یەکەم | تێکڕایی ساڵانە/ ملم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| قامشلی | ٦٥,٠ | ٦٢,٩ | ٦٢,٩ | ٣٦,٩ | ١٨,٥ | ١,٣ | ٠,١ | ٠,١ | ٠,٥ | ١٦,٢ | ٣٩,٠ | ٦٢,٧ | ٣٥٦ |
| حەسەکە | ٥٦,٠ | ٥٧,٠ | ٥٩,٠ | ٣٩,٠ | ١٤,٠ | ١,٠ | ٠,٠ | ٠,٠ | ٠,٣ | ١٢,٧ | ٤٥,٣ | ٥٥,٧ | ٣٤٠ |
| دێرک/ مالكية | ٧٦,٢ | ٧٧,٨ | ٧٨,٠ | ٣٥,٢ | ٢٦,٠ | ٢,٣ | ٠,٢ | ٠,١ | ٠,٢ | ١٩,٢ | ٤٤,٠ | ٧٦,٨ | ٤٣٦ |
| سەرێ کانی | ٦٤,٨ | ٦٤,٠ | ٦٥,٠ | ٣٧,٢ | ١٨,٣ | ١,٨ | ١,٠ | ٠,٢ | ٠,١ | ١٧,٠ | ٣٩,١ | ٦٣,٠ | ٣٦١,٥ |
| عەفرین | ١١٠ | ٨٥,٠ | ٦٠,٠ | ٤٠,٠ | ٣٠,٠ | ١٠,٠ | ٠,٠ | ٠,٠ | ١٥,٠ | ٥٠,٠ | ٧٠,٠ | ٩٥,٠ | ٥٦٥ |
| کۆبانی | ٥٤,٠ | ٥٦,٠ | ٦٠,٠ | ٣٧,٠ | ١٥,٠ | ١,٥ | ٠,٠ | ٠,٠ | ٠,١ | ١٣,٢ | ٤٦,٠ | ٥٨,٠ | ٣٤٠,٨ |
| جسرالشغور | ١٥٣ | ١٣٢ | ٩٧,٠ | ٥٥,٠ | ٢٨,٠ | ٠,٠ | ٠,٠ | ٠,٠ | ٠,٠ | ١٧,٠ | ٥٧,٠ | ١٣٥ | ٦٧٤ |
| منبج | ٥٩,٠ | ٤٨,٠ | ٣٤,٠ | ٣٦,٠ | ٨,٠ | ٢,٠ | ٠,٠ | ٠,٠ | ٠,٢ | ١٥,٢ | ٣٣,٠ | ٥٧,٠ | ٢٨٢,٤ |
| ئیونجی هەرێم | ٧٩,٧ | ٧٢,٨ | ٦٤,٤ | ٣٥,٧ | ١٩,٧ | ٢,٤ | ٠,١ | ٠,٠٣ | ٢,٠ | ٢٠,٠ | ٤٦,٦ | ٧٥,٤ | ٤١٨,٨ |

**سەرچاوە:** کاری توێژەر پشت بەست بە:


١. صالـح عبدالسـلام حسـين، مشـكيلات التنميـة الزراعـة و أفـاق تطويـر القطـاع الزراعـى في محافظـة الحسكة/سـورية (٢٠١٠-٢٠١٩)، أطروحـة دكتـورا (غيرمنشـور)، كليـة الدراسـات العليـا، جامعـة القـران الكريـم وتأصيـل العلـوم، ٢٠٢١، ص٣٨.

٢. الجمهوريـة لعربيـة السـورية، وزارة الزراعـي، المجموعـة الأحصائيـة لعـام ٢٠٠٨–٢٠٢٠.

http//:moaar.gov.sy/category/statistical-group-2020

**ڕووبـاری فـورات:** سـەرچاوەکەی باکـووری کوردسـتان (تورکیـا) یـە، لـە نزیـک شـاری جەرابلـس خاکـی هەرێمـی ڕۆژئـاوا دەبڕێـت، درێـژی ئـەم ڕووبـارە لـە نێـو خاکـی هەرێمـی ڕۆژئـاوا (٥٠کـم).[١] لـە نێـو خاکـی دەوڵەتـی سـوریا (٦٧٥کـم)، تێکـڕای لـە بـەر ڕۆشـتنی (٩٩٥م٣/چرکـە)، تێکڕایـی لـە بـەر ڕۆشـتنی سـاڵانەی (٣١,٤٠٠ مليـار م٣/سـاڵانە)، بـە پێـی پێـوەر و پێوانـەی پێشـوو، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا ئـەوەی دەگات بـە سـوریا لـە ئێسـتادا (٥٠٠م٣/چرکـە)، ئەمـەش تێکڕایـی لـە بـەر ڕۆشـتنی سـاڵانەی (١٤مليـار م٣/سـاڵانە) زیاتـر نییـە.[٢] جێـگای ئاماژەیـە ڕووبـاری فـورات چەنـد لقێکـی لـێ دەبێتـەوە لـە گرنگتریـن لقەکانـی نـاو هەرێمـی ڕۆژئـاوا:-

أ. **سـاجور:** سـەرچاوەی ئـەم ڕووبـارە باکـووری کوردسـتانە، درێژیەکـەی (١٠٨کـم)، ئـەو بەشـەی دەکەوێتـە نێـو خاکـی هەرێمـی ڕۆژئـاوا (٤٨کـم).[٣] تێکـڕای لـە بـەر ڕۆشـتنی (٤,٢ م٣/چرکـە)، تێکـڕای لـە بـەر ڕۆشـتنی سـاڵانەی (١٢٥مليـۆن م٣)، و ئـەم زێیـە لـە بـەری ڕۆژئـاواوە دەڕژێتـە نێـو ڕووبـاری دیجلـە.[٤]

ب. **بليـخ:** سـەرچاوەی هەڵقوڵانـی ئـەم ڕووبـارە (عیـن العـروس) کـە ٣کـم لـە گـرێ سـپی دورە، درێژیەکـەی (١٠٥کـم)، لـە ڕۆژهەڵاتـی ڕەقـە

(١) داتایی ژمارەی نەخشەی (١٠) .

(٢) زهـراء عبـاس هنـدى، ظاهـر عبدالزهـرا الربيعـى ، المـوارد المائيـة في الجمهوريـة العربيـة السـورية / الواقـع والمسـتقبل، مجلـة أبحـاث البـصرة (العلـوم الأنسـانيّة) المجلـد٣٨، العـدد١ ، السـنة٢٠١٣ ، ص١٨٧ .

(٣) داتایی ژمارەی نەخشەی (١٠) .

(٤) زهـراء عبـاس هنـدى ، ظاهـر عبدالزهـرا الربيعـى ، المـوارد المائيـة في الجمهوريـة العربيـة السـورية / الواقـع والمسـتقبل، المصـدر السـابق، ص١٨٨ .

دەڕژێتــە نــاو ڕووبــاری فــورات، ئاڕاســتەی ڕێکردنــی لــە باکــوورەوە بــەرەو باشــوورە، ناوەنــدی لــە بــەر ڕۆشــتنی (٤,٤م³/چرکــە)، تێکــڕای لــە بــەر ڕۆشــتنی ســاڵانەی (١٠٠ ملیــۆن م³).(١)

ج. **خابــور:** گرنگتریــن لقــی ڕووبــاری فوراتــە، ســەرچاوەی هەڵقوڵانــی نــاو خاکــی هەرێمــی ڕۆژئاوایــە، دەکەوێتــە ناوچــەی ســەرێ کانــی، درێــژی ئــەم ڕووبــارە لــە ســەرچاوە تــا ڕێژگەکــەی (٤٦٠کــم)، ناوەنــدی لــە بــەر رۆشــتنی (١٠,٣م³/چرکــە)، ناوەنــدی لــە بــەر ڕۆشــتنی ســاڵانەی (١,٩ملیــارم³)، جێــگای ئاماژەیــە خابــور گرنگتریــن ســەرچاوەی ئاوی ســەر زەوییــە لــە ڕۆژهەڵاتــی هەرێمەکــە و کۆڵەگــەی ســەرەکی کشــتوکاڵی ناوچەکەیــە، هــەر بۆیــە چەنــد بەنداوێکــی لــە ســەر دروســتکراوە وەک بەنــداوی حەســەکەی ڕۆژهــەڵات و ڕۆژئــاوا و بەنــداوی خابــور.(٢)

د. **چــەق چەق (جقجق):** ســەرچاوەی هەڵقوڵانی باکووری شــاری (نســیبین) ــە لــە باکــووری کوردســتان، درێژیەکــەی (١٢٤کم)، (٢٤کم) لــە ناو خاکی باکــووری کوردســتان (تورکیا)یــە (١٠٠کــم) دەکەوێتە نێــو خاکی هەرێمی ڕۆژئــاوا.(٣) ناوەنــدی لــە بــەر ڕۆیشــتنی (١,٥م³/چرکــە) تێکــڕای لــە بــەر ڕۆشــتنی ســاڵانەی (٤٠ملیــۆن م³).(٤) بــەڵام بــە هــۆی ئــەوەی دەوڵەتــی تورکیــا بەنداوێکــی لە ســەر ئــەم ڕووبارە دروســت کردووە، ڕێــرەوی ئاوی

(١) المصدر نفسه، ص١٨٨ .

(٢) المصدر نفسه، ص١٨٨.

(٣) داتایی ژمارەی نەخشەی (١٠) .

(٤) أحمــد شريــف ماردينــي، محافظــة الحســكة، دراســة طبيعيــة، تاريخيــة، بشريــة، اقتصاديــة: تحــولات و افــاق مســتقبلية، مطبعــة خالــد بــن وليــد، الطبعــة١، ديمشــق(١٩٨٦)، ص٤٢ .

ڕووبارەکەی گۆڕیوە، سەرەڕای ئەوەش لە دیوی تورکیاوە ئاوەڕۆی قورسی شاری نسیبینی خستوتە سەر ڕێڕەوی ئەم ڕووبارە کە بە ناو شاری قامشلی تێدەپەڕێت، ئەمەش بووەتە هۆی پیسبونی ئاوی ڕووبارەکەو زیان گەیاندن بە کشتوکاڵ و ئەو خەڵکانەی پشت بە ئاوی ئەم ڕووبارە دەبەستن.(١)


**ڕووباری عەفرین:** لە دامێنەکانی چیای تۆرۆس و بە دیاریکراوی ڕۆژئاوای شاری دیلۆک(عینتاب) لە باکووری کوردستان هەڵدەقوڵێت، درێژی ئەم ڕووبارە (١٥٠کم)، (٦٥کم) لە نێو خاکی باکووری کوردستانە، (٦٥کم) لە نێو خاکی هەرێمی ڕۆژئاوایە.(٢) ناوەندی لە بەر ڕۆشتنی (٨,٦م٣/چرکە)، تێکڕای لە بەر ڕۆشتنی ساڵانەی (٢٨٠ملیۆن م٣)، جێگای ئاماژەیە ڕووباری عەفرین لەگەڵ (نهر الأسود) یەک دەگرن پاشان دەڕژێنە نێو ڕووباری عاسی.(٣)

**ڕووباری قویق (خالیس):** سەرچاوەی ئەم ڕووبارە ناوچەکانی عینتاب و کلیسەی باکووری کوردستانە، درێژی ئەم رووبارە (١٢٦کم)، کە (١٦کم) لە نێوخاکی باکووری کوردستانە، (١١٠)کم لە نێو خاکی سوریایە.(٤)

**ڕووباری زێر (الذهب):** درێژی ئەم ڕووبارە (٥کم)، تێکڕای لە بەر ڕۆشتنی هەندێک کات دەگاتە (٢م/چرکە)، سەرچاوەی هەڵقوڵانی باکووری شاری

(١) علی جزيری، الكرد و كردستان (كردستان سوريا - أنوذجا)، المصدر السابق، ص٣٠١.
(٢) ممدوح طوبال حمو، البيئة و الحراج في منطقة عفرين، المصدر السابق، ص٣٥.
(٣) زهراء عباس هندی، ظاهر عبدالزهرا الربيعی، الموارد المائية في الجمهورية العربية السورية، المصدر السابق، ص١٨٨ .
(٤) داتایی ژمارەی نەخشەی (١٠) .

باب لە ناو هەریمی ڕۆژئاوایە و لە (سبخة الجبول) لە باشوور کۆتایی دێت.[1]




**نەخشـەی (١٠) ئاوی سەر زەوی ناوچەی توێژینەوە**

**سـەرچاوە:** کاری توێـژەر: بەکارهێنانی سیسـتەمی زانیارییـە جوگرافیەکان (١٠,٧ Arc GIS – ArcMap)

(١) علی جزیری، الكرد و كردستان (كردستان سوريا – أنوذجا)، المصدر السابق، ص٣٠٢.

**خشتەی (٤) ڕووبار و تایبەتمەندی و داهاتیان لە هەرێمی ڕۆژئاوا**

| ناوی ڕووبار | درێژی ڕووبار/ کم | ڕووبەری ئاوزێل/ کم² | تێکڕای لەبەر ڕۆیشتوی م³/چرکە | درێژی ڕووبار لە نێو هەرێم/ کم | تێکڕای داهاتی ڕۆشتنی ساڵانە/ ملیۆن م³ |
|---|---|---|---|---|---|
| دیجلە | ٢١١٨ | ٨٣٦ | ٥٨٠ | ٤٢ | ٤٦٠ |
| فورات | ٢٧٩٥ | - | ٩٩٥ | ٥٠ | ١٤٠٠٠ |
| ساجور | ١٠٨ | ٢٣٧٢ | ٤,٢ | ٤٨ | ١٢٥ |
| بلیخ | ١٠٥ | ١٣٧٨٠ | ٤,٤ | ١٠٥ | ١٠٠ |
| خابور | ٤٦٠ | ٣٦٩٠٠ | ١٠,٣ | ٤٦٠ | ١٩٠٠ |
| چەق چەق | ١٢٤ | - | ١,٥ | ١٠٠ | ٤٠ |
| عەفرین | ١٥٠ | ٢٦٨٠ | ٨,٦ | ٨٥ | ٢٨٠ |
| قویق | ١٢٦ | ٤٢١٤ | ٥ | ١١٠ | ٩٥ |
| کۆیی داهاتی ساڵانەی هەرێم | | | | ١٧٠٠٠ ملیۆن / م٣ | |

**سەرچاوە:** کاری توێژەر پشت بەست بە:-

١. علي جزيري، الكرد و كردستان (كردستان سوريا أنموذجا)، الطبعة الأولى، مطبعة جامعة صلاح الدين، أربيل، (٢٠١٧).

٢. سلێمان عبدالله اسماعيل، السياسة المائية لدول حوضي دجلة والفرات

و انعكاساتها على القضية الكردية، الطبعة الأولى، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السلێمانية، (٢٠٠٤).

٣. أحمد شريف ماردينى، محافظة الحسكة، دراسة طبيعية، تاريخية، بشرية، اقتصادية: تحولات و افاق مستقبلية، مطبعة خالد بن وليد، الطبعة ١، ديمشق، (١٩٨٦).

٤. زهراء عباس هندى، ظاهر عبدالزهرا الربيعى، الموارد المائية في الجمهورية العربية السورية / الواقع والمستقبل، مجلة أبحاث البصرة (العلوم الأنسانيّة) المجلد٣٨، العدد١، السنة٢٠١٣.

٥. صالح عبدالسلام حسين، مشكيلات التنمية الزراعة و أفاق تطوير القطاع الزراعى في محافظة الحسكة/سورية (٢٠١٠-٢٠١٩)، أطروحة دكتورا (غيرمنشور)، كلية الدراسات العليا، جامعة القران الكريم وتأصيل العلوم، ٢٠٢١.

٦. داتایی ژمارەی نەخشەی (١٠).

**بەست و بەنداوەکان:**

لـە ناوچـەی لێکۆڵینـەوە کۆمەڵێـک بەنـداوی بچـوک و مـام ناوەنـد لـە سـەر دەریاچـەی سروشـتی و ڕێـرەوی ڕووبـارەکان دروسـت کـراون، سـودیان لـێ دەبینرێـت بـۆ ئەمبارکردنـی ئـاو و بەرهەمهێنانـی کارەبـا و بـە خێوکردنـی ماسـی و نەهێشـتنی مەترسـی لافـاو، وەک بەنـداوی مەیدانکـی (١٧نیسـان) لـە عەفریـن کـە ڕووبـەری دەریاچەکـە (١٤کـم٢) توانایـی ئەمبارکردنـی (١٨٠مليـۆن م٣) ئـاوی هەیـە.[١] بەنـداوی سـیفان بـە دووری ٦کـم لـە دێـرک کـە توانـای ئەمبارکردنـی (٤٨مليـۆن م٣) ئـاوی هەیـە، بەنـداوی حەسـەکەی ڕۆژهـەڵات و بەنـداوی حەسـەکەی ڕۆژئـاوا و بەنـداوی خابـور و بەنـداوی چـل ئاغـا کـە پێکـڕا توانـای (٢٠مليـۆن م٣) ئەمبارکردنیـان هەیـە، هەروەهـا بەنـداوی (بـاب الحدیـد) توانـای ئەمبارکردنـی (٢٣مليـۆن م٣) ئـاوی هەیـە.[٢]

**دووەم/ ئاوی ژێر زەوی:**

ئـەو ئاوەیـە لـە چینـە تاوێرەکانـی ژێـر زەویـدا لـە نێـو کونیلـە بەردەکانـدا هەیـە، لـە ئەنجامـی دادانـی ئـاوی بـاران و توانـەوەی بەفـر بـە هـۆی کونیلـە بـەردەکان دەچۆڕێتـە نـاو زەوییـەوە، دەتوانرێـت بـە دەسـت بخرێـت لـە ڕێگـەی هەڵکەندنـی بیـرەکان و تونێلـی کارێزەکانـەوە، یـان بـە شـێوەی سروشـتی لـە ڕێگـەی کانـی و سـەرچاوەکان دێنـە سـەر

(١) ممدوح طوبال حمو، البيئـة و الحراج في منطقة عفرين، المصدر السابق، ص٣٦ .
(٢) علي جزيري، الكرد و كردستان (كردستان سوريا أنموذجا )، المصدر السابق، ص٢٩٨.

ڕووی زەوی.[(١)] پسـپۆڕانی سـۆڤیەتی وێنەیەکـی تایبەتـی ئـەو چینـە بەردانەیـان کێشـاوە لـە سـوریا و هەرێمـی ڕۆژئـاوا، کـە هەڵگـری ئـاوی ژێـر زەویـن بـە پێـوەری (١: ١٠٠٠٠٠٠)، کـە تیایـدا دەردەکەوێـت ئـاو لـە چینـی جیۆلۆجـی جیـاواز و بـە قـوڵای جیـاواز بوونـی هەیـە.[(٢)]

ناوچـەی لێکۆڵینـەوە لـە ڕووی بونیـادی جیۆلۆجـی جـۆری تاوێـرەکان و تایبەتمەنـدی نیشـتوەکان جیـاوازی هەیـە، بـۆ نموونـە لـە ڕۆژهەڵاتـی شـاری قامشـلی کاری هەڵکەنـدن ئەنجـام دراوە بـە قـوڵای (١٩٠٠ – ٢٠٣٥)م لـە کۆمەڵـە چینـی ئاوگـری پالیوزیـک دەرکەوتـووە دەوڵەمەنـدە بـە بڕێکـی زۆر لـە ئـاوی سـوێر، ئەگـەری بوونـی چینێکـی ئەمبـاری ئـاوی ژێـرزەوی لـە قـوڵای (٢٠٧٣ – ٢٣٣٢ )م دەکرێـت بـە شـێوەیەکی پچـڕ پچـڕ.[(٣)] لەگـەڵ دۆزینـەوەی چینێکـی ئەمبـاری ئـاو لـە چیـای کـورداخ لـە عەفریـن لـە نێـو تاوێرەکانـی جوراسـی، هەروەهـا بوونـی ئـاوی ژێـرزەوی لـە نێـو تاوێرەکانـی کریتاسـی لـە چیـای کـوردان.[(٤)]

تاوێرەکانـی ئایوسـین لـە باکـووری ڕۆژهەڵاتـی حەلـەب دەوڵەمەنـدن بـە ئـاوی ژێـرزەوی، توانـراوە ئـاو بـە دەسـت بخرێـت لـە ناوچـەی جەزیـرە و حەلـەب و ئەعـزاز و عەفریـن لـە قـوڵای چەنـد مەترێـک تـا ٦٠ مەتـر کـە ڕێـژەی سـوێریەکەی زۆر نزمـە (١غ/ل) تێپـەڕ نـاکات.[(٥)] ئـاوی ژێـرزەوی بـە

(١) أحمـد محمـد سـعيد، تقيـم المـوارد الطبيعيـة في حـوض وادى ريـان، رسـالة ماجسـتير (غيـر منشـورة)، كليـة دراسـات العليـا الجامیعـة الأردنيـة، (٢٠٠٣)، ص٤٧ .

(٢) علي جزيري، الكرد و كردستان (كردستان سوريا أنموذجا )، المصدر السابق، ص٢٩٦ .

(٣) عادل عبدالسلام، جغرافية سورية الإقليمية، المصدر السابق، ص١٥٩ .

(٤) علي جزيري، الكرد و كردستان (كردستان سوريا أنموذجا )، المصدر السابق، ص٢٩٨ .

(٥) عادل عبدالسلام، جغرافية سورية الإقليمية، المصدر السابق، ص١٦٥ .

شێوەیەکی گشتی دەتوانرێت بە سێ ڕێگای سەرەکی وەبەربهێنرێت، ئەوانیش بیرەکان و کارێزەکان و سەرچاوە و کانیاوەکان کە ئەمانە بە گرنگترین شێوەی سامانەکانی ئاوی ژێرزەوی هەژمار دەکرێت، بیرەکان سەرچاوەیەکی سەرەکی ئاودێری وکشتوکاڵکردنە لە ناوچەی توێژینەوە، بۆ نموونە لە پارێزگای حەسەکە ژمارەی ئەو بیرانەی لێدراون تا ساڵی ٢٠١٩ زیاتر لە (٣٠٨١٢) بیر بووە، بە قوڵای جیاواز کە بەشداری کاریگەر دەکەن لە ژیانی ئابوری ئەم ناوچەیە.[١]

سەرچاوە و کانیاوەکان ئەمیش شوێنێکە ئاوی ژێرزەوی لێ دێتە دەرەوە کە لە شوێنێک توێکڵی زەوی دەبرێت و دێتە سەر زەوی، بەستراوەتەوە بە ئاوگرەکانی (أحواض) ژێرزەوی، بە دیار دەکەون لەو ناوچانەی پێکهاتەی چینە بەردەکانیان لە جۆری بەردی کلس و کارستیە، لە گرنگترینیشیان کانیاوەکانی سەرێ کانییە، ناوەندی لە بەر ڕۆشتننی ٤٠م$^3$/چرکە، وە بە درێژای سنووری نێوان هەرێمی ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان چەندین کانیاو بوونیان هەیە وەک کانیاوەکانی خابو، بلیخ، چەق جەق، و لە ناوچەی دێرک چەندین کانیاوی لێیە کە ئێستا زۆریان وشکی کردووە.[٢]

لە هەرێمی ڕۆژئاوا چەندین حەوزی ئاوی ژێرزەوی هەیە، کە بڕێکی باش لە ئاو بەرهەم دەهێنن ئەوانیش حەوزی جەزیرە – جەرابلس لە توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ساڵانە (٣٦٥ملیۆن

(١) صالح عبدالسلام حسين،مشكيلات التنمية الزراعة و أفاق تطوير القطاع الزراعى في محافظة الحسكة، المصدر السابق، ص٥٦.
(٢) علي جزيري، الكرد و كردستان (كردستان سوريا أنموذجا )، المصدر السابق، ص٢٩٧.

م$^{3}$) ئـاوی لـێ وەبەربهێنرێـت، حـەوزی حەلـەب کـە چەنـد حەوزێکـی لاوەکـی لـێ دەبێتـەوە وەک حـەوزی قوەیـق و حـەوزی جبـول، حـەوزی عاصـی کـە زۆر دەوڵەمەنـدە بـە ئـاوی ژێـر زەوی.[1] سـەرچاوەکان ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن بـڕی ئـاوی ژێـر زەوی شـیاو بۆبەکارهێنـان لـە دەوڵەتـی سـوریا (٥,٠٧٥ملیـارم$^{3}$).[2] کـە بەشـێکی باشـی دەکەوێتـە هەرێمـی ڕۆژئـاوا.

پشـت بەسـت بـەو داتایانـەی خرانـەڕوو، هەرێمـی ڕۆژئـاوا خاوەنـی نزیکـەی (١٧ملیـار م$^{3}$) ئـاوە، بـەڵام سـەرچاوەی بەشـێکی زۆری ڕووبـار و حـەوزی ڕووبـارەکان لـە دەرەوەی سـنووری سیاسـی هەرێمەکەیـە، ئەمـەش دەکرێـت وەک کەرەسـتەی فشـار لـە دژی بـەکار بهێنرێـت، چونکـە دەرامەتـی ئـاوی لـە پەیوەندییـە هاوسـێیەتی و هەرێمایەتـی و نێودەوڵەتییەکانـی نێـوان یەکـە سیاسـیەکاندا دەتوانێـت ڕۆڵـی ئەرێنـی و هـەم ڕۆڵـی نەرێنـی ببینێـت، لـە کاتـی گـرژی و شـەڕ دا دەبێتـە کەرەستەی فشـار، و لـە کاتـی ئاشـتی ڕێـڕە و ڕێگـەی ئـاوی دەبێتـە کەرەسـتەی یاریـدەدەر لـە بەهێزکردنـی پەیوەندییـەکان.

---

(١) عادل عبدالسلام، جغرافية سورية الإقليمية، المصدر السابق، ص١٦٩.
(٢) زهراء عباس هندى، ظاهر عبدالزهرا الربيعى، المصدر السابق، ص١٩٠ .

## تەوەری چوارەم

## خاک و ڕووپۆشی ڕووەکی

### یەکەم: خاک (التربة - Soil)

خـــاک تەنێکـــی سروشـــت کـــردە و بـــەردەوام لـــە پەرەســـەندندایە، لـــە ئاکامـــی کردارەکانـــی کەشـــکاری و کارلێکـــە کیمیـــای و فیزیـــای و زیندەگییەکانـــەوە دروســـت بـــووە.[1] کۆمەڵـــک فاکتـــەری سروشـــتی و مرۆیـی کار لـە خـاک دەکـەن و دروسـتی دەکـەن، ئـەم فاکتەرانـە یـان خـــاک بـــەرەو پەرەســـەندن و باشـــبوون دەبـــەن یـــان بـــەرەو داهـــەژان و کـــەم پیتـــی و لـــە ناوچـــوون دەبـــەن، خـــاک یەکێکـــە لـــەو ســـەرچاوە سروشـتیانەی مـرۆڤ پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆی لـە گەڵیـدا هەیـە، چالاکیـە ئابـــوری و ژیانییەکانـــی لـــە ســـەر ئەنجـــام دەدات.[2]

پشـت بەسـت بـە داتایـی ژمـارەی نەخشـەی (١١)، جۆرەکانـی خـاک لـە ناوچـەی لێکۆڵینـەوە دابـەش دەبـن بـۆ چەنـد جۆرێـک، لـە خـوارەوە ئاماژەیـان پـێ دەکەیـن:-

#### ١. خاکی کالسیسۆڵ (Calcisols):

بـە خاکـی نیمچـە بیابانـی دەناسرێـت، بـەوە جیـا دەکرێتـەوە کـە ڕێـژەی کالیسـیومی تێـدا بـەرزە، بـە شـێوەیەکی گشـتی ناترشـە هەتـا لـە


(١) هـاوڕێ یاسـین محمـد أمیـن، لێکۆڵینەوەیـەک لـە جوگرافیایـی هەرێمی کوردسـتانی عێـراق، سـەرچاوەی پێشـوو، لا١١٠ .
(٢) سـفین جـلال فتـح اللـە، بنچینـە و بنەماکانـی جوگرافیایـی سیاسـی، سـەرچاوەی پێشـوو، لا١٣١ .

هەرێمـە شێدارەکانیشـد.[1] کالسیسـۆڵ خاکێکـی بـە پیـت و بەرهەمـدارە بـۆ کۆمەڵێـک لـە بەروبوومـی هەمەچەشـن، و لـە ناوچـە چیایـەکان بەکاردێـت بـۆ بەخێوکردنـی ئـاژەڵ و مـەڕ و بـزن.[2] ئـەم خاکـە پانتاییەکـی گـەورەی لـە ڕووبـەری خاکـی ناوچـەی توێژینـەوە پێکدەهێنێـت، ڕووبەرەکـەی دەگاتـە (١٨٢٢٦کـم$^{2}$)، ئەمـەش ڕێـژەی (٥٥٪) کـۆی ڕووبـەری خاکـی هەرێمـی ڕۆژئـاوا پێکدەهێنێـت.[3] نەخشـەی (١١).

(١) هـاوڕێ یاسـین محمـد أمیـن، جوگرافیایـی دەرامەتـە سروشـتیەکان، چاپـی١، لـە بڵاوکراوەکانـی ناوەنـدی غەزەلنـووس، سـلێمانی،(٢٠١٥)، لا١١٠ .

(٢) خاکی کالسیسۆڵ https://www.britannica.com/science/Calisols

(٣) داتایی ژمارەی نەخشەی ژمارە (١١) .




**نەخشەی (١١) دابەشبوونی جۆرەکانی خاک لە ناوچەی توێژینەوە**

**سەرچاوە:** کاری توێژەر: بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافیەکان (١٠,٧ Arc GIS – ArcMap)

### ٢. خاکی فلۆڤیزۆڵ (Fluvisols)

یەکێکە لەو ٣٠ گروپەی خاک کە ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵی جیهانی (FAO) پۆلینی کردووە، لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی ئاو و دروستبوونی لافاو لە تەنیشت ڕووبارەکان دروست بوون، خاکێکی بە پیتە بۆ چاندنی برنج و بەروبوومە کشتوکاڵیەکان، لە وەرزە وشکەکانیش بۆ لەوەڕاندن بەکاردەهێنرێت.[١] خاکی فلۆڤیزۆڵ ڕووبەرەکەی (٨٥٥ کم٢) بەمەش ڕێژەی (٢,٦٪) لە کۆی خاکی هەرێمی ڕۆژئاوا پێک دەهێنێت.[٢]

### ٣. خاکی جبسیسۆڵ (Gypsisols)

خاکی جبسی لە دەوروبەری ڕووباری فورات بڵاوبووەتەوە، خاکەکە ڕەنگی پرتەقاڵی بەلای زەرد یا سپیدا دەڕوات، زۆر جاریش خاکێکی زەردباوە، لە دیارترین کێشەکانی بەرزی ڕێژەی مادەی (جبس)ە تیایدا.[٣] خاکی جبسی ڕووبەرەکەی (٢٢٣٨کم٢)، بەمەش ڕێژەی (٦,٩٪) ی کۆی خاکی هەرێمی ڕۆژئاوا پێک دەهێنێت.[٤]

---

(١) خاکی فلۆڤیزۆڵ

https://www.britannica.com/science/Fluvisol

(٢) داتایی ژمارەی نەخشەی ژمارە (١١) .

(٣) علي جزيري ، الكرد و كردستان (كردستان سوريا أنموذجا) ، المصدر السابق، ص٣٠٣.

(٤) داتایی ژمارەی نەخشەی (١١) .

**٤. خاکی لیپتۆسۆڵ (Leptosols)**

خاکێکی سەخت و فراوانە، بەرفراوانترین گروپی خاکە لە جیهان نزیکەی ١٣٪ ڕووبەری زەوی کیشوەری داگیردەکەن، قوڵیان سنووردارە لە نێوان (١٠ – ٣٠)سم.[١] ڕووبەرەکەی (٢٧٤٦کم$^{2}$) بەمەش ڕێژەی (٨,٣٪) لە کۆی خاکی هەرێمی ڕۆژئاوا پێکدەهێنێت.[٢]

**٥. خاکی لوڤیسۆڵ (Luivisol)**

لیڤسۆڵەکان کۆمەڵە خاکێکن، بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ کشتوکاڵ بە کاردەهێنرێت، لەو ناوچانەدا بەربڵاوە کە ئاوهەوایەکی مام ناوەندی هەیە، بە تایبەت ئەو ناوچانەی کەشوهەوای هاوشێوەی دەریایی ناوەڕاستیان هەیە.[٣] بەگشتی ٥٪ کۆی ڕووبەری زەوییە کیشوەریەکان لە سەر زەوی داگیر دەکەن، خاکێکی زۆر بە پیتە، ڕێژەیەکی بەرز لە ئایۆنە خۆراکیەکانی وەک کالیسیوم، مەگنیسیوم، سۆدیوم، پۆتاسیوم تێدایە.[٤] ڕووبەرەکەی (٥١٨٨کم$^{2}$) بەمەش ڕێژەی (١٥,٦٪) لە کۆی خاکی هەرێمی ڕۆژئاوا پێکدەهێنێت.[٥] جێگای ئاماژەیە ئەم جۆرە خاکە بە شێوەیەکی فراوان لە ڕۆژئاوای هەرێمەکە بە دیار دەکەوێت.

---

(١) خاکی لیپتۆسۆڵ

https//:www.isric.org/explore/world-soil-distribution/leptosols

(٢) داتایی ژمارەی نەخشەی (١١) .

(٣) خاکی لوڤیسۆڵ

https//:www.isric.org/explore/world-soil-distribution/luvisols

(٤) خاکی لوڤیسۆڵ

https//:www.britannica.com/science/Luvisols

(٥) داتایی ژمارەی نەخشەی (١١) .

٦. **خاکی ڤێرتیسۆڵ (Vertisols):** ئەم خاکە ڕێژەیەکی بەرزی کانزای گڵی تێدایە، بە شێوەیەکی گشتی لە بەردی زۆر بنەڕەتیەوە دروست دەبن وەک بازلت، ئەم خاکە بە پیتە بۆ چاندنی پەتاتە و برنج و گەنم.[١] ڕووبەرەکەی (٣٧١٩کم٢) بەمەش ڕێژەی (٪١١,٢) لە کۆی خاکی هەرێمی ڕۆژئاوا پێکدەهێنێت.[٢]

٧. **خاکی ئاوی (Water Bodies):** بە خاکی (Bog) دەناسرێت، کە ڕێژەی شێی زۆرە و زیاد لە پێویست تێر ئاوە، بۆیە زەویەکی مل نەرم و ئیسفەنجی ترشە، هیچ ڕووەکێکی تێدا ناڕوێت، جگە لەو ڕووەکە تایبەتانەی لە بەردەم شێی زۆری خاک خۆڕاگرە.[٣] ئەم خاکە ڕووبەرێکی زۆر بچوک داگیر دەکات کە ڕووبەرەکەی (١٣٢کم٢)، بەمەش ڕێژەی (٪٠,٤) لە کۆی خاکی هەرێمی ڕۆژئاوا پێکدەهێنێت.[٤]

(١) خاکی ڤێرتیسۆڵ

https://www.uidaho.edu/cals/soil-orders/vertisols

(٢) داتایی ژمارەی نەخشەی (١١) .

(٣) هاوڕێ یاسین محمد أمین، جوگرافیایی دەرامەتە سروشتیەکان، سەرچاوەی پێشوو، لا١١١ .

(٤) داتایی ژمارەی نەخشەی (١١) .

**دووەم / ڕووپۆشی ڕووەکـــــی الغطاء النباتي - (Plant cover)**

مەبەســت لێــی ســەرجەم ڕووپۆشــە ڕووەکیەکانــی وەک (دارســتان و داروودرەخــت و گژوگیــا) دەگرێتــەوە، هەرکاتێــک بارودۆخــی گونجــاو هەبێــت زیــاد دەکــەن، بــۆ ڕواندنیــان بــە بــێ دەســتکاری مــرۆڤ لــە هــەر قۆناغێــک لــە قۆناغەکانــی گەشــەکردنیان و بەشــێک لــە ژینگــەی جوگرافــی ناوچەکــە دادەنرێــت.(١)

ســەبارەت بــە ڕووپۆشــی ڕووەکــی ناوچــەی توێژینــەوە ئــەوا جیــاوازی زۆر هەیــە لــە ڕووی جــۆر و چــڕی ڕووپۆشــی ڕووەکــی لــە ناوچەیــەک بــۆ ناوچەیەکــی تــری هەرێمەکــە، بــە جۆرێــک ناوچەکانــی ڕۆژهــەڵات و ناوەڕاســتی هەرێمەکــە هــەژارە لــە ڕووی ڕووپۆشــی ڕووەکــی بــەراورد بــە ناوچەکانــی ڕۆژئــاوا و باکــووری ڕۆژئــاوای هەرێمەکــە، ناوچەکانــی ڕۆژهــەڵات و ناوەڕاســت خاوەنــی دارســتانی مــام ناوەنــد و داری کورتــە بــاڵان لــە جــۆری (جاکــی)، بەرگــی گیایــی لــە دەشــتەکانی جەزیــرە و کوبانــی لــە بەهارانــدا نەبێــت لــە وەرزەکانــی دیکــەدا دەچێتــە خانــەی نەبــوون.(٢)

ئەمــەش فاکتــەری ئــاو هــەوا یەکێکــە لــە هــۆکارەکان، چونکــە کــەش و هــەوای دەریایــی ناوەڕاســت وا دەکات بارانبارینــی بەهێــز مــاوەی چــوار مانــگ تێپــەڕ نــاکات، لــە بەرامبــەردا ماوەیەکــی درێــژ کەشــێکی گــەرم ڕوودەکاتــە ناوچەکــە هەشــت مانــگ دەخایەنێــت.(٣)

---

(١) أزاد محمــد أميــن، المقومــات الجغرافيــة الطبيعيــة لنشــوء و تطــور الســياحة في المنطقــة الجبليــة في العــراق، مقدمــة في الجغرافيــة الســياحية، ١٩٨٠، ص٩٠ .

(٢) علي جزيري، الكرد و كردستان (كردستان سوريا أنموذجا )، المصدر السابق، ص٣٠٤.

(3) https//:www.greenarea.me/ar/71834/

هەرچـی ناوچەکانـی ڕۆژئـاوا و باکـووری ڕۆژئـاوای هەرێمەکەیـە، ڕووپۆشـی ڕووەکـی بـە شـێوەیەکی چـر بەدیاردەکەوێـت، بـە تایبـەت لـە دامێنـی بەرزاییـەکان، ئەمـەش بە پلەبەنـدی زیاد و کـەم دەکات، هەرچەندە بـەرەو ڕۆژهـەڵات و باشـوور بڕۆیـن بە تایبـەت ناوچەکانی (چیای سـەمعان) پاشـماوەی چەندیـن دارسـتانی کـۆن بـە دیاردەکەوێت کە تووشـی بڕینەوە و لـە ناوچـوون بـوون لـە لایەن دانیشـتوان بـۆ خۆگـەرم کردنەوە بـۆ ماوەیەکی درێـژ، لـە سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەم و لـە سـەردەمی عوسـمانییەکان زۆرێـک لـە دارسـتانەکانی ناوچەکە بڕدرانەوە، وەک سـوتەمەنی بەکاردەهات بـۆ شـەمەندەفەری هێلـی خێرای ڕۆژهـەڵات، سـەبارەت بە جـۆری دارەکانی ناوچـەی توێژینـەوە، لێـرەدا ئامـاژە بـە نـاوی دەکەیـن ئەوانیـش (کـزوان، بنیشـتوک، سـند یـان پەڵـوت، مـازی کـە داری مـەزن و بـە تەمەنـن و بەرهەمـدارن، عەرعـەر، زەیتـون، سـماق، کەنـار، تەزبـی،...... هتـد).[١]

جێگای ئاماژەیە بە هۆی ئەو شەڕ و ئاڵۆزیەی لە سوریا و هەرێمەکە بەڕێوە دەچێت، کاریگەری تەواوی کردوەتە سەر ڕووپۆشی ڕووەکی، لە ڕێگەی بۆردومانی بێ جیاوازی و بۆمبی بەرمیلی و مووشەک و ئامرازەکانی تری لە ناوبردن، بە تایبەت ناوچە گەرمەکانی شەڕ لە سنووری نێوان تورکیا و هەرێمی ڕۆژئاوا، لە لایەکی ترەوە بە هۆی خراپی گوزەرانی خەڵکی ناوچەکە نەبوونی سوتەمەنی، دانیشتوانی ئەو ناوچانە پەنایان بردوەتە بەر بڕینەوەی دارەکان بۆ خۆگەرمکردنەوە و چێشتلێنان، ئەمەش وای کردوە ناوچەکە توشی کارەساتی گەورەی لە ناوچوونی ڕووپۆشی ڕووکی بێتەوە.[٢]

---

(١) محمد عبدو علی، جبال الکرد :المنطقة عفرین، الطبعة الأولی، عفرین، ٢٠١٤ ، ص٣٩ .

(2) https://www.aawsat.com/home/article/915571/

## تەوەری پێنجەم

## دەرامەتی کانزایـــی (المعدن – Mineral)

کانـزا بریتیـە لـە هـەر مادەیـەک کـە لـە سـەرچاوەی ئۆرگانـی یـان نائۆرگانـی پێکهاتبێـت، کریسـتاڵی یـان ناکریسـتاڵی بێـت، تایبەتمەنـدی سروشـتی دیاریکـراوی هەبێـت، پێکهاتـەی کیمیایـی دیاریکراوبێـت کـە بـە هاوکێشـەیەک دەرببڕێـت، زۆر جـار زاراوەی خـاو بەکاردەهێنرێـت لە جیاتی کانـزا کـە هەمـان مانـای هەیـە، بـەڵام زۆرتـر خـاو بـۆ کانزایـەک بەکاردێـت کـە هێشـتا لـە نـاو زەویدایـە.[1] بوونـی دەرامەتـی کانزایـی جۆراوجـۆر لـە هـەر یەکەیەکـی سیاسـی دەوەسـتێتە سـەر مێـژووی پێکهاتـەی جیۆلۆجـی و شـێوەی گەشەسـەندنی ئـەو ناوچەیـە لـە سـەردەمە جیۆلۆجیەکانـدا، بێگومـان کانزاکانیـش بەگشـتی ڕۆڵێکـی گرنـگ دەبینێت لە بەرەو پێشـبردنی بژێـوی ئابـوری دانیشـتوانی هەرێمـی سیاسـی.[2] هەرێمـی ڕۆژئـاوا بـە هۆی پێکهاتـەی جیۆلۆجیەکـەی، کانـزا بـە بـڕ و جـۆری جیـاواز دابەشـبوون بـە سـەر ناوچەکانـی هەرێمەکـە بەگشـتی دابـەش دەکرێـن بـۆ سـێ جـۆر:-

### ١. سەرچاوەکانی وزە (سوتەمەنی بە بەردبوو)

هــەر گروپێــک لــەو مادانــەی کــە هایدرۆکاربۆنیــان تێدایــە و بــە شـێوەیەکی زینـدەی لـە توێکڵـی زەویـدان، دەتوانرێـت وەک سـەرچاوەی

(١) هـاوڕێ یاسـین محمـد أمیـن، جوگرافیایـی دەرامەتـە سروشـتیەکان، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٣٤٦.

(٢) سـفین جـلال فتـح اللـە، بنچینـە و بنەماکانـی جوگرافیایـی سیاسـی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٢٥.

وزە بەکاربێـــن، مـــرۆڤ لـــە ڕێگـــەی هەڵکەنـــدن و دەرهێنانەکانـــەوە سـووتەمەنی بـە بەردبـووی دەسـت دەکەوێـت، گرنگتریـن سـوتەمەنییە بەبەردبـووەکان بریتیـن لـە خەڵـوز و نەوتـی خـاو و گازی سروشـتی، ئەمانـە هەمـووی لـە کاربـۆن و لـە ئەنجامـی چەندیـن پرۆسـەی جیۆلۆجـی دروسـت دەبـن.[١] بوونـی ئـەم سـەرچاوانە لـە ناوچـەی توێژینـەوە دەرخسـتەی هێـزی شـوێنی جوگرافـی هەرێمەکەیـە، بـە شـێوەیەکی گشـتی دابـەش دەبێـت بـۆ ئەمانـەی لای خـوارەوە:-

**أ. نەوتی خاو (نفط - Petroleum)**

تێکەڵەیەکـی ئاڵـۆزە، لـەو هایدرۆکاربۆنانـەی لـە دۆخـی شـلی و گازی و ڕەقـی لـە زەویـدا دروسـت دەبـن، دەسـتەواژەی پیترۆلیـەم زۆر جـار بـۆ دۆخـە شـلەکەی بـە کاردێ، بـە شـێوەیەکی بـاو پێـی دەوترێـت نەوتـی خـاو (Crud oil) و بـە مـادە گازیەکـەی دەوترێـت (Natural gaz) و بـە مـادە ڕەقەکـەی دەوترێـت قیـر یـان ئیسـفڵت (Aspharlt).[٢] لـە ڕووی بوونـی ئـەم کانزایـە، ناوچـەی جەزیـرە لـە ڕۆژهەڵاتـی هەرێـم خاوەنـی گرنگتریـن ناوچـەی بەرهەمهێنانـی نـەوت و غـازە، کـە بـە شـادەماری ئابـوری هەرێمی ڕۆژئـاوا و دەوڵەتـی سـوریا هەژماردەکرێـت، گرنگتریـن کێڵگەکانـی ناوچـەی جەزیـرە (پارێـزگای حەسـەکە) بریتیـن لـە (ڕمێـلان، سـوەیدیە، قەرەچـوخ، جبسـیە) و هەندێـک کێڵگـەی نـوێ لـە ڕۆژئـاوای جەزیـرە دۆزراونەتـەوە کـە درێژدەبنـەوە تـا ناوچـەی تربەسـپی (قحطانیـة).[٣]

---

(1) https//:www.britannica.com/science/Luvisols

(2) https//:ahdictionary.com/word/search.html?q=petroleum

(٣) عـلي جزيـري، الكـرد و كردسـتان (كردسـتان سـوريا أنموذجـا)، المصـدر السـابق،

بــە پێــی ڕاپۆرتــی ڕۆژنامــەی جۆرناڵــی نــەوت و گازی ئەمریکــی، ســوریا لــە ٢٠١١/١/١ دا یەدەگــی نەوتــی ســوریا (٥,٢) ملیــار بەرمیــل بــووە، کــە ڕۆژنامەکـە ئامـاژەی پـێ دەکات و دەڵـێ «سـوریا یەدەگـی نـەوت و گازەکـەی دەکەوێتـە ڕۆژهەڵاتـی باکـووری سـوریا، واتـە کوردسـتانی سـوریا، کـوردەکان پێـی دەڵێـن ڕۆژئـاوای کوردسـتان، کـە هاوسـنووره لەگـەڵ عێـراق و تورکیـادا.[١] هەندێکـی دیکـە لـە سـەرچاوەکان ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن کـە یەدەگـی نـەوت لـە وڵاتـی سـوریا بڕەکـەی (٢,٥) ملیـار بەرمیـل مەزەنـدا دەکرێـت، لــەو بــڕە ســەرووی (٩٠٪) ئــەو نەوتــەی دۆزراوەتــەوە دەکەوێتــە ســنووری ڕۆژهەڵاتــی فــورات.[٢] پێــش نارەزایەتــی و ئاڵۆزییــە سیاســی و ســەربازییەکان لــە ناوچەکــە دژ بــە دەســەڵاتی ســوریا لــە ناوەڕاســتی ئــاداری ٢٠١١ دا، کــۆی بــڕی بەرهــەم هێنانــی نــەوت نزیکــەی (٤٠٠) هــەزار بەرمیلــی ڕۆژانــە بــووە لــە دەوڵەتــی ســوریا، لــەم بــڕە نزیکــەی ٢٣٠ هــەزار بەرمیــل ڕۆژانــە لــە ناوچــەی جەزیــرە (پارێــزگای حەســەکە) بەرهــەم هێــنراوە.[٣] بــەم شــێوەی لای خــوارەوە:-

ص٤٠٨ .

(١) ئاژانسـی زانیـاری وزە (eia)، سـەرچاوەی سروشـتی سـوریا و ڕۆژئـاوای کوردسـتان، وەرگێـران: ئەنـوەر کەریـم بـە دەسـتکاریەوە، ژوری توێژینەوەکانـی بزوتنـەوەی گـۆڕان، ٢٠١٩، لا٥ .

(٢) سەرتیپ جەوهەر، خاکی ڕەش، چاپی یەکەم، ٢٠٢١، لا١٠٧ .

(3)https//:www.bbc.com/arabic/middleeast46693867-

**خشتەی (٥) کێڵگەکانی نەوت و بڕی بەرهەمیان لە ناوچەی توێژینەوە**

| ناوی کێڵگە | بڕی بەرهەم/هەزار ڕۆژانە | ژمارەی بیر |
|---|---|---|
| کێڵگەکانی ڕمێلان | ٩٠,٠٠٠ | ١٣٢٢ |
| کێلگەکانی (السويدية) | ١١٦,٠٠٠ | - |
| کێلگەکانی شەدادی،جبسية، هۆڵ | ٣٠,٠٠٠ | - |
| کێڵگەی یوسفیە | ١,٢٠٠ | - |

**سەرچاوە** / کاری توێژەر پشت بەست بە:

https//:www.bbc.com/arabic/middleeast46693867

جێـگای ئاماژەیـە پـاش ئاڵـۆزی و ناڕەزایەتییـە سیاسـییەکان لـە هەرێمـی ڕۆژئـاوا و بەشــەکانی دیکــەی دەوڵەتــی ســوریا، کەرتــی وزە توشــی زەرە و زیانێکــی ئێجــگار گــەورە بووەتــەوە، ئەمــەش بووەتــە هــۆی ئــەوەی بــڕی بەرهــەم بــە ڕێژەیەکــی زۆر کــەم بــکات، بــە جۆرێــک هەندێــک لــە ســەرچاوەکان ئامــاژە بــۆ ئــەوە دەکــەن کــە تێکــڕای بەرهەمهێنانــی نــەوت لــە ناوچــەی جەزیــرە نزیکــەی (٥٠) هــەزار بەرهەمــی ڕۆژانەیــە.[1]

بـەڵام ئـەم ژمارانـە سـەبارەت بـە بەرهەمـی نـەوت ژمارەیەکـی فەرمـی نییـە، جیـاوازی هەیـە لـە بـڕ و ژمـارەکان بـە پێـی سـەرچاوەکان، هەندێـک سـەرچاوە ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن ئـەو بـڕەی ئێسـتا بەرهـەم دەهێنرێـت

(1)https://www.trtarabi.com/issues/%D8%A7%D9%84%D9%86%D9%81%D8%B7

* لە بەشی چوارەم بە درێژی ئاماژەی پێ دەدەین .

١٠٠ هـەزار بەرمیلـی ڕۆژانـە زیاتـرە، ئـەم ڕێـژەش لـە ڕۆژهەڵاتـی فـورات بەرهـەم دێـت کـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی (ڕێڤەبـەری خۆسەر)ـە*، ئـەو بـڕەی بەرهـەم دێـت بـەراورد بـە بوونـی یەدەگـی نـەوت لـە ناوچەکـە کەمـە، بـەڵام بەرهەمهێنانـی نـەوت لـە لایـەن ڕێڤەبـەری خۆسـەر سـنووردارە، لـە ئێسـتادا توانایـی بـەرەو پێشـبردنی ئـەم کەرتەیـان نییـە، بـە توانایەکـی سـاکار و تەکنیکێکـی کـۆن بەشـێک لـەو نەوتـە دەردەهێنرێـت.[١]

**ب. گازی سروشتی (الغاز الطبيعي – Natural Gaz)**

گازی سروشـتی پێشـی دەوترێـت گازی میسـان یـان گازی میسـانی سروشـتی، گازێکـی هایدرۆکاربۆنـی بێڕەنگـی گڕگرتـوە کـە بـە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە میسـان و ئیسـان پێکدێـت.[٢] بـە شـێوەیەکی سروشـتی لـە ژێـر زەویـدا کۆبووتـەوە، جیـاوازە لـە گازی دەسـتکرد کە لـە خەڵـوز و نەوتی خاو دەردەهێنرێـت، لـە چەنـد ڕەگەزێکـی سـەرەکی پێکهاتـووە، لـە کێڵگەیەکەوە بـۆ کێڵگەیەکـی تـر جیـاوازی لـە ڕێـژەی پێکهاتەکانیـدا هەیـە.[٣]

سـەبارەت بـە بوونـی گازی سروشـتی لـە ناوچـەی توێژینـەوە، داتـا و زانیـاری ورد لـە بەردەسـت نیـن، لـە ڕووی قەبـارە و بـڕی بەرهـەم و یەدەگـی گاز، ئـەوەی هەیـە هەندێـک ناوەنـد و سـەنتەری توێژینـەوە ئاماژەیـان پێکـردووە کـە ژمـارەکان نـا بەرابەریەکـی زۆریـان تێدایـە،

(١) سەرتیپ جەوهەر ، خاکی ڕەش ، سەرچاوەی پێشوو ، لا١٠٨ .
(٢) گازی سروشتی
https//:zaniary.com/blog621/e8ed16010a%/D8%B3%D9%88%D9%88
(٣) هـاوڕێ یاسـین محمـد أمیـن، جوگرافیایـی دەرامەتـە سروشـتیەکان، سـەرچاوەی پێشـوو، لا٤٠٢.

ناوەندی فێرێک بۆ توێژینەوە لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بڕی گازی سروشتی سوریا دەگاتە ٢٨ ترلیۆن مەتر سێجا، زۆربەی دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دێرەزور تەریب لەگەڵ سنووری عێراق، بەم پێیەش سوریا پلەی سێیەم وەردەگرێت لە سەر ئاستی جیهان لە ڕووی یەدەگی گازەوە.[١]

بەڵام ئەوەی زیاتر جێی متمانەیە و زۆرێک لە ناوەند و دەستەکان ئاماژەیان پێکردووە، ئەوەیە یەدەگی گازی سروشتی سوریا لە ساڵی ٢٠٠٨ دا نزیکەی ٢٤٠ ملیار مەتر سێجا بووە، بەمەش پلەی (٤٢)یەمین دەگرێت لە سەر ئاستی جیهان، بڕی بەرهەمی ڕۆژانە لە ناوەڕاستی ساڵی (٢٠١١) نزیکەی (٣٠,٢)ملیۆن$م^٣$ بووە، لەم بڕەش بەشێکی دەکەوێتە ناوچەی توێژینەوە بە جۆرێک (٥٠٪) بەرهەمی گازی سروشتی دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی فورات لە پارێزگای حەسەکە بەرهەم دەهێنرێت بۆ پێویستی ناوخۆ بەکاردەهێنرێت.[٢]

سەبارەت بە دابەشبوونی کێڵگەکانی گاز و بڕی بەرهەمیان ناوچەی جەزیرە (پارێزگای حەسەکە) کۆنترین کێڵگەی گازی لێیە، کە تا ئێستا گازی لێ بەرهەم دەهێنرێت، ئەوانیش کێڵگەی گازی ڕمێلان کە گەورەترین کێڵگەی گازی پارێزگاکەیە، توانای بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی (٢)ملیۆن$م^٣$یە، کێڵگەی غازی (جبسية) توانای بەرهەمهێنانی (١,٦٠٠) هەزار$م^٣$ ڕۆژانە.[٣]

---

(١) سەرتیپ جەوهەر، خاکی ڕەش، سەرچاوەی پێشوو، لا١١١ .

(٢) هەمان سەرچاوە پێشوو، لا١١١.

(٣) سەرچاوەی پێشوو

issues/com.trtarabi.www//:https

بە شێوەیەکی گشتی بەشێکی زۆری ئەم گازە لە ناوخۆدا بەکاردەهێنرێت بۆ ویستگەکانی کارەبا و هۆکارەکانی تری بەکاربردن.[1]

**ج. خەلوزی بەردین**

یەکێکە لە سوتەمەنییە بە بەردبووەکان، کە مادەیەکی ڕەقی کاربۆنییە و ڕەنگی ڕەش یان قاوەیەکی تۆخە، زۆرجار لە چینی تاوێرە نیشتەنییەکاندا دروست دەبێت.[2] سەبارەت بە بوونی خەڵوزی بەردین لە ناوچەی توێژینەوە، هیچ ئاماژەیەک نییە بە بوونی ئەم کەرەستەیە بە شێوەیەکی ئابوریانە لە ناوچەی توێژینەوە.

**٢. کانزا فلزییەکان**

ئەو کانزایانەی دەردەهێنرێن و دەتوێندرێتەوە و فلزی تریان لێ دروست دەکرێت وەک فلزە ئازادەکانی (زێر، زیوو، تەنگستن....... هتد) یان ئاوێتەی وەک ئۆکسیدی ئاسن، گۆگرداتی قورقوشم، مس، کاربۆناتی ئاسن.[3] چەند جۆرێک لە کانزای فلزی لە هەرێمی ڕۆژئاوا هەیە بەم جۆرەی خوارەوە:-

**ئاسن:** کانزایەکی خۆڵەمێشی مەیلە و ڕەشە لە ئێستادا لە هەموو

(١) ئاژانسی زانیاری وزە (eia)، سەرچاوەی سروشتی سوریا و ڕۆژئاوای کوردستان ، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠.

(٢) سوتەمەنی بەبەردبوو

https//:zaniary.com/blog621/e8ed16010a%/D8%B3%D9%88%D9%88

(٣) سفین جلال فتح اللە، بنچینە و بنەماکانی جوگرافیایی سیاسی، سەرچاوەی پێشوو، لا١٢٥.

كانزایـەك گرنگـترە و لـە گەلێـك پیشەسـازی گۆڕانـكاری و دەرهێنانـدا بـە مادەیەكـی سـەرەكی دادەنرێـت.[1] خـاوی ئاسـن لـە ناوچـەی توێژینـەوە پێـی زانـراوە لـە سـەدەمی عوسـمانییەكانەوە و لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتەم توانـراوە لـە ناوچـەی عەفریـن خـاوی ئاسـن بـە دەسـت بخرێـت، بـەڵام دەرهێنانـی تێـدا ئەنجـام نـەدراوە، سـۆڤیەتیەكان لێكۆڵینەوەیـان لـە سـەر توانـای ئابوریانـەی ئـەم خـاوە ئەنجـام داوە لـە چەنـد شـوێنێك وەك (راجـۆ، گـری، علمـدار)، و ئەنجامـی لێكۆڵینەوەكـە ئـەوە بـووە، كـە ئەسـتوری خـاوی ئـەم كانزایـە (٧ – ٢٠)م، درێـژ دەبێتـەوە بـە شـێوەی زنجیـرە دەگاتـە ١١كـم و ڕێـژەی كانـزا لـە خاوەكـەدا دەگاتـە (٢١ – ٥١٪).[2]

**كـرۆم:** ئـەم كانزایـە لـە ناوچـەی (كـورداخ) لە سـەردەمی عوسـمانییەكان دۆزراوەتـەوە، بـە شـێوەی سـادە و سـەرەتایی، ئـەوەی بـە دیـار دەكەوێـت ئەسـتوری چینەكانـی خـاوی ئـەم كانزایـە لـە نێـوان (٢٠ – ٣٠)سـم و دەمارەكانـی لـە نیـوان (١ – ٢٠)م، ڕێـژەی خـاو لـە كانزاكـەدا لـە نێـوان (٣٠ –٤٠٪)، ئەمـەش بـۆ وەبەرهێنـان ئابوریانـە نییـە.[3]

**مەنگەنیز:** ناوچەی (البسط)، لە سەردەمی فەرەنسیەكاندا مەنگەنیزی لێ دۆزراوەتەوە، كە ڕێژەی ئەم كانزایە لە خاوەكەیدا (٢٠ – ٤٠٪) و یەدەگەكەی بە (٢٠) هەزار تەن دەخەمڵێنرێت، هەر بۆیە بایەخێكی ئابوریانەی نییە.[4]

(١) هـاوڕێ یاسـین محمـد أمیـن، لێكۆڵینەوەیـەك لـە جوگرافیایـی هەرێمی كوردسـتانی عێـراق، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٩٦ .

(٢) علي جزيري ، الكرد و كردستان (كردستان سوريا أنموذجا)، المصدر السابق، ص٤٠٧.

(٣) المصدر نفسه، ص٤٠٧ .

(٤) المصدر نفسه، ص٤٠٧ .

**٣. کانزا نافلزیەکان**

وەک فۆسفات و گۆگرد و باریت و خوێی چێشت و قوم و بەردی جبس.... هتد.[١] سەبارەت بە بوونی کانزا نافلزیەکان لە ناوچەی توێژینەوە، ئەم کانزایانە دابەش بوون بە سەر ناوچەکانی توێژینەوە بە بڕ و ڕێژەی جیاواز، بۆ نموونە خوێ دەکەوێتە باشووری چیای شنگال و ناوچەکانی جەزیرە و جبسیە، کبریت دەکەوێتە سەرێ کانی و خابور بەرهەمی ساڵانەی (٦٠) هەزار تەنە.[٢]

لە سەر بنەمای ئەوەی خرایەڕوو لە سەر دەرامەتی کانزای ناوچەی توێژینەوە، دەگەینە ئەوەی بڵێین بوونی دەرامەتی کانزایی لە هەر یەکەیەکی سیاسی هێز بە هەرێمەکە دەبەخشێت، دەتوانرێت وەک هێزێکی ڕامیاری کاریگەر مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت، ناوچەی توێژینەوە وەک خرایەڕوو دەوڵەمەندە بە نەوت و گاز، کە کاڵایەکی ستراتیژی و ئابوری و ڕامیارییە لە سەر ئاستی جیهان، ئەگەر ژیرانە مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت دەبێتە هۆی خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن و گەشەکردنی هەرێم، گەر نا دەبیتە هۆی گەندەڵی و نادادی و کاولکاری و حوکمی زۆرداری.

جێگای ئاماژەیە ململانێیەکی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەیە لە سەر سامانی سروشتی ناوچەکە، وەک ئەوەی ئێستا لە هەرێمی ڕۆژئاوا هەستی پێدەکرێت، ململانێکی توند لە نێوان وڵاتانی هەرێمی وەک

(١) سفین جلال فتح اللە، بنچینە و بنەماکانی جوگرافیایی سیاسی، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٢٦.
(٢) علي جزيري، الكرد و كردستان (كردستان سوريا أنموذجا )، سەرچاوەی پێشوو، ص٤٠٨.

تورکیا و ئێران لە سەر سامانی نەوت گازی هەرێمەکە هەیە و ململانێی نێودەوڵەتیش لە نێوان ڕووسیا و ئەمریکا هەیە، بە جۆرێک هەر یەک لەم دەوڵەتانە بە هێزی سەربازی بوونیان هەیە لە ناوچەکە، بۆیە دەبێت ئەم کاڵا ستراتیژیە بە هۆشیاریەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ببێتە مایەی پێشکەوتن و بووژانەوەی ژێرخانی ئابوری هەرێمی ڕۆژئاوا.

بوونی دەرامەتی کانزایی جۆرا و جۆر لە هەرێمی ڕۆژئاوا پێگە و قورسای جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە لە سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەرزدەکاتەوە، بە فاکتەری گرنگە بۆ ڕاکێشانی کۆمپانیا زەبەلاحە نێودەوڵەتییەکانە بۆ وەبەرهێنان لە کەرتی وزەی هەرێمەکە، کە ئەمەش کاریگەری دەبێت لە سەر پێگەی ناوچەکە لە ناو بڕیار و هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا، سەرەڕایی ئەمە وەک سەرچاوەیەکی گرنگی داهات و بەهێزکردنی ئابوری هەرێمەکەیە لە ئێستا و ئایندەدا و چەکێکی کاریگەرە لە دژی هەموو ئابوڵوقە و گەمارۆیەک بخرێتە سەر هەرێمەکە، هەروەها فاکتەرێکی گرنگی سەقامگیری ئاسایشی ناوخۆی هەرێمەکەیە.

# بەشی سێیەم

# توانستە جوگرافییە مرۆییەکانی هەرێمی ڕۆژئاوا

بنەما مرۆییـەکان لـە دیاریکردنـی سـەنگی سیاسـی هەرێـم بایەخێکـی زۆریـان هەیـە، ئـەم بنەمایانـە لـە گرنگـی بنەمـا سروشـتییەکان کەمـتر نییـە، بگـرە زیاتریشـە، چونکـە هـەر دانیشـتوان نیشـتەجێی زەویـن و بەرهەمهێنـەرن، هەرێـم و دەوڵەتیـش هـەر بـۆ خزمەتـی دانیشـتوانەکەی دروسـت بـووە، هـەر دانیشتوانیشـە کار و چالاکییـە ئابورییـەکان ئەنجـام دەدات، ئەگـەر کێشـەی سیاسـی و ئابوریـش لـە نێـوان دەوڵەتانـدا هەبێـت و شـەڕیش هەڵبگیرسـێت ئـەوا بـە هـۆکاری مرۆییەوەیـە، شـیکردنەوەی بنەمـا مرۆییـەکان بـە بنچینەیەکـی گرنگـی بـواری جوگرافیـای سیاسـی دادەنرێـت.[1] لـەم بەشـەدا پشـت بەسـت بـەو سـنوورەی بـۆ هەرێمـی ڕۆژئـاوا کێشـاومانە لـە چوارچێـوەی ئـەو سـنوورە، لـە چەنـد بـاس و تەوەرێکـدا خەسـڵەتە مرۆییەکانـی هەرێمـی ڕۆژئـاوا دەخەینـەڕوو:-

(١) سـفین جـلال فتـح اللـە، بنچینـە و بنەماکانـی جوگرافیایـی سیاسـی، سـەرچاوەی پێشـوو، لا ١٣٣ .

## باسی یەکەم

## جوگرافیای دانیشتوانی هەرێمی ڕۆژئاوا

دانیشـتوان تەوەرێکـی سـەرەکی لێکۆڵینەوەکانـی جوگرافیـای سیاسـی پێکدێنـن، ئەویـش بـەو پێودانگـەی کـە دانیشـتوان ئـەو هێـزە بنەڕەتیـە پێکدێنـن کـە سـەنگی جیۆپۆلەتیکـی هـەر هەرێـم و دەوڵەتێـک دیـاری دەکات.[1] بـە مەبەسـتی ڕوونکردنـەوە، گۆڕانکارییـە دیمۆگرافیـەکان، تایبەتمەندییەکانـی دانیشـتوانی هەرێمـی ڕۆژئـاوا دەخەینـەڕوو:-

## تەوەری یەکەم

## گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان (التغیرات الدیموغرافیة) بەرنامە داڕێژراو

هەرێمـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان لـە سـەروبەندی دروسـتبونی دەوڵەتـی سـوریاوە تاوەکـوو ئەمڕۆ، سـەقامگیری ڕامیـاری و کۆمەڵایەتی ڕەهـا و ماوە درێـژی بەخۆیـەوە نەدیـوە، بێگومـان دۆخـی سیاسـی و کارگێـری پەیوەسـتە بـە سـەرجەم کایەکانـی ژیـان و کاریگەریەکانـی بـە سـەر ژیـان و گوزەرانـی هـەر کۆمەڵگایەکـی دانیشـتوانی لـە چوارچێـوەی سـنووره سیاسـیەکەیدا شـۆڕدەبێتەوە، داتـا و زانیارییـە دانیشـتوانییەکان لەگـەڵ تـەواوی پرۆسـە دیمۆگرافیـەکان لـە ناوچـەی توێژینـەوە لـە سـەر ڕەوتـی ئاسـایی بـە پێـی سـتاندارده زانسـتی و پێـوەرە نێودەوڵەتییـەکان شـێوەیان نەگرتـووە، بەڵکـو هەڵکشـان و داکشـانی ناسروشـتی و بـەرزی و نزمـی زۆریـان بـە خۆیانـەوە

(١) جـەزا تۆفیـق تالیب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشـتوانی هەرێمی کوردسـتانی عێراق، جاپی یەکەم، سـەنتەری لێکۆڵینەوەی سـتراتیژی کوردسـتان، لا٧٧ .

بینیـوە، هەمـوو ئەمانە وایکردووە شـیکردنەوە و هەڵسـەنگاندنی خەسـڵەت و تایبەتمەندییـە دانیشـتوانییەکان زیاتـر بـە هـۆکاری سیاسـیەوە گرێدرابـن، نەخشـی هۆکارەکانـی تـر کاریگەریـان کەمـتر بێـت.

ئـەو ئالەنگاریانـەی لـە دەستنیشـانکردنی سـنووری ناوچـەی توێژینـەوە خسـتنمانەڕوو، بـە هەمـان شـێوە ڕۆڵێکی کاریگـەری هەیە لە سـەر نەبوونی داتـای فەرمـی و سـەرچاوەی زانیـاری دروسـت لـە سـەر تایبەتمەندییەکانـی دانیشـتوان لـە ناوچـەی توێژینـەوە، بـە جۆرێـک ڕۆژئـاوای کوردسـتان دووچـاری سیاسـەتێکی پـلان بـۆ دانـراو و هەڵمەتێکـی فراوانـی ئەتنیکـی بـووە پـاش سـەربەخۆی سـوریا لە(١٧نیسـانی ١٩٤٦)، و بەدیاریکـراوی پـاش هاتنـە سـەر دەسـەڵاتی حیزبـی بەعسـی عەرەبـی سـوریا، سیاسـەتی ئـەو حیزبـە کاریگـەری فراوانـی لـە سـەر دیمۆگرافیـای ڕۆژئـاوای کوردسـتان دروسـتکردووە، لێـرەدا بەشـێک لـەو سیاسـەت و پـلان و هـەوڵ و کردارانـە دەخەینـەڕوو کـە لـە لایـەن دەسـەڵاتی ناوەنـدی دەوڵەتـی سـوریا ئەنجـام دراوە بـۆ گۆڕینـی دیمۆگرافـی لـە ناوچـەی توێژینـەوە:-

١. **گۆڕینـی نـاو و سـیما نەتەوەییـەکان:** پـاش سـەربەخۆبوونی سـوریا ڕەوشـی دانیشـتوانی ڕۆژئـاوای کوردسـتان بـەرەو خراپـی ڕۆشـتووە، بـە هـۆی ئـەو سیاسـەتانەی حکومەتـی عەرەبـی گرتبوویـە بـەر دژ بـە دانیشـتوانی کـوردی ناوچەکـە.[1] بـە ئاشـکرا کاریـان لـە دژی گەلـی کـورد کـردووە و هەوڵـی دورخسـتنەوەیان داوە لـە بەشـداری سیاسـی و کارگێـری، لـەو چوارچێـوەدا ژمارەیـەک بڕیـار دژی گەلـی کـورد دراون، بۆ

(١) عمـر رسـول، الكـرد و الأعتقال السـياسى فـى سـورية (١٩١٧ – ٢٠١٧)، مجلـة قلمون، العـدد ٢، أب ٢٠١٧، ص٢٢٧ .

بەرتەسکردنەوەی چالاکییەکانی کورد، وەک بڕیاری (صبری العسلي) وەزیری ناوخۆی یەکەم حکومەتی سەربەخۆی سوریا لە ٢٦ نیسانی ١٩٤٦ بڕیاری داخستنی کۆمەڵەو ڕێکخراو و پارتە کوردیەکانی دا.[١]

ئەدیب شیشکلی لە (١٩ کانونی یەکەمی ١٩٤٩) کودەتایەکی ئەنجامدا و گەیشتە دەسەڵات، دەستی کرد بە گۆڕینی سیما نەتەوەییەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان، لەو سەردەمەدا چەند بڕیارێک دژ بە کورد دەرچوون، لە (٣٠ نیسانی ١٩٥٢) مەرسومی ژمارە (١٩٣) ی دەرکرد بە مەبەستی ڕێگری کردن لە خاوەندارێتی زەوی و زار و خانو و موڵک لە لایەن کوردەوە، هەروەها ڕێگریکردن لە کڕین و فرۆشتنی موڵک لە ناوچە سنووریەکان.[٢] مەرسومی ژمارە (١٩٣٩) لە لە (١٦ تشرینی دووەم ١٩٥٣) لە مادەکانی (١،٢،٣) هاتبوو کە ڕێگە نادرێت هیچ شوێنێکی تایبەتی و گشتی بە ناوی عەجەمی واتا نا عەرەبی بێت، هەر شوێنێک ناوەکەی عەرەبی نەبێت دەبێت لە ماوەی سێ مانگدا ناوی شوێنەکە بۆ عەرەبی بگۆڕدرێت.[٣]

٢. **سیاسەتی (چاکسازی جەزیرە):** کۆماری عەرەبی سوریا بە ئەنجامدانی زنجیرەیەک سیاسەتی چاکسازی لە زەویوزاردا بە مەبەستی ئامانجدار

(١) جواد ملا، كوردستان والكرد وطن مسروق و مغتصب و مقسم، طبعة ٣، برلين، ٢٠٠٨ ، ص٩٤ .

(٢) محمد جمال باروت، التكوين التأريخي الحديث للجزيرة السورية، الطبعة ١، المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات، بيروت، ٢٠١٣، ص٦٩٣ .

(٣) ئاوات عبداللە عبدالقادر، سیاسەتی حکومەتی سوریا بەرامبەر پرسی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان (١٩٧٠-٢٠٠٤ )، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٢، لا ١٩ .

زەوی کوردی بۆ عەرەب زەوت کرد.[1] سەچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن چاکسازی کشتوکاڵی لە جەزیرە ئەنجام دراوە، تێیدا نزیکەی (٢٨٪) دانیشتوانی کوردی جەزیرە لە زەویەکانیان بێبەشکران بە بیانوی ئەوەی (بیانین/بێگانەن).[2] بە پێی مەرسومی ژمارە (٢) لە ئایاری ١٩٦٢، سەبارەت بە گۆڕین و هەڵوەشاندنەوەی یاسای کشتوکاڵی، بڕیاردرا کار بە یاسایی چاکسازی کشتوکاڵی (١٩٥٨)ی سەردەمی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی بکات، بە پێی ئەو گۆڕانکارییە جوتیارانی کورد لە زەویەکانی خۆیان بێبەشکران بە ناوی (زەوی دەوڵەت)ـەوە، زەوییەکانیان لێسەندرایەوە خرایە سەر موڵکی دەوڵەت، پاشان بڕیاردرا بە سەر جوتیارانی عەرەب دابەش بکرێت.[3]

٣. **سەرژمێری نائاسایی ( الأحصاء الأستثنائي ):** سەرۆک کۆمار (ناظم القدسي) لە (٢٢ ئاب ١٩٦٢) مەرسومی ژمارە (٩٣)ی دەرکرد، تیایدا بڕیاردرا بە ئەنجامدانی سەرژمێریەکی تایبەت و نائاسایی لە ماوەی یەک ڕۆژدا بە بیانووی دزەکردنی (التسلل) کورد لە تورکیاوە بۆ ناو خاکی جەزیرە لە سوریا.[4] حکومەتی سوریا بڕیاریدا سەرژمێری و تۆمارەکانی

(١) هاريت مونتغمري، كرد سوريا وجود تعرض للإنكار، المصدر السابق، ص٦١.

(٢) ئاوات عبداللە عبدالقادر، سیاسەتی حکومەتی سوریا بەرامبەر پرسی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان (١٩٧٠-٢٠٠٤)، سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٣ .

(٣) هەمان سەرچاوە، لا ٢٣ .

(٤) علی جزیری، کردستان سوريا في المنظور الشوفيني، من مطبوعات الأكاديمية الكوردية، العدد (٥٠٤)، مطبعة جاميعة صلاحدين – أربيل. ص١١٣

* بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ملحق (٢) مرسوم تشريعی رقم (٩٣) تأريخ ١٩٦٢/٨/٢٣،

https://www.suwar-magazine.org/articles/1700

المجردون و المحرمون من الجنسية – السورية منذ ١٩٦٢ .

ڕابـردووی پارێـزگای حەسـەکە هەڵبوەشـێنێتەوە و سـەرژمێرییەکی نـوێ ئەنجـام بـدات، ئـەو کەسـانە دیـاری بـکات کـە لـە پێـش سـاڵی (١٩٤٥) ــەوە هاتوونەتە سوریا، لە ڕۆژی (٥ی تشــرینی یەکەم ١٩٦٢) مەرسومی ژمـارە (٩٣)* چـووە بـواری جێبەجێکردن و پرۆسـەی سـەرژمێری نائاسـایی لـە تـەواوی پارێزگای حەسـەکە بە شـار و گونـدەوە لە ماوەی یـەک ڕۆژدا ئەنجـام درا.(١) بـە پێـی ئەنجامەکانی ئەو سـەرژمێرییە (١٢٠) هەزار کورد لـە ناوچـە کوردیەکانی پارێزگای حەسـەکە (جەزیرە) لە ناسـنامەی سـوریا بێبەشـکران خرانـە ناو لیسـتی (بێگانەکانی حەسـەکە).(٢) لـە دەرئەنجامی ئـەم سـەرژمێریەی ئەنجامـدرا کوردەکانی ناوچەی جەزیرە دابەشـکران بۆ سـەر سـێ چین ئەوانیش:

**یەکـەم / چینـی کوردانـی هاووڵاتـی:** ئەمانـە مامەڵـەی هاووڵاتیـان لەگـەڵ دەکـرا، خاوەنـی ڕەگەزنامـەی عەرەبـی سـوریا بـوون .

**دووەم / چینـی کوردانـی بێگانـە:** ئەمانـە بێبەشـکران لـە ڕەگەزنامـەی سـوری، لـە سـاڵی ٢٠١١ ژمـارەی تۆمارکراوانـی ئـەم چینـە کـە بـە هەڵگرانـی کارتـی سـور (البطاقـة الحمـراء) دەنـاسران گەشـتە (٣٤٦٢٤٢) کـەس، لـەم ژمارەیـە (٣٢٦٤٨٩) کـەس بوونـە خاوەنـی ڕەگەزنامـەی سـوری، پـاش مەرسـومی ژمـارە (٤٩)* کـە لـە بـەرواری (٢٠١١/٤/٧)

(١) ئـاوات عبداللـه عبدالقـادر، سیاسـەتی حکومەتـی سـوریا بەرامبـەر پرسـی کـورد لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان (١٩٧٠-٢٠٠٤)، سـەرچاوەی پێشـوو، لا٢٤ .

(٢) علی جزیری، کردستان سوریا في المنظور الشوفيني، المصدر السابق، ص ١١٤ .

* بروانە : المرسوم التشريعي لعام ٢٠١١ منح الجنسية السورية،

http//:parliament.gov.sy/arabic.

لـە لایـەن (بەشـار ئەسـەد) سـەرۆک کۆمـاری سـوریا دەرکـرا، جێـگای ئاماژەیـە تـا ئێسـتاش (١٩٧٥٣) کـەس لـە هەڵگرانـی کارتـی سـور لـە بـوون بـە خاوەنـی ڕەگەزنامـە بێبەشـن.[١]

**سێیەم / چینـی بێبەشـکراوان (الأکـراد المکتومیـن):** ئەمانـە ئـەو کوردانە بـوون بـە بێبەشـکراو (المکومیـن) دانـران، دان بـە بوونیـان نەنرابـوو لـە هیـچ تۆمـار و لیسـتێکدا ناونـووس نەکرابـوون، لـە تێکـڕای مافـە سیاسـی و مەدەنییەکانـی هاووڵاتـی بـوون بیبەشـکرابوون، ژمارەیـان لـە سـاڵی (٢٠١١)دا نزیکـەی (١٧١٣٠٠) کـەس بـوو، لـەم ژمارەیـە (٥٠٤٠٠) کەسـیان توانیوویانـە ڕەگەزنامـەی سـوری دەسـتبخەن، تـا ئێسـتا (١٢٠٩٠٠) کـەس لـەم چینـە لـە ڕەگەزنامـە بێبەشـن.[٢]

٤. **پشـتێنەی عەرەبـی (الحـزام العربـی):** پشـتێنەیەکی مرۆیـی عەرەبیـە لـە لایـەن حکومەتـی سـوریا لـە ناوچـەی جەزیـرە (پارێـزگای حەسـەکە) بـە درێـژای سـنووری سـوریا لەگـەڵ هەریەکـە لـە وڵاتـی عێـراق و تورکیـا جێبەجێکـراوە، بـە ئامانجـی دابڕینـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان لـە پارچەکانی دیکـەی باکوور و باشـووری کوردسـتان و گۆڕینـی دیمۆگرافیایی ناوچەکە لـە ڕێگـەی پرۆسـەی بـە عەرەبکردنـی ناوچەکـە.[٣] پێشـنیارەکانی (محمد

(١) علی جزیری، کردستان سوریا في المنظور الشوفینی، المصدر السابق، ص١١٥ .

(٢) هەمان سەرچاوە ، ص١١٥ .

(٣) عبدالصمـد داوود (بـرزان مجیـدو)، الحـزام العربـی في الجزیـرة سـوریا، لجنـة الأعـلام في الحـزب یکیتـی الکـردي في سـوریا، قامشـلو، ٢٠١٥، ص١١ .

* محمـد طلـب هـلال: ١٩٣١ لە ناوچەی (غصب ) لە پارێـزگای درعا لە دایک بووە ، وەک مامۆسـتا لـە پارێـزگای جەزیرە دەسـت بە کار بووە، بەشـداری لـە فراوانکردنی ڕێکخراوی بەعـس کـردووە لـە ناوچەکـە ، پـاش کودەتای ١٩٦٣ بانگێشـت کـراوە بۆ سـەربازی پلەی

طلب هلال)* بووە بیرۆکەی پرۆژەکە، کە لە ساڵی (١٩٦٣) بە ناونیشانی (لێکۆڵینەوەیەک لە پارێزگای جەزیرە - لە ڕووی سیاسی کۆمەڵایەتی - نەتەوەیی) لێکۆڵینەوەیەکی کردبوو کە لە (٢١٦) لاپەرە پێکهاتووە لە ١٩٦٣/١١/١٢ ئاڕاستەی دەسەڵاتی ناوەندی سوریای کردووە.(١)

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆ دژایەتیکردنی پرسی کورد لە سوریا چەندین پێشنیاری خستووەتەڕوو، گرنگترینیان (ڕاگواستن، نیشتەجێکردنی عەرەب لە ناوچە کوردییەکان، دامەزراندنی پشتێنەی سەربازی بە درێژایی سنوور لەگەڵ تورکیا، ڕاستکردنەوەی تۆماری شارستانی بەو واتایەی هەر کوردێک بەڵگەی ڕەگەزنامەی سوریایی نەبێت پێویستە بگەڕێتەوە بۆ ئەو وڵاتەی لێوەی هاتووە، نکۆڵی لە هاونیشتمانی بوونی هەر کەسێکی نا عەرەب لە سوریا بکرێت، ڕەگەزنامەی سوری بە هیچ کەسێک نەدرێت عەرەب نەبێت و بیەوێت لە سەر خاکی سوریا بژیت).(٢)

محمد طلب هلال لە لێکۆڵینەوەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، گەلی کورد نە مێژووی هەیە نە شارستانی نە زمان و ڕەگەزی هەیە،

---

ملازمی یەکی پی دەدرێت ، دەکرێتە بەرپرسی هۆبەی ئاسایشی سیاسی لە حەسەکە، چەندین پلەی باڵا لە ناو حوکمەت و حیزبی بەعس وەردەگرێت ، وەک پارێزگاری حەسەکە ، جێگری سەرۆک وەزیران، پاش خانەنشین بوونی دەبێتە باڵوێزی سوریا لە پۆڵۆنیا (١٩٧٢ - ١٩٧٩) لە ساڵی ٢٠١١ کۆچی دوای کردووە .

(١) إسماعيل محمد حصاف، تأريخ كردستان سوريا المعاصر ١٩٦٣ - ١٩٧٥، الجزء الثالث، مطبعة جامعة صلاح الدين، أربيل، ٢٠١٧ ، ص٢٦ .

(٢) محمد طلب هلال، دراسة عن محافظة الجزيرة من نواحي السياسية - الأجتماعية - القومية، الطبعة الأولى، إشراف: رابطة كاوه للثقافة الكردية، مطبعة الأتحاد، برلين، المانيا، ٢٠٠١، ص٦٦ - ٧٠ .

بەڵکـو کۆمەڵێکـی سەرلێشـێواوی چیایـن هــەر خەریکـی تووندوتیژیـن، بۆیـە پێشـنیازی ئـەوەی کـردووە « جەزیـرە لـە ڕەگـەزی کـورد پاکبکرێتـەوە، لەبەرئـەوەی شـتێک نییـە بـە نـاوی پرسـی کـورد لـە سـوریا، بەڵکـو ئـەوەی هەیـە تەنیـا وەرەمێکـی پیسـە لـە بەشـێک لـە جەسـتەی نەتـەوەی عـەرەب دەرچـووە، هیـچ چارەسـەرێکی نییـە، تەنیـا ئـەوە نەبێـت ئـەو وەرەمـە بتەقێنرێـت و جەسـتەی عـەرەب لـەو پیسـیە پـاک بکرێتـەوە».[١]

پـرۆژەی پشـتێنەی عەرەبـی هەنـگاو بـە هەنـگاو کاری لـە سـەر کـرا، لـە کۆنگـرەی هەرێمـی حیزبـی بەعـس لـە ئەیلولـی ١٩٦٦ لـە بڕگـەی پێنجەمـی کۆنگـرە کـە ئـەو بڕگەیـە تایبـەت بـوو بـە پارێـزگای حەسـەکە، پێشـنیارکرا ئـەو زەویانـەی کەوتوونەتـە سـنووری (سـوریا – تورکیـا) بـە درێژایـی (٣٥٠) کـم و بـە قوڵایـی (١٠ – ١٥)کـم بـە موڵکـی دەوڵـەت دابنرێـت، ڕێسـای وەبەرهێنانـی گونجـاوی تێـدا جێبەجـێ بکرێـت بـۆ بەدیهێنانـی ئاسایشـی دەوڵـەت.[٢] لـە (١٩٧٤/٦/٢٤) سـەرکردایەتی بـاڵای حیزبـی بەعسـی عەرەبی سـوریا بڕیـاری ژمـارە (٥٢١)ی دەرکـرد، بـە پێـی بڕیارەکـە دەبێـت لـە ناوچـەی جەزیـرە دەسـت بـە جێبەجێکردنـی پڕۆژەکـە بکرێـت، لـە سـەرەتا نـاوی پڕۆژەکەیـان نـا (پشـتێنەی سـەوز – الحـزام الأخـضر)، پاشـان کـرا بـە نـاوی (کێڵگەکانـی دەوڵـەت - مـزارع دولـة).[٣] پشـتێنەی عەرەبـی بـە درێژایـی سـنووری نێـوان (سـوریا – تورکیـا) درێـژ دەبێتـەوە بـە دیاریکـراوی

(١) المصدر نفسه، ص١٤ – ١٥ .

(٢) إسـماعيل محمـد حصـاف، تأريـخ كردسـتان سـوريا المعـاصر ١٩٦٣ – ١٩٧٥، المصـدر السـابق، ص٨٥ .

(٣) على جزيرى، كردستان سوريا في المنظور الشوفينى، المصدر السابق،ص١٠١-١٠٣.

لـە ڕۆخـی ڕووبـاری دیجلـە لـە ڕۆژهـەڵات دەسـت پـێ دەکات تاوەکـوو سـەرێ کانـی لـە ڕۆژئـاوا، ڕووبـەری ئـەم پشـتێنەیە (٣٠٠١٩١) هێکتـار زەوییـە دەکاتـە (١٢٠٠٧٦٤) دۆنـم یەکسـانە بـە (٣٠٠١)کـم٢، کـە هەمـوو خاوەندارێتیـان بـۆ کـورد دەگەڕێتـەوە، ئامانـج لێـی چۆڵکردنـی زنجیـرەی سـنوورییە لـە کـورد و گۆڕینـی پێکهاتەکـەی.[١]

دەوڵـەت دەسـتی بـە ڕاگواسـتنی (٤٠٠٠) خێزانـی کـورد کـرد لـە ناوچەی دیاریکـراو، بـە بیانـووی ئـەوەی لـە لیسـتی بێگانـەکان تۆمارکـراون و (٤٠) گونـدی کشـتوکاڵێ نموونەیـی بـە درێژایـی پشـتێنەی عەرەبی دروسـتکرد، کە هەمـوو پێداویسـتیەکانی ژیانـی سـەردەمی تێـدا بەردەسـتکرابوو، هەروەهـا بـە بیانـووی دروسـتکردنی (بەنـداوی تەبقـە) و ژێرئاوکەوتنـی (٦٦) گونـدی عەرەبـی لـە پارێـزگای ڕەقـە کـە بـە (القـری الغمـر) نـاسران، بڕیاریـدا دانیشـتوانی گونـدە ژێرئاوکەوتـووەکان لـە گونـدە نموونەییـەکان نیشـتەجێ بـکات، لـە پایـزی ١٩٧٤ نیشـتەجێکردن بـە کـرداری دەسـتی پێکـرد، سـەرەتا (٤٠٠٠) هـەزار خێزانـی عـەرەب بـە یـاوەری ئۆتۆمبێـل و دەزگای ئاسایشـی دەوڵـەت لـەو (٤٠) گونـدە نموونەییـەی لـە جەزیـرەی نـاو جەرگـەی ناوچـە کوردیـەکان دروسـتکرابوو نیشـتەجێکران.[٢]

ئـەو خێزانانـەی هێنرانـە ئـەو گوندانـە لـە بـە پیترین زەوی ناوچەکـە لــە نێــوان (١٥٠ – ٢٥٠) دۆنــم زەویــان پێــدرا، لــە ئەنجامــی ئــەم پرۆســەیە نزیکـەی (٢٥٠٠٠) هــەزار عــەرەب هێنرایــە ناوچــەی جەزیــرە

(١) المصدر نفسه، ص١٠٥ .

(٢) ئـاوات عبداللـە عبدالقـادر، سیاسـەتی حکومەتـی سـوریا بەرامبـەر پرسـی کـورد لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان (١٩٧٠-٢٠٠٤)، سـەرچاوەی پێشـوو، لا٥٠ – ٥٢ .

نیشـــتەجێکران لـــە ســـەر خـــاک و زەوی کوردانـــی ڕۆژئـــاوا.[1] پـــرۆژەی پشـــتێنەی عەرەبـــی بـــە کاریگـــەری گۆڕانـــە دیمۆگرافیەکـــەی و فراوانـــی ڕووبەرەکـــەی، بـــە یەکێـــک لـــە گەورەتریـــن پڕۆژەکانـــی گۆڕانـــکاری دیمۆگرافـــی لـــە ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت دادەنرێـــت.[2]

توێـژەر وای دەبینێـت سـەرژمێری نـا ئاسـایی و پشـتێنەی عەرەبـی دوو پـرۆژەی گـەورەی تەواوکـەری یەکدیـن کـە لـە ناوچـەی جەزیـرە ئەنجـام دران، بـە ئامانجـی نەهێشـتنی کـورد لـە ناوچـەی جەزیـرە و پێدانـی سـیمایەکی عەرەبیانـە بـە ناوچەکـە، چونکـە دەوڵەتـی سـوریا کـوردی وەک مەترسـی لـە سـەر یەکپارچـەی خاکـی سـوریا دەبینـی، بۆیـە هەمـوو هەوڵکـی داوە بۆئـەوەی بـە شـێوازی جۆراوجـۆر دەسـت بـە سـەر ناوچـە کوردیەکانـدا بگرێـت.

(١) هەمان سەرچاوە، لا ٥٢ .

(٢) أزاد أحمـد علـى ، الحـزام العربـى في الجزيـرة السـورية ، مركـز روداو للدراسـات أربيـل ، ٢٠١٥ ، ص١٠ .

## تەوەری دووەم

## گۆڕانی دانیشتوان (التغير السكاني)

ژمارەی دانیشتوان پێوەرێکی گرنگ و پڕ بایەخە بۆ زانینی هێزی ئابوری و سیاسی هەرێم و دەوڵەت، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکان کە ڕەفتاری سیاسی هەرێمی سیاسی دیاری دەکات، هەرچەندە قەبارەی دانیشتوان بە تەنیا فاکتەری دیاریکردنی هێزی دەوڵەت نییە، بەڵام زانینی ژمارەی دانیشتوان فاکتەرێکی گرنگە، کاریگەری هەیە لە سەر باری ڕامیاری وڵات، بە تایبەت لە سەر دیاریکردنی ژمارەی هێزی سەربازی و بناغەی هێزی ئابوری هەرێمی سیاسی و بەرهەمهێنانی دەرامەتەکان، هەروەها دەرخستنی پێگە و گرنگی هەرێمی سیاسییە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.[١]

گەشەی دانیشتوان مەبەست لێی زۆربوونی دانیشتوانە، هەردوو فاکتەری سروشتی (لە دایکبوون، مردن) لەگەڵ (کۆچ) پێکەوە ئاوێتە دەبن و کار دەکەنە سەر زۆر و کەمی دانیشتوان، دانیشتوان جەستەیەکی زیندووە، جێگیر نییە بەردەوام لە گۆڕاندایە، ئەمەش کاریگەری هەیە لە سەر کۆی کار و چالاکییە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان.[٢] بۆ ئاگادار بوون لە ژمارە و گەشەی دانیشتوانی

---

(١) زمناکۆ عثمان صالح، پەیوەندیە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکانی هەرێمی کوردستان، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، زانکۆی سلێمانی، (٢٠٢٣)، لا٢٧ .

(٢) عبد علی حسن الخفاف و عبد مغور الريحانی، جغرافية السكان، مطبعة جامعة البصرة، بصرة، ١٩٨٣، ص١٤٣ .

هەرێمـی ڕۆژئـاوا لـە بـەر نەبوونـی داتـا لـە سـەر ئامـارە زیندەگییـەکان، پەنـا دەبەینـە بـەر چەنـد سـەرژمێریەک کـە لـە هەرێمەکـەدا کـراوە، خشـتەی (٦) تێکـڕای گەشـە و ژمـارەی دانیشـتوانی ناوچـەی توێژینـەوە لـە مـاوەی سـاڵانی (١٩٩٤ – ٢٠٢٣ ) پێشـان دەدات.

**خشتەی (٦) ژمارە و گەشەی دانیشتوانی هەرێمی ڕۆژئاوا (١٩٩٤ – ٢٠٢٣)**

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوانی هەرێم / کەس | ڕێژەی (٪) بە پێی دانیشتوانی سوریا | ژمارەی دانیشتوانی سوریا | ڕێژەی زیادبوونی ساڵانە(٪) |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٩٤ | ٢٢٨٧٩٨٤ | ١٦,٦ | ١٣٧٨٢٠٠٠ | - |
| ٢٠٠٤ | ٢٨٩٠٣٧٥ | ١٦,١ | ١٧٩٢١٠٠٠ | ٢,٣٦ |
| ٢٠٢٣ | ٤٦٤٨٠٥٠ | ١٦,٤ | ٢٨٢٢٤٢٧١ | ٢,٥٣ |
| ١٩٩٤-٢٠٢٣ | ٢٢٨٧٩٨٤ | ٤٦٤٨٠٥٠ | | ٢,٤٧ |

**سەرچاوە:** کاری توێژەر پشت بەست بە داتاکانی پاشکۆی (١)

بـە تێڕوانیـن لـە خشـتەی (٦) دەردەکەوێـت ژمـارەی دانیشـتوانی هەرێمـی ڕۆژئـاوا لـە سـاڵی (١٩٩٤) بریتـی بـووە لـە (٢٢٨٧٩٨٤) هـەزار کـەس، بەمـەش ڕێـژەی (١٦,٦٪)ی کـۆی دانیشـتوانی دەوڵەتـی سـوریای پێکهێنـاوە، بـەو پێیـەی ژمـارەی دانیشـتوانی سـوریا لـەو سـاڵەدا (١٣٧٨٢٠٠٠) کـەس بـووە، ئـەم ژمارەیـە لـە سـاڵی (٢٠٠٤) بەرزبووەتـەوە بـۆ (٢٨٩٠٣٧٥) کـەس، ڕێـژەی زیـادەی گەشـەی سـاڵانە

لــە مــاوەی ســاڵانی (١٩٩٤ – ٢٠٠٤) بریتــی بــووە لــە (٢,٣٦٪) [*]، ئەمــەش دۆخێکــی سروشــتی بــۆ گەشــە بــە گوێــرەی پێوەرەکانــی دانیشــتوان لــە وڵاتــی ســوریا و ناوچەکــە، لــە مــاوەی ســاڵانی (٢٠٠٤ – ٢٠٢٣)، ژمــارەی دانیشــتوانی ناوچــەی توێژینــەوە زیــادی کــردووە بــۆ (٤٦٤٨٠٥٠) کــەس،

---

(١) مەبەســت لێــێ زیادبوونــی ســاڵانەی دانیشــتوانە لــە نێــوان دوو ســەرژمێریدا، لــە ڕێگــەی ئــەم هاوکێشــەیەی خــوارەوە ، دەردەهێنرێــت :
هاوکێشەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان:

R =√(t&p1/p0-1*100)

R: گەشەی سالانەی دانیشتوان.
t: ماوەی نێوان سالانی سەرژمێریەکان.
P١: دواین سەرژمێر.
P٠: سەر ژمێری پێشوو
**ســەرچاوە** : طــه حــمادي الحديثــي ، جغرافيــة الســكان ، طبعــة ٢ ، مطبعــة جامعــة الموصــل ، الموصــل ، (٢٠٠٠) ، ص٣٠٨ .
** ئــەم ژمارەیــە لــە لایــەن دەزگای ناوەنــدی ئامــاری ســوریا بڵاوکراوەتــەوە، بــە بــێ ئــەوەی ئامــاژە بــە ئــەو ڕێوشــوێنە بــدات کــە گرتونیەتــە بــەر لــە ســەرژمێریکردنی دانیشــتوانی ســوریا، ئەمــەش دژە لــە گــەڵ ئــەو داتایانــەی کــە دەزگاکانــی نەتــەوە یەکگرتــوەکان دەیخاتــە ڕوو لــە ســەر دانیشــتوانی ســوریا، ئــەو ژمارانــەی کۆمیســیۆنی بــاڵای پەنابــەران ڕایدەگەیەنێــت کــە زیاتــر (٦,٦) ملیــون ســوری لــە دەرەوەی ســوریا پەنابــەرن، وە جوڵەکانــی دانیشــتوان دەگاتــە نزیــک (٣٠٪) کــە کــۆی دانیشــتوان، بــە پێــی ڕاپۆرتــی دەزگاکانــی نەتــەوە یەکگرتــوەکان و ناوەنــدی (جســور للدراســات) توێژینەوەیەکــی شــیکاری کــردووە لــە ســەر ئاراســتەی گۆڕانکاریەکانــی دانیشــتوان لــە ســوریا، بــە پێــی توێژینەوەکــە لــە چارەکــی یەکەمــی (٢٠٢٣)، ژمــارەی دانیشــتوانی ســوریا گەشــتوەتە (٢٦,٦) ملیــون کــەس، لــەم ژمارەیــە (١٦,٧٦) ملیــون کــەس لــە ناوخــۆی ســوریان، (٩,١٢) ملیــون لــە دەرەوەی ســوریان .
**سەرچاوە :** تقرير حالة سكان سوريا (٢٠٢٣)

https//:www.syria.tv%/D8%B9%D8%AF%D8%AF.

بەمـەش ڕێـژەی (١٤,٤٪) کـۆی دانیشـتوانی دەوڵەتـی سـوریای پێکهێنـاوە کـە بریتـی بـووە لـە (٢٨٢٢٤٢٧١)** کـەس، ڕێـژەی گەشـە بـە شـێوەیەکی سروشـتی زیـادی کـردووە بریتـی بـووە لـە (٢,٥٣٪)، تێکـڕای گەشـە لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٩٤-٢٠٢٣) بریتـی بـووە لـە (٢,٤٧٪) ئەمـەش دۆخێکـی سروشـتییە بـۆ گەشـەی دانیشـتوان، تـا ڕادەیـەک گونجـاوە بـۆ تێکـڕای گەشـە لـە سـەر ئاسـتی هەرێمـی ڕۆژئـاوا و ناوچەکـە.

## تەوەری سێیەم

## دابەشبوونی دانیشتوان

دابەشـبوونی دانیشـتوان بـە دیاردەکانـی ڕووی زەوی پەیوەسـتە و دەرخـەری پەیوەنـدی نێـوان مـرۆڤ و ژینگەکەیەتـی، هـەر گۆڕانێـک لـە بارودۆخـی سروشـتی و ئابـوری و کۆمەڵایەتـی دانیشـتوان کاریگـەری سیاسـی و ئابـوری بـە دوای خۆیـدا دەهێنێـت.[١] دابەشـبوون کۆڵەگـەی سـەرەکی جوگرافیـای دانیشـتوانە، بـە مەبەسـتی ڕوونکردنـەوەی چۆنییەتـی دابەشـبوونی دانیشـتوان، پسـپۆرانی ئـەم بـوارە چەندین پێوانـە و ئامارکاریان بـە کارهێنـاوە بـە مەبەسـتی ڕاڤـە و دیارخسـتنی شـێوە و تەرزەکانـی دابەشـبوونی شـوێنی دانیشـتوان.[٢] ئـەوەی ئێمـە لێـرەدا مەبەسـتمانە بریتیە لـە تیشـک خسـتنە سـەر دابەشـبوونی دانیشـتوانی ناوچـەی توێژینـەوە، پشتبەسـت بـە پێوەرەکانـی (دابەشـبوونی ژینگـەی، چـڕی دانیشـتوان) بـۆ دەرخسـتنی شـێوازی دابەشـبوونی دانیشـتوانی ناوچـەی توێژینـەوە.

### یەکەم/ دابەشبوونی ژینگەیی

مەبەسـت لـە دابەشـبوونی دانیشـتوانە بـە گوێـرەی شـار و گونـد، ئـەم شـێوازە دابەشـبوونەش جێـگای بایـەخ پێدانـە لـە بوارەکانـی لێکۆڵینەوەکانی جوگرافیـای دانیشـتوان، چونکـە لـەم ڕێگایـەوە جـۆری ئـەو پەیوەندیانـە

---

(١) پشـتیوان شـەفیق ئەحمـەد، شـیکردنەوە جوگرافـی بـۆ دابەشـبوونی دانیشـتوان لـە قـەزای ڕانیـە (١٩٥٧ – ٢٠٠٦)، نامـەی ماسـتەر، زانکـۆی کۆیـە، (٢٠٠٩)، لا ٢٩ .

(٢) فاتیمـە قـادر مسـتەفا، دابەشـبوونی دانیشـتوانی شـاری هەولێـر، چاپـی یەکـەم، چاپخانــەی ڕەنــج، سـلێمانی، (٢٠٠٨)، لا٨٩ .

دەردەکەوێـت کـە لـە نێـوان زەوی و مرۆڤـدا دروسـت دەبێـت.[1] سـەبارەت بـە چەمکـی شـار کۆبوونەوەیەکـی چـڕی دانیشـتوانە، نیشـتەجێکانی بـە کاروبـاری جۆراوجـۆری ناکشـتوکاڵی خەریکـن، لـە ڕووی کۆمەڵایەتیشـەوە کۆمەڵەیەکـی لەیـەک نەچـون.[2] بـەڵام گونـد بریتیـە لەکۆبونەوەیەکـی مرۆیـی لەشـوێنێکی دیاریکـراو، کـە سـود وەردەگـرن لـە زەوی و بەرهەمهێنانـی، ئەمـەش کۆڵەکـەی ژیانـی ئابوریـان پێکدەهێنێـت کـە بـە پلـەی سـەرەکی پیشـەیان کشـتوکاڵ کردنـە، لـە ڕووی کۆمەڵایەتیشـەوە بـە پێچەوانـەی شـارەکان پەیوەندیـان بـە هێـزە.[3]

ئـەوەی گرنگـە لـە ڕووی جوگرافیـای سیاسـیەوە دانیشـتوان بـە یەکسـان یـان نزیـک لـە یەکسـان دابەشـبووبێت بـە سـەر ناوچەکانـی وڵاتـدا، بـە جۆرێـک بۆشـایی لـە نـاو خاکـی وڵاتـدا کـەم بێـت، چونکـە ئەگـەر ژمـارەی دابەشـبوونی دانیشـتوان (هاوتـا) بێـت لـە نێـوان دانیشـتوانی (شـار و لادێـدا) مانـای وایـە وڵاتێکـی کشـتوکاڵی بەرهەمهێنـە، بـەڵام ئەگـەر ژمـارەی شارنشـین زیاتـر بێـت بـە بـێ شارسـتانی بوونـی کۆمەڵگـە مانایـی وایـە وڵاتێکـی بەکاربـەرە، زیـاد بوونـی قورسـایی و چڕییـە لـە سـەر زەویەکـەی، ئەمـەش کاریگـەری جیۆپۆلەتیکـی دەبێـت

(١) پشـتیوان شـەفیق ئەحمـەد، شـیکردنەوە جوگرافـی بـۆ دابەشـبوونی دانیشـتوان لـە قـەزای ڕانیـە، سـەرچاوەی پێشـوو، لا٣٠ .

(٢) هـاوڕی یاسـین محمـد ئەمیـن، جوگرافیایـی هەرێمـی کوردسـتان، سـەرچاوەی پێشـوو، لا ٢٢٠ .

(٣) پشـتیوان شـەفیق ئەحمـەد، شـیکردنەوە جوگرافـی بـۆ دابەشـبوونی دانیشـتوان لـە قـەزای ڕانیـە، سـەرچاوەی پێشـوو، لا٤١ .

لــە ســەر ئاسایشــی سیاســی و ســەربازی و کۆمەڵایەتــی.[(١)]

سەبارەت بـە هەرێمـی ڕۆژئاوای کوردسـتان پشـت بـە دەرئەنجامی ئەو سـەرژمێریانە دەبەسـتین کـە لـە سـوریا ئەنجـام دراون بـۆ دەستنیشـانکردنی ڕێـژەی شارنشـین و گوندنشـین، جێـگای ئاماژەیـە ئـەو سـەرژمێریانە لـە سـوریا ئەنجـام دراون، دابەشـبوونی ژینگـەی لـە سـەر بنەمـای پارێـزگا دەستنیشـانکردووە، بۆیـە توێژینـەوە پشـت دەبەسـتێت بـە دەرئەنجامـی دابەشبوونی ژینگـەی ئـەو پارێزگایانـەی کـە ناوچەکانی هەرێمـی ڕۆژئاوا لە خـۆ دەگرێـت، وەک لـە خشـتەی (٧) ڕوونکراوەتـەوە.

**خشـتەی (٧) ڕێـژەی ژینگـەی دانیشـتوان لـە سـەر ئاسـی ئـەو پارێزگایانەی ناوچـەی توێژینەوە لە خۆدەگرێـت (١٩٩٤-٢٠٠٤)**

| یەکە کارگێریەکان | ١٩٩٤ | | ٢٠٠٤ | |
|---|---|---|---|---|
| | شارنشین٪ | گوندنشین٪ | شارنشین٪ | گوندنشین٪ |
| حەسەکە | ٣٣,٨ | ٦٦,٢ | ٣٥,٩ | ٦٤,١ |
| ڕەقە | ٤٠,٧ | ٥٩,٣ | ٣٨,٤ | ٦١,٦ |
| حەلەب | ٦١,١ | ٣٨,٩ | ٦٢,٤ | ٣٧,٦ |
| ئیدلب | ٢٦,١ | ٧٣,٩ | ٢٨,٥ | ٧١,٥ |
| تێکڕای ناوچەکانی هەرێم | ٤٠,٤ | ٥٩,٦ | ٤١,٣ | ٥٨,٧ |

**سـەرچاوە:** کاری توێژەر پشـت بەسـت بە: الجمهورية العربية السورية، رئاسة

(١) زمناکـۆ عثـمان صالـح، پەیوەندیـە هەرێمـی و نێودەوڵەتیەکانی هەرێمی کوردسـتان، سـەرچاوەی پێشوو، لا٣١ .

مجلس الوزرء، المكتب المركزى للأحصاء، النتائج الأجمالية لتعداد السكان و المساكن لعام (١٩٩٤ – ٢٠٠٤)، محافظة (الحسكة، حلب، الرقة،إدلب).

بە ڕوانین لە خشتەی لە خشتەی (٧) دەبینین ڕێژەی گوندنشین لە ناوچەی توێژینەوە لە ساڵی (٢٠٠٤) بریتی بووە لە (٥٨,٧٪) کۆی دانیشتوان، ئەمەش ڕێژەیەکی ئەرێنییە بۆ ناوچەی توێژینەوە، ئەم ڕێژەیە ئەوە دەردەخات کە ناوچەی توێژینەوە ناوچەیەکی کشتوکالی وەبەرهێنە، ئەمەش بنەمایەکی بەهێزە بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراک بۆ ناوچەکە، لە بەرامبەردا ڕێژەی شارنشینی (٤١,٣٪) کۆی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە پێکدەهێنێت، ئەمەش ڕێژەیەکی گونجاو و سروشتییە دیاردەیەکی ئاساییە بۆ ئەم قۆناغەی هەرێمی ڕۆژئاوا و ناوچەکە لە ڕووی شارستانی و شارنشینییەوە.

## دووەم: دابەشبوونی چڕی دانیشتوان

چڕی دانیشتوان بریتیە لە پەیوەندی نێوان ژمارەی دانیشتوان و ئەو ڕووبەرە زەوییەی لە سەری دەژی، لە دیاریکردنی پەیوەندی و قورسایی مرۆڤ لە سەر ژینگەکەی پێوەرێکی گرنگە، دیاریکردنی چڕی گرنگە بۆ دەرخستنی چالاکی و داهاتی ئابوری و دیاریکردنی جۆری فاکتەرە کاریگەرەکان.[١] بە گشتی چەندین ڕێگە هەن بۆ پێواندنی چڕی دانیشتوان، باوترین جۆری پێواندنی بەکارهێنراو ئەو جۆرەیە کە پشت بە دابەشکردنی ژمارەی دانیشتوان بە سەر کۆی ڕووبەری

(١) علی لبیب، جوگرافیایی دانیشتوان (جێگیر و ناجێگیر)، وەرگێرانی: سەعید بەشیر خەرپانی، چاپی سێیەم، کتێبخانەی هەژار موکریانی، هەڵەبجەی شەهید، ٢٠١٦ ، لا٥٤.

ناوچه‌كـه‌دا ده‌به‌سـتێت، به‌مـه‌ش ده‌گوترێـت چـڕی گشـتی.[(١)]

پشـت به‌سـت بـه‌ خشـته‌ی (٨) ئه‌وه‌مـان بـۆ ده‌رده‌كه‌وێـت، كـه‌ (چـڕی دانیشـتوان)* لـه‌ سـه‌ر ئاسـتی ناوچـه‌ی توێژینـه‌وه‌ بـه‌ پێـی سـه‌رژمێریه‌كان گۆڕانـكاری بـه‌ خۆیـه‌وه‌ بینیـوه‌، بـه‌ جۆرێـك چـڕی گشـتی دانیشـتوان لـه‌ سـاڵی (١٩٩٤) بریتـی بـووه‌ لـه‌ (٦٩ كـه‌س / كـم٢)، وه‌ لـه‌ سـاڵی (٢٠٠٤) چـڕی گشـتی دانیشـتوان به‌رزبووه‌تـه‌وه‌ لـه‌ ناوچـه‌ی توێژینـه‌وه‌ بـۆ (٨٧,١ كـه‌س /كـم٢)، ئه‌مـه‌ش ده‌رئه‌نجامـی گه‌شـه‌ی سروشـتی دانیشـتوانه‌ لـه‌ ناوچـه‌ی توێژینـه‌وه‌، لـه‌ كاتێكـدا سـاڵی (٢٠٢٣) چـڕی گشـتی لـه‌ به‌رزبوونـه‌وه‌ بـه‌رده‌وام بـووه‌ و گه‌یشـتوه‌ته‌ (١٣٦,٢ كه‌س/كـم٢)، ئه‌مـه‌ش دیسـانه‌وه‌ بـه‌ فاكتـه‌ری گه‌شـه‌ی دانیشـتوان بـه‌ شـێوه‌یه‌كی ئاسـایی و بـه‌ ڕێـژه‌ی (٢,٣٦٪) گه‌شـه‌ی كـردووه‌، له‌گـه‌ڵ گه‌شـه‌ی دانیشـتوان ڕووبه‌ریـش هه‌روه‌كـوو خـۆی ماوه‌تـه‌وه‌.

(١) ئاودێـر لوقـمان ئه‌نـوه‌ر، قـه‌زای ده‌ربه‌ندیخـان (لێكۆڵینه‌وه‌یـه‌ك لـه‌ جوگرافیایـی دانیشـتوان )، ماسـته‌رنامه‌ی بڵاونه‌كـراوه‌، كۆلیـژی زانسـته‌ مرۆڤایه‌تیـه‌كان، به‌شـی جوگرافیـا، زانكـۆی سـلێمانی، (٢٠٢٢)، لا٥٣ .

* چـڕی دانیشـتوان ئـه‌م پێوانه‌یـه‌ پشتبه‌سـته‌ به‌ڕێگه‌یه‌كی ژمێـره‌ی یاخود هاوكێشـه‌یه‌ك ، بـه‌م جـۆره‌ ده‌رده‌هێنرێت :-

DJ=pj/Aj

چڕی دانیشتوان = Dj

كۆی ژماره‌ی دانیشتوان /كه‌س =pj

كۆی ڕووبه‌ر /كم٢ = Aj

**سه‌رچاوه‌ :**

K.Bruce Newbold , population geography published by Rowman & Littllif , publishers , printe inunitedstate,(2010).p60.

**خشــتەی ( ٨ ) چــڕی گشــتی دانیشــتوانی هەرێمــی ڕۆژئــاوای کوردســتان لــە مــاوەی (١٩٩٤ - ٢٠٢٣)**

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوان/کەس | ڕووبەر / کم٢ | چڕی گشتی دانیشتوان |
|---|---|---|---|
| ١٩٩٤ | ٢٢٨٧٩٨٤ | ٣٣١٥٠ | ٦٩ |
| ٢٠٠٤ | ٢٨٩٠٣٧٥ | ٣٣١٥٠ | ٨٧,١ |
| ٢٠٢٣ | ٤٥١٨١٦٦ | ٣٣١٥٠ | ١٣٦,٢ |

**سەرچاوە:** کاری توێژەر پشت بەست بە: ١- پاشکۆی (١)،٢- نەخشەی (٧)

## تەوەری چوارەم

## پێکهاتەی دانیشتوان

مەبەست لە پێکهاتەی دانیشتوان بریتیە لەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانەی بونیاد و پێکهاتەی دانیشتوانی هەر گروپێکی مرۆیی پێکدەهێنێت، یان ئەو خەسڵەتانەی دەکرێت پێوانەیان بکەین.[1] جێگای ئاماژەیە ناتوانرێت ناسنامەی هیچ کۆمەڵەیەکی مرۆیی بە تەواوی بزانرێت لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە ژمارە و قەبارە و گەشە و دابەشبوونیان، بەڵکو دەبێت لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەکەشیان بکرێت کە مەبەست لێی پۆلینکردنی دانیشتوانە بە پێی (تەمەن و جۆر/ ڕەگەز، نەتەوە، ئاین)، چونکە توێژینەوە لەم جۆرە تایبەتمەندیانەی دانیشتوان زانیاریمان پێ دەدات لە سەر کۆی ئەو بوارانەی دانیشتوان لە خۆی دەگرێت.[2]

لە ڕووی جوگرافیای سیاسیشەوە پێکهاتەی دانیشتوان فاکتەرێکی ژیاری گرنگە، چونکە زانینی پێکهاتەی دانیشتوان لە ڕووی تەمەن و ڕەگەز کاریگەری هەیە لە سەر هێزی هەرێمی سیاسی، لە بواری بەرگری و ئیدارەدانی بەرهەمهێنان و کارکردن لە چالاکییە جۆر بە جۆرەکان، ئەمەش

(١) کاوە رشید کاکی، قەزای سەید سادق (توێژینەوەیەک لە جوگرافیایی دانیشتوان) ماستەرنامەی بڵاونەکراوە ، کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، زانکۆی سلێمانی، (٢٠٢٢)، لا١٠٢ .

(٢) جزا توفیق طالب، المقومات الجیوبولتیکیة للأمن القومي في إقلیم کردستان، المصدر السابق، ص٢٢١ .

كاریگـەری و بەهـای جیۆپۆلەتیكـی هەیـە لـە سیاسـەتی دەوڵەتانـدا.[1]

لـە بـەر ڕۆشـنایی گرنگـی ئـەم بابەتـە، لـەم تـەوەرەدا تیشـك دەخەینـە سـەر پێكهاتـە جیاوازەكانـی دانیشـتوان لـە ناوچـەی توێژینـەوە، تاوەكـوو بزاندرێـت هـەر یەكـە لـە پێكهاتەكانـی (تەمـەن، جۆر/ڕەگـەز، نەتـەوە، ئایـن) لـە ناوچـەی توێژینـەوە چـۆن دابـەش بـوون، چونكـە خسـتنەڕووی پێكهاتـەی دانیشـتوانی هەرێمـی ڕۆژئـاوا گرنگـە، لەبەرئـەوەی لـە ڕووی سیاسـی و ئابـوری كار لـە سـەر سـەنگ و قورسـای پێگـەی هەرێـم دەكات.

## یەكەم / پێكهاتەی تەمەن

مەبەسـت لـە تاوتوێكردنـی پێكهاتـەی تەمـەن، دابەشـبوونی دانیشـتوانە بـە سـەر چەنـد گروپێكـی تەمـەن، بـۆ شـیكردنەوەی توانـای ڕاسـتەقینەی هێزەكانـی بەرهەمێنـان، ئەمــەش بایەخێكـی گرنگـی هەیـە لـە بـواری نەخشەكێشـان و داڕشـتنی سیاسـەتێكی گشـتی لـە وڵاتـدا لـە چەنـدان بـواری جیاجیـادا، هەروەهـا هۆكارێكـی گرنگـە بـۆ دیاریكردنـی ئاڕاسـتەی گەشـەی دانیشـتوان و هێـزی مرۆیـی ئامـادە بـۆ كار و زانینـی ڕێـژەی بـە تەمەنـەكان كـە خانەنشـین دەكرێـن، وێـڕای ئەوانـەش زانینـی دەسـتەی تەمەنـی گەنـج بـە تایبـەت نێـر لـە تەمەنـی چـەك هەڵگرتـن بـۆ هێـزی سـەربازی و ڕامیـاری هەرێمـی سیاسـی، هەروەهـا دەرخسـتنی توانـای بەرگریكـردن لـە خـۆی.[2]

(١) زمناكـۆ عثـمان صالـح، پەیوەندیـە هەرێمـی و نێودەوڵەتیەكانی هەرێمی كوردسـتان، سـەرچاوەی پێشوو، ل٣٢ .

(٢) سـیروان حسـێن ئیسـماعیل، شـیكردنەوەیەكی جوگرافـی بـۆ تایبەتمەندییەكانـی

لێـرەدا پشـت بەسـت بـە داتـا و ئامـارەکان پێکهاتـەی دەسـتەی تەمـەن و هەڕەمـی دانیشـتوانی ناوچـەی لێکۆڵینـەوە دەخەینەڕوو:-

أ. **پێکهاتـەی دەسـتەیی تەمـەن:** بـە پێـی ئـەم بەشـەی پێکهاتـە تەمـەن دابەشـی چەنـد پۆلێـک دەبـن، بـە گشـتی ئـەو هەرێمانـەی زۆرینـەی دانیشـتوانەکەی تەمەنی کەمتر لە (١٥) سـاڵ بێت و کەمترین خەڵکیشـی سـەرووی (٦٥) سـاڵ بێـت ئـەوا بـە هەرێمێکـی گەنـج دادەنرێـت، خـۆ ئەگـەر پێچەوانـەش بـوو ئـەوا بـە هەرێمێکـی پیـر دادەنرێـت.[١]

بـۆ دەستنیشـانکردنی هەرێمـی گەنـج و پیـر پشـت بـەم بنەمایانـە دەبەسـترێت:-

- هەرێمـی زۆر گەنـج: ئەوانـەی دانیشـتوانی تەمەنـی کەمـتر لـە (٥١) سـاڵ ڕێژەکـەی زیاتـرە لـە (٠٤٪)ی کـۆی دانیشـتوان.
- هەرێمـی گەنـج: ئەوانـەی دانیشـتوانی تەمەنـی کەمـتر لـە (٥١) سـاڵ ڕێژەکـەی (٠٣ تـا ٠٤ ٪) کـۆی دانیشـتوانە.
- هەرێمـی مەیلـە و گەنـج (لـە بازنـەی پیربوونـدا): ئەوانـەی دانیشـتوانی تەمەنـی کەمـتر لـە (٥١) سـاڵ ڕێژەکـەی (٠٢ تـا ٠٣ ٪) کـۆی دانیشـتوانە.
- هەرێمـی پیـر: ئەوانـەی دانیشـتوانی کەمـتر لـە (٥١) سـاڵ ڕێژەکـەی کەمـتر لـە (٠٢٪) کـۆی دانیشـتوانە. [٢]

---

دانیشـتوان لـە قـەزای مەخمـور، ماسـتەرنامەی بڵاونەکـراوە، کۆلیـژی ئەدەبیـات، زانکـۆی سـەڵاحەدین، هەولێـر، (٢٠٠٨)، لا١٠٤ .

(١) علی لبیب، جوگرافیایی دانیشتوان (جێگیر و ناجێگیر)، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢٥ .

(٢) هەمان سەرچاوە، لا ١٢٥ - ١٢٦ .

## خشتەی ( ٩ )

## پێكهاتەی تەمەن و جۆر (ڕەگەز)ی دانیشتوانی هەرێمی ڕۆژئاوای كوردستان ٢٠٢٣

| گرووپی تەمەن | ژمارەی دانیشتوان | (٪) | ڕەگەزی نێر | ڕەگەزی مێ | ڕێژەی جۆر |
|---|---|---|---|---|---|
| كەمتر لە ساڵ | ١٣٤٩٢١ | ٢,٩٩ | ٧٠٧٧٧ | ٦٤١٤٤ | ١١٠ |
| ٠ – ٤ | ٥٦٩٥١٥ | ١٢,٧٠ | ٢٩٠٦٩١ | ٢٧٨٨٢٤ | ١٠٤ |
| ٥ – ٩ | ٧٣١٤١٤ | ١٦,٢٤ | ٣٧٣٤١٧ | ٣٥٧٩٩٧ | ١٠٤ |
| ١٠ – ١٤ | ٦٧٦٢٩٣ | ١٥,٠٢ | ٣٤٦٥٣١ | ٣٢٩٧٦٢ | ١٠٥ |
| ١٥ – ١٩ | ٥١٩٤٤٢ | ١١,٤٣ | ٢٦١٠٤٧ | ٢٥٨٣٧٥ | ١٠١ |
| ٢٠ – ٢٤ | ٣٩٧٥٩٠ | ٨,٨٣ | ١٩٨٥٤٣ | ١٩٩٠٤٧ | ٩٩,٧ |
| ٢٥ – ٢٩ | ٣١٩٣٥٤ | ٧,٠٩ | ١٦١٠٨٦ | ١٥٨٢٦٨ | ١٠١ |
| ٣٠ – ٣٤ | ٢٧٠٢٥١ | ٦,٠٠ | ١٣٥٣٤٩ | ١٣٤٩٠٢ | ١٠٠ |
| ٣٥ – ٣٩ | ٢٠٠٢٩٣ | ٤,٣٠ | ١٠٠٨٨٠ | ٩٩٤١٣ | ١٠١ |
| ٤٠ – ٤٤ | ١٧٥٣٩٤ | ٣,٨٩ | ٩٠٣٠٩ | ٨٥٠٨٥ | ١٠٦ |
| ٤٥ – ٤٩ | ١١٧٢٨٧ | ٢,٦٠ | ٥٩٧٤٦ | ٥٧٥٣٢ | ١٠٣ |
| ٥٠ – ٥٤ | ١١٤٤٩٩ | ٢,٥٠ | ٥٨٠٧٠ | ٥٦٤٢٩ | ١٠٨ |
| ٥٥ - ٥٩ | ٧٧٠١٦ | ١,٧١ | ٣٩٩٨٤ | ٣٧٠٣٢ | ١٠١ |
| ٦٠ – ٦٤ | ٨٧٥٩٧ | ١,٩٠ | ٤٥٠٣٩ | ٤٢٥٥٨ | ١٠٥ |
| زیاتر لە ٦٥ | ١٢٧٣٢٩ | ٢,٨٠ | ٦٦٤١٠ | ٦٠٩١٩ | ١٠٩ |
| كۆی گشتی | ٤٥١٨١٩٥ | ١٠٠ | ٢٢٩٧٨٧٩ | ٢٢٢٠٢٨٧ | ١٠٣,٤ |

**سەرچاوە:** كاری توێژەر پشت بەست بە: پاشكۆی (١)

لە سەر بنەمای پێکهاتەی دەستەی تەمەن، بە ئامانجی ڕوونکردنەوەی پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوانی هەرێمی ڕۆژئاوایی کوردستان، بە پێی تەمەن دابەشی سێ دەستەی دەکەین:-

١. **دەستەی تەمەن بچوکەکان (کەمتر لە ١٥ ساڵ)**: ئەم دەستەیە بە دەستەی بەکاربەر یان بێ بەرهەم دەناسرێت، چونکە زۆربەی تاکەکانی نێو ئەم دەستەیە کار ناکەن لە لایەن دەستەی دووەمەوە بەخێودەکرێن، بە ڕوانین لە خشتەی (٩) و شێوەی (١) دەردەکەوێت ئەم دەستەیە لە ساڵی (٢٠٢٣) لە ناوچەی توێژینەوە ژمارەیان (٢١١٢١٤٣) کەسە، ڕێژەی زیاتر لە (٤٦٪)ی کۆی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە پێکدەهێنێت، ئەمەش ئەوە دەخاتەڕوو کە دانیشتوانی هەرێمی ڕۆژئاوا دەچێتە چوارچێوەی هەرێمی زۆر گەنج، ئەمەش بۆ ئایندەی هەرێمەکە بە سود و کاریگەرە، چونکە نەوەیەکی یەدەگی گەنج ئامادە دەبێت کە سوود بەخش دەبێت بۆ کایەکانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی........ هتد.

٢. **دەستەی تەمەن مامناوەند (١٥-٦٤) ساڵ:** ئەم دەستە دەکەوێتە نێوان هەردوو گروپی منداڵ و پیرەوە، بە دەستەی بەرهەمهێنەرەکانی دانیشتوان ناودەبرێت، ئەمەش ئەوانە دەگرێتەوە کە توانی کارکردنیان هەیە، ئەم دەستەیە هەردوو گروپی منداڵ و پیر بەخێو دەکات و ئەرکی هەڵگرتنی چەک و پارێزگاری لە نیشتمان لە ئەستۆی ئەودایە.[1]


(١) سیروان حسێن ئیسماعیل، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ تایبەتمەندییەکانی دانیشتوان لە قەزای مەخمور، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠٥ .

بـە گەڕانـەوە بـۆ خشـتەی (٩) دەبینین ئەم دەسـتەیە لە سـاڵی (٢٠٢٣)، ژمارەکـەی بریتـی بـووە لـە (٢٢٧٨٦٩٣) کـەس، بەمـەش ڕێـژەی زیاتـر لـە (٥٠٪)ی کـۆی دانیشـتوانی ناوچـەی توێژینـەوە پێکدەهێنیت، واتـە زۆرینەی دەسـتەکانی پێکهێناوە، ئەمش ئەوە نیشـان دەدات کە زۆرینەی دانێشـتوانی هەرێمـی ڕۆژئـاوا پێکهاتەیەکـی گەنجـن، ئەمـەش خاڵێکـی زۆر ئەرێنییـە پێویسـتە بخرێتە خزمەت بەرەو پێشـبردنی هەرێمەکە و بوژاندنەوەی ئابوری ناوچەکـە، چونکـە تـەواوی هێـزی کار لـە هـەر وڵاتێکدا پشـت بـەم چینـە دەبەسـتێت، بۆیـە بـە بزوێنـەری کەرتـی ئابـوری و کەرتەکانـی تـر نـاسراون.

٣. **دەسـتەی تەمــەن گــەورەکان (٦٥ سـاڵ و زیاتـر):** کۆتـا دەسـتەی پێکهاتــەی تەمــەن بریتیــە لــە دەســتەی (بەســاڵاچوان)، ئەمانیــش گروپێکـی بەکاربـەرن، لەبەرئـەوەی توانـای بەشـداریکردنیان لـە چالاکـی ئابــوری کــەم دەبێتــەوە، بــە ڕوانیــن لــە خشــتەی (٩) بۆمــان ڕوون دەبێتـەوە، ژمـارەی ئـەم دەسـتەیە لـە سـاڵی (٢٠٢٣) دا بریتـی بـووە لـە (١٢٧٣٢٩) کـەس، ئەمـەش دەکاتـە ڕێـژەی (٢,٨٠٪) کـۆی دانیشـتوانی ناوچـەی توێژینـەوە، ئەمـەش نزمتریـن ڕێژەیـە لـە پێکهاتـەی تەمەنـی دانیشـتوانی هەرێمەکـە، هـۆکاری نزمـی ئـەم ڕێـژە دەگەڕێتـەوە بـۆ بــەرزی ڕێــژەی مــردن بــە هــۆی گــەورەی تەمــەن و بەســاڵاچوون و بەرگـە نەگرتنـی نەخۆشـی و کەمـی ڕۆشـنبیری تەندروسـتی.

**ب. هەرەمی (قوچەکی) دانیشـتوان:** بە یەکێک لە شـێوەکانی داتا دادەنرێت کـە تیایـدا وێنەیەکی ڕاسـتەقینە لـە پێکهاتەی تەمەن و ڕەگـەزی کۆمەڵگا دەردەخـات، ئەمـەش پێوانەیەکـی گرنگـە کـە داتایەکی سـەرەتای نیشـان دەدات لـە پێکهاتـەی تەمـەن و جـۆر (ڕەگـەز)ی دانیشـتوان، هەروەهـا

هەرەمـی دانیشـتوان ئاماژەیـە بـە ڕێـژەی گروپـی هەر تەمەنێـک دەکات لـە کـۆی گشـتی دانیشـتوان، ئـەم جـۆرە هەرەمـە بـە کێشـانی هێڵێکـی ڕاسـتی ئاسـۆی و هێڵێکی تری سـتونی دێتە دی، هێڵە ئاسـۆییەکە ژمارەی ڕاسـتەقینە یـان ڕێـژەی سـەدی نێـر و مێـی هـەر دەسـتەیەکی تەمـەن دەردەخـات، هێڵـە سـتونییەکەش دەسـتەکانی تەمـەن دەردەخات.[١]




**شێوەی (١) هەرەمی قوچەکی دانیشتوانی هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان (٢٠٢٣)**

**سەرچاوە:** کاری توێژەر پشت بەست بە: خشتەی (٩)، پاشکۆی (١)

(١) سـفین جـلال فتـح اللـه، بنچینـە و بنەماکانـی جوگرافیایـی سیاسـی، سـەرچاوەی پێشـوو، لا١٥٢ .

ئەگــەر بنکــەی هەرەمەکــە فــراوان بێــت مانــای وایــە ڕێــژەی لــە دایکبــوون زۆرە و ئــەو هەرێمــە خاوەنــی هێزێکــی یەدەگــی کرێــکار و هێــزی چەکــدارە، بــەم هەرێمــە دەوترێــت لاو، ئــەم جــۆرە لــە وڵاتــە تــازە پێگەشــتوەکان زۆرە.[1] ناوەڕاســتی هەرەمەکــە تەمەنیــان گرنگــە، چونکــە ژمــارەی تەمەنــی گەنــج دەردەخــات، گــەر هەرەمەکــە لــە نێوەنــدا فــراوان بــوو بــەو مانایــە کــە ئــەم هەرێمــە ژمــارەی گەنجــی زۆرە، ئەمــەش بــە بنەمــای هێــز دادەنرێــت بــۆ هەرێمــی سیاســی. ســەبارەت بــە دەســتەی ســێیەم کــە لوتکــەی هەرەمەکــە داگیــر دەکــەن ئەویــش تەمەنــی پیــر و بەســاڵا چوەکانــە، ئــەم ڕێژەیــە لــە وڵاتێکــەوە بــۆ وڵاتێکــی تــر دەگۆڕێــت، ئەگــەر ڕێــژەی پیــر زۆر بێــت مەترســیە لــە ســەر ئاینــدەی وڵات.[2]

هەرچــی تایبەتــە بــە پێکهاتــەی هەرەمــی دانیشــتوانی ناوچــەی توێژینــەوە، پشتبەســت بــە خشــتەی (٩) و ڕوانیــن لــە شــێوەی (١)، ئەوەمــان بــۆ ڕوون دەبێتــەوە بنکــەی هەرەمەکــە فراوانــە بــە جۆرێــک دەســتەی(٠-١٤) ســاڵ ڕێژەکەیــان زیاتــر لــە (٤٦٪) کــۆی دانیشــتوانی ناوچــەی توێژینــەوە پێکدەهێنێــت، ئەمــەش ڕێژەیەکــی بــەرزە، دەســتەی تەمــەن (١٥ – ٦٤) دەگاتــە (٥٠٪) کــۆی دانیشــتوان، ئەمــەش دەرخــەری ئەوەیــە ناوچــەی توێژینــەوە لاوە لــە ڕووی پێکهاتــەی تەمەنــەوە، هەرچــی

(١) ســیروان حســێن ئیســماعیل، شــیکردنەوەیەکی جوگرافــی بــۆ تایبەتمەندییەکانــی دانیشــتوان لــە قــەزای مەخمــور، ســەرچاوەی پێشــوو، لا ١٠٧ .

(٢) هــاوڕی یاسین محمــد ئەمیــن، دەروازەیــەک بــۆ جوگرافیــای سیاســی و جیۆپۆلەتیک، ســەرچاوەی پێشوو، لا٨٤ .

تایبەتـە بـە دەسـتەی (٦٥ سـاڵ زیاتـر)، بـەراورد بـە دوو دەسـتەکەی تـر ڕێژەکـەی کەمـترە لـە (٣٪) کـۆی دانیشـتوانە.

توێژینـەوە دەگات بـەو ئەنجامـەی کـە هەرەمـی دانیشـتوانی ڕۆژئـاوای کوردسـتان بـۆ سـاڵی (٢٠٢٣) تـا ڕادەیـەک هەرەمێکـی سێگۆشـەیە، ئەمـەش پشـت بەسـت بـە بـەرزی لـە دایـک بـوون و گەشـەی سروشـتی دانیشـتوان، سـەرباری ئـەوەی ئـەم شـێوە هەرەمـە نیشـاندەری گەنجێتـی کۆمەڵـگای ڕۆژئـاوای کوردسـتان پێشـاندەدات، ئەمـەش بنەمایەکـی گرنگـە بـۆ پەرەپێدانـی ئابـوری و کۆمەڵایەتـی سیاسـی و سـەربازی و کایەکانـی تـری ژیـان لـە ناوچەکـە.

## دووەم: پێکهاتەی جۆر/ ڕەگەز

مەبەسـت لـە پێکهاتـەی جـۆر دابەشـبوونی دانیشـتوانە بـۆ (نێـر و مـێ)، پێکهاتـەی ڕەگەزیشـی پێدەوترێـت، ئەمـەش لـە ڕێگـەی هەژمارکردنـی ژمـارەی ڕەگـەزی نێـر لـە بەرامبـەر هـەر (١٠٠) مێینەیەکـدا.[1] لـە کاتـی توێژینـەوە دەربـارەی دانیشـتوان هـەر هەرێـم و ناوچەیـەک، پێویسـتە ژمـارەی (نێـر و مـێ) و جیـاوازی ژمـارەی نێوانیـان بزانرێـت، چونکـە بوونـی جیـاوازی ژمـارەی نێـوان هـەردوو ڕەگـەز کاریگـەری دەبێـت لـە سـەر جۆری کێشـە ئابـوری و کۆمەڵایەتییـەکان، هەروەهـا کار دەکاتـە سـەر هێـزی کار و تێکـڕای لـە دایـک بـوون و مـردن و هاوسـەرگیری، بـە هەمـان شـێوە

(١) هیـوا ئەمیـن شـوانی، جوگرافیایـی دانیشـتوان، دەزگای لێکۆڵینـەوە و بڵاوکردنـەوەی موکریـان، چاپخانـەی موکریـان، هەولێـر، (٢٠٠٩)، لا٥٧ .

کاریگـەری دەبێـت لـە سـەر کـۆچ و دابەشـبوونی پیشـەی دانیشـتوان.[1]

لـە ڕووی زانسـتیەوە دەرکەوتـووە ڕێـژەی لـە دایکبوونـی نێـر زۆرتـرە لـە دایکبوونـی مـێ، بـە جۆرێـک لـە زۆربـەی کاتـدا بـۆ هـەر (١٠٠) مێیـەک (١٠٥) نێـرە، هەندێـک جـار بـۆ (١٠٧) نێـر بـەرز دەبێتـەوە، هەندێـک جاریـش بـۆ (١٠٢) نێـر دادەبەزێـت، بـە تێکـڕا لـە دەوروبـەری (١٠٥) نێـر بـۆ هـەر (١٠٠) مێیـەک دەسـوڕێتەوە.[2] هـەر گۆڕانێـک لـەم ڕێژەیـە دەگەڕێتـەوە بـۆ چەنـد هۆکارێـک وەک ڕێـژەی جیـاوازی مـردن لـە نێـو گروپەکانـی تەمـەن بـۆ هـەردوو ڕەگـەز، کۆچکـردن یـان جەنـگ...... هتـد، ئـەم ڕێژەیـە بـۆ کـۆی دانیشـتوان و گروپەکانـی تەمـەن دەردەهێنرێـت، ئەنجامەکەشـی لـە ڕێگـەی دابەشـکردنی کـۆی ژمـارەی نێرینـە بـە سـەر کـۆی ژمـارەی مێینـە جـاران (١٠٠) بـە دەسـت دێـت.[3]

**هاوکێشەی ڕێژەی ڕەگەز:**

$$\text{ڕێژەی ڕەگەز} = \frac{\text{ژمارەی ڕەگەزی نێر}}{\text{ژمارەی ڕەگەزی مێ}} \times ١٠٠$$

(١) عبـاس فاضـل السـعدی، سـكان العـراق (دراسـة في أسسـه الديموغرافيـة الجغرافيـة)، الطبعـة ١، الغفـران للخدمـات الطباعـة، بغـداد، (٢٠١٣)، ص٢٨٣ .

(٢) جـزا توفيـق طالـب، المقومـات الجيوبولتيكيـة للأمـن القومـی في إقليـم كردسـتان، المصـدر السـابق، ص٢٢٢ .

(٣) هيـوا صـادق سـليم، التحليـل الجغـرافي لكفـاءة التوزيـع المكانـی للخدمـات التعليمية في مدينـة أربيـل، أطروحـة دكتۆراه(غيـر منشـورة)، جامعـة صـلاح الديـن، كليـة أداب، قسـم الجغرافيـة، ٢٠١٢، ص٥٣ .

**خشتەی (١٠) ڕێژەی جۆر (ڕەگەز) لە هەرێمی ڕۆژئاوی کوردستان (١٩٩٤-٢٠٢٣)**

| ساڵ | ژمارەی نێر/کەس | ژمارەی مێ / کەس | ڕێژەی جۆر |
|---|---|---|---|
| ١٩٩٤ | ١١٦٠٠٥٥٤ | ١١٢٧٤٤٠ | ١٠٢,٩ |
| ٢٠٠٤ | ١٤٧٥٢٥٣ | ١٤١٥١٢٢ | ١٠٤,٢ |
| ٢٠٢٣ | ٢٢٩٧٨٧٩ | ٢٢٢٠٢٨٧ | ١٠٣,٤ |

**سەرچاوە:** کاری توێژەر پشت بەست بە: ١- پاشکۆی (١) ، ٢ – خشتەی (٩).

سەبارەت بە ڕێژەی جۆری ناوچەی توێژینەوە بە ڕوانین لە خشتەی (١٠)، تێبینی ئەوە دەکەین لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٤ – ٢٠٢٣) جیاوازیەکی وا نییە تا ڕادەیەک ڕێژەکان لێک نزیکن، بە جۆرێک ساڵی (١٩٩٤) ڕێژەی جۆر بریتی بووە لە (١٠٢,٩) نێر بەرامبەر (١٠٠) مێ ئەمەش ڕێژەیەکی سروشتییە بۆ ڕێژەی نێرینە، لە ساڵی (٢٠٠٤) ڕێژەکە ڕوو لە بەرزی بووە بە جۆرێک ڕێژەی جۆر بریتی بووە لە (١٠٤,٢) نێر بۆ هەر (١٠٠) مێیەک و لە ساڵی (٢٠٢٣) ڕێژەی جۆر (١٠٣,٤) نێر بووە بۆ هەر (١٠٠) مێیەک، ئەمەش قۆناغی سروشتی ڕێژەی نێرینەیە بە پێوەرەکانی ئاماژەمان پێکرد.

توێژەر پێی وایە ڕێژەی جۆر لە ڕووی سیاسیەوە کاریگەری بەهێزی هەیە لە سەر توانا و بەهای هەرێم و یەکە سیاسیەکان، لە ڕووی سەربازیشەوە زۆربەی دەوڵەتانی جیهان تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ لەگەڵ هەموو ئەو پێشکەوتنانەی لە بوارە جیاجیاکانی چەک و تەقەمەنی بە خۆیەوە بینیوە، هێشتا بۆ دروستکردنی سوپا و هێزی سەربازی پشت

بـە ڕەگـەزی (پیـاو) دەبەسـترێت، بـەڵام هەرێمـی ڕۆژئـاوا بـە پێچەوانـەوە هێـزی چەکـدار بەشـێکی کارایـی ژنـان پێکـی دەهێنـن و بەشـداری دەکـەن لـە بەرەکانـی پێشـەوەی جەنـگ، ئەمـەش کـەم سـوپا هەیـە لـە جیهـان ژنـان بـەو شـێوەیە بەشـداری تێـدا بکـەن، لـە ڕووی سیاسیشـەوە ژنـان هاوشـانی پیـاوان بەشـداری کاریگەریـان هەیـە، ڕۆڵـی گرنـگ لـە کایـەی سیاسـی و کارگێـڕی هەرێمەکـە دەبینـن.

### سێیەم: پێکهاتەی نەتەوەی (التركيب القومي - National Structure)

مەبەست لە پێکهاتەی نەتەوەیی دابەشکردنی دانیشتوانە بە پێی ئەو بنچینە نەژادییەی کە پێوەی پەیوەستن.[1] بە هەستێکی خودی وابەستەی یەکترن وەک زمان و کلتور و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و مێژووی هاوبەش و نەژاد.... هتد.[2] پێکهاتەی نەتەوەیی لە توێژینەوەی جوگرافیی سیاسی بایەخێکی گرنگی هەیە، چونکە هاوچەشن و گونجانی نەتەوەیی کاریگەری زۆری هەیە لە پیکەوەگرێدانی دانیشتوانی هەرێمی سیاسی، هاوسۆزی و پێکەوەیی کۆڵەگەیەکی گرنگی بنیادنانی پەیوەندییە نێوخۆییەکانی هەرێمی سیاسییە.[3]

سەبارەت بە پێکهاتەی نەتەوەیی هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان داتا و زانیارییەکی ئەوتۆ بەردەست نین، کە سودی لێ وەربگیرێت بۆئەوەی ژمارە و ڕێژەی پێکهاتەی نەتەوەی پێ دیار بکرێت لە بەر چەند هۆکارێک لەوانە:-

أ. بۆ دەستنیشانکردنی پێکهاتەی نەتەوەیی دەبێت پشت بە سەرژمێری و داتا ئامارییەکانی دانیشتوان ببەسترێت، بەڵام ئەوەی لە دەوڵەتی سوریا هەیە، تا ئێستا هیچ سەرژمێرییەکی ئاشکرا و ورد ئەنجام نەدراوە کە تیایدا خانەیەکی تایبەت بە پێکهاتەی نەتەوەیی بوونی هەبێت، بۆ

---

(١) کاوە رشید کاکی، قەزای سەید سادق (توێژینەوەیەک لە جوگرافیایی دانیشتوان)، سەرچاوەی پێشوو، لا١١٦ .

(٢) هاوڕی یاسین محمد ئەمین، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیایی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٢٧ .

(٣) جزا توفيق طالب، المقومات الجيوبولتيكية للأمن القومي في إقليم كردستان، المصدر السابق، ص٢٤٤ .

ئـەوەی ژمـارەو ڕێژەی هـەر پێکهاتەیەکـی نەتەوەیی دەستنیشـان بکرێت.

ب. دەسـتوری سـوریا هیـچ ئاماژەیەکـی تێـدا نییـە لـە سـەر بوونـی فـرە نەتـەوە لـە سـوریا، ئـەوەی هەیـە هـەر هاووڵاتییـەک خاوەنـی ڕەگەزنامـەی سـوری بێـت، ئـەوە هاووڵاتـی سـوریایە.

ج. تۆمارەکانی باری شارستانی و ناسنامەی باری شارستانی هیچ خانەیەکی تێدا نییە تایبەت بێت بە پێکهاتەی نەتەوەکانی تر جگە لە عەرەبی سوریا.

جێـگای ئاماژەیـە هەمـە چەشـنییەکی ئاینـی و نەتەوەیـی و مەزهەبـی لـە دەوڵەتـی سـوریا بوونـی هەیـە، بـە هـۆی ئـەو هۆکارانـەی ئاماژەمـان پێکـرد وای کـردوە هیـچ بوارێکـی بـۆ پێشـبینی و خەمڵانـدن نەهێشـتوەتەوە بـۆ ئـەوەی ژمارەیەکـی دروسـت بخەینـەڕوو، بۆیـە توێـژەر سـەرەڕای کەموکورتـی و نەبوونـی داتـا، بـە جیـا باسـی هەریەکـە لـە نەتەوەکانـی نیشـتەجێی هەرێمـی ڕۆژئـاوا دەکات، پشـت بەسـت بـەو بەڵگـە و زانیاریانـەی توێژینـەوە پشـتی پـێ بەسـتوون لـە سـەر پێکهاتـەی نەتـەوەی لـە ناوچـەی توێژینـەوە، لێـرەدا دەیانخەینـەڕوو:

١. **کـورد:** وەک پێشـتر ئاماژەمـان پێکـرد، نەتـەوەی کـورد دانیشـتووی ڕەسـەنی هەرێمەکـەن، سـەبارەت بـە ژمـارە و ڕێـژەی کـورد لـە دەوڵەتی سـوریا، لـە بـەر ئـەو هۆکارانـەی ئاماژەمـان پێکـرد ژمارەیەکـی ورد و دروسـت کـە فەرمـی بێـت لە بەردەسـت نییـە، ئـەوەی هەیـە خەمڵاندن و پێشـبینی و سـەرچاوە مێژوویەکانـە، بۆیـە توێـژەر ئاماژەیـان پێدەکات و دەیانوسـێتەوە، دواتـر هەڵسـەنگاندن و توێژینەوەیـان لـە سـەر دەکات بـۆ ئـەوەی ژمـارەی کـورد لـە ناوچـەی توێژنـەوە بخاتـەڕوو.

**محەمـەد ئەمیـن زەكـی بـەگ** لـە كتێبـی (خلاصـة تأريـخ الكـرد و كردسـتان) لـە سـەر زمانـی كۆنسـوڵی ڕووسـی (میسـو زیمیرمـان) لـە حەلـەب سـاڵی (١٩٢٠)، ژمـارەی كـوردی باكـووری سـوریا بـە (١٢٥٠٠٠) هـەزار كـەس دانـاوە، لەگـەڵ (٢٠٠٠٠) كـوردی دیكـە كـە لـە ناوچەكانـی حـارم و ڕووبـاری عاسـی و (جبـل الأكـراد) نیشـتەجێن.[١] **دكتـۆر ئەدیـب معـەوەز** سـاڵی (١٩٤٥) لەكتێبەكەیـدا (الأكـراد في سـوريا و لبنـان) ژمـارەی كوردەكانـی ناوچـە كوردییەكانـی سـوریا بـە (٣٠٠) هـەزار كـەس لـە قەڵـەم دەدات، ئەمـە جگـە لـە كوردەكانـی (حـي الأكـراد - الصالحيـة) لـە دیمەشـق.[٢] بەپێـی یەكێـك لـە بەڵگەنامەكانـی بەریتانیـا لـە (١٩ ئـاداری ١٩٤٧) دەرچـووە، ژمـارەی كوردەكانـی جەزیـرەی سـەروو لـە باكـووری ڕۆژئـاوای شـاری حەلـەب بـە پێـی سـەرژمێری سـاڵی (١٩٢٣) بـە نزیكـەی (٢٠٠) هـەزار كـەس دادەنێـت.[٣]

**مینۆرسـكی** كوردنـاس و ئێرانیناسـی ڕووسـی لـە سـاڵی (١٩١٠)، ژمـارەی كـورد لـە سـوریا بـە (١٢٠) هـەزار كـەس دادەنێـت.[٤] **جیـراد جالیـاد** نووسـەری فەرەنسـی لـە كتێبـی (شـعب بـدون وطـن - الكـرد و كردسـتان) ژمـارەی كـورد لـە سـوریا بـە (٨٢٥٠٠٠) كـەس لـە قەڵـەم دەدات لـە سـاڵی (١٩٧٦)، لـە سـەر بنەمـای ژمـارەی ئـەو كوردانـەی لـە شـارەكانی باكـووری سـوریا نیشـتەجێن كـە بـە خشـتەیەك ئامـاژەی پێكـردووە، بەمـەش كـورد

(١) محمد أمين زكی بگ، خلاصة تأرخ الكرد و كردستان، المصدر السابق، لا٤٠ .
(٢) أديب معوض، الأكراد في سوريا و لبنان، المصدر السابق، ص٢٠ .
(٣) عوسـمان عەبدولڕەحـمان سـمايل، كـورد لـە سـوريا (١٩٢٠ - ١٩٤٦)، سـەرچاوەی پێشـوو, لا٤٠ .
(٤) هەمان سەرچاوە، لا٤١.

ڕێـژەی (١١٪) کـۆی دانیشـتوانی کۆمـاری سـوریای پێکهێنـاوە کـە (٧,٥) ملیـۆن کـەس بـووە لـەو سـاڵەدا.[١] نووسـەری کـوردی ڕۆژئـاوای کوردسـتان **عەلـی جزیـری** خەمڵاندنێکـی بـۆ ژمـارەی کـورد لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان کـردووە پێـی وایـە ڕێـژەی کـورد لـە سـاڵی (٢٠٠٥) لـە سـوریا (٢١,٨٪) کـۆی دانیشـتوانی سـوریا پێکدەهێنێـت بـەو پێیـەی ژمـارەی کـورد (٤,٨)ملیـۆن کەسـە کـە لـەو سـاڵەدا دانیشـتوانی سـوریا (٢٢) ملیـۆن کـەس بـووە.[٢]

توێـژەر پشتبەسـت بـەو داتایانـەی لـە سـەرچاوە مێژوویـەکان و ڕای توێـژەران خسـتیەڕوو، هـەوڵ دەدات ژمـارەی کـورد لـە ڕێـگای هاوکێشـە و ئامـارەکان بخاتـەڕوو، سـەرەتا بـۆ ئـەوەی ڕێـژەی گەشـەی دانیشـتوان بدۆزینـەوە، پشـت بـە (هاوکێشـەی گەشـەی سـاڵانەی دانیشتوان)* دەبەسـتین، ئەگـەر ژمـارەی کـورد لـە سـاڵی (١٩٢٠) وەربگریـن کـە (زەکـی بـەگ) ئامـاژەی پێکـردووە (١٤٥٠٠٠) هـەزار کـەس بـووە و ژمـارەی کـورد لـە سـاڵی (١٩٤٥) وەربگریـن کـە لـەو سـاڵەدا (ئەدیـب

(١) جیراد جالیاند، شعب بدون وطن – الکورد و کردستان، المصدر السابق، ص٢٩٧ .

(٢) علی جزیری ، الکرد و کردستان (کردستان سوریا – أنموذجا)، المصدر السابق، ص٣٦٣ .

(٣)* مەبەسـت لێـی زیادبوونـی ساڵانەی دانیشـتوانە لـە نێـوان دوو سـەرژمێریدا، لـە ڕێگـەی ئـەم هاوکێشـەیەی خـوارەوە، دەردەهێنرێـت :

هاوکێشەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان:( R = √(t&p1/p0 -1*100

R: گەشەی ساڵانەی دانیشتوان.

t: ماوەی نێوان ساڵانی سەرژمێریەکان.

P١: دواین سەرژمێر.

P0: سەر ژمێری پێشوو

**سـەرچاوە**: طـه حـمادي الحديثـي، جغرافيـة السـكان، طبعـة ٢، مطبعـة جامعـة الموصـل، الموصـل، (٢٠٠٠)، ص٣٠٨ .

معەوەز) بە (٣٠٠٠٠٠) هەزار کەس خەمڵاندویەتی، پشت بەست بە هاوکێشەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان بۆمان دەردەکەوێت ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لەم ماوەیەدا واتا لە نێوان (١٩٢٠ تا ١٩٤٥) بریتی بووە لە (٣٪).

توێژەر ئەم ڕێژەیە وەک بنەما بەکاردێنێت بۆ خەمڵاندنی ژمارەی کورد لە هەرێمی ڕۆژئاوا لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥ بۆ ٢٠٢٣)، پشت بەست بە هاوکێشەی خەمڵاندنی قەبارەی دانیشتوان، کە لە ڕێگەیەوە ژمارەی خەمڵێندراوی دانیشتوان دەردەهێنرێت لە ڕێگەی ئەم هاوکێشەیە[1]:-

هاوکێشەی خەمڵاندنی قەبارەی دانیشتوان. $Pn = P0\ (1+r)^t$

Pn: ژمارەی خەمڵێندراوی دانیشتوان.

P0: ژمارەی دانیشتوانی سەرژمێری پێشوو.

r: گەشەی ساڵانەی دانیشتوان.

t: ماوەی نێوان ساڵانی سەرژمێریەکان.

بە پێی ئەو هاوکێشەو ڕێگا زانستیانەی توێژینەوە گرتیە بەر ژمارەی خەمڵێنراوی نەتەوەی کورد لە هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان (٣،٠٠٩،٠١٨) کەسە، بەمەش کورد ڕێژەی (٦٦,٥٪)ی کۆی دانیشتوانی هەرێمی ڕۆژئاوا پێکدەهێنێت.

جێگای ئاماژەیە ئەم ژمارە و ڕێژەیە تەنیا گوزارشت لەو کوردانە دەکات کە لە چوارچێوەی سنووری هەرێمی ڕۆژئاوا ژیان دەکەن،

---

(١) المصدر نفسه، ص٣١٠ .

توێژینـەوە ئـەو کوردانـەی هەژمـار نەکـردووە کـە لـە دەرەوەی سـنووری ناوچـەی لێکۆڵینـەوە لـە شـارەکانی تـری دەوڵەتـی سـوریا ژیـان دەکـەن، وەک حەلــەب و دیمەشــق و شــارەکانی تــر، کــە ئینســتیوتی واشــنتۆن ژمارەیـان بـە ملیۆنێـک کـەس دەخەمڵێنێـت.[1]

٢. **عەرەب:** عەرەبەکانی ئێستای سـوریا زۆرینەیان نەوەی ئەو موسـڵمانانەن لـە سـەردەمی کرانـەوەی ئیسـلامیدا (فتوحـات)، لـە نیمچـە دورگـەی عەرەبیـەوە ڕوویـان لـە سـوریا کـردووە، بانگـەوازی ئیسـلامیان تێدا بڵاوکردوەتـەوە، عەرەبـەکان کۆچەربـوون بـە چەنـد شـەپۆلێک کۆچیـان کـردووە بـۆ سـوریا، بـە شـێوەی خێـڵ و تیـرەی جیـا جیـا بـە جۆرێـک بـە هەمـوو دەوڵەتـی سـوریادا بڵاوبوونەتـەوە، دانیشـتوانی عـەرەب بـە نزیکەیـی زۆرینەیـە لـە هەمـوو سـوریا، جگە لـە هەندێک ناوچـە نەبێت کـە کـورد و کەمـە نەتەوەکانـی تـر تێـدا زۆرینـەن.[2]

سـەبارەت بـە پێکهاتـەی عەرەبـی لـە هەرێمـی ڕۆژئـاوا، لـە دوای کـورد بـە پێکهاتـەی دووەم هەژمـار دەکرێـت، هەرچەنـدە داتـا و زانیـاری ورد لـە بەردەسـت نیـن لـە سـەر ژمـارەی عـەرەب و پێکهاتەکانـی تـر بـە هـۆی ئـەو هۆکارانـەی توێـژەر ئامـاژەی پێکـرد، هەروەوهـا تێکهەڵکێشـیەکی زۆر هەیـە لـە نێـوان دانیشـتوانی کـورد و عـەرەب بـە تایبـەت لـە ناوچەکانـی باشـووری ڕۆژهـەڵات و ناوەڕاسـتی ناوچـەی توێژینـەوە، بـە هـۆی کۆچـی بەردەوامـی عـەرەب بـۆ ئـەو ناوچانـە و بـاڵا دەسـتی عـەرەب لـە کۆمـاری سـوریا و پەیڕەوکردنـی سیاسـەتی نیشـتەجێکردنی زۆرەملێـی عـەرەب لـە

(1)http//:www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis

(٢) عادل عبدالسلام ، جغرافية سورية الأقليمية، المصدر السابق، ص٢٢٠.

ناوچـە كوردنشـینەكان، مەزەنـدە دەكرێـت پێكهاتـەی عەرەبـی نزیكـەی یـەک لـە سـەر سـێی دانیشـتوانی هەرێمـی ڕۆژئـاوا پێكبهێنـن.[1]

٣. **ئاشـوری و سریانـەكان:** نیشـتەجێبوونی ئاشـورییەكان لـە هەرێمـی ڕۆژئـاوا و ناوچەكانـی تـری سـوریا دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم، بـە هـۆی ئـەو كۆمەڵكوژییـەی لـە لایـەن دەسـەڵاتدارانی دەوڵەتـی عوسـمانی لـە دژیـان ئەنجامـدرا، زۆرێـک لـە ئاشـورییەكانی ناوچـەی هـەكاری كۆچیـان كـرد بـۆ عێـراق و سـوریا، ئەوانـەی هاتنـە سـوریا لـە ناوچـەی جەزیـرە نیشـتەجێكران.[2] بـە تایبـەت لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی فەرەنسـییەكان لـە سـوریا، چونكـە فەرەنسـیەكان بـە ڕێككەوتـن لەگـەڵ ئینگلیـزەكان و پاڵپشـتی عێـراق و دانپێدانانـی كۆمەڵـەی گـەلان (عصبـة الأمـم) نیشـتەجێیكردن، ئـەو ئاشوریانەشـی كۆچیـان بـۆ عێـراق كردبـوو گواسـترانەوە ناوچەكانـی هەرێمـی ڕۆژئـاوا و بـە درێـژای ڕووبـاری خابـور لـە نێـوان سـەرێ كانـی و حەسـەكە نیشـتەجێكران و لـە ١٦ شـارۆچكە شـوێنی نیشـتەجێبوون و زەویـان بـە ناوكـرا، ژمارەیـان لـە سـاڵی ١٩٣٨ بـە نزیكـەی (٩٠٠٠) كـەس بـووە.[3]

سریانـەكان ئەوانیـش سریانـی ئەرسـۆدۆكس و سریانـی كاسـۆلیكن، بـە هەمـان شـێوە لـە كاتـی كۆمەڵـكوژی عوسـمانییەكان لـە توركیـاوە كۆچیـان كـردووە بـۆ ناوچەكانـی هەرێمـی ڕۆژئـاوا، لـە ناوچەكانـی (حەسـەكە،

---

(1)http//:www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis

(٢) علی جزیری، الكرد و كردستان (كردستان سوریا – أنموذجا)، المصدر السابق، ص٣٨٩.

(٣) محمـد طلـب هـلال، دراسـة عـن محافظـة الجزیـرة مـن نواحـي السیاسـیة – الأجتماعیـة – القومیـة، المصـدر السـابق، ص١٧٧ – ١٨٠ .

قامشـلی، عامـودا، دەرباسـیە، سـەرێ کانـی، ترپـە سـپی) نیشـتەجێبوون.[1]

٤. **ئەرمـەن:** ئەمانیـش بریتیـن لـە ئەرمەنـی ئەرسـۆدۆکس و ئەرمەنـی کاسـۆلیک، سـەرەتای نیشـتەجێبوونیان دەگەڕێتـەوە بـۆ سـالێ (١٩١٥)، لـە ئەنجامـی کۆمەڵکوژی عوسـمانییەکان لـە تورکیـاوە کۆچیان کـردووە، لـە شـارەکانی حەلـەب و قامشـلی و حەسـەکە نیشـتەجێبوون.[2]

٥. **چاچان** (الشیشـان): لە سـەردەمی سـوڵتان عبدالحمید لە سـاڵی ١٨٧٧ لە نوسـەیبین و قامشـلی نیشـتەجێکراون، ژمارەیان زۆر کەمە و موسڵمانن.[3]

٦. **تورکـمان:** نیشـتەجێبوونیان دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی زەنگیـەکان و عوسـمانییەکان، بـە شـێوەیەکی گشـتی بڵاوبوونەوەیـان لـە قەزاکانـی جەرابلـس مەنبـەج و بـاب.[4]

(١) محمـد جـمال بـاروت ، التكويـن التأريخـي الحديـث للجزيـرة السـورية، المصـدر السـابق، ص٢٧٢.

(٢) على جزيرى، الكرد و كردستان (كردستان سوريا – أنموذجا)، المصدر السابق، ص٣٩٠ .

(٣) محمد جمال باروت، المصدر السابق، ص١٨٣ .

(٤) على جزيرى، المصدر السابق، ص٣٩٤ .

## چوارەم: پێکهاتەی ئاینی

ئایــن و بیروبــاوەڕی ئاینــی کاریگــەری زۆر و ڕاســتەوخۆی لــە ســەر ژیانــی دانیشــتوانی هەرناوچەیــەک هەیــە، زۆرجــار دەبێتــە ڕێنمایکــەری ژیانــی کۆمەڵایەتــی و ئابــوری و سیاســی هــەر هەرێمێــک، بــەو پێیــەی ئایــن لــە توخمــە پێکهێنەرەکانــی کۆمەڵــە و لێــی ڕادەبینرێــت بنەمــای ژێرخانــی هەرێمــی سیاســی پتەوتــر بــکات، لــە زۆر هەرێمــی سیاســی ئاییــن ڕۆڵێکــی ئەرێنــی لــە یەکگرتــووی و تەبایــدا هەبــووە، بەمــەش ئاییــن دەبێتــە هێــزی گرێــدەری کۆمــەڵ، بــەڵام لــە هەمــان کاتــدا جیــاوازی ئاینــی و مەزهەبــی، ڕەنگــە بــە هــۆی دەمارگیــری و نزمــی ئاســتی ڕۆشــنبیریەوە پشــێوی بنێتــەوە، لــەم بــارەدا فــرە ئایینــی ململانــێ و کێشــمەکێش و گرفتــی سیاســی و هەرێمــی و نێودەوڵەتــی لێدەکەوێتــەوە، ڕەنگــە ببێتــە هــۆی پچڕانــی یەکێتــی کۆمــەڵ.[1]

ناوچــەی توێژینــەوە هــەروەک چــۆن لــە ڕووی نەتەوەییــەوە فــرە ڕەنــگ و فــرە نەتەوەیــە، بــە هەمــان شــێوە لــە ڕووی بیروبــاوەری ئایینیشــەوە تێکەڵاویەکــی زۆر هەیــە و لــە ناوچەکــەدا ئاینزاکانی (موســڵمان و مەســیحی و ئێزیــدی..... هتــد ) دەبینرێــن، هــۆکاری ئەمــەش دەگەڕێتــەوە بــۆ شــوێنی جوگرافــی ناوچــەی توێژینــەوە هانــدەر بــووە بــۆ ئــەوەی چەندیــن ئاییــن لــە نــاو دانیشــتوانەکەیدا پەیــدا بێــت، ئــەو کۆمەڵکوژییــەی لــە ســەرەتای ســەدەی بیســتەم لــە لایــەن دەوڵەتــی عوســمانی ئەنجــام درا دژ بــەو

(١) جــزا توفيــق طالــب، المقومــات الجيوبولتيكيــة للأمــن القومــى في إقليــم كردســتان، المصــدر الســابق، ص٢٣٨ .

گەلانـەی کـە موسـڵمان نەبـوون (ئەرمـەن، ئاشـوری، سریـان) لـە (١٩١٣ – ١٩١٥) وای کـرد بەشـێک لـە هەڵگرانـی ئایینـە جیـاوازەکان کـۆچ بـۆ ناوچەکـە بکـەن، بـۆ ئـەوەی پارێـزگاری لـە مانەوەیـان بکـەن.

هەرێمـی ڕۆژئـاوا لەگـەڵ ئـەوەی ئاشـکرایە زۆری دانیشـتوانەکەی موسـڵمانن، بـەڵام ژمـارەی هەریەکـە لـەو ئاینـن و ئاینزایانـەی بـە وردی و دروسـتی نەزانـراوە، لـە بـەر ئـەو هۆکارانـەی ئاماژەمـان پێکـرد، کـە زانیاریەکانـی زۆر لایەنـی پێکهاتـەی دانیشـتوان لـە لایـەن دەوڵەتـی سـوریا بـە نهێنـی و نەزانـراوی ماوەتـەوە، ئـەوەی ئاشـکرایە چەندیـن ئاییـن لـە ناوچـەی توێژینـەوە بوونـی هەیـە، لێـرەدا بـە کورتـی ئاماژەیـان پێدەدەیـن:-

١. **موسـڵمان:** گەورەتریـن ئایینـە لـە هەرێمـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان زۆربـەی هـەرە زۆری دانیشـتوانی ناوچـەی توێژینـەوە لـە پەیڕەوانـی ئـەم ئایینـەن، ئاینـی ئیسـلام لـە دوو مەزهەبـی (سـونە و شـیعە) پێکهاتـووە، جێـگای ئاماژەیـە زۆربـەی موسـڵمانانی ناوچـەی توێژینـەوە سـونە مەزهەبـن.[1]

٢. **مەسیحی:**ئاینی مەسـیحی یەکێکـە لـە ئاینـە کۆنـەکان لـە ناوچەکـەدا لـە نـاو خۆیانـدا دابەشـبوون بـە سـەر ئەرمـەن و سریـان و ئاشـوری، لـە ڕووی مەزهەبیشـەوە دابـەش بـوون بـە سـەر هـەردوو مەزهەبـی ئەرسـۆدۆکس و کاسـۆلیک، هەڵگرانـی ئاینـی مەسـیحی زۆرینەیـان لـە ناوچەکانـی جەزیـرە نیشـتەجێن، وەک ئاماژەمـان پێکـرد بـە هـۆی

(١) محمد طلب هلال، المصدر السابق، ص١٨٦ .

کۆچپێکردنیـان لـە تورکیـا و نیشـتەجێکردنیان لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوچەکـە[1]

**٣. ئێزیدییـەکان:** ئەگەرچـی لـە ڕووی نەتەوەییـەوە بـە ڕەسـەن کـوردن، بـەڵام خاوەنـی تایبەتمەنـدی ئاینـی خۆیانـن، ئێزیدییـەکان بـە سـەر قەڵەمڕەوێکـی پانوپـۆڕدا دابـەش بـوون لـە ڕۆژهەڵاتـی شـاری حەلەبەوە دەسـت پێـدەکات تـا ئەودیـوی قەوقـاز و جۆرجیـا، لـە هەرێمـی ڕۆژئـاوا بـە چـڕی لـە گوندەکانـی جەزیـرە و ناوچەکانـی تـەواوکاری چیـای شـەنگال لـە دیـوی هەرێمـی ڕۆژئـاوا، لەگـەڵ ڕۆژئاوای شـاری حەسـەکە و گوندەکانـی چیـای سـمعان نیشـتەجێن.[2]

لـە کۆتایـی ئـەم باسـەدا جێـی ئاماژەیـە بگوترێـت لەگـەڵ ئـەوەی ناوچەکانـی هەرێمـی ڕۆژئـاوا لـە مێـژووی ڕابـردووی خۆیـدا سـیمایەکی فرە نەتەوەیـی و فـرە ئاینـی هەبـووە، بـەڵام دەوڵەتـی سـوریا دەسـتکاری ئـەم هەمەڕەنگـی و تێکەڵاوییـەی کـردووە، لـە ڕێگـەی هاوردەکردنی عەشـایەری عەرەبی موسـڵمانی سـونە مەزهەب و دەرکردنی و کۆچپێکردنی دانیشـتوانی ڕەسـەنی ناوچەکـە لـە کورد، هەروەها زەوتکردنی مافی سیاسـی و شارسـتانی بـە لێسـەندنەوەی ناسـنامە بـە ئامانجـی زاڵکردنـی نەتـەوەی عـەرەب لـە ناوچەکـە، پێدانی ناسـنامەیەکی عەرەبـی بە ناوچە کوردنشـینەکانی هەرێمی ڕۆژئـاوا، لـە ڕووی ئاینییـەوە جێـگای ئاماژەیـە پێکەوەژیانێکـی ئاشـتیانە لـە نێـوان پێکهاتـە ئاینییەکانـی هەرێمـی ڕۆژئاوادا هەیە، ئەمـەش وەک خاڵی بە هێـز بـۆ ناوچـەی توێژینـەوە هەژمـار دەکرێـت.

---

(١) المصدر نفسه، ص١٨٧ .

(٢) خەلیـل ئیسـماعیل، دابەشـبوونی جوگرافـی ئێزیدیـەکان لـە عێـراق، گۆڤـاری سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیژی ژمـارە ٢، سـاڵی سـێیەم، (١٩٩٤)، لا٢٦ .

## باسی دووەم

## توانستە جوگرافیە ئابورییەکانی هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان

مەبەست لە بنەما ئابورییەکان، ئەو چالاکییە ئابوریانییەیە کە دانیشتوان لە بوارە جیاجیاکاندا ئەنجامی دەدەن، وەک (کشتوکاڵ، پیشەسازی، گواستنەوە، بازرگانی، گەشتوگوزار،.... هتد)، ئەم بنەما ئابوریانە بە کۆڵەگەیەکی سەرەکی بنیاتنانی هەرێمی سیاسی و لێکۆڵینەوە لە تواناکای هەژمار دەکرێت، چونکە گومان لەوەدا نییە هەرێمە سیاسیە بەهێزەکان ئەوانەن لە دەرامەتی ئابوریدا دەوڵەمەندن و قۆناغێکی باشیان بڕیوە لە بەرهەمهێنانی پیشەسازیدا.[1] بنەما ئابورییەکان فاکتەرێکی گەورەی دەرخستنی هێز و پێگەی هەرێمی سیاسین بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراک و ئاستی بژێوی و بەدیهێنانی ئارامی ناوخۆ، کاریگەری گەورەیان هەیە لە دروستبوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە تایبەت پەیوەندییە ئابوری و بازرگانییەکان، هۆکارێکی گرنگن لە ئاڕاستەکردنی پەیوەندییە سیاسییەکاندا، لە ئێستادا فاکتەرە ئابورییەکان خاڵی جەوهەری پێکهاتەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانن کاریگەریان کردووەتە سەر زیادبوونی کارەکتەری نێودەوڵەتی، هەر دەوڵەت و کۆمپانیایەکی گەورەی فرەڕەگەز ئامادەیە لە پای بەرژەوەندییە ئابوریەکان و دابینکردنی پێداویستیە پێویستەکانی پەیوەندی لەگەڵ هەر ناوچەیەکی خاوەن دەرامەتی ئابوری گرنگ گرێبدات لە ژێر هەر بارودۆخێکدابێت.[2]

(١) سفین جلال فتح الله، بنچینە و بنەماکانی جوگرافیایی سیاسی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٣ .

(٢) زمناکۆ عثمان صالح، پەیوەندیە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکانی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥ .

هەروەهـا توانسـتە ئابوریـەکان بـە هەمـوو جۆرەکانییـەوە فاکتەرێکـی بنەڕەتـی و کاریگـەرە لـە سـەر ڕەفتـاری سیاسـی یەکـە ڕامیاریـەکان و هەرێمـەکان و زۆرێـک لـە بڕیـارە سیاسـیەکان کـە وڵاتـان دەیـدەن لـە پشـتەوە هەڵقـوڵاوی هۆکارێکـی ئابورییـە.[1] لێـرەدا توێژینـەوە گرنگتریـن پایـە ئابوریەکانـی هەرێمـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان دەخاتـەڕوو:

(١) جـزا توفيـق طالـب، المقومـات الجيوبولتيكيـة للأمـن القومـي في إقليـم كردسـتان، المصـدر السـابق، ص٢٧٤ .

## تەوەری یەکەم

## چالاکی کشتوکاڵی

کشتوکاڵ لە کۆنترین چالاکییە ئابورییەکانە کە مرۆڤ ئەنجامی داوە و هۆکاری بنەڕەتی و جێگیربوونییەتی، هەروەها بە هەڵسوکەوتی مرۆڤ و زەوی و بەخێوکردنی سامانی ئاژەڵی پەیوەندارە بە ئامانجی دابینکردنی پێداویستی خۆی لە خۆراک و پێداویستیەکانی تر بە پشت بەستن بە توانستە سروشتی و مرۆییەکانی لەگەڵ ڕێگاکانی وەبەرهێنان.[1] چالاکی کشتوکاڵ پێگەیەکی گرنگ لە ئابوری وڵاتان و هەرێمە جیاوازەکان داگیر دەکات، بە جۆرێک یەکێکە لە کەرتە بەرهەمهێنەکان لە پاڵ کەرتەکانی تری پیشەسازی و کانزاکاری، ئەم کەرتە بە ڕێژەیەکی بەرز لە داهاتی نەتەوەی زۆرێک لە وڵاتان بەشداری گرنگ دەکات و کشتوکاڵ وەک کەرەستەی خاو بەشداری زۆرێک لە پیشەسازییە جۆر بە جۆرەکان دەکات لەگەڵ ڕەخساندنی هەلی کار بۆ زۆرێک لە دانیشتوان.[2]

دانیشتوانی هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە چالاکی کشتوکاڵی دەبەستن بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیانیان، کشتوکاڵی چاندن و بەخێوکردنی ئاژەڵ لە گرنگترین کەرتەکانی ئابورییە لە ناوچەی

---

(١) سروشت عثمان ڕەشید، شیکردنەوەیەکی شوێنی ئاستەنگەکانی پەرەپێدانی کشتوکاڵێ لە قەزای شەقڵاوە، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، بەشی جوگرافیا، (٢٠٢٣)، لا١٠ .

(٢) جزا توفيق طالب، المقومات الجيوبولتيكية للأمن القومي في إقليم كردستان، المصدر السابق، ص٢٧٤ .

توێژینـەوە.[1] بـۆ خسـتنەڕووی بارودۆخـی کشـتوکاڵ لـە ناوچـەی توێژینـەوە بەروبوومە کشـتوکاڵیەکان دابەش دەکەین بۆ دوو بەشـی سـەرەکی، ئەوانیش (بەروبوومـی ڕووەکـی و بەروبوومـی ئاژەڵـی)، کـە هەردووکیـان بـە یەکـەوە لـە پێکهێنانـی کەرتی کشـتوکاڵی لە ناوچـەی توێژینەوە بەشـداری دەکەن، لە بـەر گرنگیـان هەریەکەیـان بە جیا بـاس دەکەین:

## یەکەم: بەروبوومی ڕووەکی

بەشـێکی زۆر لـە زەوی کشـتوکاڵی لـە هەرێمـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان بەکاردەهێنرێـت بـۆ کشـوکاڵی زسـتانە کـە پشـت بـە بـاران دەبەسـتێت، بەشـێکی تریشـی بەکاردەهێنرێـت بـۆ بەروبوومـی هاوینـە کـە پشـت بـە ئـاوی ڕووبـار و سـەرچاوەکان دەبەسـتێت، بـەڵام بـە هـۆی دابەزینـی قەبـارەی ئـاو و لـە بـەر ڕۆشـتووی ئـاوی بەشـێک لـە ڕووبـارەکان کـە سـەرچاوەکانیان لـە باکـووری کوردسـتانە، بـە هـۆکاری سروشـتی و سیاسـی بەروبوومـی هاوینـە کەمـتر دەچێنرێـت بـەراورد بـە بەروبوومـی زسـتانە.[2] لێـرەدا بـە پێـی جۆریـان بەرهەمـەکان پۆلیـن دەکەیـن بـەم شـێوەی خـوارەوە:-

أ. **دانەوێڵـە:** بـە یەکێـک لـە گرنگتریـن بەروبوومـە کشـتوکاڵیەکان دادەنرێـت کـە مـرۆڤ پشـتی پێدەبەسـتێت بـۆ دابینکردنـی خۆراکـی خـۆی و ئاژەڵەکانـی ئەوانیش(گەنـم، جـۆ، نیسـک، نـۆک) لـە خـۆ

(١) علی جزیری، الکرد و کردستان (کردستان سوریا – أنموذجا)، المصدر السابق، ص٣٩٥ .
(٢) المصدر نفسه، ص٤٠٢ .

ده‌گرێـت، گه‌نـم و جـۆ بـه‌ دانه‌وێڵـه‌ی سـه‌ره‌كی هه‌ژمـار ده‌كرێـن.[1] لێـره‌دا بـه‌ جیـا بـاس لـه‌ هـه‌ر یه‌كه‌یـان ده‌كه‌یـن:

1. **گه‌نـم:** به‌رهه‌مێكـی زسـتانه‌یه‌ و بـه‌ شـێوه‌یه‌كی به‌رفـراوان لـه‌ ناوچـه‌ی توێژینـه‌وه‌ ده‌چێنرێـت، بـه‌ ڕوانیـن لـه‌ خشـته‌ی (١١)، بۆمـان ڕوون ده‌بێتـه‌وه‌ كـه‌ كـۆی ڕووبـه‌ری چێـنراو بـه‌ گه‌نـم (٨١٢١٤٥)هێكتـار زه‌وییـه‌ كـه‌ ده‌كاتـه‌ (٢٤٪) لـه‌ ڕووبـه‌ری هه‌رێمـی ڕۆژئـاوا، لـه‌م ڕووبـه‌ره‌ سـاڵی (٢٠١٩)، بـڕی (١٤٥٩٠٣٧) تـه‌ن گه‌نـم به‌رهه‌مهاتـووه‌ و تێكـڕای بڕشـتی زه‌وی (١٧٩٠) كگم/هیكتـار بـووه‌، ئه‌مـه‌ش ڕێژه‌یه‌كـی باشـه‌ و هۆكاره‌كـه‌ی بـۆ بـه‌ پیتـی خاكـی ناوچـه‌ی توێژینـه‌وه‌ و لـه‌ بـاری ئاوهـه‌وا ده‌گه‌ڕێتـه‌وه‌.
2. **جـۆ:** یه‌كێكـه‌ لـه‌ به‌روبوومـه‌ زسـتانییه‌ گرنگـه‌كان لـه‌ دوای گه‌نـم لـه‌ ناوچـه‌ی توێژینـه‌وه‌ ده‌چێنرێـت، بـه‌ ڕوانیـن لـه‌ خشـته‌ی (١١) بۆمـان ده‌رده‌كه‌وێـت ڕووبـه‌ری زه‌وی چێـنراو بـه‌ جـۆ لـه‌ سـاڵی (٢٠١٩) بریتـی بـووه‌ لـه‌ (٧٦١٢٤٩) هێكتـار زه‌وی، لـه‌م ڕووبـه‌ره‌دا (١٠٥٨٦٩٣) تـه‌ن جـۆ به‌رهـه‌م هاتـووه‌، تێكـڕای بڕشـتی زه‌وی بریتـی بـووه‌ لـه‌ (١٣٩٠) كگم/هێكتـار.

(١) سروشـت عثـمان ڕه‌شـید، شـیكردنه‌وه‌یه‌كی شـوێنی ئاسـته‌نگه‌كانی په‌ره‌پێدانـی كشـتوكاڵی لـه‌ قـه‌زای شـه‌قڵاوه‌، سـه‌رچاوه‌ی پێشـوو، لا ٦٥ .

## خشتەی (١١)

| یەکە کارگێڕیەکان | گەنم | | | | | جۆ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | **ڕووبەر/ هیکتار** | ٪ | بەرهەم/ تەن | ٪ | بڕشت کگم/ هیکتار | ڕووبەر/ هیکتار | ٪ | بەرهەم/ تەن | ٪ | بڕشت کگم/ هیکتار |
| حەسەکە | ٩٨١٧٥ | ١٢,٠٨ | ١٧٥٢١٩ | ١٢ | ١٧٨٤ | ١٣٦١٣٣ | ١٧,٨٨ | ١٨٠٨٨٨ | ١٧,٠٨ | ١٣٢٨ |
| قامشلۆ | ١٤٤٩٢٥ | ١٧,٨٤ | ٢٣٨٩٣٥ | ١٦,٣٧ | ١٦٤٨ | ٩٦١١٩ | ١٢,٦٨ | ٢٣٠٩٥٥ | ٢١,٨١ | ٢٤٠٢ |
| دێرک/ مالكية | ١٦٦٨٧٥ | ١٤,٣٩ | ١٨٣١٨٣ | ١٢,٥٥ | ١٥٦٧ | ٩٠٩٠٠ | ١١,٩٤ | ١٨٤٩٢٥ | ١٧,٤ | ٢٠٣٤ |
| سەرێکانی | ١٠٧٥٢٥ | ١٣,٢٣ | ١٩٩١١٣ | ١٣,٦٤ | ١٨٥١ | ١١١٧٧٧ | ١٤٦٨ | ٢١٠٧٦٦ | ١٩,٩٠ | ١٨٨٥ |
| گرێ سپی | ٥٥٣٠٨ | ٦,٨٣ | ١٢٣٢٧٧ | ٨,٤٤ | ٢٢٢٩ | ٨٨٤٠٨ | ١١,٦١ | ١٨٤٩٨ | ١,٧٤ | ٢٠٩ |
| کۆبانی | ٧٩٥٤٩ | ٩,٧٩ | ٧٣١٦١ | ٥,٠٢ | ٩٢٠ | ٧٣٩٢ | ٠,٩٧ | ١١١١٦ | ١,٠٤ | ١٥٠٤ |
| منبج | ٣٣١٥٥ | ٤,٠٨ | ٤٧٢٧٦ | ٣,٢٤ | ١٧٦٧ | ٣٩٩٤٠ | ٥,٢٤ | ٢٣٨٤٠ | ٢,٤٠ | ٥٤١ |
| چیای سمعان | ٦٩٨٠٩ | ٨,٥٩ | ١٧٧٢٧٦ | ١٢,١٥ | ٢٥٣٩ | ٤٣٤٩٥ | ٥,٧١ | ٣٩١٦٣ | ٣,٦٩ | ٩٠٠ |
| باب | ٤١٠٥٥ | ٥,٠٥ | ٩٦١١٣ | ٦,٥٨ | ٢٣٤١ | ٦٠٦٣٠ | ٧,٩٦ | ٤٣٠٧٥ | ٤,٠٦ | ٧١٠ |
| عەفرین | ١٢٤٣٩ | ١,٥٩ | ٢٠٧٨٥ | ١,٤٢ | ١٦٧١ | ٥٦٤ | ٠,٠٧ | ١٤٣٨ | ٠,١٣ | ٢٥٥٠ |
| ئەعزاز | ٤٥١٠٠ | ٥,٥٥ | ٩٠٠٦٥ | ٦,١٧ | ١٩٩٧ | ٨٥١٥٨ | ١١,١٨ | ١١١٨٩٣ | ١٠,٥٦ | ١٣١٤ |
| حارم | ٢٢٢١ | ٠,٢٧ | ٧٥٤٤ | ٠,٥٧ | ٣٣٩٧ | ٣٠٣ | ٠,٠٣ | ٩٠٦ | ٠,٠٨ | ٢٦٤١ |
| جسر شغور | ٦٠٠٩ | ٠,٧٣ | ٢٧٠٩٠ | ١,٨٥ | ٤٥٠٨ | ٤٣٠ | ٠,٠٥ | ١٢٣٠ | ٠,١١ | ٢٨٦٠ |
| کۆی گشتی | ٨١٢١٤٥ | ١٠٠ | **١٤٥٩٠٣٧** | ١٠٠ | ١٧٩٦ | ٧٦١٢٤٩ | ١٠٠ | **١٠٥٨٦٩٣** | ١٠٠ | ١٣٩٠ |

**ڕووبەر و بڕشتی بەرهەمی دانەوێڵە بە پێی یەکە کارگێڕیەکانی هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان (٢٠١٩)**

**سەرچاوە:** کاری توێژەر پشت بەست بە: -

١. الجمهوريـة العربيـة السـورية، رئاسـة مجلـس الـوزرء، المكتـب المركـزى للأحصـاء، المسـاحة و الانتـاج و الغلـة مـن (٢٠١٩)، قمـح، شـعير عـدس.

٢. صالـح عبدالسـلام حسـين، مشـكيلات التنميـة الزراعـة و أفـاق تطويـر القطـاع الزراعـى في محافظـة الحسكة/سـورية (٢٠١٠-٢٠١٩)، أطروحـة دكتـورا (غيرمنشـور)، كليـة الدراسـات العليـا، جامعـة القـران الكريـم وتأصيـل العلـوم، (٢٠٢١)، ص٣٥.

**ب. بەروبوومـە پاقلەمەنییـەکان:** بـە بەروبوومێکـی زسـتانە دادەنرێـت و پشـت بـە ئـاوی بـاران دەبەسـتێت و چەنـد جـۆری هەیـە لـە گرنگتریـن بەرهەمەکانـی (نیسـک، نـۆک، پاقلـە)، ناوچـەی توێژینـەوە ئـەوەی بـە فراوانـی دەچێنرێـت و بڕێکـی زۆر لـە زەوی بـۆ تەرخانکـراوە و بەرهەمێکـی زۆری هەیـە (نیسـک)، ڕووبـەری چێـنراو بـە نیسـک (٨٢٨١٣) هێکتـار زەویـە لـە سـاڵی (٢٠١٩) دا، لەم ڕووبـەرەدا (١١١٧٢٤) تـەن نیسـک بەرهـەم هاتـووە، تێکـڕای بڕشـتی زەوی بریتـی بـووە لـە (١٣٤٩) کگم/هیکتـار.[١]

**ج. لۆکـە (پەمـوو):** لـە بەرهەمـە نەختینەییـە گرنگـەکان دەژمێردرێـت، گرنگـی ئابـوری هەمەلایەنـی هەیە، چەندیـن بەرهەمـی لێدەردەهێنرێت وەک لۆکـە لـە تاڵەکانـی دەردەهێنرێت، ڕۆن و سـابونیش لـە دەنکەکەی،

(١) الجمهوريـة العربيـة السـورية، رئاسـة مجلـس الـوزرء، المكتـب المركـزى للأحصـاء، المسـاحة و الانتـاج و الغلـة مـن (٢٠١٩)، قمـح، شـعير، عـدس .

تڵپەکەشی وەک ئالیک بۆ ئاژەڵ سودی لێوەردەگیرێت.[1] ناوچەی جەزیرە لە ڕووی چاندنی لۆکە بە پلەی یەکەم دێت لە سەر ئاستی دەوڵەتی سوریا لە ناوچەکانی کۆبانی و گوندەکانی منبج دەچێنرێت.[2] لە ناوچەی جەزیرە ڕووبەری (٤١٣٤) هێکتار زەوی بە لۆکە داچێنراوە، لەم ڕووبەرە (١٩٠٨٣) تەن لۆکە بەرهەم هاتووە.[3]

د. **زەیتون**: ئەم دارە (٢٥٠ – ٣٠٠) ساڵ تەمەن دەکات، ناوچەی عەفرین لە بارترین ناوچەیە بۆ ڕوانی ئەم جۆرە دارە، لەبەر بەپیتی خاکەکەی و ئاوهەواکەی، ناوچەی عەفرین لە گرنگترین ناوچەکانی سوریا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بۆ چاندنی زەیتون، زەیتی زەیتونی عەفرین یەکێکە لە باشترین جۆرەکانی زەیت لە سەر ئاستی جیهان، هاوکات مادەیەکی سەرەکی پیشەسازی دروستکردنی سابوون و خواردنی دانیشتوانە.[4] ژمارەی دار زەیتونەکانی عەفرین بە پێی سەرژمێرییە فەرمیەکان نزیکەی (١٢) ملیۆن دارە، سێ لە سەر چواری ئەم ژمارەیە بەرهەمیان هەیە، بڕی بەرهەمی زەیتی زەیتون بە (١٨٠) هەزار تەن دەخەمڵێنرێت لە ساڵە بەرهەمدارەکان، ساڵەکانی کە بەرهەم کەمە بە (٥٠) هەزار تەن دەخەمڵێنرێت، لەگەڵ بڕێکی زۆر لە زەیتونی خواردن بە هەر سێ جۆرەکەی (سەوز، ڕەش، العطون).

(١) هاوڕێ یاسین محمد ئەمین ، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیایی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٥٧ .

(٢) علی جزیری، الكرد و كردستان (كردستان سوريا – أنموذجا)، المصدر السابق، ص٤٠٣ .

(٣) صالح عبدالسلام حسين، مشكيلات التنمية الزراعة و أفاق تطوير القطاع الزراعي في محافظة الحسكة/سورية، المصدر السابق، لا١٠٣ .

(٤) علی جزیری، الكرد و كردستان (كردستان سوريا – أنموذجا) المصدر السابق، ص٤٠٤.

[1] لـە ناوچـەی جەزیـرە و پارێـزگای حەسـەکە ژمـارەی داری زەیتـون (٣١٠٩٨) دارە، تێکـڕای بەرهەمیـان لـە سـاڵدا (٣٧٦) تـەن زەیتونـە.[2]

**دووەم: بەروبوومی ئاژەڵی**

سـامانی ئاژەڵـی پایەکـی گرنگـی هەیـە لـە پایەکانـی ئابـوری نیشـتمانی هەمـوو هەرێمکـی سیاسـی و ڕۆڵـی لـە پڕکردنـەوەی پێداویسـتی دانیشـتوان لـە خۆراکـی ئـاژەڵ هەیـە و سـەرچاوەیەکی گرنگـی کەرەسـتە پیشەسـازییەکانە جـا چ خۆراکـی بێـت یـان چنیـن و پێسـتە بێـت.[3] مەبەسـتی سـەرەکی لـە بەخێوکردنـی ئـاژەڵ لـە ناوچـەی لێکۆڵینـەوە بـۆ بەروبوومەکەیەتـی پشـت بەسـت بـە خشـتەی (١٢) قەبـارەی سـامانی ئاژەڵـی لـە هەرێمـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان دەخەینـە ڕوو:

١. **مـەڕ:** پێگەیەکـی گرنگـی سـامانی ئـاژەڵ داگیـردەکات، بەخێوکردنـی مەڕ بـۆ زۆر مەبەسـت بـەکار دێـت، لـە پێـش هەموویانـەوە بـۆ گۆشـتەکەی دواتـر پێسـتەکەی، مـەڕ لـە ناوچـەی لێکۆڵینـەوە بـە پلـەی یەکـەم دێـت لـە ڕووی ژمـارەوە بـەراورد بـە جۆرەکانـی تـری مەڕومـاڵات، بـە ڕوانیـن لـە خشـتەی (١٢) بۆمـان ڕووندەبێتـەوە ژمـارەی مـەڕ لـە سـاڵی (٢٠١٩) (١٧٥٤٢٨٨) سـەر مـەڕ بـووە.

(١) محمد عبدو علی، منطقة عفرين (جبال الكرد)، المصدر السابق، ص٦٨ .
(٢) صالح عبدالسلام حسين، المصدر السابق، ص١٢٦ .
(٣) جـزا توفيـق طالـب، المقومـات الجيوبولتيكيـة للأمـن القومـى في إقليـم كردسـتان، المصـدر السـابق، ص٢٩٣ .

**خشتەی (١٢) ژمارەی ئاژەڵ لە هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٠-٢٠١٩ )**

| ساڵ | مەڕ/سەر | بزن/سەر | مانگا/ سەر | هەنگ/ شانە | پەلەوەر | گامێش |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٠ | ١٦٦٨٧١٣ | ٢٣٥٢٧٢ | ٨٨٨٢٦ | ٢٢٤٢٤ | ٣٦٧٦٠٠٠ | ٦٩٨٦ |
| ٢٠١٤ | ١٢٠١٦٣٠ | ٢٥٦٨٩٥ | ٩٨٩٨٠ | ٢٥٣٦٢ | ٣٢٨٥٠٠٠ | ٧٢٦٠ |
| ٢٠١٥ | ١٨٩٤٨٠٧ | ٢٤٠١٧٤ | ٩٢٢٢٧ | ١٩٤٨٠ | ١٢٥٦٠٠٠ | ٥٨٩٠ |
| ٢٠١٧ | ١٦٦٩٨١٦ | ٢٠٧٦٠٦ | ٨٣٧٧٨ | ٢٠٤٠٣ | ١١٠٠٠٠٠ | ٥٤٩٥ |
| ٢٠١٩ | ١٧٥٤٢٨٨ | ٢٠٨٤٤٩ | ٨٢٦٨١ | ١٩١٧٦ | ١٢٣٤٨٥١ | ٥٨٤٢ |

**سەرچاوە:** کاری توێژەر پشت بەست بە: -

١. صالح عبدالسلام حسين، مشكيلات التنمية الزراعة و أفاق تطوير القطاع الزراعي في محافظة الحسكة/سورية (٢٠١٠-٢٠١٩)، أطروحة دكتورا (غيرمنشور)، كلية الدراسات العليا، جامعة القران الكريم وتأصيل العلوم، ٢٠٢١، ص١٣٩.

٢. الجمهورية العربية السورية، رئاسة مجلس الوزرء، المكتب المركزي للأحصاء، الكتاب الأحصائي بيانات الزراعية (٢٠١٠ – ٢٠١٩ ).

٣. محمد عبدو علي، جبال الكرد: المنطقة عفرين، الطبعة الأولى، عفرين، (٢٠١٤)، ص٧١.

**٢. بزن:** گرنگی بزن لەوەدا بە دەردەکەوێت توانای خۆگونجاندنی هەیە لە ژێر هەر بارودۆخێک کە زۆربەی ئاژەڵەکان دووچاری ببنەوە توانای بەرگەگرتنیان نابێت، ئەویش لەبەر توانستی ژیانی لە سەر لەوەڕگا هەژار و سەختەکان، بەخێوکردنی بزن بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ یاخود

تێکەڵ لەگەڵ مەڕ بەخێودەکرێت، وەک لە خشتەی (١٢) دەردەکەوێت ژمارەی بزن لە ناوچەی توێژینەوە دەگاتە (٢٠٨٤٤٩) سەر لە ساڵی (٢٠١٩)، ئەم ڕێژەیە بەراورد بە ساڵی (٢٠١٠) کەمی کردوە.

٣. **مانگا:** بەخێوکردنی مانگا بە پلەی سێیەم دێت لە دوای مەڕ و بزن، ژمارەی مانگا لە ناوچەی توێژینەوە وەک لە خشتەی (١٢) خراوەتەڕوو لە ساڵی (٢٠١٩) (٨٢٦٨١) سەرە.

٤. **گامێش:** بەخێوکردنی گامێش لە ناوچەی توێژینەوە لەو شوێنانەیە کە نزیکن لە ڕووبار، ژمارەی گامێش لە ناوچەی توێژینەوە بە پێی خشتەی (١٢) لە ساڵی (٢٠١٩) بریتیە لە (٥٨٤٢) سەر.

٥. **پەلەوەر:** پرۆژەکانی پەلەوەر بە شێوەی دەواجن لایەکی تری بەرهەمی کشتوکاڵیە، پێکهاتەیەکی گرنگی سامانی ئاژەڵی پێکدەهێنێت، ئەم پرۆژانە بۆ دانیشتوان سەرچاوەی دابینکردنی گۆشتن، بە ڕوانین لە خشتەی (١٢) بۆمان دەردەکەوێت وزەی پرۆژەکانی پەلەوەر لە ناوچەی توێژینەوە (١٢٣٤٨٥١)جوجەڵەیە، جێگای ئاماژەیە جگە لەم ژمارەیە کە بە شێوی پرۆژە هەیە، ژمارەیەکی زۆری تری پەلەوەر لە نێو ماڵەکان بەخێودەکرێت، وەک ئاماژەمان پێکرد زۆرینەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە گوندنشینن، ئەمەش وای کردووە ژینگەیەکی گونجاو برەخسێت بۆ بەخێوکردنی پەلەوەر لە نێو ماڵ لە گوندا، کە هیچ سەرژمێری و داتایەک نییە لە سەر ژمارە و ڕێژەیان.

٦. **هەنگ:** بەرهەمەکانی هەنگ (هەنگوین) سەرچاوەی خۆراکی

گرنگـە، بەهایەیکـی خۆراکـی بـەرزی هەیـە، داهاتێکـی ئابـوری بـاش بـۆ جوتیـار دەسـتەبەر دەکات، بـە ڕوانیـن لـە خشـتەی (١٢) بۆمـان ڕووندەبێتـەوە ناوچـەی توێژینـەوە ژمـارەی شـانەی هەنـگ لـە سـاڵی (٢٠١٩) بریتـی بـووە لـە (١٩١٧٦) شـانە هەنـگ، ئەمـەش دابـەش بـووە بـە سـەر کـۆی ناوچەکانـی هەرێمـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان.

توێژەربـە خسـتنەڕووی داتـا و زانیـاری سـەبارەت بـە توانسـتە کشـتوکاڵیەکانی ناوچـەی توێژینـەوە دەگات بـەو دەرئەنجامـەی کـەوا، ناوچـەی توێژینـەوە خاوەنـی توانسـتی باشـی کشـتوکاڵیە بـە هـەردوو کەرتـی ئاژەڵـی و بەروبوومـی ڕووەکـی، ئەمـەش بایـەخ و پێگەیەکـی گرنـگ بـە ناوچەکـە دەبەخشـێت، جێـگای ئاماژەیـە ناوچەکانـی هەرێمـی ڕۆژئـاوا بەتەنیـا توانـای دابینکردنـی (٧٠٪) دانەوێڵـەی کۆمـاری سـوریایی هەیـە و بـە سـەبەتی خۆراکـی سـوریا دەناسرێـت، ئەمـەش بـۆ بـە پیتـی خاکەکـەی و گونجـاوی ئاوهـەوای ناوچەکـە دەگەڕێتـەوە،و یەکێـک لـە هـۆکارە کاریگەرەکانـی گۆڕانکارییـە دیمۆگرافیـەکان لـە ناوچەکـەدا کـە لـە پێشـتر ئاماژەمـان پێکـرد دەگەڕێتـەوە بـۆ بـە پێتـی خـاک و توانسـتە کشـتوکاڵیەکانی ناوچـەی توێژینـەوە.

لـە کۆتایـی ئەم تـەوەرە توێژەر پێی وایـە هەرێمی ڕۆژئـاوا بێجگە لەوەی توانـای خۆبژێـوی هەیە لـە دابینکردنی خـۆراک و بەروبوومە کشـتوکاڵیەکان، بەڵکـو دەتوانێـت بڕیکـی باشـیش هەنـاردە بـکات، وەک سـەرچاوەیەکی گرنگـی ئابـوری پشـتی پێببەسـترێت. کشـتوکاڵ پایەیەکـی گرنگـی کەرتـی ئابـوری هەرێمەکـە پێکدەهێنێـت، ئەمـەش فاکتەرێکـی گرنگـە بـۆ ناوچـەی توێژینـەوە کـە پشـت بـە خـۆی ببەسـتیت و توانـای خۆبژێـوی هەبێـت.

## تەوەری دووەم

## چالاکی پیشەسازی

پیشەسازی بە یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی هێزی هەرێمی سیاسی هەژماردەکرێت، وا پێناسە دەکرێت بریتیە لەو کردارەی دەبێتە هۆی گۆڕینی کەرەستە لە بارێکی ڕەسەنەوە (خاو) بۆ بارێک یان شێوەیەکی نوێ، کە سودی زیاتر بێت و پێداویستیەکانی مرۆڤ پڕبکاتەوە و ئارەزووەکانی بهێنێتەدی وەک گۆڕینی ئاسن بۆ ئامێر و مەکینە.[1] چالاکی پیشەسازی لە کەرتە سەرەکییەکانی ئابوری نیشتمانی هەر هەرێمێکی سیاسیە، بۆیە توێژەرانی بواری پەرەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی جەخت لە گرنگی ئەم کەرتە دەکەنەوە، کە ئەرکی وڵاتانی تازە گەشەسەندووە بایەخی زۆر بەم کەرتە بدەن لە پێشەوەی بەرنامەی کاریان دابنێن، ئەگەر مەبەستیان پێشکەوتنی ژێرخانی ئابوری وڵاتەکەیان بێت، چونکە کرۆکی پەرەپێدان و گەشەسەندنی ئابوری تەنیا دەکرێت لە ڕێی پێشخستنی کەرتی پیشەسازییەوە بە دەست بێت کە کۆڵەکەی بنەڕەتی کرداری پێشکەوتنە.[2]

---

(١) سفین جلال فتح اللە، بنچینە و بنەماکانی جوگرافیایی سیاسی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٩ .

(٢) جزا توفیق طالب، المقومات الجیوبولتیکیة للأمن القومي في إقلیم کردستان، المصدر السابق، ص٣٠٣ .

## کەرتەکانی پیشەسازی هەرێمی ڕۆژئاوا

جوگرافیزانـــان و توێژەرانـــی پیشەســـازی بـــە پێـــی جۆراوجـــۆری پیشەســـازی و جیـــاوازی چالاکیـــان و دامەزراوەکانیـــان و بەرهەمەکانیـــان، چەندیـــن جـــۆر پۆلێنـــکاری بـــۆ پیشەســـازی دەکـــەن، هەندێکیـــان پیشەســـازی دەســـتیە، هەندێکیـــان پیشەســـازی ئامێـــرە، هەندێکیـــان بـــە پێـــی خاوەندارێتیەکـــەی بـــۆ دەوڵـــەت بـــە کەرتـــی گشـــتی ناودەبرێـــت یـــان تاکەکەســـە کـــە بـــە کەرتـــی تایبـــەت ناودەبرێـــت، یـــان تێکـــەڵاو و پشـــککارییە یـــان بیانییـــە، یـــان پۆلینکـــردن لـــە ســـەر بنەڕەتـــی چۆنییەتـــی بەرهەمەکـــەت دابـــەش دەبێـــت بـــۆ پیشەســـازی بنەڕەتـــی وەک (ئاســـن و پـــۆڵا و وزەی کارەبـــا و پاڵاوتنـــی نـــەوت و گۆگـــرد و چیمەنتـــۆ..... هتـــد)، و پیشەســـازی بەکاربـــردن وەک (کەلوپەلـــی ناومـــاڵ و خـــۆراک و جلوبـــەرگ و پێـــڵاو.... هتـــد)، یـــان بـــە پێـــی قەبـــارەی ســـەرمایەکەی کـــە دابـــەش دەکرێـــت بـــۆ پیشەســـازی (قـــورس، مامناوەنـــد، ســـوک).[١]

لـــەم تـــەوەرەدا پیشەســـازی لـــە ناوچـــەی توێژینـــەوە لەســـەر بنەمـــای ئـــەو دابەشـــکارییە دابـــەش دەکەیـــن کـــە دەزگای ناوەنـــدی ئامـــاری دەوڵەتـــی ســـوریا کردوویەتـــی، تیایـــدا دامـــەزراوە پیشەســـازییەکان بـــە پێـــی چالاکـــی ئابوریـــان دابەشـــی ســـێ کەرتـــی ســـەرەکی کـــردووە، هـــەر یـــەک لـــەو کەرتانـــە چەندیـــن چالاکـــی جـــۆراو جـــۆری ئابـــوری لـــە خۆدەگرێـــت بـــەم شـــێوەی لای خـــوارەوە:

(١) هـاوڕێ یاسـین محمـد ئەمیـن، لێکۆڵینەوەیـەک لـە جوگرافیایـی هەرێمی کوردسـتان ، سـەرچاوەی پێشوو، لا٢٧٠ .

## یەکەم: پیشەسازی کانزاکاری و دەرهێنان

کەرتـی کانـزاکاری دەرهێنـان کەرتێکـی بنەڕەتـی و گرنگـی پیشەسـازییە لــە ناوچــەی توێژینــەوە کــە ڕۆڵێکــی گرنــگ دەبینێــت لــە تــەرازووی ئابــوری هەرێمــی ڕۆژئــاوا و دەوڵەتــی ســوریا، لــە گرنگتریــن چالاکیــە پیشەسـازییەکانی ئـەم کەرتـە بریتیـە لـە دەرهێنانـی نـەوت و فۆسـفات و قیــر و کبریــت و غــاز.... هتــد، بــە ڕوانیــن لــە خشــتەی (١٣) بۆمــان ڕووندەبێتــەوە، ژمــارەی دامــەزراوە پیشەســازییەکانی ئــەم کەرتــە (١٦) دامەزراوەیــە کــە ڕێــژەی (٥,١٪) کــۆی دامــەزراوە پیشەســازییەکانی ئــەم کەرتـە لـە دەوڵەتـی سـوریا پێکدەهێنێـت کـە ژمارەیـان (٣٠٧) دامەزراوەیـە، ئەمــەش دەگەڕێتــەوە بــۆ بوونــی دەرامەتــی سروشــتی لــە ناوچەکــە وەک نـەوت و غـاز و دەرامەتەکانـی تـر، کـە پێشـتر لـە تـەوەری پێنجەمـی بەشـی دووەمــدا، توێژینــەوە بــە درێــژی ئامــاژەی پێکــردووە.

**خشتەی (١٣) دابەشبوونی دامەزراوە پیشەسازییەکانی هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان و دەوڵەتی سوریا**

| کەرتەکانی پیشەسازی | ژمارەی دامەزراوە پیشەسازییەکانی هەرێمی ڕۆژئاوا | ژمارەی دامەزراوە پیشەسازییەکانی سوریا | ڕێژەی هەرێم (٪) بەراورد بە دەوڵەتی سوریا |
|---|---|---|---|
| پیشەسازی کانزاکاری و دەرهێنان | ١٦ | ٣٠٧ | ٥,١ |
| پیشەسازییە گۆڕاوەکان | ٣٦٦١ | ٩٨٢٧٨ | ٣,٧ |
| پیشەسازی پێدانی کارەبا و ئاو وغاز.. | ٥ | ٢٠٩ | ٢,٣ |
| کۆی گشتی | ٣٦٨٢ | ٩٨٧٩٤ | ٣,٤ |

**سەرچاوە:** کاری توێژەر پشت بەست بە: -

١. الجمهورية العربية السورية، رئاسة مجلس الوزراء، المكتب المركزي للأحصاء، دراسة تحليلية للمنشأت الصناعية وفقا لنتأج تعداد (٢٠٠٤)، ص٥٤-٥٧.

## دووەم: پیشەسازییە گۆڕاوەکان

فراوانترین کەرتی پیشەسازییە کە زۆرینەی چالاکییە پیشەسازییەکان لە خۆ دەگرێت وەک (خواردن و خواردنەوە، جلوبەرگ، جگەرە، چەرم، کانزا تێکەڵەکان، کەلوپەلی کارەبای، گواستنەوە، ئۆتۆمبێل، ئامێر و کەرەستەی پزیشکی، ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان،..... هتد)، بە ڕوانین لە خشتەی (١٣) بۆمان ڕووندەبێتەوە زۆربەی هەرە زۆری چالاکییە پیشەسازییەکان خۆی لەم کەرتەدا دەبینێتەوە لە سەر ئاستی هەرێمی ڕۆژئاوا و سوریا، ڕێژەی چالاکییە پیشەسازییەکانی ئەم کەرتە (٩٩٪) پێکدەهێنێت، ژمارەی دامەزراوە پیشەسازییەکانی ئەم کەرتە لە ناوچەی توێژینەوە (٣٦٦١) دامەزراوەیە ئەمەش دەکاتە (٣,٧٪) کۆی دامەزراوە پیشەسازییەکانی ئەم کەرتە لە دەوڵەتی سوریا کە ژمارەیا (٩٨٢٧٨) دامەزراوەیە، جێگای ئاماژەیە زۆرترین چالاکی لەم کەرتەدا چالاکی جلوبەرگ و کانزا تێکەڵەکانە لەگەڵ خواردن و خواردنەوە.

## سێیەم: کەرتی خزمەتگوزاری پیشەسازی

ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە بەرهەمهێنانی کارەبا و بەرهەمهێنان و دابەشکردنی ئاو و بەرهەمهێنان و دابەشکردنی گاز و هەڵم و فێنکەرەوەی هەوا، بە ڕوانین لە خشتەی (١٣)، بۆمان ڕووندەبێتەوە ژمارەی دامەزراوەکانی ئەم کەرتە لە هەرێمی ڕۆژئاوا (٥) دامەزراوەیە کە ڕێژەی (٢,٣٪) کۆی دامەزراوەکانی ئەم کەرتە پێکدەهێنێت لە دەوڵەتی سوریا کە ژمارەیان (٢٠٩) دامەزراوەی پیشەسازییە.

بە ڕوانین لەو داتا و زانیاریانەی لە سەر کەرتی پیشەسازی لە هەرێمی ڕۆژئاوا خرانەڕوو، توێژەر هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات و لە چەند خاڵێک دەیانخاتەڕوو:-

١. ناوچەی توێژینەوە لە ڕووی جێگیربوونی پیشەسازی لە هەژارترین ناوچەکانی دەوڵەتی سوریایە، چونکە کەمترین دامەزراوەی پیشەسازی تێدایە کە کەمتر (٤٪) کۆی چالاکی پیشەسازی لە ناوچەی توێژینەوەیە، لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە زیاترە لە (١٦٪) کۆی دانیشتوانی دەوڵەتی سوریا پێک دەهێنێت.

٢. ئەو چالاکییە پیشەسازیانەی لە ناوچەی توێژینەوە هەیە، لە جۆری پیشەسازی سوکن ڕۆڵێکی گرنگی ئەوتۆ نابینن لە سەر کەمکردنەوەی بێکاری لە ناوچەکە، بە جۆرێک (٩٦٪) چالاکییە پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوە لە (١ - ٤) کرێکار بەڕێوەی دەبەن.[١]

٣. دەوڵەت هیچ پلان و پرۆژەیەکی گرنگی پیشەسازی لە ناوچەی توێژینەوە جێبەجێنەکردووە بە جۆرێک (٩٥,٨٪) دامەزراوە پیشەسازییەکانی ناوچەی توێژینەوە موڵکی تاکەکەسن.[٢]

٤. زۆرینەی پیشەسازی قورس ئەوانەی ئامێر و مەکینە و دەستی

---

(١) الجمهورية العربية السورية ، رئاسة مجلس الوزرء ، المكتب المركزي للأحصاء، المصدر السابق، ص٥٢ .

(٢) المصدر نفسه، ص٥٣ .

کاری زۆری پێویستە لە ناوچەی توێژینەوە دەگمەنە، بە جۆرێک زۆرینەی دامەزراوەکانی کەرتی پیشەسازی دەکەونە شارەکانی دیمەشق و حەلەب کە (٧٥٪) کۆی چالاکییەکانی پیشەسازی لە دەوڵەتی سوریا لەو دوو شارە کۆبوونەتەوە، هەروەها (٩٥٪) کۆی پیشەسازی قورس لە سوریا دەکەونە ئەم دوو شارە، ئەمەش ناهاوسەنگیەکی زۆری دروست کردووە لە ڕووی دابەشبوونی پیشەسازی لە ناوچەکەدا.

## گرنگی کەرتی پیشەسازی بۆ هەرێمی ڕۆژئاوا لە ڕووی جوگرافیای سیاسیەوە:

وەک لە پێشدا ئاماژەمان پێکرد، ناوچەی توێژینەوە خاوەنی دەرامەتی سروشتی جۆراوجۆرە کە خۆی دەبینێتەوە لە دەرامەتی کشتوکاڵی لە خاک و ئاو، هەروەها دەرامەتی کانزایی و سەرچاوەکانی وزە لەگەڵ بوونی دەستی کارێکی زۆر لە ناوچەکە، ئەمەش زۆر گونجاوە بۆئەوەی سودی لێ وەربگیرێت و وەبەرهێنانی تێدا بکرێت لە سودی بزاوتی پیشەسازی لە هەرێمی ڕۆژئاوا، کە بە گوێرەی پێداویستیەکانی گەشەپێدانی ئابوری گونجاو بێت. وەک دەزانرێت بوونی دەرامەتی سروشتی بە تەنیا لە ناوچەی توێژینەوە بەس نییە بۆ گەشەپێدانی ئابوری، بەڵکو دەرامەتی سروشتی ڕەگەزێکی کاریگەر و پاڵپشتە بۆ جێگیربوونی پیشەسازی لە ناوچەکە لە پاڵ چالاکی کشتوکاڵ، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانکردن لە ناوچەکە و زیادبوونی داهاتی تاکەکەس.

پتەوکـــردن و گەشـــەپێدانی بنەمـــای ئابـــوری پێویســـتە بـــۆ بەدیهێنانـــی ئاسایشـــی نەتەوەیـــی هەرێمـــی ڕۆژئـــاوا، بـــە تەنیـــا دابینکردنـــی ســـەرچاوەی سروشـــتی بـــێ بەکارهێنانـــی کارا و ڕاســـتەقینە گەرەنتـــی ئاسایشـــی نەتەوەیـــی هەرێمـــی ڕۆژئـــاوا مســـۆگەر نـــاکات، چالاکـــی پیشەســـازی و بـــە پیشەســـازیکردن فاکتەرێکـــی بـــە هێـــزە بـــۆ بـــەرە و پێشـــبردنی ئابـــوری و گەشـــەپێدانی هەرێمـــی ڕۆژئـــاوای کوردســـتان، هەروەهـــا لـــە بەهێزکردنـــی ئاسایشـــی نەتەوەیـــی ناوچـــەی توێژینـــەوە ڕۆڵـــی گرنـــگ دەگێڕێـــت و لـــە هاوکێشـــەی نێودەوڵەتـــی و هەرێمایەتییـــەکان ســـەنگی سیاســـی بەهێـــز دەکات.

## تەوەری سێیەم

## چالاکی گواستنەوە و بازرگانی

**یەکـەم / گواسـتنەوە:** بریتیـە لـە گواسـتنەوەی مـرۆڤ و کەلوپەلـەکان لـە شـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکی تـر، گواسـتنەوە بـە شـادەماری خوێنبـەری هەرێمـی سیاسـی دادەنرێـت و ڕۆڵـی بەرچـاو و کاریگـەری لە سـەر تەواوی لایەنەکانـی ژیانـی ئادەمیـزاد هەیـە، بۆیـە هەرچەنـدە ڕێـگای گواسـتنەوە لـە هـەر هەرێمێکـی سیاسـی پێشـکەوتوو بێـت، نیشـانەی پێشـکەوتووی ئـەو هەرێمـە نیشـان دەدات، ئەمەشـیان کاریگـەری لـە سـەر ژیانـی ئابـوری و کۆمەڵایەتـی و پەرەپێدانـی سیاسـی دەبێـت، چونکـە فاکتەرێکـی بەهێـزە بـۆ بـە یەکبەسـتنەوەی بەشـەکانی نـاوەوەی هەرێمـی سیاسـی، هەروەهـا فاکتەرێکـی کاریگـەر و گرنگـە بـۆ پەیوەندیکـردن لەگـەڵ دەرەوەدا.[1]

(١) سـفین جـلال فتـح اللـه، بنچینـە و بنەماکانـی جوگرافیایـی سیاسـی، سـەرچاوەی پێشـوو، لا١٧٥ .

**خشتەی (١٤) گرنگترین ڕێگاکانی ووشکانی لە هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان (٢٠٢٢)**

| ناوی ڕێگا | | درێژی / کم | جۆری ڕێگا | ژمارەی سایدەکان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | M٤ تەل کۆچەر (یعربیة) تا جسر شغور | ٦٥٨ | نێودەوڵەتی | ٢ |
| ٢ | فیشابور – قامشلی | ١٢٧ | نێودەوڵەتی | ١ |
| ٣ | قامشلی – حەسەکە | ١٣٣ | سەرەکی | ٢ |
| ٤ | حەسەکە – سەرێ کانی | ١٢٣ | سەرەکی | ٢ |
| ٥ | عەفرین – حەلەب | ٥٦ | سەرەکی | ١ |
| ٦ | جرابلس – منبج – ڕەقە | ١٤٩ | سەرەکی | ١ |
| ٧ | عفرین – جندریس - ئەسکەندرۆنە | ٨٩ | لاوەکی | ١ |
| ٨ | عفرین – مەیدانکی | ١٠٤ | لاوەکی | ١ |

**سەرچاوە:** کاری توێژەر پشت بەست بە نەخشەی (١٢).

سەبارەت بە هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان لەگەڵ ئەوەی بە سەر دەریادا ناڕوانێت، واتە (هەرێمێکی داخراوە)، بەڵام هەمیشە لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ ڕێڕەوێکی هاتووچۆ و بازرگانی بووە، لەبەرئەوەی کەوتووەتە ناوجەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەربۆیە ئەڵمانیا دەیویست ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات لە ڕێگەی هێڵی ئاسنینی (بەرلین – بەغداد) بە یەکەوە ببەستێتەوە کە بە هەرێمی ڕۆژئاوادا تێدەپەڕی.[1]

(١) علی جزیری، الکرد و کردستان (کردستان سوریا – أنموذجا)، المصدر السابق،

لەم تەوەرەدا بە شێوەیەکی سەرەکی جەخت لە ڕێگاکانی وشکانی دەکەینەوە لە هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان، دواتر تیشک دەخەینە سەر ڕێگای ئاسمانی و ڕێگایی ئاسنین لە ناوچەی توێژینەوە:

## یەکەم: ڕێگای وشکانی

کرداری بنیاتنانی ڕێگای وشکانی لە ناوچەی توێژینەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ساڵی (١٨٦٣) کە بۆ گالیسکە و نامەبەرەکان بەکاردەهات، لە سەردەمی فەرەنسیەکان زیاتر پەرە بە تۆڕەکانی ڕێگای وشکانی درا، لە پاش جەنگی دووەمی جیهان ڕێگاکانی وشکانی فراوانتر بوون، ئەمەش بە هۆی گواستنەوەی سوپا و کەرەستە سەربازییەکانەوە، پاش سەربەخۆبوونی دەوڵەتی سوریا تۆڕی ڕێگا وشکانییەکان بە پێی تایبەتمەندییە زانستییەکان پەرەی پێدرا.[1] لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین ڕێگا وشکانییەکان دەکەین لە ناوچەی توێژینەوە:-

١. **ڕێگای نێودەوڵەتی M٤:** سەرەتای دروستکردنی ئەم ڕێگایە دەگەڕێتەوە بۆ حەوت دەیە لەمەوبەر، ڕێگای نێودەوڵەتی M٤ لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا (ڕۆژهەڵاتی هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان) لە خاڵی سنووری تەل کۆچەر (اليعربية) لە سەر سنووری عێراق دەست پێدەکات، لە نزیک قامشلی تێدەپەڕێت پاشان شارۆچکەی تەل تەمر و عین عیسا و شاری منبج و باب دەبڕێت دەگاتە شاری حەلەب، ڕێگای (M٤) بەردەوام دەبێت لە شاری حەلەب

ص٤١٤.


(١) عادل عبدالسلام، جغرافية سورية الأقليمية، المصدر السابق، ص٢٤٤ .

بـە ئاڕاسـتەی ڕۆژئـاوا تـا دەگاتـە شـاری لازقیـە لـە شـاری سـەراقیب لـە ئیدلـب لەگـەڵ ڕێـگای (M٥) یەکدەگرێـت، بـەردەوام دەبێـت تـا دەگاتـە دیمەشـق و لەوێشـەوە تـا لوبنـان و ئـەردەن بـەردەوام دەبێـت، نەخشـەی (١٢).

ڕێـگای نێودەوڵەتـی (M٤) گرنگیەکـی سـتراتیژی زۆری بـۆ هەرێمـی ڕۆژئـاوا و دەوڵەتـی سـوریا هەیـە، لەبەرئـەوەی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوای هەرێمەکـە پێکـەوە گرێـدەدات، بـە شـاخوێنبەری ژیـاری ناوچەکـە دادەنرێـت، لەبەرئـەوەی ناوچەکانـی باکـوور و ڕۆژهەڵاتـی سـوریا بـە سـەبەتەی خۆراکـی سـوریا دادەنرێـت، لـە رێگـەی (M٤) دەتوانرێـت نەوت و دانەوێڵـە و کەرەسـتە خاوەکانـی تـر بـۆ ناوچەکانـی تـر بگوازرێتـەوە، لـە هەمـان کاتـدا هەرێمـی ڕۆژئـاوا و عێـراق پێکـەوە گرێـدەدات، پردێکـی پەیوەنـدی سـتراتیژییە لـە نێـوان دەریایـی ناوەڕاسـت لـە ڕۆژئـاوای عێـراق لـە ڕۆژهـەڵات، پێـش ئاڵۆزییەکانـی سـوریا لـە سـاڵی (٢٠١١) سـاڵانە نزیکـەی (١٥٠٠٠٠) هـەزار بارهەڵگـر بـە شـێوەی ترانزێـت بـەم ڕێگایـەدا تێپەڕیـون.[١] بـە ڕوانیـن لـە خشـتەی (١٤) بۆمـان ڕووندەبێتـەوە درێـژی ئـەم ڕێگایـە (٦٥٨)کـم.

---

(١) زارا صالح، الطريق السريع (M٤) و أهمية الاستراتيجية فى الصراع السورى،
https//:thelevantnews.com/article./




**نەخشەی (١٢) ڕێگاکانی گواستنەوە لە هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان**

**سـەرچاوە:** کاری توێـژەر: بەکارهێنانی سیسـتەمی زانیارییـە جوگرافیەکان (١٠,٧ Arc GIS – ArcMap )

٢. **ڕێگای فیشخابور (سیملکا) - قامشلی:** ئەمەش ڕێگایەکی نێودەوڵەتییە کە هەرێمی ڕۆژئاوا لەگەڵ باشووری کوردستان پێک دەگەیەنێت لە ڕێگەی دەروازەی (سیملکا)، هەرچەندە بە فەرمی ئەم دەروازەیە بە نێودەوڵەتی نەناسێنراوە لە لایەن دەوڵەتی عێراق و سوریا، بەڵام لە پراکتیکدا وەک دەروازەیەکی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، چونکە زۆربەی کەلوپەل و پێداویستیەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لەم دەروازەیەوە هاوردە دەکرێت و زۆربەی هەناردەی ڕۆژئاوای کوردستان هەر لەم دەروازەیەوە هەناردەی دەرەوە دەکرێت، هاتووچۆی گەشتیار و هاووڵاتیان و یارمەتی هاوپەیمانان بۆ هەرێمی ڕۆژئاوا هەر لە ڕێگەی ئەم دەروازەیەوەیە، بۆیە ئەم ڕێگایە لە ئێستادا بە شاخوێنبەری هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان هەژمار دەکرێت، بە ڕوانین لە خشتەی(١٤) بۆمان دەردەکەوێت درێژی ئەم ڕێگایە (١٢٧)کم، لە دەروازەی سیملکا لە فیشخابور دەست پێدەکات تاوەکوو قامشلی درێژ دەبێتەوە.

٣. **ڕێگای قاشلی - حەسەکە:** ئەمەش ڕێگایەکی سەرەکییە، شاری قامشلی و حەسەکە پێکەوە گرێ دەدات، بە ڕوانین لە خشتەی (١٤) بۆمان ڕووندەبێتەوە درێژی ئەم ڕێگایە (١٣٣)کم.

٤. **ڕێگای حەسەکە - سەرێ کانی:** ڕێگایەکی سەرەکییە شاری حەسەکە لەگەڵ سەرێ کانی بە یەک دەگەیەنێت، درێژی ئەم ڕێگایە (١٢٣)کم.

٥. **ڕێگای عەفرین - حەلەب:** ڕێگایەکی سەرەکییە، شاری عەفرین بە شاری حەلەب دەگەیەنێت، بە ڕوانین لە خشتەی (١٤) بۆمان دەردەکەوێت درێژی ئەم ڕێگایە (٥٦)کم.

٦. **ڕێــگای جرابلــس - منبــج - ڕەقــە:** ئەمــەش ڕێگایەکــی ســەرەکییە، هەرســێ شــاری جرابلــس و منبــج و ڕەقــە بــە یــەک دەگەیەنێــت درێــژی ئــەم ڕێگایــە (١٤٩)کــم.

٧. **ڕێــگای عەفریــن - جندرێــس - ئەســکەندەرۆنە:** ئــەم ڕێگایــە پێــش ئــەوەی دەوڵەتــی نوێــی ســوریا دروســت بکرێــت ڕێگایەکــی ســەرەکی بــووە، چونکــە شــاری عەفریــن و بەنــدەری ئەســکەندەرۆنەی لــە ســەر دەریایــی ناوەڕاســت پێکــەوە گرێــداوە، بــەڵام پــاش کێشــانی سـنووری سیاسـی نێـوان سـوریا و تورکیـا، لـە ئێسـتادا ئـەم ڕێگایـە بــەکار نایــەت بووەتــە ڕێگایەکــی لاوەکــی.[1] جیــگای ئاماژەیــە درێــژی ئــەم ڕێگایــە (٨٩)کــم.

٨. **ڕێــگای عەفریــن - مەیدانکــێ:** ئــەم ڕێگایــە شــاری عەفریــن بــە شــارۆچکەی مەیدانکــێ دەگەیەنێــت بــە ڕوانیــن لــە خشــتەی (١٤) بــە دەردەکەوێــت کــە درێــژی ئــەم ڕێگایــە (١٠٤)کــم.

(١) عادل عبدالسلام، جغرافية سورية الأقليمية، المصدر السابق، ص٤٤٥ .

**دووەم: ڕێگای ئاسمانی**

هاتووچۆی ئاسمانی کە بەوە ناسراوە بە خێرایی و پاکی ناوچەکانی جیهان پێکەوە دەبەستێت، هەروەها بونیاد و دروستکردنی فڕۆکەخانە کەمتری تێدەچێت بەراورد بە هێڵی شەمەندەفەر و ڕێگای وشکانی، لەمانەش گرنگتر گواستنەوە و هاتووچۆی ئاسمانی بۆ هەرێمە داخراوەکان ڕێگایەکی کراوەیە دووریان دەخاتەوە لە پەیوەست بوون بە دەوڵەتە دراوسێکان.[1] سەبارەت بە هاتووچۆی ئاسمانی لە ناوچەی توێژینەوە خاوەنی یەک فڕۆکەخانەیە، ئەویش (فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی قامیشلۆ)یە، یەکێکە لە فڕۆکەخانە کۆنەکانی ناوچەکە و ساڵی (١٩٥٦) دروستکراوە، تۆمارەکانی ڕووداوەکانی فڕۆکەوانی نێودەوڵەتی ئاماژە بەوە دەکەن لە ماوەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو فڕۆکەخانەکە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک کاری پێدەکرا، تەنانەت لە ١٩٦١/٥/٦ ڕوداوێکی تێکشکان لە فڕۆکەخانەکە تۆمار کراوە کە فڕۆکەی Douglasc ٤٧ B بووە و لە فڕۆکەخانەی حەلەبەوە هاتووە و سەر بە هێڵی ئاسمانی نیشتمانی سوریا بووە، فڕۆکەخانەی قامشلۆ لە ساڵی (٢٠٠٥ - ٢٠١١) پرۆسەی گەشەپێدان و نوێکردنەوە و پێشخستنی تێدا ئەنجامدراوە، بە ئامانجی گۆڕینی بۆ فڕۆکەخانەیەکی نێودەوڵەتی، لە ساڵی (٢٠١١) یەکەم گەشتی نێودەوڵەتی لە فڕۆکەخانەکە نیشتوەتەوە کە لە ستۆکۆڵمی پایتەختی سویدەوە هاتبوو، فڕۆکەخانەکە دەکەوێتە شاری قامیشلۆ لە پارێزگای حەسەکە، یەک ڕێڕەوی فڕین لە خۆدەگرێت کە

---

(١) سفین جلال فتح الله، بنچینە و بنەماکانی جوگرافیایی سیاسی، سەرچاوەی پێشوو، لا١٧٥ .

درێژیەکەی (٣٦١٥) مەترە و پانییەکەی (٤٦) مەترە، گونجاوە بۆ وەرگرتن و نیشتنەوەی زۆربەی جۆرەکانی فڕۆکە چ بازرگانی بارهەڵگربیت یان مەدەنی یان سەربازی، هەروەها تاوەرێکی کۆنترۆڵی ئاسمانی لەگەڵ بینای سەرنشین و هۆڵی ڕۆشتن و هاتن لەگەڵ ناوچەی کارگێری و خواردنگە و چاکردنەوەی فڕۆکەی تێدایە.[١]

**سێیەم: هێلێ شەمەندەفەر**

سەبارەت بە هێلی شەمەندەفەر دوو هێڵ لە ناوچەی توێژینەوە بنیاتنراوە ئەوانیش:-

١. **هێڵی (بەرلین - بەغداد):** ئەم هێلە سەرەتای بنیاتنانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١١، ئەم هێڵە لە بەغدادەوە درێژ دەبوویەوە بۆ موسڵ لەوێوە بۆ (تەلکۆچەر - الیعربیة) پاشان بە قامشلیدا دەڕۆشت بۆ نوسەیبین لە خاکی باکووری کوردستان، هاوتەریب لەگەڵ سنووری سوریا - تورکیا دەڕۆشت تاوەکو باکووری حەلەب.[٢]

٢. ساڵی ١٩٧٦ دەوڵەتی سوریا هێڵێکی تری بنیاتنا بۆ گرێدانی بەندەری لازقیە بە شاری حەلەب و ڕەقە و دێرەزور و حەسەکە و قامشلی.

**دووەم: بازرگانی:** مەبەست لە بازرگانی گواستنەوەی کەلوپەل و شتومەکە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، جا ئەو گواستنەوەیە لە

(١) مطار القامشلی الدولي

https//:www.marefa.org/

(٢) علی جزیری، الکرد و کردستان (کردستان سوریا - أنموذجا)، المصدر السابق، ص٤١٤.

چوارچێــوەی ســنووری نــاوەوەی هەرێمــی سیاســی (نێــوان شــارەکانی ناوخــۆ) بێــت، ئــەوا بــە بازرگانــی ناوخــۆ ناودەبرێــت، بــەڵام ئەگــەر گواســتنەوەی کەلوپــەل و شــتومەکەکان ســنووری نێودەوڵەتــی بەزانــد ئــەوکات دەبێتــە بازرگانــی دەرەکــی.[١] بازرگانــی یەکێکــە لــەو چالاکییــە ئابوورییــە گرنگانــەی بــە شــێوەیەکی گــەورە کار لــە بنیاتنانــی هێــزی سیاســی هەرێمــی سیاســی دەکات، چونکــە لــە ڕێگــەی ئــەم چالاکیــەوە جــۆر و بــڕی ئــەو پەیوەندییــە ئەرێنیانــە دەستنیشــاندەکرێت کــە لــە نێــوان هەرێمــە سیاســیەکاندا هەیــە، ئەمــەش کاردانــەوەی لــە ســەر بنیاتنانــی کۆمەڵایەتــی و ئابــوری و یەکــە سیاســیەکان دەبێــت.[٢]

ســەبارەت بــە ناوچــەی توێژینــەوە پێــمان وایــە بازرگانــی لــە دۆخێکــی خراپدایــە بــە هــۆی ئــەو ئاڵۆزیانــەی لــە پــاش ســاڵی (٢٠١١) لــە ســوریا ســەریانهەڵداوە، بــە جۆرێــک بەشــێک لــە دەروازە ســنووریەکان داخــراون یــان لەژێــر دەســەڵاتی ڕێڤەبــەری خۆســەر نیــن، ســەرەڕای ئەمانــە بــە لــە بەرچاوگرتنــی پێگــەی ســتراتیژی دیــاری ناوچەکــە و ئــەو گۆڕانکاریانــەی ڕوویانــداوە لــە دوای ســاڵی (٢٠١١)، هێشــتا کەرتــی بازرگانــی بزوێنــەری ســەرەکی ئابــوری هەرێمــی ڕۆژئــاوای کوردســتانە.

ناوچــەی توێژینــەوە وەک هــەر هەرێمێکــی تــری سیاســی ناتوانێــت ســەرجەم پێداویســتیەکانی لــە شــمەک و کاڵا و خواردەمەنــی پــڕ بکاتــەوە، بۆیــە ناچــار پشــت بــە دەرەوە دەبەســتێت بــۆ پڕکردنــەوە ئــەو پێداویســتیانە

---

(١) ســفین جــلال فتــح اللــە، بنچینــە و بنەماکانــی جوگرافیایــی سیاســی، ســەرچاوەی پێشــوو، ل١٧٢ .

(٢) هەمان سەرچاوە،ل١٧٣ .

لە ڕێگەی هاوردەکردنەوە بە تایبەتی کەلوپەلی خۆراک، لە بەرامبەردا ئەوەی هەیە هەناردە دەکرێت لە نەوت و بەروبوومی کشتوکاڵی و ئاژەڵ، بەڵام سەبارەت بە قەبارە و بڕی سەرمایەی هەناردە و هاوردە داتایەکەی ورد لە بەردەست نییە کە ڕاستی ژمارەکان بسەلمێنێت، ئەوەی هەیە هەندێک زانیاری لە سەر هەناردەکردنی نەوتە کە هەناردەی باشووری کوردستان دەکرێت، داهاتی مانگانەی ئەو نەوتە نزیک (١٠) ملیۆن دۆلاری مانگانە دەبێت.[١]

توێژەر بە پشت بەستن بەو داتایانەی دەزگای ناوەندی ئاماری سوریا بڵاوی کردونەتەوە، هەوڵ دەدات قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەرێمی ڕۆژئاوا و دەوڵەتی تورکیا و عێراق بخاتەڕوو، لەبەرئەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان سوریا لەگەڵ تورکیا و عێراق لە ڕێگەی ئەو دەروازانەوە دەبێت کە لە نێو خاکی هەرێمی ڕۆژئاوادایە، بۆ ئەم مەبەستە داتایی ئاڵوگۆڕی بازرگانی ساڵانی (٢٠١٠ – ٢٠٢٠) دەخەینەڕوو:-

بازرگانی سوریا لەگەڵ عێراق و تورکیا، هەڵبەز و دابەزینێکی زۆری بە خۆیەوە بینیوە لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٠-٢٠٢٠)، ئەمەش بە هۆی ئەو ناڕەزایەتی و ئاڵۆزییە سیاسیەی لە پاش ساڵی (٢٠١١) سەری هەڵدا لە سوریا، بووە هۆی وەستان و لە کارکەوتنی زۆرێک لە دامەزراوە و شوێنە بازرگانییەکان لە ئەنجامی مانگرتن و گەمارۆ و بۆردمانی شوێنە بازرگانی و پیشەسازییەکان، ئەو

(١) سەرتیپ جەوهەر، خاکی ڕەش، سەرچاوەی پێشوو، لا١١٠. ی

بارودۆخـە ئاڵـۆزە ئەمنییـە وای لـە زۆرێـک لـە بـازرگان و خاوەنـکارەکان کـرد وڵات بـە جێبهێڵـن، پـاش ئـەوەی زۆرێکیـان ڕووبـەڕووی ڕفانـدن و دەستبەسـەرداگرتنی کار و دامەزراوەکانیـان بوونـەوە و زۆرێـک لـە وڵاتـان پەیوەنـدی سیاسـی و ئابوریـان لەگـەڵ ڕژێمـی سـوریا پچڕانـد و نوێنەرایەتیەکانیـان کشـاندەوە، ئەمـەش بـووە هـۆی لاوازبـوون و داکشـانی مامەڵـە بازرگانییـەکان بـە شـێوەیەکی بەرچـاو.[1]

(١) خالیـد الـترکاوی، التجـارة الخاریجیـة للنظـام السـوری بعـد ٢٠١١، تقریـر تحلیلـی، مرکـز جسـور للدراسـات ، (٢٠٢٢) ، ص٤ .

**خشتەی (١٥)**

**هاوردە و هەناردەی بازرگانی سوریا لەگەڵ عێراق و تورکیا (٢٠١٠ - ٢٠٢٠)**
**بڕ بە (تەن)، بەها بە (هەزاران لیرە)ی سوری**

| ساڵ | عێراق | | | | تورکیا | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەهای ناردەنی | بڕی ناردەنی | بەهای هاوردە | بڕی هاوردە | بەهای ناردەنی | بڕی ناردەنی | بەهای هاوردە | بڕی هاوردە |
| ٢٠١٠ | ٩١٥٣٤٧٨٨ | ١٨٨٧٠٥٨ | ١٧٩١١٢٤ | ٣٦٩٣٤ | ٢٢٤٤١٦٨٤ | ٦٨٦٢٦٣ | ٧٥١٣٠٩٧٣ | ٦٤٧٧٥٤٦ |
| ٢٠١٥ | ٤٤١٥١٩٩٩ | ٢١٣٥١٦ | ٣٦٨٥٩٦ | ٥٣٤٦٧ | ٥٢٦٤٦٠٦٩ | ٢٢٨٥٦٠ | ١٥٨٨٥٣٣٤ | ١٧٥١٨٤ |
| ٢٠١٨ | ٥٣٩٩٥٥٠٨ | ٤٧٢٧٦ | ١٨٣٢٣٦٠ | ٦٩٩١ | ٨٢٤٠٢٠٥١ | ٤٥٣٤٢ | ٩٤٥٢٦٠ | ٥٥٥٨ |
| ٢٠٢٠ | ٥٣٦٩٠٥٦٦٩ | ٢٧٥٠٧٧ | ١٤٨٨٠١٩ | ٣٢٦١ | ٦٨٧٤٦٣٤٦ | ٢٨٧٠٩ | ٢٨١٤١ | ٧ |

**سەرچاوە:** کاری توێژەر پشت بەست بە: -

الجمهورية العربية السورية، رئاسة مجلس الوزرء، المكتب المركزى للأحصاء، الأحصاءات التجارية، بيانات خلاصة التجارة الخارجية (٢٠١٠ - ٢٠٢٠).

ئەوەی تایبەتە بە پەیوەندی بازرگانی سوریا لەگەڵ تورکیا و عێراق زۆرینەی ئەو ئاڵوگۆڕە بازرگانییە لە ڕێی ئەو دەروازانەوە دەبێت کە کەوتوونەتە نێو خاکی هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان، بە ڕوانین لە خشتەی (١٥) دەبینین لە نێوان ساڵانی (٢٠١٠-٢٠٢٠) گۆڕانکاری زۆر گەورە ڕوویداوە، بە جۆرێک بڕی هەناردە بۆ عێراق لە ساڵی (٢٠١٠) بریتی بووە لە (١٨٨٧٠٥٠) تەن کاڵا و شتومەک، لە بەرامبەردا بڕی (٣٦٩٣٤) تەن کاڵا و شتومەک هاوردەکراوە، بەڵام لە ساڵی (٢٠٢٠) ئەم بڕەی هەناردە دابەزیوە بۆ (٢٧٥٠٧٧) تەن کاڵا و شتومەک ، لە

بەرامبــەردا (٣٢٦١) تــەن کاڵا و شــمەک هاوردەکــراوە.

ســەبارەت بــە ئاڵوگــۆڕی بازرگانــی لەگــەڵ تورکیــا لــە ســاڵی (٢٠١٠) بــڕی هەناردەکــراو (٦٨٦٢٦٣) تــەن کاڵا و شــمەک بــووە، لــە بەرامبــەردا (٦٤٤٧٥٤٦) کاڵا و شــمەک هــاوردە کــراوە، بــەڵام لــە ســاڵی (٢٠٢٠) ئــەم بڕانــە بــە شــێوەیەکی بەرچــاو کەمــی کــردووە بــە جۆرێــک بــڕی هەناردەکراو (٢٨٧٠٩) تــەن کاڵا و شــمەک بــووە، لــە بەرامبــەردا بــڕی (٧) تــەن هــاوردە کــراوە، ئەمــەش لــە دەرئەنجامــی ئــەو هۆکارانــەی ئاماژەمــان پێکــرد.

## تەوەری چوارەم

## چالاکی خزمەتگوزاری و گەشتوگوزار

**یەکـەم/ خزمەتگـوزاری** کۆمەڵێـک چالاکییـە ئامانـج لێـی پڕکردنـەوەی پێداویســتیەکانی مرۆڤــە بــە شــێوەیەکی ڕاســتەوخۆ و ناڕاســتەوخۆ، بەکارهێنانیشــی لــە لایــەن خەڵکــەوە ڕاســتەوخۆ لەگــەڵ بەرهەمێنــان دەبێـت، بەڕێوەبردنیشـی لـە لایـەن کەرتـی گشـتی یـان کەرتـی تایبـەت دەبێـت.[١] خزمەتگوزارییـەکان هـەر یـەک لـە خزمەتگـوزاری (فێـرکاری، تەندروسـتی، ئاینـی، خۆشـگوزەرانی) دەگرێتـەوە کـە بـەوە دەناسرێـن خزمەتگــوزاری ڕووپێویــن بــەو واتایــەی پانتاییــەک لــە زەوی داگیــر دەکــەن و دەستەبەرکردنیشــیان پێویســتی بــەوە هەیــە دانیشــتوان بــە ئاڕاســتەیان بجوڵێــت.[٢]

(١) باسم قاسم سلێمان، سەرچاوەی پێشوو، لا٨ .

(٢) ســميع جــلاب منــسي الســهلانى، كفــاءة التوزيــع المــكاني للخدمــات المجتمعيــة (التعليميــة، الصحيــة، الترفيهيــة )، في مدينــة الشــطرة، أطروحــة دكتــوراه، (غيــر منشــور) جاميعــة بــصرة، كليــة الأداب، قســم جغرافيــة، (٢٠١٢)، ص١٠ .

**خشتەی (١٦)**

**دابەشـــبوونی خزمەتگـــوزاری تەندروســـتی و فێركـــردن لـــە هەرێمـــی ڕۆژئـــاوای كوردســـتان**

| خزمەتگوزاری | | گشتی | تایبەت | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | زانكۆ | ٣ | - | ٣ |
| ٢ | پەیمانگا | ٣٤ | ٦ | ٤٠ |
| ٣ | **قوتابخانەی بنەڕەتی** | ٢١٦ | ١٦ | ٢٣٢ |
| ٤ | **قوتابخانەی ئامادەی** | ٤٤ | ٨ | ٥٢ |
| فێركردن | | ٢٩٧ | ٣٠ | ٣٢٧ |
| ١ | نەخۆشخانە | ١٠ | ٣٦ | ٤٦ |
| ٢ | بنكەی تەندروستی | ١١٦ | ٩ | ١٢٥ |
| تەندروستی | | ١٢٦ | ٤٥ | ١٧١ |

**سەرچاوە:** كاری توێژەر پشت بەست بە: -

الجمهورية العربية السورية، رئاسة مجلس الوزرء، المكتب المركزي للأحصاء، الكتاب الأحصائي السنوي (المجموعة الأحصائية) لعام (٢٠٢٢).

ئـەو خزمەتگوزاریانـە تـەواوی یـان بەشـێكی دانیشـتوانی هەرێمێـك یان شـارێك لێـوەی دەگـەن بـە یـەك بـۆ بـە ڕێكوپێكـی بەجێهێنانـی چالاكییـە كۆمەڵایەتییـەكان یـان وەزیفەیەكـی دیاریكـراو، وا دەكات ئـەو دامەزراوانەی ئـەم خزمەتگوزاریانـە پێشـكەش دەكـەن بایەخـی زۆریـان هەبێـت.[١]

(١) مصطفــى القمــش و ئەوانــی تــر، دەروازەیــەك بــۆ خزمەتگــوزاری كۆمەڵایەتــی،

سـەبارەت بەخزمەتگـوزاری لـە ناوچـەی توێژینـەوە، پشـتمان بـە دەزگای ناوەنـدی ئامـاری سـوریا بەسـتووە بـۆ دەسخسـتنی داتـا لـە سـەر خزمەتگـوزاری لـە هەرێمـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان، لێـرەدا دوو لـە خزمەتگوزارییـە سـەرەکیەکان دەخەینـەڕوو، ئەوانیـش خزمەتگـوزاری فێرکـردن و تەندروسـتیە، بـە ڕوانیـن لـە خشـتەی (١٦) بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە ژمـارەی دامـەزراوە فێرکارییـەکان (٣٢٧) دامەزراوەیە، ئەوانیش خـۆی دەبینێتـەوە لـە (٣) زانکـۆ و (٤٠) پەیمانـگا و (٢٣٢) قوتابخانـەی بنەڕەتـی و لەگـەڵ (٥٢) قوتابخانـەی ئامادەیـی، تایبەت بـە خزمەتگوزاری تەندروسـتی لە ناوچەی توێژینەوە (١٧١) دامەزراوەی تەندروسـتی بوونی هەیـە، ئەوانیـش پێکدێـن لـە (٤٦) نەخۆشـخانە کـە (١٠) نەخۆشـخانە گشـتین و (٣٦) نەخۆشـخانە تایبەتـن، لەگـەڵ (١٢٥) بنکـەی تەندروسـتی.

لەگـەڵ دەسـتپێکی قەیرانـی سـوریا کـە سـێبەری خـۆی خسـتە سـەر هەمــوو لایەنەکانــی تــری ژیانــی ئابــووری و کۆمەڵایەتــی و کلتــوری، پــەروەردە لــە هەمــوو لایەنەکانــی تــری ژیــان گەورەتریــن کاریگــەری بەرکــەوت، ســوریا دابــەش بــوو بەســەر ســێ ناوچــەی ئیداریــدا، هەریەکەیـان سیاسـەت و بارودۆخـی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، ڕژێـم لـە ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی لـە مەنهەجـی پێشـوو و پراکتیزەکردنـی هەمـان عەقڵیەتـی کلاسـیکی پـەروەردە بـەردەوام بـوو، لـە ناوچەکانـی ژێــر دەســەڵاتی داگیرکاریــی تورکیــا و ئــەو گرووپــە چەکدارانــەی ســەر

---

وەرگێرانـی :عبدللـە ئیسـماعیل حمـد و عبدالسـتار خـدر ئیبراهیـم ، چاپـی یەکـەم ،چاپخانــەی شــەهاب، هەولێــر ، لا١٩ .

بــە تورکیــا بــوون، مەنهەجەکــە بــە زمانــی تورکــی دەخوێندرێــت.[1]

لەکاتێکـدا هەرێمـی ڕێڤەبـەری خۆسـەر شـاهیدی گۆڕانکاری سـتراتیژی گرنـگ بـوو لەبـواری پـەروەردەدا، بـە ڕاگەیاندنـی دامەزراندنـی ڕێڤەبـەری خۆسـەری دیموکراتـی دەسـتپێکرد کـە لـە بەشـی چـوارەم بـە درێـژی باسـی دامەزراندنـی دەکەیـن، دامەزراندنـی دەسـەڵاتی پـەروەردە وەک یەکێـک لـە پایـە بنچینەییەکانـی ناوچـەی ڕێڤەبـەری سـەرهەڵدەدات، زمانـی کـوردی لـە قوتابخانەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی ئیـدارەی خۆسـەر لـە هـەر سێ کانتۆنەکـە دەسـتی پێکـرد، بـە هەوڵـی دەسـەڵاتی پـەروەردە، سیسـتەمێکی پەروەردەیـی دامەزرانـد کـە بـە سیسـتەمی پەروەردەیـی دیموکراسـی نـاسراوە، واتـە هەمـوو پێکهاتەیـەک مافـی فێربوونی بـە زمانی دایـک هەیـە، بەپێـی مەنهەجێـک فێربێـت کـە بـە زمانـی خۆی نـووسراوە، بــە بڕیــاری خۆبەڕێوەبــردن و لەڕێگــەی ئەنجومەنــی یاســادانانەوە، هەرســێ زمانــی "کــوردی – عەرەبــی – سریانــی" دامــەزران، بۆیــە ئــەم زمانانـە لـە ناوچـەی ڕێڤەبـەری بـوون بـە فەرمـی، وانەوتنـەوە لـە مـاوەی سـاڵی خوێندنـی (٢٠١٥-٢٠١٦) بـۆ سـێ پۆلـی یەکەمـی سـەرەتایی دەسـتپێکرد. بـەم شـێوەیە ڕێڤەبـەری خۆسـەر بەربەسـتەکانی شـکاند کـە ڕژێمـی بەعسـی دایانابـوو، گەلـی کـوردی پێـی نایـە سـەردەمێکی نـوێ تێیـدا بـە زمانـی خـۆی بخوێنێـت، سـەرەڕای کەموکـوڕی زۆر و کەمـی توانـاکان، بـەڵام هەنگاوێکـی بوێرانـە بـوو لـە مێـژووی گەلـی کـورد لـە

(١) إبراهيــم م.كابــان، الأدارة الذاتيــة في شــمال و شرق ســوريا (روجأفــا) ، شــبكة جيوســتراتيجى للدراســات، (٢٠٢١)، ص٢٠

https://www.geo-strategic.com/2021/02/blog-

سـوریا، هەرسـێ کانتۆنەکـە، «عەفریـن - کۆبانـی - جەزیـرە» دەسـتیان کـرد بـە خوێنـدن بـە مەنهەجێکـی کـوردی.

سـەبارەت بـە ژمـارەی قوتابخانـەکان، سـتافی پەروەردەیـی، ڕێـژەی خوێنـدکار، ژمـارەی قوتابیـان لـە سـەرجەم قۆناغەکانـی سـەرەتای و ناوەنـدی و ئامادەیـی قوتابخانەکانـی ڕێڤەبـەری خۆسـەر لـە سـەرجەم ناوچـەکان ٧٨٩ هـەزار قوتابیـی تێپەڕانـدووە، کـە بەسـەر نزیکـەی پێنـج هـەزار قوتابخانـەدا دابەشـکراوە، لـە کاتێکـدا ژمـارەی سـتافی وانەوتنـەوە لـە ٣٠ هـەزار مامۆسـتای نێـر و مـێ تێپەڕیـوە.

سـەبارەت بـە زانکـۆ و پەیمانـگاکان، زانکـۆی ڕۆژاڤـا کـە لـە سـاڵی ٢٠١٦ دامـەزراوە، (فاکەڵتـی پزیشـکی مرۆیـی، ئەندازیـاری پەیوەنـدی، ئینفورماتیـک، نـەوت، کشـتوکاڵ، پـەروەردە، زانسـت، زانسـتی سیاسـی، دەروونناسـی، مێـژوو، جوگرافیـا و ئەدەبـی کـوردی) لەخۆدەگرێـت، کۆتایـی مانگـی ئەیلوولـی ٢٠١٨ لـە زانکـۆی کۆبانـی دامـەزراوە کـە فاکەڵتیەکانـی: (فیزیـا، کیمیـا، بیـرکاری، زانسـتە سروشـتییەکان، ئەدەبـی کـوردی و ئەدەبیاتـی عەرەبـی) لـە خۆدەگرێـت، زانکـۆی عەفریـن دوای داگیرکردنـی عەفریـن لـە مانگـی کانوونـی دووەمـی سـاڵی ٢٠١٨ بەتـەواوی کارەکانـی ڕاگـرت، خوێندکارەکانیشـی لەنێـوان زانکـۆی حەلـەب و زانکۆکانـی کۆبانـی و ڕۆژئـاوا دابەشـکران کـە (کۆلێـژی پزیشـکی مرۆیـی، کۆلێـژی ئەندازیـاری، کۆلێـژی ئابـووری، کۆلێـژی ئادابـی) لەخۆگرتبـوو، جگـە لـە حـەوت پەیمانگا.

وەک دەزانرێـت بەرزبوونـەوەی ئاسـتی فێرکـردن کاریگـەری بەرچـاوی دەبێـت لـە سـەر ئاسـتی ڕۆشـنبیری و زانسـتی لـە هـەر هەرێمێکـی سیاسـی ئەمـەش ڕاسـتەوخۆ کاریگـەری دەبێـت لـە سـەر دروسـتبوونی

کەسانی کارمەند و زانا و پسپۆڕ لە هەموو کەرتە جیاوازەکان، کە ڕەنگدانەوەی گرنگی دەبێت لە سەر پلان و پرۆژەکان و جێبەجێکردنیان، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرەو پێشچوونی لایەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی وڵات، هەروەها تەندروستی وەک بەشێک لە چالاکی خزمەتگوزاری کاریگەرە، ئەویش بە بەرزبوونەوەی ئاستی تەندروستی و پاراستنی جەستەیەکی تەندروست بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە لە سەر سود وەرگرتن لە توانا و چالاکیەکانی مرۆڤ لە هەموو کەرتەکانی کار کردن لە وڵاتدا ڕەنگدانەوەی ئەرێنی دەبێت.

**دووەم/ گەشتوگوزار:** دیاردەیەکە لە دیاردەکانی سەردەم کە هەڵقوڵاوی پێویستی زیاتری مرۆڤە بە پشوو و هەواگۆڕکێ لە پێناو هەستکردن بە جوانی سروشت و گەشەپێدانی ئەم هەستە و پەیبردن بە دڵخۆشی و چێژوەرگرتن لە مانەوە لەو ناوچەیەی کە سروشتی تایبەتی هەیە.

ڕێکخراوی گەشتوگوزاری نێودەوڵەتی ( (W.T.O)، گەشتوگوزاری بۆ دوو جۆر پۆلینکردووە؛ ئەوانیش (گەشتوگوزاری ناوخۆ) بە شێوەیەک کە ئەم گەشتە لە ناو سنووری یەک دەوڵەتدا دەکرێت، بریتیە لە جێهێشتنی ژینگەی تاک بۆ دەرەوەی ژینگەی خۆی کە ماوەکەی کەمتر بێت لە ساڵێک و بە مەبەستی بە دەستهێنانی داهات نەبێت، هەروەها گەشتوگوزاری نێودەوڵەتی دەڵێت گەشتیار سنووری سیاسی (هەرێم، وڵات، کیشوەر) دەبڕێت دەچێتە ناو سنووری سیاسی دەوڵەتێکی تر بە هەمان شێوە ماوەکەی کەمتر بێت لە ساڵێک ئامانج لێی بە سەربردنی کاتی خۆش و حەوانەوەیە لەو دەوڵەتەی گەشتی بۆ کردوە، دور لە بە دەستهێنانی هیچ جۆرە داهاتێک.

گرنگی گەشتوگوزار لە ڕووی سیاسیەوە وەک کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆیە لە ڕەفتاری هەرێمێکی سیاسی لەگەڵ هەرێمەکانی تر لە سەردانە گەشتیاریەکان و ئاڵوگۆڕی نێوانیاندا، هەروەها دەتوانن یاری بە جوڵەی گەشتیاری بکەن، ئەمەش ڕۆڵی گرنگی هەیە لە پەیوەندی نێودەوڵەتیدا، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بواری گەشتوگوزار کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە کەمکردنەوەی ململانێ و ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان، چونکە گەشتوگوزار لە هێماکانی ئاشتی و پێکەوەژیانە.

سەبارەت بە کەرتی گەشتیاری لە ناوچەی توێژینەوە تا ڕادەیەکی زۆر کەرتێکی فەرامۆش کراوە و لە بزاوتی ئابوری هەرێمەکە ڕۆڵێکی ئەوتۆ نابینێت، ئەمەش بەهۆی پشتگوێخستنی ئەم کەرتە لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەتی سوریا، بە جۆرێک لە پێشودا دەوڵەتی سوریا هیچ بایەخێکی ئەوتۆی بەم کەرتە نەداوە، بە پێی ڕێبەری گەشتیاری کە دەزگای ناوەندی ئاماری سوریا بڵاویکردوەتەوە لە ساڵی (٢٠٢٢)، هیچ جۆرە هۆتێلێکی پێنج ئەستێرە و چوار ئەستێرە بوونی نەبووە، تەنیا یەک هۆتێلی سێ ئەستێرە لە حەسەکە لەگەڵ (٢٠) هۆتێلی دوو ئەستێرە لە تەواوی ناوچەی توێژینەوە هەبووە.

ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ناوچەی توێژینەوە فەرامۆشکراوە و لەم ڕووەوە هیچ بایەخێکی پێنەدراوە، سەرەڕای ئەوەی هەرێمی ڕۆژئاوا خاوەنی کۆمەڵێک بنەمای سەرەکیە لە ڕووی گەشتیاریەوە وەک ئاوهەوای گونجا و شوێنی سەرنجڕاکێش وەک ناوچەکانی عەفرین و چیای عەبدولعەزیز و شوێنە مێژوویەکان.....هتد، بێگومان پەرەپێدان و فەراهەمکردنی ئەم کەرتە کاریگەری ئەرێنی

دەبێــت لــە ســەر ئابــوری ناوچــەی توێژینــەوە بەگشــتی و دروســتبوونی پەیوەنــدی کۆمەڵایەتــی لەگــەڵ گــەلان و ناســاندنی کلتــوری یەکــتر.

# بەشی چوارەم

# هەڵسەنگاندنی توانستە سیاسییەکان و بەربەست و سیناریۆکانی ئایندەی هەرێمی ڕۆژئاوا

## تەوەری یەکەم

## هێزە سیاسیەکانی هەرێمی ڕۆژئاوا

مێـژووی گەلـی کـورد پـڕ لـە شـۆڕش و ڕاپەڕینـە کـە شۆڕشـی ڕێکخـراو، یـان خۆڕسـک بـوون بـۆ بەرگریکـردن لـە مافـە نەتـەوەی و مرۆییـەکان، سـەرەتای سـەرهەڵدانی بزوتنـەوەی نەتەوەیـی کـوردی بـۆ کۆتاییەکانـی سـەدەی نـۆزدە و سـەرەتای سـەدەیی بیسـتەم و بڵاوبوونـەوەی ڕەوتـی نەتەوەیـی لـە نێـو نەتـەوە جیاوازەکانـی بـن دەسـەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتـی عوسـمانی دەگەڕێتـەوە، ئەمـەش بـە هـۆی ئـەو گۆڕانکارییـە گەورەیـەی لـە پێـش و دوای جەنگـی یەکەمـی جیهانـی و دابـەش بوونـی نوێـی وڵاتـان لـە سـەر بنەمـای ڕەگـەز و زمـان و نەتـەوە لـە ئەوروپـا ڕوویـدا.(١)

دوای لکاندنـی بەشـێک لـە کوردسـتان بـە دەوڵەتـی نوێـی سـوریاوە لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم، کـە کۆتایهاتنـی جەنگـی یەکەمـی جیهـان و ڕێککەوتـن و پەیماننامـە نێودەوڵەتییـەکان دەرهاوێشـتەی ئـەو دۆخـە بـوون، خەباتـی کلتوری و سیاسـی کورد وردە وردە سـەریهەڵدا، دەسـتپێکیش لـە لایـەن نوخبـەی ڕۆشـنبیران و سیاسـیانی کـوردەوە بـوو، ئەوانـەی دوای شۆڕشـەکەی شـێخ سـەعیدی پیـران و شۆڕشـەکانی تـری کـوردی باکـووری کوردسـتانیان جێهێشـتبوو، شـارەزاییان لـە خەبـات و هۆشـیاری سیاسـی هەبـوو بـە تایبەتـی بەدرخانییـەکان کـە بوێرانـە لـە بوژانـەوەی ڕۆشـنبیری

(١) مهنـد الكاطـع، أكـراد سـورية (التأريـخ ، الديموغرافيـة ، السياسـة)، الطبعـة الأولـى، دار القناديـل للنـشر والتوزيـع، بغـداد، (٢٠٢٠) ، ص٨٥ .

کـوردی لـە سـوریا هاوشـێوەی ڕۆشـنبیرە عەرەبـەکان بەشـدار بـوون.[1]

ئـەو بارودۆخـەی پـاش ڕووخانـی دەوڵەتـی عوسـمانی هاتـە پێشـم بـە تایبـەت لـە قۆناغـی ئینتیدابـی فەرەنسـی، کوردەکانـی سـوریا هەلێکـی ڕێژەییـان لـە بەردەمـدا کرایـەوە بـۆ بەشـداری و تێکەڵبـوون لەگـەڵ ژیانـی سیاسـی و کارگێـڕی و سـەربازی ئـەو وڵاتـە، پاش ئـەوەی ژمارەیەکـی زۆر لەو تێکۆشـەرە کوردانـەی لـە دەسـت ڕاوەدونانـی ڕژێمـی تورکیـا هەڵهاتبـوون، پـاش کەناوچوونـی شۆڕشـەکەی (شـێخ سـەعیدی پیـران) لـە سـاڵی (١٩٢٥)، ئەمانـە لـە سـوریا لـە دیمەشـق گیرسـانەوە و وردە وردە هاتنـە نێـو ژیانـی ڕۆشـنبیری سیاسـی و ئەدەبیـەوە، چونکـە ئەزمونیـان هەبـوو دەستپێشـخەریان بـۆ دەرکردنـی ژمارەیـەک گۆڤـار و ڕۆژنامـەی کـوردی و دامەزراندنـی یانـە و کۆمەڵـەی فەرهەنگـی و وەرزشـی و کۆمەڵایەتـی کـرد، هاوشـان لەگـەڵ دەرکردنـی ژمارەیـەک کتێـب و دیوانـی شـیعری و کارکـردن لـە سـەر ڕێسـاکانی زمـان و ئەلـف و بـێ.[2] لێـرەوە گرنگتریـن ئـەو کۆمەڵـە و یانـە و گۆڤـار و ڕۆژنامانـەی لـەو سـەردەمەدا دەرچـوون دەخەینـەڕوو:-

١. **کۆمەڵـەی خۆیبـوون:** یەکـەم چالاکـی و ڕێکخـراوی سیاسـی کوردییـە لـە سـوریا، کـە کۆمەڵێـک فەرمانـدەی سیاسـی و سـەرۆک هۆزەکانـی لـە خـۆ دەگـرت، کۆنگـرەی دامەزراندنـی لـە تشـرینی یەکـەم ١٩٢٧ لـە ماڵـی یەکێـک لـە سـەرکردەکانی حیزبـی (تاشـناق)ی ئەرمەنـی بـە نـاوی

(١) عەلـی شـەمدین، بزاوتـی کـوردی لـە سـوریا و دیـاردەی ئینشـیقاق (١٩١٦ – ٢٠١٦)، وەرگێـڕان: شـاناز ڕەمـزی هیرانـی، چاپـی یەکـەم ، چاپخانـەی حەمـدی، سـلێمانی، (٢٠١٨)، لا٢٤.

(٢) عەلی شەمدین، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٢٥ .

(فاهـان بابازیـان) کـرد، کۆنگرەکـە دامەزراندنـی ڕێکخراوێکـی سیاسـی بـە نـاوی (خۆیبوون/الأسـتقلال) ڕاگەیانـد، کـە بـە شـێوەیەکی سـەرەکی خەباتـی لـە پێنـاو کوردسـتانی تورکیـا و ڕووبەڕووبوونـەوەی حکومەتـی ئەوسـای تورکیـا بـوو، بـە پشـتیوانی ئینتیدابـی فەرەنسـی.[١]

وێـڕای گرنگـی ئـەم هەوڵـە کـە بنەمایـەک بـوو بـۆ هێڵـە گشـتیەکانی هۆشـیاری نەتەوەیـی کورد لـە سـوریا و دامەزراندنی بزووتنەوەی ڕۆشـنبیری لـەو وڵاتـە لـە میانـەی قۆناغـی ئینتیدابـدا، بـەڵام وەک پێویسـت سـەرقاڵ نەبوون بە دەستنیشـانکردنی سـیماکانی پرسـی کورد لە سـوریا و دیاریکردنی تایبەتمەنـدی و جیاوازیەکانـی لەگـەڵ پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتان، بەڵکـو خەباتـە نەتەوەییەکەیـان هـەر لـە چوارچێوەی گشـتیدا مایـەوە و ڕووناکەی بە شـێوەیەکی سـەرەکی ڕووی لە باکووری کوردسـتان بوو، چونکە حکومەتی ئینتیدابـی فەرەنسـی هانـی دەدان بـەو شـێوەیە بن.[٢]

چەمکـی (شـۆڕش) لای بزووتنـەوەی خۆیبـوون لـە سـەر بنچینـەی ڕزگاری کوردسـتان لـە چنگـی تورکـەکان ئامانجـی گرتبـوو.[٣] لەگـەڵ ئـەوەی خۆیبـون کاریگـەری گـەورەی لـە نێـو ئـەو کوردانـەدا دروسـتکردبوو کـە لـە باکـووری کوردسـتانەوە هاتبـوون بۆ سـوریا، لەگەڵ ئەوەشـدا هـۆزە کوردییەکان لە سـوریا

(١) جـوردي غورغـاس، الحركـة الكرديـة التركيـة في المنفـى، الطبعـة الأولـى، دار الفارابـى – أراس، بيـروت لبنـان، (٢٠١٣)، ص١٤٨.

(٢) عەلـی شـەمدین ، بزاوتـی کـوردی لـە سـوریا و دیـاردەی ئینشـیقاق (١٩١٦ – ٢٠١٦) ، سـەرچاوەی پێشـوو ، لا٤٧ .

(٣) د. بلـە ج شـيرگوه ، القضيـة الكرديـة ، ماضـى الكـرد وحاضرهـم ، (جمعيـة خويبـون الكرديـة الوطنيـة ) ، النـشرة الخامسـة – رابطـة كاوا للثقافـة الكرديـة ، الطبعـة الأولـى ، دار الكتـاب ، بيـروت ، (١٩٨٦)، ص١١٣ .

کاریگەر بوون بەو وتارەی خۆیبون تیایدا دیارترین ڕۆڵی دەگێڕا، کاریگەری هەبوو لە سەر هۆشیاری نەتەوەیی لە نێو کوردانی ڕۆژئاوا و دروستکردنی چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراو، تەنانەت بنەمایەک بوو بۆ دروست بوونی پارتی سیاسی لە نێو کوردانی سوریا[1] لە حوزەیرانی (١٩٣٢) ڕێبەرانی خۆیبون یاداشتنامەیەکیان دا بە کۆمیسیۆنی فەرەنسی لە بەیروت، تیایدا داوایان کردبوو هەرێمی جەزیرە خۆبەڕێوەبەرێتی (ئۆتۆنۆمی) پێبدرێت هاوشێوەی لیوای (ئەسکەندەرۆنە و جبل الدور و العلوین).[2]

٢. **یانە و ڕێکخراوەکان:** ئەو بارودۆخەی پێشتر ئاماژەمان پێکرد لە پاڵ ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی، هەلی ڕەخساند بۆ دروستکردنی چەندین یانە و ڕێکخراو، لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین:-

**یانەی عامودا:** ئەم یانەیە لە ساڵی ١٩٣٨ لە لایەن جگەرخوێن لە عامودا دامەزراوە کە چالاکی وەزشی و ڕۆشنبیری ئەنجام داوە، ئەم یانەیە بۆ یەکەم جار گروپی پێشڕەوانی دامەزراندوە کە زیاتر لە (٣٠٠) ئەندامی هەبووە، چەندین بۆنەی نەتەوەیی سازکردووە.[3]

**یانەی هەنانۆ:** ئەم یانەیە لە ساڵی (١٩٣٨) لە دیمەشق لە لایەن گەنجانی گەڕەکە کوردییەکان دامەزراوە، یانەیەکی ڕۆشنبیری بووە.[4]

---

(١) مهند الكاطع ، أكراد سورية ( التأريخ ، الديموغرافية ، السياسة ) ، سەرچاوەی پێشوو ، ص١١٤ .

(٢) إسماعيل محمد حصاف ، تأريخ كردستان سوريا المعاصر ١٩١٦ - ١٩٤٦ ، المصدر السابق، ص٣٥٤ .

(٣) عەلی شەمدین، بزاوتی کوردی لە سوریا و دیاردەی ئینشیقاق (١٩١٦ - ٢٠١٦)، سەرچاوەی پێشوو، لا٤٦ .

(٤) هەمان سەرچاوە، لا٤٦ .

**یانـــەی لاوانـــی کـــورد:** ســـاڵی (١٩٣٩) لـــە جبـــل الأكـــراد دامـــەزراوە، بـەڵام هـەر زوو یانەکـە دەسـتی بـە سـەرداگیراوە و ئەندامەکانـی بوونەتـە کەرەسـتەیەک بـە دەسـت دەسـەڵاتدارانی فەرەنسیەوە کـە هەوڵیـان دەدا لـە پاکتاوکردنـی ڕکابەرەکانـی بەکاریانبهێنێـت.[١]

**یانـــەی کوردســـتان:** ســـاڵی (١٩٣٩) دامـــەزراوە، بـــە شـــێوەیەکی ڕێکوپێـک بەشـداری کـردوە لـە یارییەکانـی یانـە وەرزشـیەکان دیمەشـق، توانیویەتـی پاڵەوانییەتـی (١٩٤٠) بـە دەسـت بهێنێـت، دکتـۆر زازا لـە کتێبەکەیـدا (حیاتـی الكرديـة أو صرخـة الشـعب الكردى)«جەماوەرێکـی زۆر لـــە قامیشـــلۆ دەهاتـــن بـــۆ هاندانـــی یاریزانـــەکان، ڕۆژنامـــەکان ڕووماڵــی ئــەو یاریانەیــان کــردووە بــە مانشــێتی گــەورە نوســیبویان کوردســـتان ســـەرکەوت.[٢]

**ڕێکخراوی ڕۆشنبیری جبل الأكراد / کورداخ:** ساڵی (١٩٥١) ئەم ڕێکخراوە دامـەزراوە، ڕێکخراوێکـی کلتوری بـووە، ئامانجی بڵاوکردنەوەی ڕۆشـنبیری و فێرکـردن بـووە لـە ناوچەکـە و بەرەنگاربوونـەوەی سـیخوری تورکیا ئـەوکات زۆر چـالاک بـوون لـەوێ، سـاڵی (١٩٥٢) ئـەم ڕێکخـراوە هەڵوەشـاوەتەوە، ئەندامەکانـی لـە ژێـر کاریگـەری (جگەرخوێـن) ڕوویـان کردوەتـە بزاڤـی (أنصـار السـلم)، دواتـر چوونەتـە پـاڵ حیزبی شـیوعی سـوری.[٣]

---

(١) محمـد عبـدو علـى، (جبـل الأكـراد – عفريـن)، دراسـة تاريخيـة و إجتماعيـة – توثيقيـة، طبعـة وزارة الثقافـة، سـلمانية، (٢٠٠٩)، ص٤١٧.
(٢) نورالديـن زازا ، (حياتـى الكرديـة أو صرخـة الشـعب الكـردى) ، ترجمـة : رونـى محمـد دوملـى، دار أراس للطباعـة والنـشر، ط١ ، هوليـر ، (٢٠٠١) ، ص٦٨ .
(٣) محمد عبدو على، (جبل الأكراد – عفرين)، المصدر السابق، ص٤٢٢ .

٣. **گۆڤـار و بڵاوكـراوەكان:** سـاڵی (١٩٣٢) میـر جـەلادەت بەدرخـان لەگـەڵ ژمارەیـەك لـە ڕۆشـنبیرانی كـورد یەكـەم گۆڤـاری كوردیـان لـە ڕۆژئـاوای كوردسـتان دەركـرد بـە نـاوی (هـاوار / ١٩٣٢ – ١٩٤٣)، هەروەها سـاڵانی (١٩٣٢ – ١٩٤٥) گۆڤـاری (ڕوناهی)یان دەركـردووە.[١] هەروەها بە دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار لە سـەردەمە جیـاوازەكان دەرچوون و بڵاوكراونەتەوە كە زمانحاڵـی پـارت و ڕێكخسـتنە كوردییـەكان بوون لـە ڕۆژئاوای كوردسـتان لـە نموونـەی ئەوانـەش گۆڤاری (دەنگـی كورد، گوڵسـتان، گەلاوێژ، سـتێر، زانیـن، خوناو، ئاسـۆ، هەڵـەز، بویـەر،........ هتد).[٢]

**پارتە سیاسیەكانی هەرێمی ڕۆژئاوا:**

سـەرەتای دروسـتبوونی یەكـەم پارتـی سیاسـی كـوردی لـە سـوریا دەگەڕێتـەوە بـۆ هاوینـی (١٩٥٦)، كاتێك (عوسـمان سـەبری) و هاوڕێكانـی دوای سـەركەوتنیان لـە بەڕێوەبردنـی (كۆمەڵـەی ژیانـەوەی فەرهەنگـی كـورد) كـە وەك ڕێكخراوێكـی كولتـوری لـە سـاڵی (١٩٥٥) دامـەزرا، هانـدەر بـوو بـۆ دروسـتبوونی یەكـەم ڕێكخسـتنی سیاسـی كـوردی لـە سـوریا، (عوسـمان سـەبری، حەمـزە نویـران، عەبدولحەمیـد دەروێـش)، دەستپێشـخەریان كـرد بـۆ دامەزراندنـی یەكـەم ڕێكخسـتنی سیاسـی كـورد لـە سـوریا بـە نـاوی (پارتـی كـوردە دیموكراتخوازەكانـی سـوریا)، هـەر بـە زمانـی كـوردی پرۆگرامـی بنچینـەی ئـەم پارتەیـان نوسـییەوە.[٣]

(١) عەلـی حسـێن، تراژیدیـای كـورد لـە سـوریا، وەرگێڕانـی : سـەلام عەبدولكەریـم، چاپـی یەكـەم، سـلێمانی، (٢٠١٣) ، ل٩٧.
(٢) علي جزيري، الكرد و كردستان (كردستان سوريا أنموذجا) ، المصدر السابق، ص٥٦٨.
(٣) عەلـی شـەمدین، بزاوتـی كـوردی لـە سـوریا و دیـاردەی ئینشـیقاق (١٩١٦ – ٢٠١٦)،

١. **پارتـی دیموکراتـی کورد لە سـوریا (١٩٥٧):** پاش سـاڵێک لە دروسـتبوونی (پارتـی کـوردە دیموکراتخوازەکانی سـوریا)، بە دیاریکـراوی (١٩٥٧/٦/١٤) پـاش چەندین گفتوگـۆی چڕوپڕ کۆمەڵێک ڕۆشـنبیری دیکەش پەیوەندیان بـەم پارتـەوە کرد کـە پێکهاتبوون لە (ڕەشـید حەمۆ، محمـد عەلی خۆجە، شـەوکەت نەعسـان، خەلیـل محمـد) کـە کۆمەڵێـک کادری بـە ئەزمـوون بـوون بـە هـۆی هەڵوێسـتە نەرێنییەکانـی حیزبـی شـیوعی هاتبوونـە دەرەوە، مەرجـی ئـەو کادرانـەش بـۆ سـێ دامەزرێنەرەکـە ئـەوە بـوو، نـاوی پارتەکـە بگۆڕێـت بـۆ (پارتـی دیموکراتـی کورد لـە سـوریا) و ڕۆژی پەیوەنـدی کردنـی ئـەم کەسـانەش ببێتـە ڕۆژی بـە فەرمـی دامەزراندنـی ئـەم پارتـە، سـاڵی ١٩٥٨ (دکتـۆر نورەدیـن زازا) دەستنیشـانکرا وەک یەکـەم سـەرۆکی ئـەم پارتـە.[1] جێـگای ئاماژەیـە ئـەم پارتـە وەک پارتـی دایـک هەژمـار دەکرێـت، لەبەرئـەوەی زۆربـەی پارتەکانی تـری ڕۆژئاوای کوردسـتان لـە هەنـاوی ئـەم پارتـە هاتونەتـە دەرەوە.

٢. **پارتـی دیموکراتـی چەپـڕەوی کـوردی لـە سـوریا (١٩٦٥):** دروسـت بوونـی ئـەم پارتـە وەک یەکـەم (ئینشـقاق)* لـە مێـژووی بزاڤـی کـوردی لـە سـوریا تۆمارکـراوە، کـە لـە کۆنفرانسـی (١٩٦٥/٨/٥) وەک باڵـی چـەپ خۆیـان ناسـاند، باڵەکەی تریـش خۆیان بە باڵـی ڕاسـت ناسـاند، بـەڵام تـا سـاڵی (١٩٧٧) هـەر نـاوە ڕەسـەنەکەی لە خۆگرتبـوو، واتـە پارتـە ڕەسـەنەکە دابەش بوو بـۆ باڵی (چەپ و ڕاسـت)،

---

سەرچاوەی پێشوو، لا٦٣ .

(١) عەلـی شـەمدین، بزاوتـی کـوردی لـە سـوریا و دیـاردەی ئینشـیقاق (١٩١٦ - ٢٠١٦)، سـەرچاوەی پێشـوو، لا٦٥ .

ئەمەش بە هۆی زیندانیکردنی زۆرینەی سەرکردایەتی ئەم پارتە لە ساڵی (١٩٦٠) لە لایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی سوریا و دروستبوونی بیروڕای جیاواز لە نێو زیندان و کاریگەری ئەو ڕووداوانەی لە باشووری کوردستان ڕوویدەدا لە نێوخۆی (پارتی دیموکراتی کوردستان/عێراق) بە تایبەت لە نێوان باڵی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی، ئەمەش کاریگەر بوو لە سەر دابەشبوونی سەرکردایەتی (پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا) بۆ دوو بەرە، هەر یەکەیان لە ژێر هەژموونی لایەک بوون لە باشووری کوردستان و ڕاستەوخۆ بەو ڕوداوانە کاریگەربوون کە لەو سەردەمەدا لە باشووری کوردستان ڕوویاندەدا.[١]

ئەم پارتە لە (١٩٦٦/٧/٢٠) یەکەم کۆنگرەی خۆی بەستووە تێدا (عوسمان سەبری) وەک سکرتێر هەڵبژێردراوە دواتر (سەلاح بەدرەدین) بووە بە سکرتێر، ئەم پارتە لە مێژووی خۆیدا دووچاری چەندین جودابوونەوە و لێکترازان بووە، چەندین پارتی تری لێ جودا بووەتەوە وەک لە شێوە (٢) خراوەتەڕوو، ساڵی (١٩٨٠) ناوەکەی گۆڕاوە بۆ یەکێتی گەلی کورد لە سوریا.[٢]

٣. **پارتی دیموکراتی کوردی لە سوریا / ئەلپارتی (١٩٧٢):** پاش دابەشبوونی (پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا) بۆ هەردوو بەرەی (چەپ و ڕاست)، لە کۆنگرەی هەشتەمی (پارتی دیموکراتی کوردستان / عێراق) کە لە ١ی

---

(١) علی صالح میرانی ، الحرکة القومیة الکوردیة في کوردستان - سوریة، المصدر السابق، ص١٥١-١٧٠ .

(٢) عەلی شەمدین ، بزاوتی کوردی لە سوریا و دیاردەی ئینشیقاق (١٩١٦ - ٢٠١٦) ، سەرچاوەی پێشوو، لا٩٩ .

تەمووزی (١٩٧٠) بەسترا، هەردوولا بانگکران بە مەبەستی یەکگرتنەوەیان، پێشنیار لە لایەن (مستەفا بارزانی) سەرۆکی (پارتی دیموکراتی کوردستان /عێراق) کرا کە کۆنگرەیەک بکەن، لە سەر داوا و خواستی بارزانی دواجار (کۆنگرەی نیشتمانی کوردانی سوریا) لە ڕێکەوتی (١٩٧٠/٨/٢٠) بە سەرۆکایەتی (مستەفا بارزانی) لە ناوپردان بەسترا، تیایدا (١٢٠) کەس ئامادە بوون، لە کۆتایدا کۆنگرە داڕشتنێکی ئامادە کرد بۆ یەکخستنەوەی هەردوو باڵەکەی ناو کۆنگرە، ئەمەش خۆی دەبینییەوە لە دروستکردنی (سەرکردایەتی کاتی)، بەڕێوەبردنی حیزب بۆ ماوە (٦ – ١٢) مانگ، ئەرکی سەرەکی ئەم سەرکردایەتیەش بریتی دەبێت لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە نێو بنکەی جەماوەری هەردوو لایەنەکەدا، هەروەها ڕێککەوتن کرا لە سەر دانانی (دەهام میرۆ) بە سکرتێری سەرکردایەتیە کاتییە هاوبەشەکە[١]

بارودۆخەکە بە پێی چاوەڕوانییەکان و ئەوەی پلانی بۆ دانرابوو نەڕۆشت، لە ئەنجامدا سەرکردایەتی کاتی هەڵوەشایەوە و دابەشبوو بە سەر هەردوو بەرەکەی حیزبدا، (دەهام میرۆ) و لایەنگرانی لە ناو حیزبێکی نوێدا خۆیان ڕیکخست و ناویان لە خۆیان نا (بێلایەن) شانبەشانی (چەپ و ڕاست)، کۆنگرەی دامەزراندنی لە دەستپێکی ساڵی (١٩٧٢) لە گوندی داودیە لە ناوچەی بامەڕنێ لە باشووری کوردستان بەست، لەو کۆنگرەدا بڕیار درا ناوی حزب بکرێت بە (پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا / ئەلپارتی)، بە تێپەربوونی کات ئەم پارتە دابەش بووە بە سەر چەندین کۆمەڵە و باڵ و پارتی

(١) عەلی شەمدین، بزاوتی کوردی لە سوریا و دیاردەی ئینشیقاق (١٩١٦ – ٢٠١٦)، سەرچاوەی پێشوو، لا٩٧ – ١٥١ .

دیكـه وه‌ك لـه شـێوه‌ی (٢) ڕوونكراوه‌تـه‌وه و لـه سـاڵی (٢٠١٤) نـاوی پارته‌كـه گـۆڕاوه بـۆ (پارتـی دیموكراتـی كوردسـتان - سـوریا).[١]

٤. **پارتـی دیموكراتـی پێشـكه‌وتوخوازی كـوردی لـه سـوریا:** ئـه‌م پارتـه‌ش درێژكـراوه‌ی باڵـی (ڕاسـت) ڕه‌وه‌، كـه (عه‌بدولحه‌میـد ده‌روێـش) دامه‌زرێنه‌ریه‌تـی، لـه پـاش ئینشـیقاقی (١٩٦٥/٨/٥) نێـو (پارتـی دیموكراتـی كـورد لـه سـوریا)، ئـه‌م باڵـه تـا سـاڵی (١٩٧٧) هـه‌ر بـه‌م نـاوه ڕه‌سـه‌نه خـۆی ده‌ناسـاند، لـه كۆنگـره‌ی چـواره‌م سـاڵی (١٩٧٧) وشـه‌ی پێشـكه‌وتووخوازی بـۆ خـۆی زیـاد كـرد بـوو بـه (پارتـی دیموكراتـی پێشـكه‌وتووخوازی كـوردی لـه سـوریا) تـا ئه‌مـڕۆش هـه‌ر بـه‌و نـاوه ماوه‌تـه‌وه‌.[٢] جێـگای ئاماژه‌یـه ئـه‌م پارتـه‌ش تووشـی چه‌ندیـن ئینشـقاق و جیابوونـه‌وه بـووه‌، وه‌ك لـه شـێوه‌ی (٢) خراوه‌تـه‌ڕوو.

(١) هه‌مان سه‌رچاوه‌، ل١٥١ .

(٢) هه‌مان سه‌رچاوه‌، ل٢١٢ .

**پارتی دیموکراتی کوردی لە سوریا/ ئەلپارتی ١٩٧٢**

- **پارتی پەیڕەوی کورد لە سوریا ١٩٦٥/٧/٥**
  - پارتی چەپی کوردی لە سوریا/ عیسمەت سەیدا - یوسف دیبۆ (١٩٧٥)
  - پارتی(شغیلة) کوردی کۆنگرە عەبدول باست سەیدا ١٩٨٢
  - پارتی یەکیتی گەلی کوردی لە سوریا فواد عەلیکۆ١٩٨٩
  - پارتی سۆسیالیستی کوردی لە سوریا ساڵح گدۆ ١٩٧٧
  - پارتی چەپی کورد لە سوریا سدیق شرنخی ١٩٨٩
  - پارتی یەکێتی کورد لە سوریا / ئیبراهیم برۆ / ٢٠٠٠
  - ڕەوتی داهاتووی کورد لە سوریا مشعل تەمۆ / ٢٠٠٥
  - پارتی ئازادی کوردی لە سوریا خەیرەدین مراد / مستەفا ئۆسۆ ٢٠٠٥
  - یەکێتی گەلی کورد لە سوریا حەسەن عاکولە / ٢٠٠٥
  - یەکێتی کوردستانی / عومەر داود ٢٠١٤
- **پارتی دیموکراتی کوردی لە سوریا/ ئەلپارتی ١٩٧٢**
  - پارتی دیموکراتی کوردی سوری باقی محمود /جمال باقی /١٩٧٥
  - پارتی کاری دیموکراتی کورد لە سوریا محیەدین شێخ ئالی /١٩٨٢
  - پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا/ ئەلپارتی ئیسماعیل عومەر /١٩٨٩
  - پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا/ ئەلپارتی نەسرەدین عومەر ١٩٩٨
  - ئەلپارتی دیموکراتی کورد لە سوریا عبدالرحمن ئالوجی /٢٠٠٣
  - پارتی یەکگرتوی دیموکراتی کوردی لە سوریا / ئیسماعیل عومەر ١٩٩١
  - یەکبونی دیموکراتی کوردی لە سوریا / یەکێتی /ئیسماعیل عومەر/١٩٩٣
  - ئەلپارتی دیموکراتی کوردستانی لە سوریا عبدالکریم سکۆ/ ٢٠١٢
  - یەکبونی دیموکراتی کوردی لە سوریا / یەکێتی / کامیران حاج عبدۆ/٢٠١٥
  - پارتی دیموکراتی کوردی لە سوریا - ئەلپارتی / خالید سینۆ /٢٠١٥
- **پارتی دیموکراتی پێشکەوتوخوازیکوردی لە سوریا/ ١٩٧٧**
  - پارتی یەکسانی کوردی لە سوریا عەزیز داود / ١٩٩٢
  - پارتی نیشتمانی دیموکراتی کوردی لە سوریا تاهیر سفۆک / ١٩٩٨
  - بزاڤی چاکسازی سوریا / فەیسەڵ یوسف ئەمجەد عوسمان / ٢٠١٠
  - بزاڤی چاکسازی کورد - سوریا فەیسەڵ یوسف / ٢٠١٤

**شـێوەی (٢) جودابوونــەوەکان (ئینشــقاق) ی نێــو (پارتــی دیموکراتــی کــوردی لــە ســوریا) ١٩٥٧ - ٢٠١٥**

**ســەرچاوە:** کاری توێــژەر بــە پشــت بەســتن بــە: عەلــی شــەمدین، بزاوتــی کــوردی لــە ســوریا و دیــاردەی ئینشــیقاق (١٩١٦ - ٢٠١٦)، وەرگێــڕان: شــاناز ڕەمــزی هیرانــی، چاپــی یەکــەم، چاپخانــەی حەمــدی، سلێمانی، (٢٠١٨)، لا٤٥٣.

٥. **پارتی یەکێتی دیموکراتی (PYD):** ئەم پارتە لە (٢٠٠٣/٩/٢٠) دامەزراوە، درێژکـراوە و دەسـتە خوشـکی پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان (PKK)* یە، بـەو مانایـەی لقـی ڕۆژئاوای کوردسـتان (سـوریا)ی پەکەکەیـە، پێکهێنانی (PYD) دوابەدوای تێڕوانینێکی نوێی (عەبدوڵا ئۆجەلان) ڕێبەری پەکەکە هاتـە کایـە، پـاش دەسـتگیرکردنی لـە سـاڵی (١٩٩٩)، سـەپاندنی بڕیـاری

(١)* پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) : پارتێکی سیاسی کوردیە، لە لایەن عەبدوڵا ئۆجەلان و ژمارەیەک لە هاوڕێکانی لە ئاداری ١٩٧٩ بە شێوەیەکی فەرمی دامەزرا، ئایدۆلۆژیاکەی چەپڕەوە و ئامانجی ڕزگارکردنی کوردستانە لە بندەستی تورکیا، لە ساڵی ١٩٨٤ دەستی بە خەباتی چەکداری کردووە، توانی سوپایەک دروست بکات ژمارەی چەکدارانی دەگەشتە (١٠) هەزار کەس لە ساڵی (١٩٩٤) دا، پارتی کرێکارانی کورستان لە سنورەکانی عێراق و تورکیا و چەندین ناوچە و زنجیرە چیایی لە بەردەستدایە، چالاکی خۆی لێ ئەنجام دەدات، ئەم پارتە هێزی خۆی لە گەلی کورد و هەندیک وولاتی دژ بە تورکیا وەردەگرێت وەک یۆنان و ئەرمینیا لە گەڵ هەندیک پارت و حکومەتی چەپ لە کیشوەری ئەوروپا، حکومەتی تورکیا بۆ ڕوو بە ڕووبوونەوەی ئەم پارتە چەندین ڕێو و شوێنی گرتووەتە بەر، ساڵانە (٨) ملیار دۆلار بۆ ڕوو بە ڕووبونەوەی چەکدارانی ئەم پارتە تەرخان دەکان، ژمارەی کوژراوانی نێوان ئەم دوو لایەنە بە (٣٧) هەزار کەس مەزەندە دەکرێت لە نێوان ساڵانی (١٩٨٤ - ١٩٩٤ ) دا، ڕێبەری ئەم پارتە لە ساڵی (١٩٩٩) پاش دەستگیرکردنی لە کینیا و فراندنی بۆ تورکیا تا ئێستا لە زینداندایە .
سەرچاوە : حنا عزو بهنان، قضية حزب العمال الكردستانى و إنعكسات على العلاقات العراقية - التركية ١٩٨٤ - ٢٠٠٧ ، مركز الدراسات الأقليمية - جامعة الموصل ، المجلد٢ ، العدد١٢ ، (٢٠٠٨) ، الموصل .

زیندانـی هەتـا هەتایی بە سـەریدا، بەمەش ئۆجـەلان گوازرایەوە زیندانی تاکـە کەسـی (ئیمرالی) لـە دورگەی مەڕمـەڕە، ئۆجەلان لـە زینداندا خۆی بە ڕەخنەگرتن لە وانە تیۆری و پراکتیکیەکانی مارکسـیزمەوە سـەرقاڵ کرد و بـە وردی و قوڵـی تیۆرەکانـی فەیلەسـوفان و ئازادیخوازانـی خوێندەوە، لـە مێـژووی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت و کۆمەڵگـە سـەرەتاییەکانی چاخـی بـەردی و سـۆمەری کـۆن و دیموکراسـی ئەسـینا و ئاتیـک و دامـەزراوە کۆمەڵایەتییـە خێڵەکیەکانـی مێـژووی هاوچەرخی کۆڵییـەوە، لە ئەنجامی خوێندنـەوەی توێژینەوەکانـی مۆدێلـی (کۆنفیدراڵیزمـی دیموکراتیک)* و خۆبەڕێوەبـەری دیموکراتـی داڕشـت، لـە سـەر بنەمـای تێڕوانینـی نوێـی (عەبـدوڵا ئۆجـەلان)، پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان (PKK) ئاگربەسـتی درێژخایەنی ڕاگەیاند، سـەرکردایەتی پارتەکە لە قەندیل لە سـەر فەرمانی (ئۆجـەلان) سـاڵی (٢٠٠٢) هەڵوەشـانەوەی خـۆی ڕاگەیانـد.[٢] نـاوی

(١) * کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک : پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوان گەل – نەتەوە بە بێ دەستێوەردانی دەوڵەت ، واتا دورخستنەوەی دەوڵەت لە سیستەمی کۆنفیدراڵیزم و بەرگری لە کۆمەڵگەی مەدەنی، ئۆجەلان بە سود وەرگرتن لە نەریتی کۆمۆنەی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان گەڕایەوە بۆ تیۆری (کۆمەڵگەی سروشتی) کە مێژوویەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (١٠) هەزار ساڵ پێش ئێستا، ئەم کۆمەڵگانە یەکسان خوازبوون کلتوری دایک سالاری و خەسڵەتی بەرابەری ڕەگەزی شوناسی هاوبەشیان بووە لە چاخی کۆمەڵگەی سەرەتایی، کە تیایدا هیچ جۆرە نیشانەیەکی سیستەمی دەوڵەتی خۆسەپێنی پێوە دیار نیە، ئایدیایی کۆمەڵگەی سروشتی بە تەواوەتی لە گەڵ چەمکی کۆمۆنی سەرەتایی وێک دەچن .
سـەرچاوە : مایـکڵ نـاس، ئانیـا فـلاخ، ئەرجـان ئایبۆخـا، شۆرشـی ڕۆژئـاوا، سـەرچاوەی پێشـوو، لا١٢٥ .

(2)Linda bongers,behind the smoke screen the rise of kurdish rojava from the Syrian ruins,masters thises for the master Islamic studies ,faculty of philosophy ,theology and religious studies at radboud university Nijmegen,

خـۆی گـۆری بـۆ کۆنگـرەی ئـازادی و دیموکراتـی کوردسـتان (KADEK)، و دواتـر نـاوی خـۆی گـۆڕی بـۆ (کۆمـا جڤاکـێ کوردسـتان KCK)، ئـەم ڕێکخـراوە پابەنـدی خـۆی ڕاگەیانـد بـە جێبەجێکردنـی ئایدۆلۆژیایـی عەبـدوڵا ئۆجـەلان بـۆ کۆنفیدراڵیزمـی دیموکراتی، ئەم ڕێکخـراوە هەموو ئـەو پـارت و گروپانـەی لـە ژێـر سـێبەری خۆیـدا کۆکـردەوە کـە لـە پـاش هەڵوەشـانەوەی (PKK) دروستکران لەوانە، پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردسـتان (PCDK)، وەک لقی پارتی کرێکارانی کوردسـتان لە باشـووری کوردسـتان(عێراق) کـە سـاڵی (٢٠٠٢) دروسـت بـوو، هەروەهـا (پارتـی یەکێتـی دیموکراتـی PYD) وەک لقـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان (سـوریا) کـە سـاڵی (٢٠٠٣) دروسـت بوو، پارتی ژیانی ئازادی کوردسـتان PJAK) وەک لقی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان(ئێران)یی.[١]

پارتـی یەکیتـی دیموکراتـی (PYD) سـەرەتای دامەزراندنـی نەیتوانیـوە گەشـەو بـەرەو پێشـچوونی پێویسـت بەخۆیـەوە ببینێـت، بـەڵام پـاش سـەرهەڵدانی جەماوەری سـوریا توانـی کۆنترۆڵی گۆڕەپانی سیاسـی ڕۆژئاوای کوردسـتان بکات، خاوەنی هێزێکی سـەربازی کاریگەرە بە ناوی (یەکینەکانی پاراسـتنی گـەل YPG).[٢]

(2017),p.28.

(١) مهند الكاطع، أكراد سورية ( التأريخ ، الديموغرافية ، السياسة )، المصدر السابق، ص٣١٩.

(٢) عەلـی شـەمدین، بزاوتـی کـوردی لـە سـوریا و دیـاردەی ئینشـیقاق (١٩١٦ - ٢٠١٦)، سـەرچاوەی پێشـوو، لا١٨١ .

## تەوەری دووەم

## سەرهەڵدانی جەماوەری سوریا و کوردانی ڕۆژئاوا (٢٠١١)

لە کۆتایی ساڵی (٢٠١٠) و سەرەتایی ساڵی (٢٠١١)، سەرهەڵدانی جەماوەری بەرەو ڕووی وڵاتانی میسر و تونس و لیبیا بوویەوە، کە بە هۆیەوە سەرۆکی تونس (زین العابدین) لە (٢٠١١/١/٢٤) هەڵهات و ڕووی لە سعودیە کرد، سەرۆکی میسر (حوسنی موبارەک) لە (٢٠١١/٢/١١) دەستی لە کارکێشایەوە، سەرکردەی لیبی (موعەمەر ئەلقەزافی) لە (٢٠١١/٩/١٦) بە دەستی چەکدارە دژبەرەکانی کوژرا.[١] ئەم گۆڕانکاریانە بووە سەرمەشق بۆ گەلانی وڵاتانی دراوسێ و ئیسلامی ناوچەکە، دەرگای بۆ گۆڕانکاری سەرتاسەری لە ناوچەکە کردەوە، ئەم ڕووداوانە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا ناوی (بەهاری عەرەبی) لێنراوە.[٢]

پاش شازدە ڕۆژ لە دەست لە کارکێشانەوە (حوسنی موبارەک) سەرۆکی میسر، لە (٢٠١١/٢/٢٧) کۆمەڵێک قوتابی لە سەر دیواری قوتابخانەکەیان لە پارێزگای درعا نوسیبوویان (جاءک الدور یا دکتور)، وەک ئاماژەیەک بۆ سەرۆک کۆماری سوریا (بەشار ئەسەد)، بەرامبەر بەمە دەزگاکانی ئاسایشی سوریا هەستان بە گرتنی (١٨) قوتابی و بەندکردنیان، لێرەوە مانگرتن و چالاکی سیاسی و مەدەنی لە ناوەڕاستی دیمەشقی پایتەخت دەستی پێکرد، هێزەکانی ڕژێمی سوریا بە هێزی چەک و گولە هەوڵی

(١) حسين عمر، (الكرد في الأزمة السورية / فرصة تاريخية و أداء مخيب)، الطبعة الأولى ، مركز دراسات رووداو، أربيل، إقليم كوردستان العراق، (٢٠٢٢) ، ص٢٧.
(٢) مایکڵ ناس و ئەوانی تر، شۆرشی ڕۆژئاوا، سەرچاوەی پێشوو، لا١٤١ .

دامرکاندنەوەی ناڕەزایەتیەکانیان دەدا، تا دەهات بڵێسەی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکان بەرفراوان دەبوو، ئەمەش وایکرد ناڕەزایەتی و مانگرتن زۆربەی شار و شارۆچکەکانی سوریای گرتەوە، بەجۆرێک بوو لە مێژووی گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن حیزبی بەعسەوە، سوریا جوڵانەوە و ناڕەزایەتی سەرتاسەری وای بەخۆیەوە نەدیبوو.[1]

سەبارەت بە جوڵانەوە و ناڕەزایەتیەکان لە ناوچە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، هاوکات بوو لەگەڵ خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانی ناوچەکانی تری سوریا، چەند دەستەیەک لە لاوان و گەنجان لە دەرەوەی چوارچێوەی پارتە سیاسیەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بوون، چەند لیژنەیەکیان پێکهێنا لە ژێر ناوی (لیژنەکانی هەماهەنگی گەنجان - لجان التنسيقات الشبابية)، کە هەموو هەفتەیەک لە ڕۆژی هەینی خۆپیشاندانیان ئەنجام دەدا، چەندین کۆمەڵی تری گەنجان وەک (جوانێن سەرهەڵدانێ - شباب الأنتفاضة، البناء، أفاهى)، بە شێوەیەکی کارا و کاریگەر بەشداری خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانیان دەکرد.[2] ئەم لیژنە و کۆمەڵانە دروشمی ڕوخاندنی ڕژێمیان هەڵگرتبوو، سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو، یان سەنتەرێکی بڕیاردانیان نەبوو، بۆیە ڕژێمی سوریا هەوڵی دەدا لە بەرامبەر پێدانی هەندێک مافی کلتوری و ڕۆشنبیری و ئیداری خۆجێیی بە کورد، ئەم گروپانە دروشمیان لە ڕوخاندنی ڕژێم بگۆڕن بۆ

(١) حسين عمر، (الكرد في الأزمة السورية / فرصة تاريخية و أداء مخيب)، المصدر السابق. ص٢٩ .

(٢) مهند الكاطع، أكراد سورية ( التأريخ، الديموغرافية، السياسة )، المصدر السابق، ص٣٢٦.

دروشــمی دیکــە لــە پرســی ڕوخاندنــی ڕژێــم بێلایەنیــان بــکات.[1]

ســەبارەت بــە هەڵوێســتی پارتــە سیاســییەکانی هەرێمــی ڕۆژئــاوا کــە پێشــتر ئاماژەمــان بــە ناوەکانیــان کــرد، لــە ســەرەتایی ســەرهەڵدانەکان بــە ڕوون و ئاشــکرا پاڵپشــتی خۆپیشــاندانەکانیان نەدەکــرد، ڕاڕایــی و خاوییــان پێــوە دەبیــنرا، بــە تایبــەت لــە شــەش مانگــی یەکــەم هیــچ بڕیارێــک نــەدرا بــۆ بەشــداریکردن لــە خۆپیشــاندان و ناڕەزایەتیــەکان دژ بــە ڕژێمــی ســوریا، ئەمــەش لــە ترســی بەرپەرچدانــەوەی ڕژێمــی ســوریا نــەوەک کارەســات و قوربانــی زۆری لێبکەوێتــەوە و هیــچ گرنتیــەک نەبــوو بــۆ پاراســتنی دانیشــتوانی ناوچــە کوردییــەکان لــە ئەگــەری تێکچوونــی بارودۆخــی ناوچەکــە، هەرچەنــدە پارتــە سیاســییەکان لەگــەڵ ئــەوەی بەشــداری ڕاســتەوخۆی ناڕەزایەتیەکانیــان نەکــرد، بــەڵام ڕۆڵــی سیاســیان بەرچــاو بــوو، بۆیــە ڕژێمــی ســوریا هەوڵــی دەدا چەنــد کەناڵێکــی پەیوەندی لەگــەڵ بزووتنــەوەی کــوردی لــە هەرێمــی ڕۆژئــاوا دروســت بــکات، بــۆ ئــەوەی بانگێشــتیان بــکات بــۆ چاوپێکەوتــن لەگــەڵ ســەرۆک کۆمــاری ســوریا (بەشــار ئەســەد)، ســەرەتا لــە ڕێگــەی فەرمانــدە باڵاکانــی ســوپایی ســوریا بانگێشــتنامەی بــۆ ســەرۆکی پارتــە سیاســیەکان و ســەرۆک هــۆزە کوردیــەکان نــارد بــۆ چاوپێکەوتــن، دواتــر لــە ڕێگــەی پارێــزگاری حەســەکە لــە (٢٠١١/٤/٧) بانگێشــتنامەی بــۆ ســەرکردەی پارتــە سیاســیەکان نــارد بــۆ چاوپێکەوتــن لــە دیمەشــق، لەگــەڵ ئــەوەی ســەرۆکی ســوریا فڕۆکەیەکــی تایبەتــی نــارد بــۆ قامیشــلۆ، بــەڵام ســەرکردەکانی پارتــە کوردییــەکان کۆدەنــگ نەبــوون لــە چــوون بــۆ چاوپێکەوتنــی ســەرۆکی ســوریا، بۆیــە بــە

(١) سەرتیپ جەوهەر، دیداری شام، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، (٢٠٢٠)، لا١٣٤.

کـۆی دەنــگ چاوپێکەوتنەکەیـان ڕەتکـردەوە.[١]

هـەر لەم سـەروبەندەدا هێـزە سیاسـییەکانی هەرێمی ڕۆژئـاوا هەوڵیاندا ئەنجومەنێـک وەک چەترێکـی سیاسـی بـۆ هێـز و لایەنـە سیاسـییەکان ئـاوا بکرێـت کـە هەمـوو پارتەکانـی هەرێمـی ڕۆژئـاوا لـە خـۆ بگرێت بـۆ ئەوەی خواسـت و داواکانـی کوردانـی ڕۆژئـاوا لـە ڕێگـەی ئـەم ئەنجومەنـەوە کاری لـە سـەر بکرێـت، پارتەکانـی بزوتنـەوەی نیشـتمانی کـوردی هەوڵیانـدا چوارچێوەیەکـی هاوبـەش پێکبهێنـن بـۆ ئـەوەی یەکڕیـزی سیاسـی دروسـت بکـەن، پێشـنیاری کۆنگـرەی نیشـتمانی کـوردی کـرا کـە هەمـوو پارتـە سیاسـییەکان لـە خۆبگرێـت وەک مەرجەعێکـی سیاسـی بـاڵا.[٢]

بــەڵام هێــزە سیاسـییەکانی هەرێمــی ڕۆژئــاوا لــە دروســتکردنی یــەک بــەرەی سیاســی ســەرکەوتوو نەبــوون کــە هەمــوو هێــزە سیاســییەکان لــە خۆبگرێــت، بەڵکـو دابەشـی چەنـد بەرەیەکـی سیاسـی بـوون لێـرەدا ئاماژەیــان پێدەدەیــن:-

**١. ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی لە سوریا (ENKS):**

چوارچێوەیەکـی سیاسـی کوردیـە لـە (٢٠١١/١٠/٢٦) لـە ژێـر چاودێـری (مەسـعود بارزانـی) سـەرۆکی ئەوکاتـەی هەرێمـی کوردسـتان لـە هەولێـر کۆنگـرەی دامەزراندنـی بەسـترا، بـە بەشـداری (١٠) لایەنـی سیاسـی و ئامادەبوونـی (٢٥٤) نوێنـەر، کـە (١٠٠) ئەندامیـان وەک نوێنـەری پارتـە

(١) حسـين عمـر، (الكـرد في الأزمـة السـورية / فرصـة تاريخيـة و أداء مخيـب)، المصدر السـابق، ص٣٥ .
(٢) سەرتیپ جەوهەر، سەرچاوەی پێشوو، دیداری شام، لا١٣٣ .

سیاسـیەکان بەشـدار بـوون، لەگـەڵ (١٥٤) ئەنـدام وەک نوێنـەری لیژنەکانـی هەماهەنگـی لاوان و ئافرەتـان لەگـەڵ کەسـایەتیە کوردییـە سـەربەخۆکان، تیایـدا (ئەنجومەنـی نیشـتمانی کـوردی لـە سـوریا) ڕاگەیەنـدرا، جێگایـی ئاماژەیـە لـەم کۆنگـرەدا زۆربـەی پارتـە سیاسـییەکانی بزوتنـەوەی نیشـتمانی کـوردی بەشـداربوون جگـە لـە (پارتـی یەکێتـی دیموکراتـی PYD) و ڕەوتـی داهاتـووی کـورد نەبێت، جێـگای ئاماژەیە ئـەم ئەنجومەنـە خاوەنی هێزێکی سـەربازییە بـە نـاوی (پێشـمەرگەی ڕۆژ) کـە لـە باشـووری کوردسـتانە.[١]

**٢. ئەنجومەنی گەلی ڕۆژئاوایی کوردستان (مجلس الشعب لغرب كردستان):**

دروسـتکردنی ئـەم ئەنجومەنـە هاوتەریـب وەک کاردانەوەیـەک بـوو لـە بەرامبـەر دروسـتکردنی (ENKS)، لـە لایـەن پارتـی یەکێتـی دیموکراتـی (PYD) و تەڤگـەری کۆمەڵگـەی دیموکراتـی (TEV-DEM)، لەگـەڵ پێنـج پارتـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان کـە هاوبیـری (PYD) بـوون، پارتـی یەکیتـی دیموکراتـی هەسـتا بـە ڕێکخسـتنی هەڵبـژاردن لـە نێـو گەلـی ڕۆژئـاوا، بـۆ دەستنیشـانکردنی نوێنـەر لـە هەمـوو ناوچـە کوردییـەکان و کوردانـی تاراوگـە، بـۆ ئـەوەی بەشـدار بـن لـە کۆبوونـەوەی (ئەنجومەنـی گەلـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان)، پـاش کەمـتر لـە دوو مانـگ لـە دامەزراندنـی (ENKS)، بـە دیاریکـراوی لـە (٢٠١١/١٢/١٦) بـە ئامادەبوونـی (٣٣٥) نوێنـەر لـە شـارۆچکەی (دێـرک)، لـە ژێـر دروشـمی (یەکێتـی گەلانـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان گەرەنتـی ئـازادی و دیموکراتییـە)، ئەنجومەنـی گەلـی ڕۆژئـاوای کوردسـتانی ڕاگەیانـد، کۆنگرەکـە پەیماننامـەی تەڤگـەری

(١) حسـين عمـر، (الكـرد في الأزمـة السـورية / فرصـة تاريخيـة و أداء مخيـب)، المصـدر السـابق، ص٤٧ .

کۆمەڵگـەی دیموکراتـی (TEV-DEM) و ئەنجومەنـی گەلـی ڕۆژئـاوای کوردسـتانی پەسـەند کـرد،و ئەنجومەنێکـی هەمیشـەیی کـە لـە (٦٣) ئەنـدام پێکهاتبـوو هەڵبـژارد، لەگـەڵ سـەرۆک و ئەندامانـی دیوانـی سـەرۆکایەتی و لیژنـەی جێبەجێکـردن و ئەندامانـی دادگایـی بـاڵای گـەل لەگـەڵ لیژنـەی باڵایـی هەڵبـژاردن.[١]

**٣. هەڤبەندی:**

هاوپەیمانـی نیشـتمانی کـوردی چوارچێوەیەکـی سیاسـی دیکەیـە کـە لـە (٢٠١٦/٢/١٢) لـە قامیشـلۆ ڕاگەیەنـدرا، وەک پرۆژەیەکـی سیاسـی لـە نێـوان هـەردوو بـەرەی هەولێـر و قەندیـل، وەک بەرەیەکـی ناوخـۆی لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان خۆیـان ڕاگەیانـدووە، ئـەم بەرەیـە کەمـتر جێـی باسـی میدیـا و ململانێـی سیاسـیەکانی ڕۆژئـاوای کوردسـتان بـووە.[٢]

(١) بڕوانە :-
- مایکڵ ناس و ئەوانی تر ، شۆرشی ڕۆژئاوا ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٤٧ .
- حسـین عمـر ، (الكـرد في الأزمـة السـورية / فرصـة تاريخيـة و أداء مخيـب) ، المصـدر السـابق، ص٥٠ .
- سەرتیپ جەوهەر، دیداری شام ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٨ .
(٢) هەمان سەرچاوە ، ل١٣٩.

## تەوەری سێیەم

## ڕێڤەبەری خۆسەر (الإدارة الذاتية) قۆناغەکانی دروستبوونی

چەمکی ڕێڤەبەری خۆسەر کە بۆ یەکەم جار ئەنجومەنی گەلی ڕۆژئاوای کوردستان پێشنیاری کرد لە مانگی کانوونی یەکەمی (٢٠١١) پەسەندی کرد، چەندین گۆڕانکاری بە سەر ناونیشانەکەیدا هاتووە، بە هۆی گۆڕانی بارودۆخ لە مەیدان یان بە هۆی گۆڕانی سیاسی، لێرەدا توێژەر بە کورتی ئاماژە بە گرنگترین ئەو گۆڕانکاریانە دەکات کە بە شێوەیەکی پلەبەندی بە سەر ئەم چەمکەدا هاتووە:-

### ١. ڕێڤەبەری خۆسەری دیموکراتی:

ئەم چەمکە لە (٢٠١١/١٢/١٦) لە لایەن ئەنجومەنی گەلی ڕۆژئاوای کوردستان لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەکە پەسەندکرا کە تیایدا هاتبوو ( پاڵپشت بە چارەسەری دیموکراتی لە سەر بنەمای بنیاتنان، پشتبەست بە نیشتمانێکی هاوبەش و نەتەوەیەکی دیموکرات کە گرەنتی دەستوری هەبێت، لە سەر مۆدێلی ڕێڤەبەری خۆسەری دیموکراتی کە لە جەوهەردا مانای خۆبەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیە دور لە هەژموونی دامەزراوەی دەوڵەت و کاریگەرییەکانی، بە گوێرەی بنەماکانی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەی)، لێرە بە دواوە پایەکانی دروستکردنی قۆناغی یەکەمی ڕێڤەبەری خۆسەر ڕاگەیەندرا.[1]

(١) حسين عمر، (الكرد في الأزمة السورية / فرصة تاريخية و أداء مخيب)، سەرچاوەی پێشوو، ص١٤٧ .

## ٢. ڕێڤەبـــەری گواســـتنەوەی شارســـتانی ناوچەکانـــی ڕۆژئـــاوای کوردستان-ســـوریا:

لـە (٢٠١٣/٨/١٣) پارتـی یەکێتـی دیموکـرات لـە قامشـلۆ لـە ڕێگـەی (ئاسـیا عەبـدوڵا) هاوسـەرۆکی (PYD)، کۆتایـی هاتنـی قۆناغـی یەکەمـی ڕێڤەبـەری خۆسـەر و دەسـتپێکی قۆناغـی دووەمـی ڕاگەیانـد، بـە دامەزراندنـی دەسـتەی یاسـادانان کـە ڕاسـپێردراو بـوو بـە دامەزراندنـی دەسـتەی ڕێڤەبـەری گواسـتنەوە لـە ناوچەکـە، لـە (٢٠١٣/١١/١٢) هـاوکات لەگـەڵ ڕاگەیاندنـی ئۆپۆزسـیۆنی سـوریا بـە دامەزراندنـی حکومەتـی گواسـتنەوە (الحکومـة الإنتقالیـة)، پارتـی یەکیتـی دیموکراتـی (PYD) ڕێڤەبـەری گواسـتنەوەی شارسـتانی ڕۆژئاوایـی کورسـتانی ڕاگەیانـد و یەکـەم دامـەزراوەی سـەر بـە ڕێڤەبـەری خۆسـەری ڕاگەیانـد، ئەویـش ئەنجومەنـی گشـتی دامەزراندنـی ڕێڤەبـەری قۆناغـی هاوبـەش (المجلـس العام التأسـیسي لـلإدارة المرحلیـة المشـترکة) کـە پێکهاتبـوو لە (٦١) ئەنـدام وەکو دەسـتەیەک چاودێـری سـەرکەوتنی پڕۆژەیـی ڕێڤەبـەری خۆسـەری دەکـرد.[١]

ئـــەم ئەنجومەنـــە ناوچەکانـــی باکـــوور و ڕۆژهەڵاتـــی ســـوریای دابەشـــکرد بـــۆ ســـێ کانتـــۆن؛ ئەوانیـــش کانتۆنـــی (جەزیـــرە، کۆبانـــی، عەفریـــن)، هەریـــەک لـــەم کانتۆنانـــە ڕێڤەبـــەری خۆســـەری تایبـــەت بـــە خـــۆی هەبـــوو، ناونیشـــانی تایبـــەت بـــە خۆیـــان هەبـــوو وەک (ڕێڤەبـــەری خۆســـەری دیموکراتـــی جەزیـــرە، ڕێڤەبـــەری خۆســـەری دیموکراتـــی کۆبانـــی، ڕێڤەبـــەری خۆســـەری دیموکراتـــی عەفریـــن).[٢]

(١) مهند الكاطع، أكراد سورية ( التأريخ، الديموغرافية، السياسة )، المصدر السابق، ص٤٥٧.
(٢) حسين عمر، (الكرد في الأزمة السورية / فرصة تاريخية و أداء مخيب)، المصدر

**٣. ڕێڤەبەری خۆسەری فیدراڵی:**

لـە مانگـی ئابتـی (٢٠١٥) تەڤگـەری کۆمەڵگـەی دیموکراتـی (TEV-DEM) بانگەوازێکـی ڕاگەیانـد تیایـدا داوای بەسـتنی کۆنگرەیەکـی کـرد، کـە هەمـوو لایەنـە سـوریەکان تێـدا بەشـداربن بـە ئامانجـی دروسـتکردنی هاوپەیمانییەتێکـی دیموکراتـی لـە تـەواوی سـوریا، پـاش چـوار مانـگ لـە گفتوگـۆ و ئامـادەکاری لـە ڕۆژانـی ٩ و ٢٠١٥/١٢/١٠، لـە شـاری دێـرک کۆنگرەکـە بەسـترا تیایـدا (١٠٦) ئەنـدام ئامـادە بـوون، کـە سـەر بـە پێکهاتـە نەتـەوەی و ئایینـی ولایـەن و پارتـە جیاوازەکانـی سـوریا بـوون، لەگـەڵ کەسایەتی سـەربەخۆی سـوریا، کۆنگرەکـە بەڵگەنامەیەکـی سیاسـی پەسـەند کـرد کـە دامەزرانـدی (ئەنجومەنـی سـوریایی دیموکراتـی – مجلـس سـوریا الديمقراطيـة، مسـد) یـی لـە خۆدەگـرت، بـە ئامانجـی وەرگرتنـی بەرپرسـیاریەتی ئـەو قۆناغـە مێژووییـە و دەربازکردنـی سـەرهەڵدان و جووڵانەوەکانـی سـوریا لـە ئـاژاوە و گێرەشـێوێنی، هەروەهـا وڵات بخرێتـە سـەر ڕێچکـەی دروسـت و ڕاگرتنـی لـە بـەر ڕۆشـتنی خوێـن، دۆزینـەوەی دەرەچەیـەک بـۆ دەربازبـوون لـەو تونێلـە تاریکـە کـە وڵاتـی تێکەوتـووە ڕژێمـی سـوریا بەرپرسـیاریەتی گـەورەی دەکەوێتـە ئەسـتۆ.[1]

ئەنجومەنەکـە لـە بەیاننامـەی کۆتایـدا ڕایگەیاندبـوو نوێنەرایەتـی سیاسـی (هێزەکانـی سـوریای دیموکـرات، هسـد – قـوات سـوريا الديمقراطيـة، قسـد) دەکات، کـە لـە کچـان و کوڕانـی سـەرجەم پێکهاتـەکان پێکهاتـووە، پـاش دامەزراندنـی (ئەنجومەنـی سـوریای

السابق، ص١٥٢ .

(١) المصدر نفسه، ١٥٣ .

دیموکــرات) ڕێکخــەری گشــتی کانتۆنەکانــی (جەزیــرە، کۆبانــی، عەفریــن) داوای کۆبونەوەیەکــی کــرد بــۆ گفتوگۆکــردن لــە ســەر سیســتەمی فیدراڵــی، کۆبونەوەکــە لــە (٢٠١٦/٣/١٦) لــە شــارۆچکەی ڕمێــلان گرێــدرا لــە ژێــر ناونیشــانی (ســوریای فیــدراڵ و دیموکــرات گرەنتــی ژیانــی هاوبــەش و برایەتــی گەلانــە)، لــەم کۆنگــرە سیســتەمی فیدراڵــی پەســەند کــرا بــۆ ڕۆژئــاوای کوردســتان و بڕیــاردرا لــە مــاوەی شــەش مانــگ بەڵگەنامــەی سیســتەمی فیدراڵــی جێبەجێبکرێــت، دەرئەنجــام لــە ٢٧ و ٢٠١٦/٦/٢٨ پەیمانێکــی کۆمەڵایەتــی پەســەندکرا بــۆ (فیدراڵیەتــی ڕۆژئاڤــا - باکــووری ســوریا).(١)

جێگای ئاماژەیە هیچ هێزێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی پێشوازی لە جاردانــی فیدراڵــی نەکــرد لــە ڕۆژئــاوای کوردســتان کــە لــە لایــەن پارتــی یەکێتــی دیموکراتــی (PYD) ڕاگەیەنــدرا، ڕژێمــی ســوریا و ئۆپۆزیســیونی ســوریا ئــەم پرۆژەیــان ڕەتکــردەوە، ئۆپۆزیســیون بەیاننامەیەکیــان بڵاوکــردەوە تیایــدا ئاماژەیــان بــەوە کــرد، دەستنیشــانکردنی شــێوەی دەســەڵات لــە ســوریا ناوەنــدی بێــت یــان فیدراڵــی لــە تایبەتمەنــدی لایەنێــک نییــە بــە تەنیــا یــان بەشــێک لــە گــەل یــان پارتێــک و بەرەیــەک، بەڵکــو لــە دوای ئــەوەی دانوســتانەکان دەگات بــە ئەنجــام و ڕێکەوتــن لــە ســەر دانانــی دەســتورێکی نــوێ بــۆ ســوریا ئــەوکات بڕیــار بدرێــت.(٢)

---

(١) هەمان سەرچاوە .

(٢) مهنــد الكاطــع، أكــراد ســورية ( التأريــخ ، الديموغرافيــة ، السياســة )، المصــدر الســابق، ص٤٦٩.

**٤. ڕێڤەبەری خۆسەری دیموکراتی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا:**

پاش ئەوەی لە ساڵی (٢٠١٧) هێزەکانی سوریایی دیموکرات لە ئۆپەراسیونێکی سەربازی فراوان توانی شاری ڕەقە لە بن دەستی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام/ داعش) ڕزگار بکات کە داعش ئەم شارەی وەک پایتەختی خەلافەتەکەی ناساند بوو، هێزەکانی سوریای دیموکرات لە بەردەوامی ئەم ئۆپەراسیونەدا بە هاوکاری هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا توانی چەند ناوچەیەک لە پارێزگایی (دیرالزور) ڕزگار بکات، ئەمە بووە هۆی فراوانبوونی پانتایی جوگرافیی ناوچە کۆنترۆڵکراوەکان، ئەم ناوچانە لە ڕووی کارگێڕیەوە پێویستیان بە ڕێکخستن و بەڕێوەبردن هەبوو، ئەنجومەنی سوریای دیموکرات لە (٢٠١٧/٧/١٦) کۆنگرەی سێیەمی خۆی لە شاری (الطبقة) لە پارێزگای (الرقة) بەست، بە مەبەستی بڕیاردان لە چۆنێەتی بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانە و دروستکردنی پەیکەرێکی کارگێڕی گونجاو کە بتوانێت خزمەتگوزاری بگەیەنێتە سەرجەم ناوچەکان، لەوانە ناوچە ئازادکراوەکان و ڕێڤەبەرییەکانی خۆسەری دیموکراتی ناوچەکانی باکوور و خۆرهەڵاتی سوریا.[١]

لە (٢٠١٨/٩/٦) لە شارۆچکەی (عین عیسا) بە ئامادەبوونی (٧٠) ئەندام لە سەرجەم ڕێڤەبەرییەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا لە کۆبونەوەیەکدا (ڕێڤەبەری خۆسەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا) ڕاگەیەندرا، پێکهاتەی ڕێڤەبەرییەکە لە سێ ئەنجومەن پێکهاتبوو، ئەوانیش (ئەنجومەنی جێبەجێکار، ئەنجومەنی دادوەری، ئەنجومەنی

(١) حسين عمر، (الكرد في الأزمة السورية / فرصة تاريخية و أداء مخيب) المصدر السابق، ص١٦٥ .

گشتی ڕێڤەبەری خۆسەر)، جێگای ئاماژەیە ئەنجومەنی جێبەجێکار لە نێو پەیکەری ڕێکخستنیدا (١٠) دەستە و (٧) نووسینگە و یەک بەڕێوەبەرایەتی لە خۆدەگرێت، دەستەکان بریتین لە دەستەی (ئابوری و کشتوکاڵ، تەندروستی و ژینگە، دارایی، پەروەردە و فێرکردن، ناوخۆ، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ژنان، ڕۆشنبیری، وەرزش و لاوان، ڕێڤەبەری ناوخۆ)، نووسینگەکانیش پێکدەهات لە نووسینگەی (بەرگری، ئایین و ئاینزاکان، ڕاوێژکاری، ڕاگەیاندن، نەوت و سامانەکانی ژێر زەوی، پلاندانان، گەشەپێدان، کاروباری مرۆڤایەتی)، تاکە بەڕێوەبەرایەتی ئەنجومەنی جێبەجێکار (بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکانی دەرەوە) یە.[١]

**جوگرافیای ڕێڤەبەری خۆسەر:**

نەخشەی ڕێڤەبەری خۆسەری دیموکراتی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا پێکدێت لە دوو ناوچەی جوگرافی، ئەوانیش هەرێمی ڕۆژئاوایی کوردستان لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی ناوچەکە، هەرێمی عەرەبی لە باشووری ناوچەکە.[٢] بە ڕوانین لە نەخشەی (١٣) بۆمان ڕووندەبێتەوە ناوچەکانی ڕێڤەبەری خۆسەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا ڕووبەری (٥٠٣٢٩ کم٢) یە، کە ڕێژەی (٢٧,١٪) کۆی ڕووبەری خاکی دەوڵەتی سوریا پێکدەهێنێت کە ڕووبەرەکەی بریتیە لە (١٨٥١٨٠کم٢)، بە جۆرێک هەرێمی عەرەبی

(١) حسين عمر، (الكرد في الأزمة السورية / فرصة تاريخية و أداء مخيب)، المصدر السابق، ص١٦٨ .

(٢) إبراهيم م.كابان، الأدارة الذاتية في شمال و شرق سوريا (روجأفا)، شبكة جيوستراتيجى للدراسات، (٢٠٢١)،ص٤


https//:www.geo-strategic.com/2021/02/blog-post.6_html

ڕووبەرەکەی بریتیە لە (٢٨٠٢٧کم²) کە دەکاتە ڕێژەی (٥٥,٦٪) کۆی ڕووبەری ناوچەکانی ڕێڤەبەری خۆسەر پێکدەهێنێت، و هەرێمی کوردی لە ڕۆژئاوایی کوردستان ڕووبەرەکی (٢٢٣٠٢کم²) کە دەکاتە ڕێژەی (٤٤,٣٪) کۆی ڕووبەری خاکی ناوچەکانی ڕێڤەبەری خۆسەر.

سەبارەت بە دابەشبوونی دەسەڵات لە هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان و دەوڵەتی سوریا، بە ڕوانین لە نەخشەی (١٣) بەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە دەگەین:

١. هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان کە ڕووبەرەکەر (٣٣١٥٠کم²) لە ڕووی دابەشبوونی دەسەڵات بە جۆرێکە کە ڕێژەی (٦٧,٣٪) ڕووبەرەکەی کە دەکاتە (٢٢٣٠٢کم²) ڕووبەری خاکی هەرێمی ڕۆژئاوا لە بن دەسەڵاتی ڕێڤەبەری خۆسەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریایە، هەروەها ڕێژەی (٢٦,٣٪) ڕووبەرەکەی، کە دەکاتە (٨٧١٨کم²) لە رووبەری خاکی هەرێمی ڕۆژئاوا لە بن دەسەڵاتی ئۆپۆزیسیونی سوری سەر بە تورکیایە، ئەوەی دەمێنێتەوە ڕێژەی (٦,٤٪) ڕووبەرەکەی، کە دەکاتە (٢١٢١کم²) لە رووبەری خاکی هەرێمی ڕۆژئاوا لە بن دەسەڵاتی ڕژێمی سوریایە.

٢. سەبارەت بە دابەشبوونی دەسەڵات لە دەوڵەتی سوریا بە جۆرێکە ڕێژەی (٦٢,٤٪) ڕووبەری خاکی سوریا کە دەکاتە (١١٥٥٥٢کم²) لەبن دەسەڵاتی ڕژێمی سوریایە و ڕێژەی (٢٧,١٪) ڕووبەری خاکی سوریا کە دەکاتە (٥٠١٢٩کم²) لەبن دەسەڵاتی ڕێڤەبەری خۆسەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریایە، ئەوەی دەمینێتەوە (١٠,٥٪) ڕووبەری خاکی سوریا کە دەکاتە (١٩٥٠٠کم²) لەبن دەسەڵاتی ئۆپۆزیسیونی سوریایە.




**نەخشەی (١٣) جوگرافیای ڕێڤەبەری خۆسەر و دابەشبوونی دەسەڵات لە هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان و کۆماری سوریا**

**سەرچاوە:** کاری توێژەر: بەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافیەکان (١٠,٧ Arc GIS-ArcMap)

## تەوەری چوارەم

## پەیوەندییەکانی هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان

مەبەست لە هەموو ئەو پەیوەندیانەیە کە لە ژینگەی ناوخۆ یان ژینگەی دەرەوەی یەکە سیاسییەکاندا هەیە کە خۆی لە بابەتی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتوریی، ئابوریی، زانستی، ئاسایشیی، سەربازیی،...... هتد) دەبینێتەوە و چەشنە ڕەفتارێکە یەکەی سیاسی بە پێی بنەما جوگرافییەکان و بەستنەوەی بە ڕووداوە جیۆپۆلەتیکیە ناوخۆیی و دەرەکییەکان دەنوێنێت کە چەندین کۆبەند و ئەنجامی لێدەکەوێتەوە.[(١)]

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی هەرێمی ڕۆژئاوایی کوردستان، پەیوەندییەکان لە چوارچێوەی ڕێڤەبەری خۆسەری دیموکراتی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا خۆی لە بەڕێوەبەرایەتییەک دەبینێتەوە کە بۆ پەیوەندییەکان تەرخانکراوە، ئەویش خۆی لە کردنەوەی چەند نوێنەرایەتییەک لە چەند دەوڵەتێک وەک کەناڵێکی پەیوەندی دروستکردن دەبینێتەوە تا ئەو ڕادەیەی بکرێت، ساڵی (٢٠١٦) ڕێڤەبەری خۆسەر یەکەم نوێنەرایەتی خۆیی لە مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیا کردەوە، هاوکات چەند نوێنەرایەتیەکی تریشی کردەوە و لە چەند پایتەختێکی تری وڵاتان وەک (پاریس پایتەختی فەرەنسا، ستۆکۆڵم پایتەختی سوید، بەرلین پایتەختی ئەڵمانیا، برۆکسل پایتەختی

(١) سعد حقي توفيق، مبادىء العلاقات الدولية ، الطبعة الثالثة، دار وائل للنشر، ديمشق، (٢٠٠٦)، ص١٢ .

بەلجیکا و یەکێتی ئەوروپا).[١] و نوێنەرایەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە شاری سلێمانی کردوەتەوە، کۆتا نوێنەرایەتیشی لە شاری جنێڤ پایتەختی سویسرا لە (٢٠٢١/٨/٩) کراوەتەوە، بە تێکڕا ژمارەی نوێنەرایەتییەکان دەبێتە (٧) نوێنەرایەتی، جێگای ئاماژەیە ڕێڤەبەری خۆسەر لە ڕووی دیبلۆماسی و سیاسەتی دەرەوە بە فەرمی هیچ دەوڵەتێک دانی پێدا نەناوە، بەڵام مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و دژی نەوەستاونەتەوە.[٢]

لێرەوە هەڵوێست و ئاستی پەیوەندییە ناوخۆی و دەرەکییەکانی ئەو هێز و لایەن و دەوڵەتانەی کاریگەریان لە سەر هەرێمی ڕۆژئاوا و ڕێڤەبەری خۆسەر هەیە دەخەینەڕوو:

## یەکەم: پەیوەندییە ناوخۆییەکان

١. **پەیوەندیی لایەنە نێوخۆییەکانی هەرێمی ڕۆژئاوا:** بزاڤی سیاسی کورد لە هەرێمی ڕۆژئاوایی کوردستان لە پاش سەرهەڵدانی قەیرانی سوریا ساڵی (٢٠١١)، وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد دوو لایەنی کورد زۆرترین ئامادەیی و ڕۆڵی جەماوەرییان هەبووە، ئەوانیش (پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD) کە دامەزرێنەری ئەنجومەنی گەلی ڕۆژئاوای کوردستان و (TEV-DEM)ـە، کە

(١) هەژار هەمزە سەلیم، ئایندەی کوردستانی سوریا لە نێوان ململانێی نێوخۆی و هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندیی، ژمارە(٣)، هەرێمی کوردستان، سلێمانی، ئەیلولی (٢٠٢٠)، لا ٢٠ – ٣١ .
(٢) حسين عمر، (الكرد في الأزمة السورية / فرصة تاريخية و أداء مخيب)، المصدر السابق، ص١٨٥ .

لـە ڕووی سیاسـەت و ئایدۆلۆژیـاوە نزیکـە لـە پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان (PKK)، لایەنـی دووەمیـش ئەنجومەنـی نیشـتمانی کوردییـە لـە سـوریا (ENKS) پێکهاتەیەکـە لـە پارتـە کوردییـە جەماوەرییەکانـی سـوریا لـە ڕووی ئایدۆلـۆژی و سیاسـیەوە نزیکـە لـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە عێـراق، لـە سـەرەتای گـرژی و ناڕەزایەتیەکانـی سـوریا هێـزە کوردییـەکان پەرتـەوازە و دابەشـبوون بەسـەر ئـەم دوو ئەنجومەنـەدا کرۆکـی ناکۆکیەکانیـش دەکرێـت لـە سـەر پێنـج بنەمـا لێـک بدرێتـەوە ئەوانیـش:-

١. هێزەکانـی ئەنجومەنـی نیشـتمانی کـوردی سـوریا (ENKS) لـە سـەرەتاوە دژی ڕژێمـی سـوریا بـوون لـە سـەر ئـەم هەڵوێسـتەش مانـەوە لـەو کاتـەی چوونـە نـاو ئەنجومەنـی نیشـتمانی سـوریا، پاشـان ئیتلافـی نیشـتمانی سـوریا، پاشـان دەسـتەی بـاڵای دانوسـتان، بـە پێچەوانـەوە (پارتـی یەکێتـی دیموکـراتPYD) پێـی وابـوو بەرژەوەنـدی بـاڵای کـورد لەوەدایـە کـوردی سـوریا لـە نێـوان ڕژێـم و هێـزە ڕکابـەرە ئۆپۆزسـیونەکان بمێنێتـەوە، لـە سـەر ئـەم بنەمایـەش چـووە نـاو ڕێکەوتنێکـی ناڕاگەیەنـدراو لەگـەڵ ڕژێمـی سـوریا و ئەزموونـی خـۆی پـەرە پێـدا لـە بەرهەڵسـتکاری هێـزە ئیسـلامیە توندڕەوەکان.

٢. (پارتی یەکێتی دیموکراتیPYD) پێی وایە پرۆژە سیاسی و سەربازییەکەی کـە خـۆی لـە کانتۆنـەکان و هێزەکانـی سـوریای دیموکـرات و دامـودەزگا ئەمنـی و ئابورییەکانـی تـردا دەبینێتـەوە، لـە قەیرانـی سـوریادا واقیعێکە سـەرکەوتنی بـە دەسـتهێناوە، بەڵام ئەنجومەنی نیشـتمانی کوردی سـوریا (ENKS) گومـان لـە سـەر ئـەو دەسـکەوتانە دروسـت دەکات پێـی وایـە

لـە لایـەن یـەک ڕەنگـی سیاسـی دروسـتکراون بـە بـێ ئـەوەی سـازان و شـەرعیەتی هەڵبژاردنیـان لـە بنکـە جەمـاوەری و کۆمەڵایەتییـەکان هەبێـت، لـە سـەر ئـەم بنەمایـەش داوای سـەرلەنوێ پێکهێنانـەوەی ئـەو دامەزراوانـە لـە سـەر بنەمـای نـوێ دەکات.

٣. (پارتـی یەکێتـی دیموکراتـیPYD) پێـی وایـە پـڕۆژە بنەڕەتییەکـەی ئـەو تۆڕێکـی بەرفراوانـی هەیە لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی بەرفراوانتریـن ڕووبـەر لـە سـوریا و سـەپاندنی مەرجی سیاسـی لە پێگەی هێـزی سـەربازییەوە، ئەمـە لـە کاتێکدایـە ئەنجومەنی نیشـتمانی کوردی سـوریا (ENKS) بـاس لـەوە دەکـەن ئـەو جـۆرە بیرکردنەوەیـە خەونـە نەتەوەییەکانـی کـورد لـە سـوریا لـە باردەبـات و جۆرەها شـەڕی ناوخۆی لابـەلا لـە ڕۆژهەڵاتـی فورات دروسـت دەکات، بـە تایبەت لە نێـوان کورد و عەرەبـدا، بـە ڕایـی ئەم ئەنجومەنە پرسـی کورد دەبێـت قەتیس بکرێت لـەو جوگرافیایـەی زۆرینـەی کـوردە بـێ ئـەوەی هەوڵـی کۆنترۆڵکردنـی جێگـەی تـر بدرێت.

٤. دوژمنایەتییەکـی ئایدۆلـۆژی و سیاسـی هەیـە لـە نێـوان (پارتـی یەکێتـی دیموکراتـیPYD) و تورکیـا، لـە کاتێکـدا ئەنجومەنـی نیشـتمانی کـوردی سـوریا (ENKS) خـۆی لـە بەریەکەوتـن لەگـەڵ تورکیـا دەپارێزێـت، بـەو پێیەیـی هێزێکـی هەرێمایەتـی بەهێـزە، هەرچەشـنە دژایەتـی و بەریەککەوتنێـت لـە گەڵـی خەونـە نەتەوەییـەکان لـە باردەبـات.

٥. (پارتـی یەکێتـی دیموکراتـیPYD) پێـی وایـە کوردانـی سـوریا دەبێـت وەک لایەنـی سـێیەم بەشـداری لـە دانوسـتانەکانی پەیوەسـت بـە سـوریا لـە نێـوان ڕژێـم و ئۆپۆزسـیون بکـەن، بـەڵام ئەنجومەنـی نیشـتمانی

کوردی سوریا (ENKS) پێی وایە ئەوە دەبێتە هۆی یەکگرتنی ئەو دوو لایەنە دژی خواستە نەتەوەییەکانی کورد، لە بری ئەمە پێگەی کورد لە ناو ئۆپۆزسیون بۆ دیاریکردنی سیماکانی سوریای ئایندە پشک و چانسی باشتریان بۆ دابین دەکات.(١)

بە مەبەستی لێکنزیکردنەوە گەیشتن بە ڕێککەوتن لە نێوان ئەم دوو لایەنە چەندین دەستپێشخەری و کۆنگرە و کۆبونەوە و ڕێکەوتن ئەنجامدراو لێرەدا ئاماژە بە بەشێک لەو هەوڵ و دەستپێشخەری و کۆنگرە و ڕێکەوتنانە دەدەین:-

**١. ڕێککەوتننامەی هەولێر یەک (٢٠١٢)**

لەگەڵ قوڵبوونەوەی ناکۆکی و گرژییەکانی نێوان هەر دوو ئەنجومەنەکە کە مەترسی ئەوە هەبوو سەربکێشێت بۆ توندوتیژی و پێکدادان، لە پاش چەندین هەوڵ و وتووێژ و چاوپێکەوتنی چڕوپڕ لە هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستان لە ژێر چاودێری سەرۆکی ئەوکاتی هەرێمی کوردستان (مەسعود بارزانی)، هەردوو ئەنجومەنەکە گەیشتنە بەڵگەنامەیەکی لێکتێگەیشتن کە بە (ڕێکەوتنی هەولێر١) ناسێندرا.(٢) ئەنجامی ئەم ڕێکەوتنەش پێکهێنانی (دەستەی باڵای کوردی) بوو لە (٢٠١٢/٧/٢٤)،

(١) سەنتەری ئەسباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە، ئایندەی پەیوەندییەکانی دوو ئەنجومەنە کوردیەکەی سوریا، وەرگێڕان: یاسین تەها محمد، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندیی، ژمارە(٣)، هەرێمی کوردستان، سلێمانی، ئەیلولی (٢٠٢٠)، لا ٩٠ – ٩٥ .

(٢) حسين عمر، (الكرد في الأزمة السورية / فرصة تاريخية و أداء مخيب)، المصدر السابق، ص٦٣ .

ڕێککەوتننامـەی هەولێـر چەندیـن بڕیـاری گرنگـی لـە خۆگـرت، گـەر پابەنـد بوونایـە پێیـەوە ڕەنگـە ئـەو یەکگرتنـە کوردییـە سـەدایەکی باشـی پەیـدا بکردایـە لە سـەر چەندین ئاسـتی جیـا جیا، بزاڤـی کوردیش بـەرەو قۆناغێکی نـوێ لـە ڕێکەوتـن دەبرد لەبـارەی گوتـاری سیاسـی هاوبەش و هاریـکاری لە ئیدارەدانـی ناوچـە کوردییـەکان و پاراسـتنی ، دیارتریـن خاڵـی پێکهاتنیشـی تایبـەت بـوو بـە پێکهێنانـی دەسـتەیەکی تایبـەت بـۆ ڕێکخسـتنەوەی هێـزە سـەربازییەکان و ڕێکەوتـن لـە بـارەی دیـدی سیاسـی هاوبەش بـۆ داهاتووی سـوریای نـوێ و دەسـتەبەرکردنی مافەکانـی کوردیـش لـەو سـوریایە نوێیـە، بـەڵام ئـەم هاوپەیمانییەتیـە زۆری نەخایانـد هـەر زوو بـە سـەر چەندیـن بەربەسـتدا کـەوت گەیاندییـە ڕێگەیەکـی داخـراو، بەمەش کێشـە و جیاوازی نـوێ پەیـدا بـوون کـە وایکـرد بزاڤـی کـوردی لـە سـوریا بـەرەو دابەشـبوون بچێـت بـە سـەر دوو بـەرەدا بەرەیەک لەگـەڵ ئۆپۆزسـیونی سـوریا بەرەیەک لـە دژی ئۆپۆسـیونی سـوریا.[١]

## ٢. ڕێککەوتننامەی هەولێر دوو (٢٠١٣)

پـاش ئـەوەی هـەردوو ئەنجومەنەکـە شکسـتیان هێنـا لـەوەی (دەسـتەی بـاڵای کـوردی) کارا بکـەن و ئاسـتی بـەرەو پێـش ببـەن، پابەنـد نەبوونی ئەو کەسـانەی کـە واژۆیـان لـە سـەر ڕێککەوتننامەکـە کردبـوو و ڕازی نەبـوون بـە بەنـد و پاشـکۆکانی، ئەمـە وایکـرد سـەرۆکایەتی هەرێمـی کوردسـتان دەسـتێوەردان بـکات بـە ئامانجـی ڕزگارکردنـی ڕێککەوتننامـەی هەولێـر،

(١) عەلـی شـەمدین ، بزاوتـی کـوردی لـە سـوریا و دیـاردەی ئینشـیقاق (١٩١٦ - ٢٠١٦) ، سـەرچاوەی پێشـوو، لا٢٤٦ .

بۆیـه هــەردوو لای داوەتکـرد بـۆ ئەنجامدانـی کۆبوونـەوە و لێکتێگەیشـتن بـۆ مـاوەی دوو هەفتـە کۆبونـەوەی بـەردەوام لـە (٢٠١٣/١٢/٢٣) گەیشـتنە لێکتێگەیشـتن و تەواوکردنـی ڕێککەوتننامـەی پێشـوو، ئەمـەش ناونـرا (ڕێککەوتننامـەی هەولێـر٢)، کـە تیایـدا گەیشـتنە لێکتێگەیشـتنێک لـە بـارەی زەرورەتـی سەرپشـککردنی لایـەک بـۆ ئامادەبـوون لـە کۆبونەوەکانی کۆنگـرەی دووەمـی جنێـڤ و نوێنەرایەتیکردنـی لایەنەکـەی تـر، بـەڵام ئەنجومەنـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان لـە دوا سـاتەکان پەشـیمان بوویـەوە لـە ڕێککەوتنەکـە، دژایەتـی خـۆی دەربـڕی بـۆ ئامادەبوونـی ئەنجومەنـی نیشـتمانی کـوردی سـوریا (ENKS) لـەو کۆڕبەنـدە نێودەوڵەتییـە وەک نوێنـەری گەلـی کـورد لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان، بۆیـە ئـەم ڕێککەوتنـە هیـچ کاریگەریەکـی لـە گۆڕەپانـی سیاسـی هەرێمـی ڕۆژئـاوا جێنەهێشـت.[١]

### ٣. ڕێککەوتننامەی دهۆک (٢٠١٤)

دوا بـە دوای ئـەوەی (ئەنجومەنـی بـاڵای کـوردی) پەکخـرا، ئەنجومەنـی گەلـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان تـاک لایەنـە کانتۆنەکانـی (جەزیـرە، کۆبانـی، عەفریـن)ی ڕاگەیانـد، بـێ ئاوڕدانـەوە لـە هاوبەشـەکانی ئەمـەش وایکـرد هــەردوولا بچنــە قۆناغێکـی هەسـتیار و نـا تەبایـی، بـە تایبەتـی دوای کۆنگـرەی دووەمـی جنێـڤ کـە ئەنجومەنـی نیشـتمانی کـوردی سـوریا (ENKS) ئامـادە بـوو، بـەڵام ئەنجومەنـی گەلـی ڕۆژئاوایـی کوردسـتان ئامـادە نەبـوو، ئەمـەش وایکـرد پشـێوی و ئاڵـۆزی نێـوان هــەردوولا

(١) حسـين عمـر ، (الكـرد في الأزمـة السـورية / فرصـة تاريخيـة و أداء مخيـب) ، سـەرچاوەی پێشـوو ، ص٧١ .

بـەردەوام بێـت تـا پەلامـاردان و گەمارۆدانـی کۆبانـی لـە لایـەن (داعـش) وە، دەرئەنجامـی ئـەو گەمارۆدانـە و دەرهاویشـتەکانی وایکـرد سـەرۆکایەتی هەرێمــی کوردســتان دووبــارە بانگێشــتی هەریــەک لــە ئەنجومەنــی نیشــتمانی کــوردی ســوریا (ENKS) و (تەڤگــەری کۆمەڵگــەی دیموکراتــی TEV-DEM) لـە بـری ئەنجومەنـی گەلـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان کـە ئـەو کات خـۆی هەڵوەشـاندبوویەوەو نەمابـوو بـکات بـۆ کۆبوونـەوە لـە دهـۆک لــە ڕێکەوتــی (٢٠١٤/١٠/٢٢).[1]

لـە ڕێککەوتننامـەی دهۆکـدا بـە کـرداری دان بـە (ڕێڤەبەری خۆسـەر)دا نـرا، بڕیـار درا بـە هاوبەشـی ڕاستەقینە لـە ڕێڤەبـەری خۆسـەری دیموکراتی لـە ڕۆژئـاوادا و بەشـداری کـرداری بکرێت لـە دەسـتە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی سـەر بـە ڕێڤەبـەری و بەرەوپێشـبردن و ڕێخسـتنیان و بەشـداری پێکردنـی سـەرجەم پێکهاتـەکان تیایـدا، بـەڵام ئـەم ڕێکەوتنـە جێـگای خـۆی نەگرتـوو جێبەجێنەکـرا، بـە هـۆی ناکۆکییـە ناوخۆییەکانـی ئەنجومەنـی نیشـتمانی کـوردی سـوریا (ENKS) لـە بـارەی کورسـی پارتەکانـی تـر، دەنگدانـی سـێ پارتـی نێـو (ENKS) لـە بەرژەوەنـدی لیسـتی (TEV-DEM) لـە لایـەک، لــە لایەکــی تــر دەستپێشــخەرییەکەی (تەڤگــەری کۆمەڵگــەی دیموکراتــی TEV-DEM) لـە ڕاگەیاندنـی ڕێکارەکانـی هەڵبـژاردن لـە کانتۆنـی جەزیـرە لـە (٢٠١٥/٣/١٣) تـاک لایەنانـە بێگوێـدان و ئاگادارکردنـەوەی ئەنجومەنـی نیشــتمانی کــوردی ســوریا (ENKS)، ئەمانــە ڕاســتەوخۆ کاریکــردە ســەر پەکخســتنی هەوڵــەکان و لێکگەیشــتنی هــەردوو لایەنــە کوردیەکــە،

(١) عەلـی شـەمدین، بزاوتـی کـوردی لـە سـوریا و دیـاردەی ئینشـیقاق (١٩١٦- ٢٠١٦)، سـەرچاوەی پێشـوو،لا٢٤٨ .

سـەرئەنجام ئـەم ڕێکەوتنـەش بـە دەردی ڕێکەوتنەکانـی پێشـوو چـوو، ناکۆکـی و کەلێنـی نێـوان ئـەو دوو لایەنـە زیاتـر قوڵبوویـەوە، بارودۆخـی نێـوان لایەنـە کوردییـەکان بـە لێکـترازاوی و چەقبەسـتووی مایـەوە.(١)

## ٤. دەستپێشـخەری فەرمانـدەی گشـتی هێزەکانـی سـوریای دیموکـرات مەزڵـوم عەبـدی (٢٠٢٠)

لـە ١٦ی کانوونـی دووەمـی (٢٠٢٠) فەرمانـدەی گشـتی هێزەکانـی سـوریای دیموکـرات (مەزڵـوم عەبـدی)، دەستپێشـخەرییەکی ڕاگەیانـد بـۆ نزیکردنـەوەی لایەنەکانـی بزاڤـی سیاسـی کـوردی لـە یەکـتر لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە دوو لایەنـە کوردییەکـە کـە زۆرتریـن ئامادەیـی و ڕۆڵـی جەماوەرییـان هەیـە، ئەوانیـش (پارتـی یەکێتـی دیموکراتـیPYD) و ئەنجومەنـی نیشـتمانی کـوردی سـوریا (ENKS)، (مەزڵـوم عەبـدی) بـە سـیفەتی فەرمانـدەی گشـتی گەورەتریـن ڕێکخسـتنی سـەربازی ڕۆژهەڵاتـی فـورات دەستپێشـخەرییەکەی خرایـەڕوو، کـە دەتوانرێـت دیـدی نێـوان هێـزە سیاسـیە کوردییـەکان بـە بێلایـەن بخاتـەڕوو، جگـە لـە پاڵنـەر و گوشـاری بـۆ سـەر هـەردوو لایەنەکـە کـە بـەرە و پێکهاتـن بـرۆن، بـەڵام ئـەم دەستپێشـخەریەش تـا ئێسـتا لـە مەیدانـا هیـچ ڕەنگدانەوەیەکـی ڕاسـتەقینەی نەبـووە، ناتەبایـی و بەسـتەڵەکی نێـوان ئـەم دوو لایەنـە وەک خـۆی ماوەتـەوە.(٢)

(١) حسـين عمـر، (الكـرد في الأزمـة السـورية / فرصـة تاريخيـة و أداء مخيـب)، المصـدر السـابق، ص٧٥ .

(٢) سـەنتەری ئەسـباری ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـۆ توێژینـەوە ، ئاییندەی پەیوەندییەکانـی دوو ئەنجومەنـە کوردیەکـەی سـوریا، سـەرچاوەی پێشـوو، لا٩١ .

## ب پەیوەندییەکانی هەرێمی ڕۆژئاوا لەگەڵ ڕژێمی سوریا

کۆماری سوریا یەکێکە لەو هێزە هەرێمیانەی بە پێی قۆناغ و بەرژەوەندییەکانی، پارمەتیدەری پارت و هێزە کوردییەکان بووە لە پاش ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، بە هۆی ناکۆکی نێوان ڕژێمی سوریا لەگەڵ ڕژێمی عێراق لە لایەک و دەوڵەتی تورکیا لە لایەکی ترەوە، ڕژێمی سوریا کێشەی کوردی وەک کارتێکی فشار دژ بە عێراق و تورکیا بەکارهێناوە لە ڕێگەی پارمەتیدان و داڵدەدانی هێزە کوردییەکان و پاڵپشتیکردنیان، زۆر کات مەڵبەندی کۆبوونەوەی هێزە دژبەرەکانی ئەم دوو دەوڵەتە بووە لە سەر خاکی خۆی، بە تایبەتی هاوکاریکردن و داڵدەدانی (پارتی کرێکارانی کوردستانPKK).[١]

لە سەردەمی (حافز ئەسەد) سەرۆک کۆماری پێشووی سوریا لە (١٩٧١ -٢٠٠٠) کە سیاسەتی نزیکبوونەوەی لە کورد پەیڕەو دەکرد بۆئەوەی لەوە دڵنیابێتەوە کە کورد لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدایە و هیچ مەترسیەک بۆ سەر حکومەت و ڕژێمەکەی دروست ناکەن، ئەمەش دوای ململانێیەکی دوور و درێژی نێوان حکومەتی سوریا و کۆمەڵەی ئیخوان موسلمین، کە دەرئەنجامی ئەم ململانێیە بووە هۆی کەمکردنەوەی ئاستی سیاسەتی سەرکوتکاری بەرامبەر کورد، لە پێناو ڕێگریکردن لە دەرکەوتن و زیادبوونی ئۆپۆزسیونی ناوخۆی بوو.[٢]

(١) ئاوات عبداللە عبدالقادر ، سیاسەتی حکومەتی سوریا بەرامبەر پرسی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان (١٩٧٠-٢٠٠٤ )، سەرچاوەی پێشوو، لا٨٣ .
(٢) زمناکۆ عثمان صالح ، پەیوەندیە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکانی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو ، لا١٠٠ .

سـوریا لەگـەڵ هەریـەک لـە عێـراق و تورکیـا خاوەنـی پەیوەنـدی دوژمنانـە بـووە، بـە تایبـەت پەیوەنـدی سـوریا لەگـەڵ تورکیا پەیوەندییەکی زۆر خـراپ بـووە بـەراورد بـە وڵاتانـی دیکـەی دراوسـێی، بەهـۆی پێگـەی جوگرافـی و مێـژووی و دەسـتێوەردانی ئیتنـی و نەتـەوەی و کێشـە ئاڵۆزەکانـی نێـوان ئـەم دوو دەوڵەتـە، کـە ئەویـش خـۆی دەبینێتـەوە لـە کێشـەی ئـاو و خـاک کـە دوو کێشـەی دیـاری نێـوان ئـەم دوو دەوڵەتـن.[١]

لـە هـەردوو دەوڵـەت، پەیوەنـدی ئاڵـۆزی نێـوان ئـەم دوو دەوڵەتـە کاریگـەری زۆری لـە سـەر کـورد هەبـووە، سـوریا دۆزی کـوردی وەکـو کارتێکـی فشـاری سـتراتیژی لـە دژی تورکیـا بەکارهێنـاوە، لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی (١٩٨٤ – ١٩٩٨) کـە حکومەتـی سـوریا ڕێگـەی بـە (پارتـی کرێکارانـی کوردسـتانPKK) دا بنکـە و بـارەگا و کاری سیاسـی بـە ئـازادی لـە سـوریا بکـەن، یارمەتـی سیاسـی و سـەربازی هەروەهـا کەمپـی ڕاهێنانـی پێشـکەش بـەم پارتـە کـردووە و پاڵپشـتی و ئاسـانکاری بـۆ لاوەکانـی ڕۆژئاوایـی کوردسـتان دەکـرد بـۆ چوونـە نـاو ڕیزەکانـی ئـەم پارتـە، ئەمـەش وایکـرد (پارتـی کرێکارانـی کوردسـتانPKK) بـە هـەزاران لاوی کـوردی ڕۆژئـاوای کوردسـتان پەیوەسـتی ریزەکانـی خـۆی بـکات، چونکـە لـەو کاتـەدا بەهـۆی کەرتبـوون و جیابوونـەوەی پارتـە کوردیەکانـی سـوریا لـە یەکـتر بۆشـاییەکی سیاسـی بەرچـاو لـە بزووتنـەوەی سیاسـی کوردەکانـی ڕۆژئـاوا دروسـت ببـوو.[٢]

(١) حامـد محمـد طـه السـويداني، العلاقـات التركيـة – السـورية (١٩٩٨ – ٢٠١١)، مجلـة الدراسـات الأقليميـة، مجلـد(٩)، العـدد (٢٧)، جامعـة الموصـل، ص١٨٨ .

(٢) هوشـنگ أوسـى، الحيـات المدنيـة و السياسـية الكورديـة في سـورية بيـن عامـي

دوایــی ڕووداوەکانــی بەهــاری عەرەبــی و گەشــتنی بــە ســوریا و ســەرهەڵدانی جەمــاوەری و شــڵەژانی دۆخــی ســوریا، ڕژێمــی ســوریا بــە مەبەستی کەمکردنـەوەی ئـەو فشارە زۆرەی کەوتبـووە سـەری، بەتایبـەت پـاش ئـەوەی ڕووبەڕووبوونـەوەکان گەیشـتبووە نـاو دیمەشـقی پایتەخـت، بـە ئامانجـی دورخسـتنەوەی کـورد لـە ئەجنـدا و خواسـتی ئۆپۆزسـیون و کەمکردنەوەیـی مەترسـی دەسـتێوەردانی تورکیـا، ڕژێمـی سـوریا هەوڵـی دەدا لـە بەرامبـەر پێدانـی هەندێـک مافـی کلتـوری و ڕۆشـنبیری و ئیـداری خۆجێیـی بـە کـورد، گروپـە کوردییـەکان دروشـمیان لـە ڕوخاندنـی ڕژێـم بگـۆڕن بـۆ دروشـمی دیکـە و لـە پرسـی ڕوخاندنـی ڕژێـم بێلایەنیـان بـکات، دورکەوتنـەوەی کـورد لـە خواسـتی ئۆپۆزسـیون ڕێگەیەکـی کـردەوە تـا ڕژێمـی سـوریا بتوانێـت لـە ڕێـی کـوردەوە گوشـاری ناوچەکانـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان لـە سـەر خـۆی کەمبکاتـەوە، لایەنـی کـەم ئـەوان داوای ڕووخاندنـی ڕژێـم نەکـەن، ڕژێمـی سـوریا پێـی وابـوو دەتوانـن بـە پێدانـی ڕۆڵـی سـنووردار بـە کـورد بـۆ ماوەیـەک ناوچەکـە کۆنـترۆڵ بکـەن و پاشـان بارودۆخەکـە بگێڕنـەوە ژێـر ڕکێفـی خۆیـان، ڕژێمـی سـوریا هەوڵیـدا کەناڵـی پەیوەنـدی لەگـەڵ بزووتنـەوەی کـوردی لـە هەرێمـی ڕۆژئـاوا دروسـت بـکات، بـەڵام هـەر لـە سـەرەتاوە هێزەکانـی ئەنجومەنـی نیشـتمانی کـوردی دژی ئـەوە بـوون ڕێککەوتـن لەگـەڵ ڕژێـم بکرێـت، بۆیـە دانیشـتن و ڕێککەوتنیـان لەگـەڵ ڕژێمـی سـوریا ڕەتکـردەوە و چوونـە بـەرەی ڕووخانـی ڕژێـم.[1]

---

(١٨٩٨ – ٢٠١٧)، مجلة قلمون، العدد(٢)، (٢٠١٧)، ص٦١ .

(١) سەرتیپ جەوهەر ، دیداری شام ، سەرچاوەی پێشوو ....، لا١٠٨ .

دوابـەدوای ئەمـە ڕژێمـی سـوریا بـە هـاوکاری ئێـران بـەدوای بەدیلێکـدا گـەڕان، تـا بتوانـن ئـەو سـنوورانە بپارێـزن و شـارە کوردسـتانییەکان لـە دروشـمەکانی ڕووخانـی ڕژێمـی سـوریا دوربخەنـەوە، پەنایـان بـۆ (پارتـی کرێکارانـی کوردسـتانPKK) و (پارتـی یەکێتـی دیموکراتـی PYD) بـرد، دەرگای گفتوگۆیـان لـە گەڵیـان کـردەوە، کـە لـە پـاش ناچارکردنـی ڕێبـەری (PKK) (عەبـدوڵا ئۆجـەلان) بەجێهێشـتنی سـوریا سـاڵی (١٩٩٨) پەیوەنـدی نێوانیـان پچرابـوو، ئـەم لێکتێگەشـتنەی ڕژێمـی سـوریا لەگـەڵ پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان لێکتێگەشـتنێکی ئەمنـی بـوو زیاتـر لـەوەی سیاسـی بێـت، ڕژێمـی سـوریا قۆنـاغ بـە قۆنـاغ شـارەکانی ڕۆژئـاوای کوردسـتانی ڕادەسـتی (پارتـی یەکێتـی دیموکراتـیPYD) کـرد، ئەویـش لـە ڕێگـەی هێزێکـی سـەربازی (یەکینەکانـی پاراسـتنی گـەل YPG) شـار و شـارۆچکەکان دەپارێـزران.[1]

ئـەم هێـزەش وەک پێشـتر ئاماژەمـان پێکـرد بـە چەنـد قۆناغێـک پەیکـەری سیاسـی و ڕێکخسـتنی بەڕێوەبردنـی لـە ناوچەکـە دامەزرانـد کـە جێـگای دامودەزگاکانـی بەڕێوەبردنـی ڕژێمـی سـوریای لـە ناوچەکـە گرتـەوە، پـاش دروسـتبوونی داعـش و هاتنـی هاوپەیمانـی نێودەوڵەتـی بـە سـەرۆکایەتی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا بـۆ سـوریا و پاڵپشـتییەکانی بـۆ هێزەکانـی سـوریای دیموکـرات، فراوانبوونـی ناوچـەی ژێردەسـەڵاتی هێـزە کوردییـەکان، جاڕدانـی ڕێڤەبـەری خۆسـەری دیموکراتـی لـە ناوچەکانـی هەرێمـی ڕۆژئـاوای

(١) حسـين عمـر ، (الكـرد في الأزمـة السـورية / فرصـة تاريخيـة و أداء مخيـب) ، المصـدر السـابق، ص٥٨ .

کوردستـــان و ناوچـــە عەرەبیەکانـــی کـــە لەژێـــر دەســـتی داعـــش ڕزگارکرابـــوون، پەیوەندییەکانـــی نێـــوان ڕژێمـــی ســـوریا و ئەنجومەنـــی ســـوریای دیموکـــرات بـــەرەو ئاڵـــۆزی بـــرد، هەرچەنـــدە ڕوســـیا چەندیـــن جـــار هەوڵـــی لێکنزیکردنـــەوەی کـــورد و ڕژێمـــی ســـوریای داوە بـــۆ گەیشـــتن بـــە ڕێکەوتـــن، بـــەڵام بـــێ ئەنجـــام بـــووە هیـــچ ڕێکەوتنێـــک دەرئەنجامێکـــی ئەوتـــۆی نەبـــووە، شـــایانی بـــاس بێـــت.[(١)]

ســەرەڕای ناکۆکــی نێــوان ڕژێــم و ڕێڤەبــەری خۆســەر، بــەڵام بەدرێژایــی قەیرانــی ســوریا گفتوگــۆ و دیالــۆگ لــە نێوانیــان نەپچــڕاوە (پارتــی یەکێتــی دیموکراتــیPYD) نووســینگەی نوینەرایەتــی لــە (دیمەشــق)ی پایتەختــی ســوریا و بنکــەی (حمیمیــم)ی ڕوســی هەیــە، بــەڵام کێشــەکە بریتیــە لــە داواکارییــە ناکــۆک و دژبەیەکەکانــی هــەردوو لایەنەکــە خــۆی دەبینێتــەوە لــەم خاڵانــەی لای خــوارەوە:

١. دانــان بــە ڕێڤەبــەری خۆســەر لــە ناوچەکانــی ژێــر کۆنترۆڵــی خۆیــان، لەگــەڵ ئــەو ناوچانــەی زۆرینــەی دانیشــتوانەکەی عەرەبنشــینن لــە ڕەقــە و دێــرەزور و دانــان بــە ڕێڤەبــەری خۆســەر وەک بەشــێک لــە دەســەڵاتی ســوریا بناسرێــت و ئەمــە لــە دەســتوردا ئامــاژەی پێبکرێــت، لەگــەڵ ئەوەشــدا هێزەکانــی ســوریای دیموکــرات بخرێنــە ســەر ســوپایی ســوریا بــە دوو مــەرج، یەکەمیــان ئــەو هێزانــە لــەو ناوچانــە دەمێننــەوە کــە لــە ژێــر کۆنترۆڵیــدان، دووەمیــان گــۆڕینــی پەیکــەر و پێکهاتــەی ســوپای ســوریا بــە جۆرێــک جێگایــی ڕەزامەنــدی هەردوولابێــت.

---

(١) المصدر نفسه، ص٥٩.

٢. ڕژێمی سوریا داوا لە سەرکردایەتی ڕێڤەبەری خۆسەر دەکات بە بێ هیچ مەرجێکی پێشوەخت بۆ دەوڵەتی سوریا بگەڕێنەوە، بەمانای ئەوەی کوردەکان و ئەو زەوییەشی لە سەری دەژین بەشێکە لە دەوڵەتی سوریا، سەبارەت بە دۆخێ ڕێڤەبەری خۆسەر، ڕژێمی سوریا بۆ جێگرەوەی ڕێڤەبەری یاسای (١٠٧) بۆ ئیدارەیی خۆجێی پێشنیار دەکات، کە بە پێی ئەم یاسایە دەسەڵاتێکی دیاریکراو بە بەڕێوەبەرایەتییە ناوخۆییەکان دەدات لە سەرانسەری سوریا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباریان بەو واتایەی لە دیوە سیاسیەکەی دادەبڕێت، سەبارەت بە هێزەکانی سوریای دیموکرات (قسد)، ڕژێم ڕەتی دەکاتەوە هیچ پێگەیەکی تایبەتیان پێبدات، بەڵکو ڕژدە لە سەر ئەوەی تێکەڵ بە سوپای سوریا بکرێن و لە سەر ئاستی تاک مامەڵە لەگەڵ شەڕڤانان بکرێت و لای ئەوان ببنە سەرباز.[١]

لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی ڕژێمی سوریا تا ئێستا دوورە لە دانان بە پرسی کورد لە سوریا، هێشتا دورە لە دانان بە گەلی کورد لە سوریا، دورە لە دانان بە ناوچە کوردییەکانی سوریا، واتە لە بنەڕەتدا دان بە دۆزی کوردا نانێت و ئامادەییەکی جدی نیشان نەداوە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە سوریا و هیچ ئامادەییەکی نییە لە دەستوری سوریادا ئاماژە بە کورد و مافەکانی بکرێت، بۆیە پێمان وایە لایەنی کوردی و ڕژێمی سوریا بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتن لە یەکەوە دوورن.

---

(١) وحدة دراسات المشرق العربي، مستقبل الأدارة الذاتية الكردية في سورية في ظل المتغيرات الجديدة، مركز الأمارات للسياسات، (٢٠٢٢) ،

https//:epc.ae/ar/details/scenario/mustaqbal.

## دووەم: پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی ڕۆژئاوا

هەمـوو پەیوەندییەکانـی دەرەوەی هەرێمـی سیاسـی دەگرێتـەوە بـە جیـاوازی بابـەت و بوارەکانییـەوە (ئابـوری، سیاسـی، سـەربازی، کلتـوری، فەرهەنگـی.... هتـد) لـە لایەکـی تریشـەوە هەمـوو ئـەو پەیوەندیانـە دەگرێتـەوە کـە هەرێمـی سیاسـی و ئەکتەرەکانـی تـر، جگـە لەدەوڵـەت ئەنجامـی دەدەن وەک (ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان، کۆمپانیـا فـرە ڕەگـەزەکان، گـروپ و تاکەکەسـی خـاوەن هەژمـوون... هتـد) واتـە هەمـوو پەیوەندییەکانـی دەرەوەی هەرێمـی سیاسـی.[1]

لێـرە تیشـک دەخەینـە سـەر هەڵوێسـت و ئاسـتی پەیوەندییـە هەرێمـی و نێودەوڵەتییەکانـی هەرێمـی ڕۆژئاوا:

### ١. پەیوەندییەکانی هەرێمی ڕۆژئاوا لەگەڵ هەرێمی کوردستان/عێراق

هەرێمـی کوردسـتان/عێراق، دەوڵەتـی سـوریا یەکێکـە لـە دراوسـێ گرنگەکانی، پاش سـەرهەڵدانی قەیرانی سـوریا بە گرنگیەوە لە بارودۆخەکەی دەڕوانـی، چونکـە ئـەو بارودۆخـەی لـە پـاش سـاڵی (٢٠١١) لـە سـوریا هاتەکایـەوە لـە بەرژەوەنـدی هەرێمی کوردسـتان بوو، هەروەهـا بووە هۆی دروسـتبوونی قەوارەیەکـی کـوردی کـە بـۆ هەرێمـی کوردسـتان پێگەیەکـی سـتراتیژی و پاڵپشـتیەکی بەهێزە لە کەمکردنەوەی گوشـارە هەرێمایەتیەکانی سـەری، پێکـەوە دەتوانن بەرژەوەندییە سیاسـی و ئابـوری و نەتەوەییەکانیان بپارێـزن و سـود لـە یەکـتری وەربگـرن، چونکە بوونـی دوو هێـزی هاونەتەوە

(١) ئەنـوەر محمـد فـەرەج، دەروازەیەک بۆ پەیوەندیـە نێودەوڵەتییـەکان، مەکتەبی بیرو هۆشـیاری (ی.ن.ک)، دەزگایی چاپ و پەخشـی حەمدی، سلێمانی، (٢٠٠٨) ، لا٧٨ .

و هاوزمـان بەمانـای یەکگرتوویـی و بەهێـزی جیۆپۆلەتیکیـە.[1]

لـە ڕووی جیۆئابـوری و جیۆسیاسیشـەوە ناوچـە کوردیەکانـی سـوریا بوونەتـە قەڵغانێـک بـۆ هەولێـر، وەک ئەڵتەرناتیڤێـک دەبێـت بـۆ دەربازبـوون لـە ژێـر هەژموونـی تورکیـا، بـە دەروازەیەکـی گرنـگ دادەنرێت بـۆ بوژانـەوەی هەمیشـەیی هەرێمـی کوردسـتان، کاتێـک ڕووداوەکانـی سـوریا ڕوویانـدا هەرێمـی کوردسـتان لـە سـەر بنەمـای کۆکردنـەوەی زۆرتریـن ژمـارەی پارتـە کوردییـەکان لـە ژێـر چەترێکـی سیاسـی یەکگرتـوو پشـتیوانیکردنیان لـە ڕووی سیاسـی و دیبلۆماسـی، چوونـە پـاڵ بـەرەی ئەمریکـی و ئەوروپـی بـۆ کۆکردنـەوەی هـەردوو لایەنـە ناکۆکـە کوردیەکـە لـە یـەک قـەوارەی سیاسـی و ئیـداری و سـەربازیدا، بەشـێکی ئـەو تێڕوانینـە بـووە کـە هەرێمـی کوردسـتان کاری لـە سـەر کـردووە، هەوڵێکیـش بـووە بـۆ ڕێگریکـردن لـە هـەر ئەگەرێکـی ڕووبەڕووبوونـەوەی ناوخۆیـی.[2]

هەولێـر هەوڵـی ڕێککەوتنـی لـە نێـوان هێـزە کوردییەکانـی هەرێمـی ڕۆژئـاوا دەدا وەک پێشـتر ئاماژەمـان پێکـرد چەندیـن کۆنگـرە لـە هەرێمـی کوردسـتان گرێـدرا بـۆ ڕێککەوتـن لـە نێـوان (پارتـی یەکێتـی دیموکراتـی PYD) و ئەنجومەنی نیشـتمانی کوردی سـوریا (ENKS)، دوای دروسـتبوونی دەسـەڵاتی خۆسـەری لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان سـنووری عێـراق – سـوریا بوو

(١) زمناکـۆ عثـمان صالـح، پەیوەندیـە هەرێمـی و نێودەوڵەتیەکانـی هەرێمـی کوردسـتان، سـەرچاوەی پێشـوو، لا١١٠ .

(٢) شـیڤان ئیبراهیـم، هەرێمـی کوردسـتان و قوڵایـی سـتراتیژی ڕۆژئاوایـی کوردسـتان، وەرگیـران: نەبـەز ڕۆسـتەم ، گۆڤـاری شرۆڤـە، ژمـارە (٣١)، کوردسـتان/هەولێر، کانونـی یەکـەم (٢٠٢٠) ، لا١٨٨ .

بـە بەشـێک لـە سـنووری دەسـەڵاتی دوو کیانـی کـوردی، لێـرەوە پەیوەنـدی نێــوان هەرێمــی کوردســتان و دەســەڵاتی عەرەبــی ســوری نامێنێــت و پەیوەندییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان لەگـەڵ ڕێڤەبـەری خۆسـەری باکـوور و ڕۆژهەڵاتـی سـوریا دەسـتی پێکـرد.[1]

سـاڵی (٢٠١٤) کاتێـک ڕێکخـراوی (داعـش) هێرشـی کـردە سـەر شـاری کۆبانــی و پــاش ئــەوەی شــەڕڤانان بــۆ مــاوەی (١٣٤) ڕۆژ ڕووبــەڕووی ڕێکخــراوی (داعــش) بوونــەوە، کــە لــەو کاتــەدا نزیکــەی (٨٠٪) شــاری کۆبانــی لــە ژێــر کۆنترۆڵــی ئــەو ڕێکخــراوە بــوو، ڕۆژی (٢٠١٤/١٠/٢٢) پەرلەمانـی کوردسـتان بڕیـاری ناردنـی هێـزی پێشـمەرگەی بـۆ ڕۆژئـاوای کوردســتان پەســەند کــرد، کــە ڕۆڵــی بەرچــاوی هەبــوو لــە پاراســتن و ڕزگارکردنـی شـاری کۆبانـی، هەروەهـا هەرێمـی کوردسـتان لـە ئەنجامـی ئالۆزییەکانـی ڕۆژئاوایـی کوردسـتان و سـوریا نزیکـەی (٣٠٠) هـەزار ئاوارەی ئـەو ناوچانـەی لـە خۆگرتـووە و دەروازەی سـێملکا وەک پێشـتر ئاماژەمـان پێکـرد بـە شـادەماری ژیـاری و ئابـوری بـۆ ناوچـەی توێژینـەوە هەژمـار دەکرێـت، تاکـە دەروازەی گرنگـی ڕۆژئاوایـی کوردسـتان کـە ڕۆڵێکـی گرنـگ دەبینێــت لــە پەیوەندییەکانــی هــەردوولادا.[2]

پێـمان وایـە هەرچەنـدە پەیوەندییەکانـی نێـوان هەرێمـی ڕۆژئـاواو و هەرێمـی کوردسـتان بـەرزی و نزمـی تێکەوتـووە، بـەو واتایـەی ناتەبایـی

(١) زمناکــۆ عثــمان صالــح ، پەیوەندیــە هەرێمــی و نێودەوڵەتیەکانــی هەرێمــی کوردســتان، ســەرچاوەی پێشــوو ، لا١١١ .

(٢) چوونی پێشمەرگە بۆ ڕۆژئاوایی کوردستان

https//:www.kurdstan24.net/ckb/story

و ململانێی نێوان پارتەکانی ڕۆژئاوایی کوردستان ڕەنگدانەوەی هەبووە لە سەر پەیوەندی نێوان ڕێڤەبەری خۆسەر و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام وەک ئاماژەمان پێکرد هیچ لایەک ناتوانن دەستبەرداری یەکتر بن لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان قوڵایی ستراتیژیە بۆ هەرێمی ڕۆژئاوا و بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.

**٢. پەیوەندییەکانی هەرێمی ڕۆژئاوا لەگەڵ کۆماری تورکیا**

کێشەی کورد ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە دارشتنی پەیوەندییەکانی نێوان سوریا و تورکیا، بە تایبەت لەگەڵ سەرهەڵدانی (پارتی کرێکارانی کوردستانPKK) پەیوەندییەکانی نێوان سوریا و تورکیا ئاڵۆزتر بوون بە جۆرێک زۆر جار سوپا و هێز لە سەر سنوور کۆکراونەتەوە مەترسی ڕوودانی جەنگ هەبووە لە نێوانیان، ئەم بارودۆخە بەردەوام بوو تا ساڵی (١٩٩٨) و ڕێککەوتنامەی ئەدەنە کە لە نێوان تورکیا و سوریا واژۆ کرا، کە ڕێککەوتن کرا لە سەر ڕووبەڕووبوونەوەی (پارتی کرێکارانی کوردستانPKK)، ڕژێمی سوریا پابەند بوو بە ڕێککەوتنەکە تا ئاستێکی زۆر، پەیوەندی تورکیا و سوریا تا ساڵی (٢٠١١) پەیوەندییەکی باش و هەماهەنگ بوو، گۆڕانی بارودۆخی ستراتیژی ناوچەکە و دەستپێکردنی شەڕ لە سوریا، پشتیوانیکردنی تورکیا بۆ ئۆپۆزسیون بووە هۆی کۆتایهێنان بە ڕێککەوتننامەی (ئەدەنە)، تورکیا سیاسەتی خۆیی گۆڕی بەرە و پشتیوانیکردنی گۆڕینی ڕژێمی سوریا.[١]

(١) احمد عبدالحاظ فواز، مستقبل أكراد سورية بين التحالفات الإقليمية و التوازنات الدولية، مركز دراسات الوحدة العربية، مجلة المستقبل العربي، السنة الأربعون، العدد:السبعون و الأربعمئة، (٢٠١٨)،٤٧ – ٧١ .

لـه مـاوەی نێـوان سـاڵانی (٢٠١١ – ٢٠١٦) سیاسـەتی حکومەتـی تورکیـا لـه سـوریا سـێ کاری لـه پێشـینەی هەبـوو ئەوانیـش:-

**یەکـەم:** ڕوخاندنـی ڕژێمـی سـوریا بـه پشـتیوانیکردنی گروپەکانـی سـەر بـه ئۆپۆزسـیون.

**دووەم:** یارمەتیدانی ئیخوان موسلیمین بۆ گەیشتن به دەسەڵات.

**سێیەم:** کارکـردن بـۆ ڕێگریکـردن لـه دروسـتبوونی یەکەیەکـی سیاسـی کـوردی له باکووری سـوریا که گرێـدراوی پارتی کرێکارانی کوردسـتان بێت.[١]

جێگایـی ئاماژەیـه پرسـی کـورد لـه داڕشـتنی سیاسـەتی دەرەوەی تورکیـا ڕۆڵـی هەبـووە، تورکیـا (پارتـی یەکێتـی دیموکراتـیPYD) و (یەکینەکانـی پاراسـتنی گـەل YPG) بـه درێژکراوەیـی (پارتـی کرێکارانـی کوردسـتانPKK) دادەنێـت بـه (تیرۆرسـت) دەیانناسـێنێت، تورکیـا نیگەرانـی و ناڕەزایەتـی خۆیـی دەربڕیـوە لـه زیادبوونـی هێزەکانـی (یەکینەکانـی پاراسـتنی گـەل YPG) لـه باکـووری سـوریا و کۆنترۆڵکردنـی ناوچـه سـنوورییەکانی سـوریا لەگـەڵ تورکیـا، تورکیـا ڕایگەیانـدووە ڕێگـه نـادات (ڕێـڕەوی تیرۆرسـتی) لـه ڕۆژهەڵاتـی سـوریا بـۆ دەریایـی ناوەڕاسـت دروسـت ببێـت، بۆیـه تورکیـا لـه سـاڵی (٢٠١٨) ئۆپەراسـیونی سـەربازی بـۆ سـەر شـاری (عەفریـن) دەسـتپێکرد لـه ژێـر نـاوی (چڵـه زەیتـون) لـه پـاش (٥٩) ڕۆژ لـه شـەڕ و پێکـدادان توانـی دەسـت بـه سـەر کانتۆنـی (عەفریـن)دا بگرێـت.[٢]

(١) المصدر نفسه، ص٧١ .

(٢) حسـين عمـر، (الكـرد في الأزمـة السـورية / فرصـة تاريخيـة و أداء مخيـب)،

ساڵی (٢٠١٩) لە ژێر پاساوی دروستکردنی (ناوچەی ئارام)، کە تورکیا داوای دەکرد بە درێژایی (٤٨٠)کم و پانی (٣٠)کم ناوچەیەکی ئارام دروست بکرێت بۆ ئەوەی جێگای (٣)ملیۆن ئاوارەی سوری لێبکرێتەوە، ئامانجی سەرەکی تورکیا لەم داواکارییە دورخستنەوەی هێزە کوردییەکان بوو لە ناوچە سنوورییەکان و گۆڕینی دیمۆگرافی ناوچەکە بە جۆرێک کورد تێیایدا ببێتە کەمینە و باڵا دەست نەبێت، سەرئەنجام تورکیا بە ڕێککەوتن لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، پاش ئەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەو ناوچانە پاشەکشیان کرد، تورکیا لە (٢٠١٩/١٠/٩) ئۆپەراسیونی سەربازی بۆ سەر (گرێ سپی) و (سەرێکانی) لە ژێر ناوی (کانیا ئاشتی و قەڵغانی فورات) دەستپێکرد. لە ئەنجامی ئەم داگیرکارییەی تورکیا نزیک بە (٢٠٠) هەزار هاووڵاتی ئاوارە و دەربەدەر بوون.(١)

تورکیا هیچ ئامادەییەکی نییە مامەڵەی سیاسی لەگەڵ دەسەڵاتی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بکات و دەست لە هەموو داخوازییەکانی لە سوریا هەڵدەگرێت و زۆر سازش (تنازل)ی بۆ ڕووسیا کردووە لەوانە ڕازیبوون بە مانەوەی دەسەڵاتی (بەشار ئەسەد) بەرامبەر بە پەراوێزخستنی کوردەکان.(٢)

سەرچاوەی پێشوو، ص١٨٧ - ٢١٣ .

(١) المصدر نفسه، ص٢١٣ .

(٢) داستان جاسم، ئاڵنگارییەکانی بەردەم بایدن: ئۆتۆنۆمی کوردی و فراوانخوازی تورکیا، وەرگێران: پەرۆش محمد، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندیی، ژمارە(٩)، هەرێمی کوردستان ، سلێمانی ، ئەیلولی (٢٠٢١) ، لا ٨٢- ٩٣ .

پێــمان وایــە تورکیــا لــە هەمــوو بارودۆخێکــدا ئامــادە نییــە دان بــە بوونــی سیاســی کــوردا بنێــت لــە ڕۆژئــاوای کوردســتان، چونکــە تورکیــا لــە مەترســی قوڵایــی نەتــەوەی کــورد دەترسـێت لــە نــاو خاکــی خۆیــدا، بۆیــە هەمــوو ڕێگایــەک دەگرێتــە بــەر و هەمــوو سازشـێک دەکات بۆئــەوەی دەســەڵاتی کــوردی لــە ڕۆژئاوایــی کوردســتان نەهێڵێــت.

**٣. پەیوەندییەکانی هەرێمی ڕۆژئاوا و ئەمریکا**

دەســتپێکی پەیوەنــدی نێــوان ئەمریــکا و (یەکینەکانــی پاراســتنی گــەل YPG) دەگەڕێتــەوە بــۆ ســاڵی (٢٠١٤)، پــاش ئــەوەی ڕێکخــراوی داعــش هێرشــی کــردە ســەر شــاری کۆبانــی، هێــزی ئاســمانی ئەمریکــی بــە هاوبەشــی هێزەکانــی پێشــمەرگە و هێزەکانــی (YPG) لــە زەمیــن و پاڵپشــتی ئاســمانی نێودەوڵەتــی لــە ئۆپراســیونێکی هاوبــەش توانــرا داعــش لــە کۆبانــێ دەربکرێــت و شــارەکە ئــازاد بکرێــت.[١]

شــەڕی کۆبانــی ســەرەتایی شکســتپێهێنانی داعــش بــوو لــە ڕۆژئاوایــی کوردســتان و ســوریا، لــە هەمــان کاتــدا بناغەیەکــی بەهێــز بــوو بــۆ دروســتبوونی پەیوەنــدی هاوپەیمانــی نێودەوڵەتــی بــە ســەرۆکایەتی ئەمریــکا و (یەکینەکانــی پاراســتنی گــەل YPG) کــە پاشــان بــووە بەشـێکی کاریگــەر لــە (هێزەکانــی ســوریای دیموکرات-قســد)، ئەمــەش پــاش ئــەوەی ئاژانســی هەواڵگــری ناوەنــدی ئەمریــکا (CIA) شکســتی هێنــا لــەو بەرنامەیــەی ســاڵی (٢٠١٣) تایبەتــی کردبــوو بــە ڕاهێنــان و

(١) احمــد عبدالحافــظ فــواز، مسـتقبل أكـراد سـورية بيــن التحالفــات الإقليميــة و التوازنــات الدوليــة، ســەرچاوی پێشــوو ، ل٥٩.

پڕچەککردنـی هێـزە ئۆپۆزسـیونەکانی سـوریا کـە پۆلێنکرابـوون بـە هێـزی میانـڕەو بـۆ بەڕەنگاربوونـەوەی هێـزە توونـدڕە و تیرۆرسـتییەکان، بـە هـۆی خەرجکردنـی بڕێکـی زۆر لـە پـارە و چـەک لـەم هێزانـەدا، سـەرئەنجام هیـچ ئەنجامێکـی ئەرێنـی نەبـوو کـە ئەمریـکا لێـی ڕازی بێـت، بۆیـە ئەمریـکا سـاڵی (٢٠١٧) ئـەم بەرنامـەی هەڵوەشـاندەوە.[١]

توانـای هێزەکانـی سـوریایی دیموکـرات لـە سـەرکەوتنی لـە شـەڕەکانی دژی ڕێکخـراوی (داعـش) بـە هاوکاریـی هێزەکانـی ئەمریـکا و گرتنـی شـاری ڕەقـەی پایتەختـی داعـش و سـڕینەوەی تەواوەتـی دەسـەڵاتی داعـش لـە سـوریا بـووە هـۆی فراوانبوونـی پەیوەندییەکانـی نێـوان ئەمریـکا و هێزەکانـی سـوریای دیموکـرات، بـە جۆرێـک ئەمریـکا چەندیـن بنکـەی سـەربازی خـۆی لـە ناوچەکـە دامەزرانـد، وەزارەتـی بەرگریـی ئەمریـکا لـە بودجـەی ساڵانەی خۆیـی بڕێـک پـارەی دیاریکـردووە بـۆ هێزەکانـی سـوریای دیموکـرات، بـە مەبەسـتی جێبەجێکردنـی بەرنامـەی ڕاهێنـان و ئامادەکـردن و پڕچەکردنـی ئـەم هێزانـە، هەروەهـا پاڵپشـتی ئاسـمانی و پێدانـی زانیـاری هەواڵگریـی.[٢]

کشـانەوەی لـە نـاکاوی هێزەکانـی ئەمریـکا لـە سـاڵی (٢٠١٩) لـە ناوچەکانـی بـن دەسـەڵاتی ڕێڤەبـەری خۆسـەر، ڕێگـەی بـۆ تورکیـا خۆشـکرد هێـرش بکاتـە سـەر ئـەو ناوچانـە، ئەمـەش وایکـرد هێـزە کوردییـەکان متمانەیـان بـە ئەمریـکا لاواز بێـت و ترسـی کشـانەوەی

(١) المصدر نفسه، ص٥٩ .

(٢) حسين عمر، (الكرد في الأزمة السورية / فرصة تاريخية و أداء مخيب)، المصدر السابق، ص ٢٢٨ - ٢٢٩ .

ئەمریـکا لـە هەرکاتێکـدا لایـان بەرجەسـتەبێت، بۆیـە پەنایـان بـۆ ڕووسـیا و ڕژێمـی سـوریا بـرد تـا بـەر بـە هێرشـی تورکیـا بگرێـت، بـەڵام دواتـر ئەمریـکا لـە بڕیـاری کشـانەوە پاشـگەزبوویەوە بـە ڕێککەوتـن چەنـد ناوچەیـەک وەک سـەرێکانی و گرێسـپی ڕادەسـتی تورکیـا کـران.[1]

سـەبارەت بـە مامەڵـەی سیاسـی ئەمریـکا لەگـەڵ ڕێڤەبـەری خۆسـەر (مەزڵـوم عەبـدی) فەرمانـدەی هێزەکانـی سـوریای دیموکـرات ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات کـە ڕێڤەبـەری خۆسـەر پەیوەنـدی و مامەڵـەی لەگـەڵ دامەزراوەکانـی حکومەتـی ئەمریـکا هەیـە، مامەڵـەی سیاسیشـیان هەیـە وەک وەزارەتـی دەرەوە، بـەڵام ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات مامەڵـەی سیاسـی شـتێکە و دانپێدانانـی سیاسـی شـتێکی تـرە، تـا ئێسـتا حکومەتـی ئەمریـکا هیـچ دانپێدانانێکـی سیاسـی بـە ڕێڤەبـەری خۆسـەردا نانێـت و هیـچ سـتراتیژێکی ڕوون و دیاریکراویـان نییـە لـە سـوریا، بـەو واتایـەی هیـچ پڕۆژەیەکـی ڕوون و ئاشـکرایان نییـە بـۆ ڕۆژئـاوای کوردسـتان و سـوریا.[2]

**٤. پەیوەندییەکانی هەرێمی ڕۆژئاوا لەگەڵ ڕووسیا**

پەیوەندییەکانـــی ســـوریا و ڕووســـیا دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ناوەڕاســـتی پەنجاکانـــی ســـەدەی ڕابـــردوو، واتـــە ســـەردەمی ســـۆڤیەتیەکان، تـــا ئێسـتاش سـوریا بـۆ ڕووسـیا کارەکتەرێکـی بنەڕەتـی و سـتراتیژییە، بـە درێژایـی قۆناغـە سیاسـییەکان پەیوەنـی نێـوان ڕووسـیا و سـوریا تـا ڕادەیـەک سـەقامگیر بـووە، ئـەم پەیوەندییـەش گـۆڕاوە بـۆ هـاوکاری

(١) المصدر نفسه، ص٢٢٩ .

(٢) سەرتیپ جەوهەر، خاکی ڕەش، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٦ .

و هەماهەنگــی ســتراتیژی کــە زۆربــەی کایەکانــی (سیاســی، ســەربازی، ئابــوری، بازرگانــی، ڕۆشــنبیری، زانســتی) گرتووەتــەوە، ئەمــەش بــەس بــووە بۆئــەوەی ڕووســیا لەگــەڵ ســوریادا ڕاوەســتێت لــە زۆربــەی ئــەو قەیرانانــەی بەرۆکــی ســوریای گرتــووە، بــەم قەیرانــەی ئێستاشــەوە.[1]

لەگــەڵ ســەرهەڵدانی قەیرانــی ســوریا لــە ســاڵی (٢٠١١) ڕووســیا وەک پارێــزەر و پاســەوان ڕژێمــی ســوریا و ســەرۆکەکەی دەپاراســت لــە دەرچوونــی هــەر بڕیارێــک لــە ئەنجومەنــی ئاسایشــی نێودەوڵەتــی کــە لــە دژیــان دەرچێــت، ئەمــەش بــۆ پاراســتنی بەرژەوەندییــە ســتراتیژی و ئابورییەکانــی خــۆی لــە ناوچەکــە بــوو، کاتێــک ســەرهەڵدان و ناڕەزایەتییــەکان بــە خێرایــی تەقییــەوە ڕووســیا بــە ناردنــی هــاوکاری لۆجســتی و مــادی پاڵپشــتی ســوریای کــرد، دواتــر چەکــی بــۆ ســوپای ســوریا ڕەوانــە کــرد دژی هێــزە چەکــدارە ئۆپۆزســیۆنەکان، زیادبوونــی ململانــێ چەکدارییــەکان و ئەگــەری پێکدادانــی گشــتی، وای لــە حکومەتــی ســوریا کــرد بــە فەرمــی داوای ڕەوانەکردنــی هێــز لــە ڕووســیا بــکات، ڕووســیا ئامــادەی خــۆی نیشــاندا و ژمارەیەکــی زۆر هێــزی ڕەوانــەی بنکــەی ئاســمانی (حمەیمیــم) کــرد لــە باشــووری پارێــزگای لازقیــە، دواتــر هێــزی ئاســمانی و زەمینــی نــاردە بنکــەی ســەربازی (طرطــوس)، هــاوکات مۆســکۆ و دیمەشــق هەماهەنگــی ســەربازیان دژی گروپــە ئۆپۆزســیونەکان ئەنجامــدا، بەردەوامــی هــاوکاری ڕووســیا لاوازبوونــی گرووپــە چەکــدارە

(١) فـلاح سـمور جبـور، الأسـتراتيجية الروسـية إتجـاه الـشرق الأوسـط في عهـد بوتيـن (٢٠١٨ – ٢٠١٢)، رسـالة ماجسـتير، مقدمـة الـى جامعـة الـشرق الأوسـط، كليـة العلـوم و الأدب، قسـم العلـوم السياسـية، الدوحـة، (٢٠١٨)، ص٢٥ – ٣٥ .

ئۆپۆزسیونەکانی لێکەوتەوە و بەشێکی زۆری خاکی سوریا لە لایەن سوپای سوریاوە کۆنترۆڵکرایەوە.[1]

سەبارەت بە ڕۆژئاوای کوردستان لە نێو قەیرانی سوریادا، بابەتی پەیوەست بە ڕۆژئاوای کوردستان گرنگترین ئەو پرسانە بووە کە ئیدارەی مۆسکۆ چاودێری دەکرد، جدیترین مەترسی بەردەم ڕووسیا پێداگری تورکیایە لە سەر بەردەوامبوونی هێرشەکانی بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، ترسی لەوە بووە ببێتە هۆی بەریەککەوتنی سەربازی نێوان سوپای سوریا و سوپای تورکیا، لە سۆنگەی دۆستایەتی خۆی لەگەڵ سوریا بە گریمانەی ئەوەی ئەگەر ڕووبەڕووبوونەوە ڕوبدات لە نێوان سوپای ئەم دوو وڵاتە لەم دۆخەدا ڕووسیا ناچارەبێت کاردانەوەی توندی بێت بەرامبەر تورکیا، ئەمەش وادەکات تورکیا ڕوو لە ئەمریکا بکات.[2]

ڕووسیا کورد وەکوو کارتێکی فشار لە دژی تورکیا بەکاردەهێنێت هەر کاتێک بیەوێت تورکیای پێ لە چوارچێوە دەدات و مەرجەکانی خۆی بەسەردا دەسەپێنێت، وەک ئەوەی لە ساڵی (٢٠١٨) کاتێک ڕووسیا ڕێگای بە سوپای تورکیا دا شاری عەفرین داگیر بکات، بەرامبەر بەمە چەندین ڕێککەوتنی نهێنی و سیاسی و سەربازی

(١) بن ملوكة ملكية، الأستراتيجية الروسية اتجاه أزمات الشرق الأوسط الأزمة السورية نموزجا، رسالة ماجستير، مقدمة الى جامعة زيان عاشور جلفة/ كلية الحقوق و العلوم السياسية ، قسم العلوم السياسة ، (٢٠١٧)، ص٣٠ - ٣٥ .

(٢) ژیلوان لەتیف یار ئەحمەد، بەڕێوەبردنی ڕووسیاییانەی قەیرانی سوریا و کاریگەری لە سەر ڕۆژئاوایی کوردستان، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندیی، ژمارە(٩)، هەرێمی کوردستان، سلێمانی، (٢٠٢١)، لا ٦٢- ٧٩ .

ئابـوری و سـتراتیژی لەگـەڵ تورکیـا بەسـت، کـە لـە بەرامبـەر داگیرکردنـی عەفریـــن تورکیـــا ئۆپۆزســـیۆنی ســـوریای ناچـــار کـــرد لـــە ناوچەکانـــی (غۆتــەی شــەرقی و قونەتیــرە و غۆتــەی غەربــی) بکشــێنەوە، هەروەهــا تێپەڕاندنـــی گرێبەســـتە ســـەربازییەکانی نێـــوان تورکیـــا و ڕووســـیا بـــە تایبــەت کڕینـــی سیســـتەمی بەرگـــری ئاســـمانی (S-٤٠٠)ی ڕووســـی لـــە لایــەن تورکیــاوە، ئەگــەر لــە پێشــووتردا پەیوەســت بوونــی کــورد بــە ڕووســـەکانەوە بەهـــۆی ڕێککەوتنـــی دوو لایەنـــەی کـــورد و حکومەتـــی ســوریا بووبێــت، ئــەوا کشــانەوەی ئەمریــکا لــە ڕۆژئــاوای کوردســتان و کۆمەکــە مێژووییەکــەی بــۆ تورکیــا، وای کــرد پەیوەندییەکانــی نێــوان ڕۆژئــاوای کوردســتان و ڕووســەکان لــە ڕووی تاکتیکیــەوە بەهێزتــر بێــت، چونکــە لــە دوای بڕیارەکــەی ئەمریــکا کــورد بــە دوای ئەڵتەرناتیــڤ و هاوپەیمانێکـی نوێـدا دەگـەڕا، مۆسـکۆ نزیکتریـن و بەهێزتریـن جێگـرەوە بـــوو، جێـــگای ئاماژەیـــە ئـــەو نزیکبوونـــەوەی ڕوویـــداوە لـــە نێـــوان ڕێڤەبــەری خۆســەر و ڕووســیا بــە فەرمــی لــە سیاســەتی ڕووســیا و کارنامــەی وەزارەتــی دەرەوە بــاس نەکــراوە، ســوریاش بــە گرنگیــەوە لــە گفتوگۆکانـــی نێـــوان کـــورد و ڕوســـیا ناڕوانێـــت.[١]

نەخشــەڕێی ڕووســیا بــۆ ئیدارەدانــی قەیرانــی ســوریا و چارەســەری پرســـی کـــورد، لـــە ســـۆنگەی پاراســـتنی یەکپارچەیـــی خاکـــی ســـوریا و ڕژێمـــی ســـوریاوەیە، لـــەو ڕێگەیـــەوە کـــورد وەک فاکتەرێکـــی گرنـــگ

(١) هەژار هەمزە سەلیم، ئاییندەی کوردستانی سوریا لە نیوان ململانێی نێوخۆیی و هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندیی، ژمارە(٣)، هەرێمی کوردستان، سلێمانی، (٢٠٢٠) ، لا ٢٠-٣١ .

دەبینێـت بـۆ زیاتـر بەهێـز بـوون و کاریگەربوونـی دەسـەڵاتی (بەشـار ئەسـەد) بـە سـەر زۆرینـەی خاکـی، نـەک پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانـی دەسـەڵاتی کـوردی، ڕووسـیا پێـی وایـە (بەشـار ئەسـەد) کـە پشـتیوانی یەکەمـی ڕووسـیایە، پێگـەی تەنیـا لـە نـاو عەلەوییەکاندایـە و زۆرینـەی عەرەبـی سـوننە دژیـن، هەربۆیـە پاڵپشـتی کـوردی پێویسـتە بـۆ ڕاگرتنـی هاوسـەنگی، لـەم ڕوانگـەوە گریمانـە دەکرێـت ڕووسـیا فشـار لـە (بەشـار ئەسـەد) بـکات گرنگـی بـە ڕێککەوتـن بـدات لەگـەڵ کـورد.[(١)]

(ئاڵــدار خەلیــل) ئەندامــی دەســتەی جێبەجێــکاری (تەڤگــەری کۆمەڵگــەی دیموکراتــی TEV-DEM) سـەبارەت بــە پەیوەندییەکانــی ڕێڤبــەری خۆســەر لەگــەڵ ڕووســیا دەڵێــت «هــەر کاتێــک ڕووســەکان باسـی مافـی کـورد و بەرەوپێشـبردنیان کـرد، دڵنیابـە دوای چەنـد ڕۆژێـک چاوپێکەوتـن و دیداریـان لەگـەڵ تورکیـا هەیـە، ڕووسـیا هـەردەم تورکیـا بــە کــورد دەترســێنێت، تــا ئێســتا هەســتمان نەکــردووە ڕووســەکان پڕۆژەیەکیــان هەبێــت، کەچــی لــە ڕاگەیاندنەکانــەوە باســی دەکــەن دەیانەوێــت بڵێــن پڕۆژەمــان هەیــە، لــەوەدا لەگــەڵ ئەمریکیــەکان جیـاوازن، چونکـە ئەمریکیـەکان وەک پڕۆژەیـان نییـە لـە ڕاگەیاندنیشـەوە باســی ناکــەن».[(٢)]

ئـەوەی توێژینـەوە پێیگەشـتووە سـەبارەت بـە پەیوەندییـە ناوخـۆی و هەرێمـی و نێودەوڵەتییەکانـی ڕێڤەبـەری خۆسـەر لـە ڕۆژئاوایی کوردسـتان، کـە هیـچ کام لـەو دەوڵەتانـەی ئاماژەمـان پێکـرد پڕۆژەیەکـی جـدی و

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٣١ .

(٢) سەرتیپ جەوهەر ، خاکی ڕەش ،سەرچاوەی پێشوو ، لا١٧٨ .

ستراتیژیان نییە بۆ دۆزی کورد لە سوریا، بەڵکو کورد وەک کارتێکی فشار لە قەیران و کێشەکاندا بەکاردەهێنن، ئەمریکا بۆ ڕایکردنی کاروباری خۆی لە سوریا کورد وەک کارتی گوشار لە دژی سوریا و ڕووسیا بەکاردەهێنێت، ئاستەنگ بۆ فراوانخوازی ڕووسیا لە ناوچەکە دروست دەکات، بە هەمان شێوە ڕوسیا وەک ئاماژەمان پێکرد کارتی کوردی دژی تورکیا بەکاردەهێنێت، ئەجندا و پلانەکانی خۆیی بەسەر تورکیادا دەسەپێنێت، سەبارەت بە ڕژێمی سوریاش ئەوا بە هیچ جۆرێک ئامادە نییە دان بە مافەکانی کوردا بنێت و چاوی لەوەیە لە هەر دەرفەتێکدا بێت دەسەڵاتی خۆی بگەڕێنێتەوە ئەو ناوچانەی لە دەستی داون، ڕژێمی سوریا بە هەمان شێوە کورد وەک کارتێکی تاکتیکی بەکارهێناوە بۆ کەمکردنەوەی فشاری هێزە ناوخۆیی و هەرێمایەتییەکان و مانەوەی دەسەڵاتی خۆی لە سوریا.

## تەوەری پێنجەم

## بەربەست و سیناریۆکانی بەردەم ئاییندەی هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان

هەرێمـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان وەک قەوارەیەکـی نادەوڵەتـی دووچـاری چەندیـن بەربەسـت و گرفتـی سـەخت دەبێتـەوە، کـە ڕێگـرن لـە بـەردەم سـەقامگیری و بەرەوپێشـچوونی هەرێمەکـە لـە ئاینـدەدا، لـەم تـەوەرەدا ئـەو بەربەســت و ئالەنگاریانــە دەخەینــەڕوو لەگــەڵ ســیناریۆکان بــۆ ئاینـدەی هەرێمـی ڕۆژئـاوا لـە ئەنجامـی خوێندنـەوە و هەڵسـەنگاندن بـۆ ڕووداوە جیۆپۆلەتیکیەکانــی ناوچەکــە:

### یەکەم: بەربەستە جیۆپۆلەتیکیەکانی بەردەم هەرێـمی ڕۆژئاوا

#### ١. بەربەستە ناوخۆییەکان

بێگومــان بەربەســتە ناوخۆییــەکان یەکێکــە لــە بەربەســتە ســەرەکییەکانی بــەردەم هەرێمــی ڕۆژئــاوا، ڕۆڵــی گرنــگ دەگێــڕن لــە ســەرکەوتن یاخــود شکســتی هەرێمەکــە، لێــرەدا ئامــاژە بــە بەشــێک لــە بەربەســـتە ناوخۆییـــەکان دەکەیـــن:

#### ١. بەربەستە سروشتییەکان

لــەم توێژینــەوەدا تایبەتمەندییــە سروشــتییەکانی هەرێمــی ڕۆژئاوامــان خســتەڕوو، بۆمــان ڕوون بوویــەوە کــە ناوچــەی توێژینــەوە خاوەنــی کۆمەڵێـک فاکتـەری بەهێـز و یارمەتیـدەرە بـۆ پێگـەی سیاسـی ناوچەکـە، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا هەندێــک فاکتــەری سروشــتی هەیــە کــە خاڵــی لاوازن بـۆ ناوچـەی توێژینـەوە، دەتوانیـن بـە بکـوژ (القاتـل) نـاوی ببەیـن

کە ڕۆڵی نەرێنی هەیە لە سەر هەرێمەکە و کاریگەری لە سەر ئێستا و ئایندەی هەرێمەکە هەیە لەوانە:-

- **شوێنی داخراوی هەرێم**

وەک لە بەشی یەکەم ئاماژەمان پێکرد، هەرێمی ڕۆژئاوا هیچ کەلەبەرێکی دەریایی نییە، ئەمەش لە جوگرافیای سیاسیدا بە هەرێمێکی داخراو هەژمار دەکرێت، بەوە دەناسرێت کە پێگەیەکی کیشوەری هەیە و بێبەشە لەوەی هیچ دەرەچەیەکی ئاوی هەبێت کە بە دەریا و زەریا کراوەکان و ڕێڕەوە ئازادە دەرياييەکان بیبەستێتەوە، داخراوی پێگەی هەرێمی ڕۆژئاوا بەربەست و ئاڵەنگارییە بۆ پەیوەندییە دەرەکییەکانی هەرێمی ڕۆژئاوا، وا دەکات نەتوانێت سیاسەتێکی دەرەکی تا ڕادەیەک سەربەخۆ دابڕێژێت، بەڵکو پەیوەندی و سیاسەتی دەرەوەی لە ژێر چاودێری دراوسێکانیدا بێت، وابەستەی بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە بێت و داخراوی هەرێمی ڕۆژئاوا وا دەکات یارمەتیدەربێت بۆ جێبەجێکردنی ئەجندای وڵاتانی دراوسێ، ئەمەش دژ دەبێت لەگەڵ خواست و گەشەی ڕۆژئاوای کوردستان لە ئایندەدا.

- **شێوەی هەرێم**

شێوەی هەرێمی سیاسی کاریگەری گەورەی ئەرێنی و نەرێنی هەیە لە سەر هەرێم، وەک بەشی یەکەم ئاماژەمان پێکرد هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان شێوەی درێژکۆلەییە، واتە درێژییەکەی شەش جار زیاترە لە پانییەکەی، ئەمەش لە ڕووی سەربازی و بەرگرییەوە وەک ئاماژەمان پێکرد بە خاڵی لاواز بۆ هەرێمەکە هەژمار دەکرێت، چونکە

دوژمـن بـە ئاسـانی دەتوانیـت کەرتـی بـکات، ناوچەکانـی لـە یەکدابڕێـت، وەک ئـەوەی ئێسـتا لـە هەرێمـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان دەوڵەتـی تورکیـا لـە چەنـد شـوێنێک دابڕینـی ئەنجـام داوە، وەک لـە نەخشـەی (١٣) خرایـەڕوو، ناوچەکانـی عەفرینـی لـە ڕۆژئاوایـی هەرێـم دابڕیـووە لـە بەشـەکانی تـری هەرێمەکـە، هەروەهـا لـە ناوچەکانـی گرێسـپی و سـەرێکانی داگیـرکاری ئەنجامـداوە و دابڕینـی کـردووە، بۆیـە شـێوەی هەرێمـی ڕۆژئـاوا بـە بەربەسـتێکی کـوژەر و کاریگـەر لـە بـەردەم هەرێمـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان هەژمـار دەکرێـت لـە ئێسـتا و ئاینـدەدا.

- **سنوور**

یەکێـك لـە بەربەسـتەکانی تـری بـەردەم هەرێمـی ڕۆژئـاوا بەربەسـتی سـنوورە، تـا ئێسـتا هەرێمـی ڕۆژئـاوا لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی سـوریا سـنووری و جوگرافـی و نەتەوەیـی دیاریکـراو نییـە، ئـەوەی جێگایـی نیگەرانییـە هێـزە سیاسـیە کوردییەکانـی هەرێمـی ڕۆژئـاوا کاریـان لـە سـەر ئـەم بابەتـە نەکـردووە، ئـەوەی ئێسـتاش هەیـە ناڕوونییەکـی زۆری تێدایـە، لەبەرئـەوەی ناوچەکانـی هەرێمـی ڕۆژئـاوا زۆرینـەی لـە لایـەن ڕێڤەبـەری خۆسـەری دیموکراتـی باکـوور و ڕۆژهەڵاتـی سـوریاوە بەڕێوەدەبرێـت، کـە پێکدێـت لـە ناوچەیەکـی فـراوان کـە هەرێمـی عەرەبـی زۆرینـەی ڕووبـەری خاکـی بندەسـەڵاتی ڕێڤەبـەری پێکدەهێنێـت، ئـەوەی جێـگای سـەرنجە هیـچ تایبەتمەندییـەک نـەدراوە بـە ناوچـە کوردییـەکان و جیاکردنەوەیـان لـە هەرێمـە عەرەبیەکـەی بـن دەسـەڵاتی ڕێڤەبـەری خۆسـەر، هیچ پاشـگرێکی نـاوی کـورد و کوردسـتان لـە نێـو ئـەم دەسـەڵاتەی ڕێڤەبـەری خۆسـەر ئامـاژەی پێنەکـراوە، ئەمـەش وادەکات لـە ئاینـدەدا هەرچارەسـەرێک

دابنرێـت لـە سـەر بنەمـای ئـەم هەرێمـە دەبێـت کـە ئێسـتا لـە پراکتیکـدا بوونـی هەیـە، ئـەم هەرێمـەی ئێسـتا لـە سـەر بنەمـای جوگرافـی دانـراوە نـەک تایبەتمەنـدی نەتەوەیـی، لێـرەدا ئایندەیـی هەرێمـی ڕۆژئـاوا و سـنوورە نەتەوەییەکـەی بـە ناڕوونـی دەمێنێتـەوە و ئـەو ناوچانـەی لـە لایـەن چەکدارانـی ئۆپۆزسـیونی سـەر بـە تورکیـا داگیرکـراوە وەک ناوچـەی کێشـە لـە سـەر دەمێنێتـەوە.

**٢. بەربەستە مرۆییەکان**

بەربەسـتە مرۆییـەکان گرنگیـان کەمـتر نییە لە بەربەسـتە سروشـتییەکان، ئەگـەر زیاتریـش نەبێـت، لەبەرئـەوەی بەربەسـتە مرۆییـەکان لـە گۆڕانـی بەردەوامـدان، هەرێمـی ڕۆژئـاوا ڕووبـەڕووی چەندیـن بەربەسـت و ئاڵەنـگاری مرۆیـی بووەتـەوە کـە لەبـەردەم ئایینـدەی هەرێمەکـە بەربەسـتن، لێـرەدا ئامـاژە بـە بەشـێکیان دەکەیـن:

- **گۆڕانکارییە دیموگرافییەکان**

یەکێـك لـەو بەربەسـتە مرۆییانـەی کـە لـە پێشـوو و ئێسـتا و ئاییندەدا ڕووبـەڕووی هەرێمـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان دەبێتـەوە گۆڕانکارییـە دیمۆگرافییەکانـە، وەک لـە بەشـی سـێیەم بـاس کـرا ڕژێمـی سـوریا بـە پـلان و بەرنامـە چەندیـن گۆڕانـکاری دیمۆگرافـی لـە چەندیـن ناوچـەی هەسـتیاری هەرێمـی ڕۆژئاوایـی کوردسـتان ئەنجـام داوە وەک (پشـتێنەی عەرەبـی - الحـزام العربـی) بـە ئامانجـی گۆڕینـی دانیشـتوانی ناوچـە سـنوورییەکانی هەرێمـی ڕۆژئـاوا لەگـەڵ باکـووری کوردسـتان/تورکیا، لـەم ناوچانـە کـوردی دەربـەدەر کـردووە لـە جێـی ئـەوان عەرەبـی هێنـاوە و

نیشـتەجێیکردوون و چەندیـن گونـدی نموونەیـی بـە درێژایـی سـنووری ڕۆژئـاوای کوردسـتان لەگـەڵ تورکیـا دروسـت کـردووە بـە ئامانجـی دابڕینـی نەتەوەیـی لـە نێـوان باکـوور و ڕۆژئاوایـی کوردسـتان لـە لایـەک و ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوای هەرێمـی ڕۆژئـاوا لـە لایەکـی تـرەوە، ئەمـەش لـە ئێسـتا و ئاینـدەدا مەترسـی بـۆ سـەر ئاسایشـی نەتەوەیـی و ئاینـدەی دانیشـتوانی هەرێمـی ڕۆژئـاوا هەیـە، گۆڕانکارییەکـی دیکـە کـە ڕژێمـی سـوریا ئەنجامـی داوە بێبەشـکردنی بەشـێک لـە دانیشـتوانی هەرێمەکـە لـە ناسـنامە لـە ئەنجامـی سـەرژمێری نائاسـایی وەک لـە پێشـوودا ئامـاژەی پێکـرا، تـا ئێسـتاش بەشـێک لـە دانیشـتوانی کـوردی هەرێمـی ڕۆژئـاوا بێناسـنامە و مافـی هاووڵاتیبوونـە، ئەمـەش مەترسـیەکی دیکەیـە لـە سـەر ئاینـدەی دانیشـتوانی هەرێمـی ڕۆژئـاوا.

- **ململانێـی کوردی_کـوردی:** یەکێـک لـە گرفـت و بەربەسـتە گەورەکانـی بـەردەم هەرێمـی ڕۆژئـاوا بریتیـە لـە ناسـازی و ناتەبایـی ناوخۆیـی لـە نێـوان پـارت و هێـزە سیاسـیەکانی هەرێمـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان، ئەمـەش ئاڵەنگارییەکـی گەورەیـە لـە سـەر دۆخـی ئێسـتا و ئاینـدەی ناوچەکـە، نەبوونـی دەسـەڵات و سیاسـەتێکی یەکگرتـوو وایکـردووە نەتوانـن لـە سـەر ئاسـتی هەرێمـی و نێودەوڵەتـی داخـوازی و مافەکانیـان بـەرەو پێـش ببـەن، دەسـەڵاتی تـاک لایەنـەی (پارتـی یەکێتـی دیموکراتـیDYP) لـە هەرێمـی ڕۆژئـاوا بیانـووی داوەتـە دەسـت تورکیـا، کـە دەسـەڵاتی کـوردی لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان بـە تیرۆرسـت ناوزەنـد بـکات، بـەو بیانـوەی (پارتـی یەکێتـی دیموکراتـی DYP) لقـی سـوریای پارتـی کرێکارانـی کوردسـتانە.

وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا ناکۆکی نێوان هێزە کوردییەکان ڕەگوڕیشەیەکی قوڵی هەیە هەر لە دروستبوونی یەکەم پارتی سیاسی، دیاردەی ئینشیقاق و لێکترازان سیمایەکی دیاری پارتە کوردییەکانی هەرێمی ڕۆژئاوا بووە، ئەم پارتانە لە ژێر هەژموونی پارتەکانی باکوور و باشووری کوردستان بوون، ناتەبایی نێوان پارتەکانی پارچەکانی تری کوردستان ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی هەبووە و دەبێت لە سەر پەیوەندی ناوخۆیی نێوان پارتەکانی هەرێمی ڕۆژئاوایی کوردستان، بۆیە ناکۆکی و لێکترازانی ناوخۆی گەورەترین و مەترسیدارترین بەربەستی مرۆییە لە بەردەم ئێستا و ئایندەی ڕۆژئاوایی کوردستان.

- **نەبوونی دانپێدانانی یاسایی و گرەنتی دەستوری:** یەکێک لە بەربەستەکانی تری بەردەم هەرێمی ڕۆژئاوا نەبوونی گرەنتی یاسایی و دەستورییە لە دەوڵەتی سوریا، وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا لە دەستوری سوریا هەرکەسێک مافی هاووڵاتیبوونی هەبێت، ئەوە هاووڵاتی کۆماری عەرەبی سوریایە، دەستوری سوریا بە هیچ جۆرێک دان بە بوونی کورد لە سوریادا نانێت و ڕژێمی سوریا ئامادە نییە هیچ گۆڕانێکی گرنگ و جەوهەری لە دەستوری سوریادا ئەنجام بدات لە ڕووی پێدانی مافەکانی کورد، بەڵکو چەندین یاسای لە دژی مافەکانی کورد دەرکردووە.
- **بەربەستە ئابورییەکان:** ئابوری ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە ژیانی گەل و نەتەوەکان، لە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیەدا، توانستە ئابورییەکانی هەرێمی ڕۆژئاوامان بە وردی و فراوانی خستەڕوو، سەرەڕای بوونی کۆمەڵێک توانستی ئابوری بەهێز لە ناوچەی

توێژینـەوە کـە بنەمایەکـی بەهێـزن بـۆ بەرەوپێشـچوون و ئاینـدەی ناوچەکـە، بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشـدا ژێرخانـی ناوچەکـە بەهـۆی پشتگوێخسـتنی ڕژێمـی سـوریا زۆر لاوازە بـە جۆرێـک هیـچ پرۆژەیەکـی پیشەسـازی سـتراتیژی لـە ناوچەکـە بوونـی نییـە، لاوازی ئابـوری هـۆکاری کۆچکردنـی دانیشـتوانە بـە هـۆی نەبوونـی هەلـی کار و فەراهـەم نەبوونـی پێداویسـتیەکانیان، بۆیـە لاوازی ژێرخانـی ئابـوری هەرێمـی ڕۆژئـاوا، زۆر لێکەوتـەی نەرێنـی لێدەکەوێتەوە و بەربەسـت و ئاڵەنگاری دژوار ڕووبـەڕووی ڕۆژئاوایـی کوردسـتان دەکات لـە ئایینـدەدا.

## ب بەربەستە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی بەردەم هەرێمی ڕۆژئاوا

### ١. بەربەستە هەرێمییەکان

یەکێکـی تر لە بەربەسـتەکانی بەردەم هەرێمی ڕۆژئـاوا، وڵاتانی هەرێمی دراوسـێی ڕۆژئـاوای کوردسـتانە، لەبەربوونـی قوڵاییەکـی نەتەوەیـی کـورد لە هەریـەک لـە وڵاتانـی (تورکیـا و عێـراق و ئێـران)، وایکـردووە ئـەم وڵاتانـە بـە تووبـدی دژی هـەر بـەرەو پێشـچوون و بەدەسـتهێنانی مـاف و خواسـتی کـورد بووەسـتنەوە لـە هەرێمـی ڕۆژئـاوا و ناوچەکـە بەگشـتی، لەبەرئـەوەی ئـەم وڵاتانـە هـەر بـەرەو پێشـچونێک لـە دۆزی کورد بـە مەترسـی دەزانن بۆ سـەر ئاسایشـی نەتەوەیـی خۆیـان کە هـەر یەک لـە تورکیا و سـوریا و عێراق و ئێـران کـە کوردسـتانیان بـە سـەردا دابەشـکراوە، ئـەم وڵاتانـە هەرچەنـدە ناکۆکـی و کێشـە و گرفـت لـە نێوانیانـدا هەبێـت، بـەڵام کاتێک باس و کێشـە بێتە سـەر کورد، ئەوا هەموو کێشـەکانیان بەلاوە دەنێن و یەکدەگرن لە دژی کـورد و ژوری هاوبەشـی کار دروسـت دەکـەن بـۆ ڕووبەڕووبونـەی کـورد و

خواستەکانی، لە ڕابردودا زۆرکاریان لە سەر ئەمە کردووە، لە ئێستاشدا لە ڕووی هەواڵگری و ئاسایشی لە دژی کورد هەماهەنگ و هاوکاری یەکترن، ڕێگە بە سوپاکانی یەکتر دەدەن چەندان کیلۆمەتر بێنە ناو خاکی یەکتر بۆ لێدان لە بزووتنەوە چەکدارییە کوردیەکان، بۆیە ئەم بەربەستە هەرێمییە مەترسیە لە سەر ئایندەی ڕۆژئاوای کوردستان و ڕێڤەبەری خۆسەر.

**٢. بەربەستە نێودەوڵەتییەکان**

بەربەستێکی تری بەردەم هەرێمی ڕۆژئاوا بەربەستی نێودەوڵەتییە، لە پاش قەیرانی سوریا لە ساڵی (٢٠١١) هەرێمی ڕۆژئاوا و سوریا بووە چەقی ململانێیەکی گەورەی هەرێمی و نێودەوڵەتی، بەجۆرێک وڵاتانی زلهێزی دونیا دەستێوەردانیان لە قەیرانی سوریا کردووە و بە هێزی سەربازی ئامادەبوونیان لە ناوچەکە هەیە، بێگومان ئەم دەستێوەردانە لە پێناو بەرژەوەندی و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وڵاتانە خۆیان بووە، نەوەک پاراستنی دانیشتوان و گەلانی سوریا، وڵاتانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا و کەنداوی عەرەبی وەک بەرەیەک بەشدارن، لە بەرامبەردا ڕووسیا و ئێران و چەند لایەنێکی دیکە وەک بەرەیەکی دیکە دژیان وەستاون، تورکیاش لە نێوانیان لە سەر بەنێک یاری دەکات، ڕۆژئاوای کوردستان و کورد لە نێو بەرداشی نێوان ئەم دوو بەرەیە ماونەتەوە، هەرکاتێک خۆی بخاتە نێو بازنەی بەرژەوەندی لایەک ئەوا لایەکەی دیکە بە توندی دژایەتی دەکات، هەروەها هەریەک لەم وڵاتە گەورانە کورد وەکو کارتێکی فشار بەکاردێنن بە جێبەجێکردنی ئەجندا و بەرنامەی سیاسی خۆیان، بوونیان لە ناوچەکە لە پێناو بەرژەوەندی خۆیانە هەرکاتێک بیانەوێت مامەڵە بە کارتی کوردی دەکەن، لە پێناو خواست و بەرژەوەندی خۆیان ڕادەستی دەکەن.

## دووەم: سیناریۆکانی ئایندەی هەرێمی ڕۆژئاوا

میتـۆدی سـیناریۆ لە بنەڕەتدا سـەر بە کایـەی هونەرە، دواتـر پەڕیوەتەوە نـاو کایـە جیاوازەکانـی زانسـت و لـە ئێستاشـدا یەکێکـە لـە میتۆدەکانـی ئایندەناسـی، ئەرکـی ئـەم میتـۆدە دۆزینـەوەی ئـەو ئەگـەرە ئاییندەییانەیـە کـە لـە هەنـاوی ڕووداوەکاندا خۆیـان مـەڵاس داوە، هەروەها پێشـبینیکردنی ئاڕاسـتەی ڕووداوەکانـە و دەرئەنجامـی کارلێکەکانـە، ئـەم میتـۆدە بـە سـود وەرگرتـن لـە پێدراوەکانـی ئێسـتا و پاڵپشـت بـە ئەنجامگیریەکـی ئەقڵانـی، وێنـای ئـەو ڕەوشـەمان بـۆ دەکات کـە ڕەنگـە لـە ئایندەدا چـێ ببێـت، هەروەهـا ڕواڵەتـی ئـەو ڕێـڕەوە یاخو ئـەو ڕێرەوانەمان بـۆ ڕووندەکاتەوە کە سـەر دەکێشـن بـۆ ڕەوشـێکی دیاریکـراوی ئایندەیـی.[1]

سـەبارەت بـە قـەوارە نادەوڵەتیـەکان چەنـد ڕاسـتیەک هەیـە دەبێـت لـە بەرچاوبگیریـت:

١. بـوون و قـەوارەی (نادەوڵـەت) بـەراورد بـە بـوون و قـەوارەی (دەوڵەت) ناسـەقامگیرتر و فشـەڵترە، بۆیـە ئەگـەری کۆتاپێهاتـن و ئاوابوونـی هەمیشـە ئەگەرێکـی لـە سـەر ڕێ وەسـتا و کراوەیـە.

٢. پەیوەنـدی نێـوان دەوڵـەت و نادەوڵـەت پەیوەندییەکـی پێچەوانەیـە، واتـە هەتـا دەوڵـەت بەهێزتـر بێـت، نادەوڵـەت لاوازتـر و کاریگەریەکانیشـی کەمتـر دەبێـت.

---

(١) زانـا کەریـم، ئاینـدەی بکـەرە نادەوڵەتـە چەکدارەکان لـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت، گۆڤـاری ئایندەناسـی، سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی ئایندیـی، ژمـارە(١٨) سـاڵی چـوارەم، هەرێمـی کوردسـتان ، سـلێمانی ، ئەیلولـی (٢٠٢٣) ، لا ٤٧- ٦٠ .

٣. سیستەمی نێودەوڵەتی سیستەمێکی داینامیکییە، واتە پڕ لە ڤین و کارلێک و بەریەککەوتنی جۆرا و جۆر و دەرهاویشتەی چاوەڕواننەکراوی هەیە، بۆیە هەم دەرکەوتنی بکەری نوێ و هەمیش نەمانی ئەم بکەرانەی ئێستا ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە.(١)

سەبارەت بە ئایندەی هەرێمی ڕۆژئاوا و ڕێڤەبەری خۆسەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا، توێژەر هەوڵدەدات بە بەکارهێنانی میتۆدی سیناریۆ خوێندنەوەیەک بۆ ئایندەی ڕێڤەبەری خۆسەر و هەرێمی ڕۆژئاوا بکات:

**سیناریۆی یەکەم:** ڕێکەوتنی ڕێڤەبەری خۆسەر لەگەڵ ڕژێمی سوریا بە چاودێری و ڕێنوێنی ڕووسیا، ئەمەش لە ڕێگەی لێکتێگەیشتن لەگەڵ ڕژێم لە سەر چەند پرسێکی ئیداری و ئەمنی، ڕووسەکان لەوانەیە هەژموونی خۆیان بەکاربێنن بۆ ڕازیکردنی ڕژێمی سوریا کە هەندێک تایبەتمەندی بدات بە ڕێڤەبەری خۆسەر لە ناوچە کوردییەکان، لەوانە مافی خوێندن و خۆبەڕێوەبردنی ناوچەکانیان و هێزە چەکدارەکانیشیان لە نێو سوپای سوریا جێیان بکرێتەوە، ئەگەر ئەم سیناریۆیە سەربگرێت ئەوا گوزارشت لە کەمترین داواکانی کورد دەکات، ئەمەش کاتێک ڕوودەدات کە دەسەڵاتدارانی ڕێڤەبەری خۆسەر تەواو بێئومێد بن لەوەی ئەمریکا بە تەواوەتی دەستبەرداریان دەبێت و لە سوریا دەکشێتەوە.

**سیناریۆی دووەم:** مانەوە و بوونی ئەمریکا لە ناوچەکە بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانی، وەستانەوە بە ڕووی فراوانخوازییەکانی ڕووسیا و ڕێگریکردن لە دەستێوەردانەکانی ئێرانە

(١) هەمان سەرچاوە، لا٦٠ .

لـە ناوچەکـە، بەمـەش پاڵپشـتی و هـاوکاری بـەردەوام دابیـن بـکات بـۆ ڕێڤەبـەری خۆسـەر وەک هەرێمێکـی دیفاکتـۆ، بـۆ ئەمـەش پێویسـتی بـە خۆشـکردنی زەمینـە هەیـە لـە ڕێـی گفتوگـۆی ئاشـتی فرەلایـەن لـە نیـوان لایەنـە کوردییـەکان لـە ناوخـۆی ڕۆژئـاوای کوردسـتان و ڕازیکردنـی تورکیـا بـە پێدانـی کۆمەڵێـک گرەنتـی، یاخـود سەرپەریشـتیکردنی هەوڵـی ڕێککەوتـن لـە نێـوان پارتـی کرێکارانـی کوردسـتان و دەوڵەتـی تورکیـا و دانانـی نەخشـە ڕێگایـەک بـۆ ڕێڤەبـەری خۆسـەر کـە دەبێـت لـە خواسـتی سـەربەخۆی نەتەوەیـی و دروسـتکردنی دەوڵـەت بـە دوربێـت، بەڵکـو بنیاتنانـی دامەزراوەکانـی لـە چوارچێـوەی هەرێمێکـی جوگرافـی ئەمـەش وابەسـتەیە بـە گۆڕانـکاری لـە جەمسـەربەندی و دابەشـبوونی هێـز لـە ئاسـتی نێودەوڵەتـی، هەمـوو گۆڕانکاریـەک لـەم ڕووەوە بەهـا و ئـەم بەرژەوەندیانـە دەگۆڕێـت کـە زلهێـزەکان بەرگـری لێدەکـەن، چونکـە ڕێڤەبـەری خۆسـەر وەک قەوارەیەکـی نادەوڵەتـی وابەسـتەیە بـە مامەڵـە و کارلێـک لەگـەڵ ئـەم زلهێزانـەدا کـە خاوەنـی ڕەوایەتییەکـی سـنووردار و دیفاکتۆیـە، هـەر گۆڕانکارییـەک لـەم ڕووەوە کاریگـەری لـە سـەر ڕەوایەتـی ئـەم قـەوارە هەیـە بـەردەوام هەڵکشـان و داکشـان ئامادەگـی هەیـە.

**سـیناریۆی سـێیەم:** لەناوچـوون و لـە باربردنـی پـڕۆژەی ڕێڤەبـەری خۆسـەر لـە ڕێگـەی ڕێککەوتـن و لێکتێگەیشـتنی جەمسـەر و لایەنـە بەهێـزەکان لـە سـوریا، ئەمـەش لـە ڕێگـەی سـازش و جێبەجێبوونـی داخوازییەکانیـان، لـە کاتێکـدا هێـزە کوردیـەکان و پارتـی یەکێتـی دیموکراتی نەیتوانیـوە هیـچ لایەنێـک لـەو لایەنانـەی کـە لـە مەلەفـی سـوریا چالاکـن بـە تایبـەت ئەمریـکا و ڕووسـیا ڕازی بکـەن بـە پـڕۆژەی کـورد و بـبن بـە

هاوپەیمانێکـی سـتراتیژی و پاڵپشـتی بکـەن، ئـەوەی هەیـە ئێسـتا کـورد وەک ئامـراز و تاکتیـک بەکاردێـت نـەک سـتراتیژ، چونکـە ئـەو لایەنانـە بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان و ئامانجێکیان لە پشـت پاڵپشـتی ڕێڤەبەری خۆسـەرن، بـۆ نموونـە ئەمریـکا ئـەو هێزانـەی لە سـەر زەمیـن بـۆ دژایەتیکردنـی داعش بەکارهێنـاوە، ڕووسـیا بـۆ لـە چواچێـوەدان و دەستخسـتنی ئیمتیـازات لـە دژی تورکیـا بـەکاری هێنـاون، ڕژێمـی سـوریا بـۆ کەمکردنـەوەی فشـار و مانـەوەی دەسـەڵاتی خـۆی بەکاریهێنـاون، ئەمـەش وادەکات بگەینـە ئـەو بڕوایـەی سـەرئەنجام ئـەم لایەنانـە بگەنـە ڕێککەوتـن بـۆ لـە باربردنـی پـڕۆژەی ڕێڤەبـەری خۆسـەر لـە ڕێگـەی ئاڵوگـۆڕی بەرژەوەنـدی و گۆڕینـی جێگـە هەژموونـی یەکـتر.

## دەرئەنـــــــجام

لـە کۆتایـی بـە پشـت بەسـتن بـەو زانیارییانـەی کـە لـە توێژینەوەکـەدا خراونەتـەڕوو، هەروەهـا پشتبەسـتن بـەو ڕاسـتیانەی کـە توێـژەر پێیـان گەیشـتووە، توێـژەر بـە چەنـد دەرئەنجامێـک گەیشـت، پوختـەی ئـەو دەرئەنجامانـەش لـە خـوارەوە بـە چەنـد خاڵێـک دەخەینـەڕوو:-

١. کـورد دانیشـتوانی کـۆن و ڕەسـەنی ناوچەکـەن و نـەوەی گوتییەکانـن، گوتیەکانیـش پاپیرانـی کـوردی ئێسـتان لـە هـەردوو دیوی چیـای زاگرۆس نیشـتەجێبوون، لـە دەوروبـەری سـاڵانی (١٥٠٠) سـاڵ پ.ز بـە دواوە نـاوی (ئارییـەکان) لـە هەرێمەکانـی (گۆتیـام) بـە دەرکـەوت، بەهێزترین شـەپۆلی داگیـرکاری ئارییەکانیـان پێکێنـاوە، پـاش تێپەڕبوونـی چەنـد سـەدەیەک و تێکـەڵ بوونـی هـەردوو پێکهاتەکـە گەلێـک دروسـت بـوو کـە زمـان و شارسـتانییەت و سـیما ئەنسـرۆپۆلۆجیی ئارییـەکان زاڵبوو بە سـەر گۆتیـەکان، هـەردوو پێکهاتەکـە یەکیانگـرت گەلێکـی یەکگرتوویـان لـێ دروسـت بـوو، مێژوونووسـی یۆنانـی هیرۆدۆتـس نـاوی میدییەکانـی لـێ نـاون، بۆیـە لـە ئێسـتادا کـورد بـە نـەوەی میدیـەکان دەناسرێـت.

٢. وشـەی کوردستان بە مانایی (نیشـتمانی کوردان) دێت، وەک ناوی هەرێم و زاراوەی جوگرافـی لـە سـاڵی (١١٥٧ز) لـە سـەردەمی سـەلجوقییەکاندا بەکارهاتـووە، یەکـەم دابەشـکردنی کوردسـتان دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی (١٥١٤ز) پـاش شـەڕی چاڵدێـران لـە نێـوان هـەردوو ئیمپراتۆریەتـی سـەفەوی فارسـی و عوسـمانی تورکیـدا دابەشـکرا بـۆ دوو بـەش، پـاش جەنگـی یەکەمـی جیهـان و پەیماننامـە و ڕێککەوتنـە نێودەوڵەتییەکانـی

وڵاتانی زلهێز بە تایبەت فەرەنسا و بەریتانیا بە زۆرەملێ و بە پێی بەرژەوەندی و خواستی خۆیان، کوردستان دابەشکرا بە سەر پێنج دەوڵەت بە جۆرێک باکووری کوردستان ڕووبەری (٣٢٧٣٠٠)کم٢ ڕێژەی (٤٧,٧١ ٪) خاکی کوردستان پێک دەهێنێت، لە ژێر دەستی تورکیادایە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووبەرەکەی (٢٣٥٣٣٥)کم٢ ڕێژەی (٣٤,٣٠٪)خاکی کوردستان پێک دەهێنێت لە ژێر دەستی ئێراندایە، باشووری کوردستان ڕووبەرەکەی (٨٣٦٨٥)کم٢ ڕێژەی (١٢,٢٠٪) خاکی کوردستان پێک دەهێنێت لە ژێر دەستی عێراقدایە، ڕۆژئاوای کوردستان ڕووبەرەکەی (٣٣١٥٠)کم٢ ڕێژەی (٤,٨٣ ٪) خاکی کوردستان پێک دەهێنێت لە ژێر دەستی سوریادایە، کوردستانی قەوقاز (ئەرمینیا) ڕووبەرەکەی (٦٥٩٢) کم٢ ڕێژەی (٠,٩٦ ٪)کم٢ خاکی کوردستان پێک دەهێنێت لە ژێر دەستی ئەرمینیادایە.

٣. هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان ئەو پانتاییە جوگرافیەیە کە درێژەپێدەر و تەواوکەری هەردوو بەشی باکوور و باشووری کوردستانە، هیچ جیاکەرەوەیەکی جوگرافی سروشتی نابیندرێت کە جیای بکاتەوە لە بەشەکانی تری کوردستان، لە ئێستادا بەشێکی لکێنراوە بە کۆماری عەرەبی سوریا لە پاش جەنگی یەلەمی جیهانی.

٤. هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان ڕووبەرەکەی (٣٣١٥٠)کم٢، بە پێی ئەو دەستنیشانکردنەی توێژەر دیاریکردووە، پشتبەست بە زانیارییە بە دەستهاتووەکان، ئەم ڕووبەرە (٤,٨٣ ٪) خاکی کوردستانی گەورە پێک دەهێنێت، و لە (١٧,٩٠ ٪) کۆی خاکی کۆماری سوریا پێک دەهێنێت کە ڕووبەرەکەی ( ١٨٥١٨٠)کم٢.

٥. هەرێمی ڕۆژئاوا (درێژکۆلەیی شێوە)یە درێژیەکەی لایەنی کەم شەش ئەوەندەی پانییەکەیەتی، شێوەی هەرێمەکە کاریگەری گەورەی دروستکردووە لە سەر هەرێمەکە، بە جۆرێک دەوڵەتی تورکیا توانیویەتی چەند بەشێکی هەرێمەکە کەرت بکات و دایبڕێت لە ناوچەکانی تری هەرێمەکە، وەک عەفرین و سەرێ کانی و گرێسپی.

٦. لە ڕوویی شوێنی فەلەکییەوە هەرێمی ڕۆژئاوا دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (٣٥:٥٠,٠٠° - ٣٧:٥٠,٠٠°) باکووری هێڵی یەکسان، و هێڵەکانی درێژی (٣٥:٥٠,٠٠° - ٤٢:٣٠,٤٠°) ڕۆژهەڵاتی گرینیچ و لە ڕووی شوێنی جوگرافییەوە لە باکوورەوە هاوسنوورە لەگەڵ باکووری کوردستان (تورکیا)، لە ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنوورە لەگەڵ هەرێمی کوردستان (عێراق)، لە باشوورەوە لەگەڵ دەوڵەتی سوریا هاوسنوورە، لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا هاوسنوورە، هەرچەندە هەرێمەکە لە بەشەکانی ڕۆژئاوای لە ناوچە کەنارییەکانی دەریایی ناوەڕاست نزیک دەبێتەوە، بەڵام ڕاستەوخۆ بە دەریا ناگات، بۆیە بە هەرێمێکی داخراو هەژمار دەکرێت، چونکە هیچ کەلەبەرێکی دەریایی نییە.

٧. جیۆلۆجی هەرێمی ڕۆژئاوا وەک بەشێک لە گۆی زەوی بە چەندین گۆڕانی گەورەی جیۆلۆجیدا تێپەڕیوە، چەندین پێکهاتەی جیاواز لە ناوچەی توێژینەوە بوونی هەیە، سەرئەنجام ئەم پێکهاتانە شێوەی ڕووی زەوی ڕۆژئاوای کوردستانی لێ پێکهاتووە.

٨. جیاوازی بەرزی و نزمی شوێنی جوگرافی بووەتە هۆی پێدانی ئاوهەوای دەریایی ناوەڕاست، بە جۆرێک تێکڕایی پلەی گەرمی لە

هەرێمـی ڕۆژئـاوادا لە مـاوەی نێوان سـاڵانی (٢٠١٠ – ٢٠١٩) دا، (١٩,٤°) بـووە، تێکڕایـی دابارین لـە هەرێمی ڕۆژئاوا (٤١٨,٨) ملـم بووە لە ماوەی نێـوان سـاڵانی (٢٠١٠ – ٢٠١٩) دا، هەرێمـی ڕۆژئـاوا نزیکـەی (١٧مليـار م٣) ئـاوی سـەر زەوی سـاڵانە بـە سـەر خاکـی هەرێمەکـە گـوزەر دەکات.

٩. ناوچـەی توێژینـەوە دەوڵەمەنـدە بـە دەرامەتـی کانزایـی بـە تایبـەت سـەرچاوەکانی وزە (نـەوت و گاز)، بوونـی ئـەم دەرامەتانـە هێـز بـە هەرێمەکـە دەبەخشـێت، دەتوانرێـت وەک هێزێکـی رامیـاری کاریگـەر مامەڵـەی لەگـەڵ بکرێـت.

١٠. هەرێمـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان لـە سـەروبەندی دروسـتبونی دەوڵەتـی سـوریاوە تاوەکـوو ئەمڕۆ، سـەقامگیری ڕامیـاری و کۆمەڵایەتـی ڕەهـا و مـاوە درێـژی بەخۆیـەوە نەدیـوە، پرۆسـە دیمۆگرافیـەکان لـە ناوچـەی توێژینـەوە لـە سـەر ڕەوتـی ئاسـایی و بـە پێـی سـتانداردە زانسـتی و پێـوەرە نێودەوڵەتییـەکان شـێوەیان نەگرتـووە، دووچـاری سیاسـەتێکی پـلان بـۆ دانـراو و هەڵمەتێکـی فراوانـی ئەتنیکـی بـووە بـۆ گۆڕینـی دیمۆگرافیایـی ناوچەکـە، لـە گرنگترینیـان سـەرژمێری نائاسـایی کـە لـە مـاوەی یـەک ڕۆژدا ئەنجامـدرا (١٢٠) هـەزار کـەس لـە ناسـنامە و مافـی هاووڵاتیبـوون بێبەشـکران، پشـتێنەی عەرەبـی هەڵمەتێکـی تـری گۆڕینـی دیمۆگرافـی بـوو کـە لـە ئەنجامـدا بـە درێژایـی (٣٥٠)کـم و بـە قوڵایـی (١٠ – ١٥)کـم بـە موڵکـی دەوڵـەت دانـرا، کـورد لـەو ناوچانـە ڕاگوێـزران و عـەرەب لـە شـوێنیان نیشـتەجێکران بـە مەبەسـتی پێدانـی سـیمایەکی عەرەبیانـە بـەو ناوچانـە.

١١. ژمـارەی دانیشـتوانی هەرێمـی ڕۆژئـاوا (٤٦٤٨٠٥٠) کەسـە لـە سـاڵی

(٢٠٢٣) دا، بەمەش ڕێژەی (١٤,٤٪) کۆی دانیشتوانی دەوڵەتی سوریایی پێکهێناوە کە بریتی بووە لە (٢٨٢٢٤٢٧١) کەس، ڕێژەی گەشە بە شێوەیەکی سروشتی زیادی کردووە بریتی بووە لە (٢,٥٣٪)، سەبارەت بە دابەشبوونی ژینگەی ڕێژەی گوندنشین بریتی بووە لە (٥٨,٧٪) کۆی دانیشتوان، لە بەرامبەردا ڕێژەی شارنشینی (٤١,٣٪) کۆی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە پێکدەهێناوە، ساڵی (٢٠٢٣) چڕی گشتی گەیشتوەتە (١٣٦,٢ کەس/کم٢)، هەرچی تایبەتە بە پێکهاتەی هەرەمی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بنکەی هەرەمەکە فراوانە بە جۆرێک دەستەی (٠ - ١٤) ساڵ ڕێژەکەیان زیاتر لە (٤٦٪) کۆی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە پێکهێناوە، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە، نیشاندەری گەنجی کۆمەڵگەی هەرێمی ڕۆژئاوا پێشاندەدات، ئەمەش بنەمایەکی گرنگە بۆ پەرەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی سیاسی و سەربازی و کایەکانی تری ژیان لە ناوچەکە، ڕێژەی جۆر (١٠٣,٤) نێر بووە بۆ هەر (١٠٠) مێیەک، کە قۆناغی سروشتی ڕێژەی نێرینەیە بە پێی پێوەرەکان.

١٢. لە ڕووی پێکهاتەی دانیشتوانەوە ناوچەکە مەڵبەندی کۆبوونەوەی نەژادە جیاوازەکانە لە (کورد، عەرەب، ئاشوری، سریانەکان، ئەرمەن، چاچان، تورکمان)، بە پێی ئەو هاوکێشە و ڕێگا زانستیانەی توێژەر گرتینییە بەر، کورد زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی ڕۆژئاوا پێکدەهێنێت، کە ژمارەی بریتیە لە (٣٠٠٩٠١٨)کەس، بەمەش لە (٦٦,٥٪) کۆی دانیشتوانی هەرێمی ڕۆژئاوا پێکدەهێنێت.

١٣. فرە ڕەنگی و فرە کەلتوری و فرەنەتەوەیی هەرێمی ڕۆژئاوا

ڕەنگدانـەوەی هەبـووە لـە سـەر بیروبـاوەڕی دانیشـتوان، بۆیـە دەبینیـن موسـڵمان و مەسـیحی و ئێزیـدی لـە ناوچـەی توێژینـەوە بوونـی هەیە و زۆرینـەی دانیشـتوانی هەرێمـی ڕۆژئـاوا موسـڵمانن و سـوننە مەزهەبـن.

١٤.ناوچـەی توێژینـەوە خاوەنـی توانسـتێکی ئابـوری دەوڵەمەنـدە بـە تایبـەت کشـتوکاڵ کـە فاکتەرێکـی گـەورەی پێدانـی هێـزە لـە ڕووی سیاسـییەوە بـە هەرێمەکـە بـە جۆرێـک سـاڵی (٢٠١٩)دا سـاڵانە (١٤٥٩٠٣٧)تـەن گەنـم بەرهـەم هاتـووە، ئەمـەش بڕێکـی گونجـاوە بـە گوێـرەی دانیشـتوانی ناوچەکـە، لەگـەڵ بەرهەمهێنانـی جـۆ و لۆکـە و بەروبوومـی پاقلەمەنـی و زەیتـون و خاوەنـی بڕێکـی باشـە لـە سـامانی ئاژەڵـی، هەبۆیـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان وەک سـەبەتەی خۆراکـی سـوریا هەژمـار دەکرێـت.

١٥.ڕۆژئـاوای کوردسـتان دوایـی ڕوخانـی ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانی، بـووە بنکـەی خەباتـی ڕۆشـنبیری و سیاسـی بـۆ کوردانـی باکـووری کوردسـتان، ئەوانـەی بـە هـۆی سـەرهەڵدانی شۆڕشـە کوردییەکانـی باکـووری کوردسـتان لـە لایـەن حکومەتـی تورکیـاوە وەدەرنرابـوون، بـە تایبـەت بەدرخانییـەکان بوێرانـە بەشـداربوون لـە بوژانـەوەی ڕۆشـنبیری و سیاسـی لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان، دەستپێشـخەرییان کـرد بـۆ دەرکردنـی ژمارەیـەک گۆڤـار و ڕۆژنامـەی کـوردی و دامەزراندنـی یانـە و کۆمەڵـەی فەرهەنگـی و وەرزشـی و کۆمەڵایەتـی لەگـەڵ دەرکردنـی ژمارەیـەک کتێـب و دیوانـی شـیعری و کارکـردن لـە سـەر ڕێسـاکانی زمـان و ئەلـف و بێـی کـوردی.

١٦.سـەرەتایی دروسـتبوونی یەکـەم پارتـی سیاسـی کـوردی دەگەڕێتـەوە بـۆ

ساڵی (١٩٥٧) ئەویش (پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا) بوو، ئەم پارتە وەک پارتی دایک هەژماردەکرێت لەبەرئەوەی زۆربەی پارتەکانی تری ڕۆژئاوای کوردستان لە هەناوی ئەم پارتە هاتوونەتە دەرەوە.

١٧. دیاردەی لێکترازان سیمایەکی دیاری نێو بزووتنەوی سیاسی کوردییە لە ڕۆژئاوای کوردستان، بەجۆرێک لێکترازان و جیابوونەوەکان ئەوەندە زۆرن پۆلینکردن و هەژمارکردنیان ئەستەمە، ئەمەش کەلێنیک و خاڵێکی نەرێنییە و لە ڕابردو و ئێستادا زیانی زۆری لە بزووتنەوەی کوردی داوە، لە ئایندەدا زیانەکەی گەورەتر و ئاڵۆزتر دەبێت.

١٨. قەیران و سەرهەڵدان و نارەزایەتییەکان لە سوریا ساڵی (٢٠١١) هۆکار بوو بۆ کشانەوەی قۆناغ بە قۆناغی سوپای سوریا لە ناوچە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، بە مەبەستی کەمکردنەوەی فشار لە سەر دەسەڵاتەکەی، ناوچەکەی ڕادەستی هێزەکانی (پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD)کرد، ئەم هێزە کوردییە بە چەند قۆناغێک پەیکەری سیاسی و ڕێکخستنی لە ناوچەکە دامەزراند جێگای دامودەزگاکانی بەرێوەبردنی سوریای گرتەوە.

١٩. ڕێڤەبەری خۆسەری دیموکراتی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا، بە چەند قۆناغێک لە لایەن (پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD) و هاوپەیمانەکانی دامەزراوە، لە ئێستادا ناوچەیەکی فراوان بەڕێوە دەبات کە ڕووبەرەکەی (٥٠٣٢٩کم٢) و ڕێژەی (٢٧٪) کۆی ڕووبەری خاکی سوریا پێکدەهێنێت، هەرێمی عەرەبی بن دەسەڵاتی ڕێڤەبەری خۆسەر (٥٥,٦٪) کۆی ڕووبەری ناوچەکانی ڕێڤەبەری خۆسەر پێکدەهێنێت، هەرێمی کوردی (٤٤,٣٪) کۆیی ڕووبەری

خاکـی ناوچەکانـی ڕێڤەبـەری خۆسـەر پێکدەهێنێـت.

٢٠. سـەبارەت بـە دابەشبوونی دەسـەڵات لـە دەوڵەتـی سـوریا بـە جۆرێکـە ڕێـژەی (٦٢,٤٪) لەبن دەسـەڵاتی ڕژێمی سـوریایە، ڕێـژەی (٢٧,١٪) لەبن دەسـەڵاتی ڕێڤەبەری خۆسـەری باکـوور و ڕۆژهەڵاتی سـوریایە، (١٠,٥٪) ڕووبـەری خاکـی سـوریا لەبن دەسـەڵاتی ئۆپۆزیسـیونی سـوریایە.

٢١. پەیوەندییەکانـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان لەگـەڵ ئـەوەی چەندیـن نوێنەرایەتـی لـە وڵاتانـی دەرەوە کردوەتـەوە، بـەڵام لە ڕووی دیبلۆماسـی و سیاسـەتی دەرەوە تـا ئێسـتا هیـچ وڵاتێـک بـە فەرمـی دانیپێـدا نەنـاوە، بـەڵام مامەڵـەی لەگـەڵ دەکـەن.

٢٢. دەوڵەتـی تورکیـا دەسـەڵاتی ڕێڤەبـەری خۆسـەر لـە ڕۆژئاوای کوردسـتان بـە درێژکـراوەی تیـرۆر دەناسـێنێت و سیاسـیەتی خـۆی لـە سـەر بنەمای دژایەتیکـردن و داگیرکـردن و لـە ناوبردنـی ئەزموونـی ڕۆژئـاوا دادەڕێژێـت.

٢٣. ئاینـدەی هەرێمـی ڕۆژئـاوا دووچـاری چەندیـن بەربەسـت و ئاڵەنـگاری دەبێتـەوە، وەک بەربەسـتی سروشـتی کـە خـۆی دەبینێتـەوە لـە شـوێنی داخـراوی هەرێمەکـە و شـێوەی هەرێمەکـە و بەربەسـتی مرۆیـی وەک گۆڕانکارییـە دیمۆگرافییـەکان و بەربەسـتە هەرێمـی و نێودەوڵەتییـەکان.

٢٤. ئاینـدەی سیاسـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان وەک بکەرێکـی نادەوڵەتـی لـە ڕەوشـێکی نادیاردایـە، وەسـتاوەتە سـەر سیسـتەمی نێودەوڵەتـی کـە پـڕە لـە لڤیـن و جوڵـە و کارلێـک، بـە پێـی سروشـتی بەرژەوەنـدی و ڕێککەوتننامـەکان هەنـگاو هەڵدەگرێـت، ئەمـەش خـۆی لـە سێ ئەگەر دەبینێتـەوە ئەوانیـش ئاویزانبـوون یـان مانـەوە یاخـود لـە ناوچـوون.

## ڕاسپاردەکان

١. پرسی کورد ڕیشەیەکی مێژووی دوورودرێژی هەیە، نوینەرایەتی پرسێک دەکات ڕەوایەتی، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی لە ئێستا و ئایندەدا بمێنێتەوە، بۆیە دەبێت پرسی کورد و خاکی کوردستان بەردەوام ئامادەیی هەبێت لە هەموو دانوستان و کۆنگرە و کۆبوونەوەکان کە لە سەر قەیرانی سوریا ئەنجام بدرێت، بۆیە نابێت پرۆژەی کوردی ناوەڕۆکەکەی لە پرسی نەتەوەی بەتاڵ بکرێتەوە و پاشگری کورد و کوردستان دەبێت بلکێندرێت بە ناوی پارت و هێزەکانی هەرێمی ڕۆژئاوا و ناوی کوردستان بلکێندرێت بەو قەوارەی کە ئێستا لە مەیداندا بوونی هەیە، بە پێچەوانەوە هەر پرۆژەیەکی بەدیل بۆ پرسی نەتەوەیی بە تایبەت لە سوریا ڕەوایەتی لە دەست دەدات، ئەو هاوسۆزییەی نابێت کە لە دونیادا هەیەتی، بەڵکو توانای بەرگەگرتن و مانەوەی لاواز دەبێت.

٢. تەبایی و سازانی ناوخۆی لە نێوان هێز و پارتەکانی هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان و ئاڕاستەکردنی یەک پرۆژەی سیاسی بە مەبەستی پاراستنی قەوارەی ڕێڤەبەری خۆسەری لە ڕۆژئاوای کوردستان، گرنگترین کارێکە کە ئەنجام بدرێت.

٣. بوونی ستراتیژێکی نەتەوەی کورد لە سەر ئاستی باڵا کە ڕەچاوی تایبەتمەندی هەر پارچەیەکی کوردستانی تێدا بکرێت، بەرژەوەندی باڵای نەتەوەی کورد و کوردستان بخرێتە سەرووی بەرژەوەندی

کەسـی و حیزبـی، ڕێگـە بگیرێـت لـە پەرتـەوازە بـوون و دابەشـبوونی هێـزە کوردییـەکان.

٤. نەهێشـتنی هەژمـوون و دەسـتێوەردانی پارتـە سیاسـیەکانی پارچەکانـی تـری کوردسـتان لـە پەیوەندییـە نێوخۆییەکانـی هێـزە سیاسـیەکانی هەرێمـی ڕۆژئـاوا و دابەشـکردنیان، بەڵکـو لـە جیاتـی ئەمـە هاوکاربـن لـە پێدانـی ڕۆڵ و هێنانـە پێشـەوەی پارتەکانـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان و بەرژەوەنـدی ڕۆژئـاوای کوردسـتان بخرێتـە پێـش هەمـوو پرسـێکەوە.

٥. دەبێت سیاسیەکان و هێزەکانی هەرێمی ڕۆژئاوا خوێندنەوەی ورد بۆ ئەو ڕووداو و بارودۆخانە بکەن کە دێنە پێش، بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکەن و خوێندنەوە بۆ بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێز بکەن کە لە سوریا بوونیان هەیە، هەروەها خۆیان بپارێزن لەوەی بە تەواوی بچنە نێو بەرە و بازنەی بەرژەوەندی لایەک لە دژی لایەکی دیکە، چونکە چوونە نێو بەرداشی نێو ئەم زلهێزانە دەرئەنجامەکەی هاڕینە.

٦. گرنگیـدان و پاراسـتنی بنەمـا جوگرافییـە سروشـتی و مرۆیـی و ئابورییەکانـی هەرێمەکـە.

٧. هـەوڵ بدرێـت نەتـەوە یەکگرتـووەکان ڕۆڵـی هەبێـت لـە پرسـی کـورد لـە سـوریا، لـە ڕێگـەی ئـەو بڕیارانـەی نەتـەوە یەکگرتووەکانـەوە دەریـدەکات لـە سـەر سـوریا و ڕووداوەکان، مافەکانـی کـوردی تێـدا جێگیربکرێـت و بـە ڕوونـی ئامـاژەی پێبکرێـت.

٨. کردنـەوەی نوێنەرایەتـی لـە چەنـد شـارێکی تـری گرنـگ لە سـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی لەوانـە واشـنتۆن و لەندەن.

# سەرچاوەکان

## یەکەم: سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:

### أ. پەرتووک

١. فـواد حەمـە خورشـید، نەخشـەی کوردسـتان لێکۆڵینەوەیـەک لـە جوگرافیـای سیاسـی، وەرگێرانی:سـوداد رەسـوڵ، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی کەمـال، سـلێمانی، (٢٠٢٠).

٢. مایـکڵ نـاس، ئانیـا فـلاخ، ئەرجـان ئاییۆخـا، شـۆڕش ی ڕۆژئـاوا، وەرگێرانی رەفعـەت مـورادی، چاپـی یەکـەم، چاپخانەی سـەردەم، (٢٠١٩)، سـلێمانی.

٣. حەسـەن ئەرفـەع، کـوردەکان لێکۆڵینەوەیەکـی مێـژووی و سیاسـی، وەرگێرانـی: سـەردار محمـد، چاپـی یەکـەم، دەزگا و چـاپ و پەخشـی سـەردەم، (٢٠٠١)، سـلێمانی.

٤. فەریـد ئەسەسـەرد، ئەتڵەسـی سیاسـی هەرێمـی کوردسـتان (١٩١٤-٢٠٠٥)، ئامادەکردنـی: سـەردار محمـد، سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیژی، (٢٠١٠)، سـلێمانی.

٥. شەمسـەدین سـامی، کـورد و کوردسـتان لـە یەکـەم ئەنسـکلۆپیدیایی تورکـی لـە مێـژوودا، وەرگێـران: ئەحمـەد تاقانـە، دەزگا و چاپـی ئـاراس، چاپـی دووەم، (٢٠١٠)، هەولێـر.

٦. میـر شـەڕەفخـان بدلیسـی، شـەڕەفنامـە، وەرگێـران: هـەژار، دەزگا و چاپـی ئـاراس، چاپـی سـێیەم، (٢٠٠٦)، هەولێـر.

٧. کریس کۆچێرا، مێژووی کورد لە سەدەی (١٩-٢٠) دا، وەرگێران: محمد ریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارون، (١٣٦٩)، تاران.

٨. سیسل جۆن ئیدمۆندۆس، کورد و تورک و عەرەب، وەرگێران: حامید گەوهەری، چاپخانەی ئاراس، چاپی دووەم، (٢٠٠٤)، هەولێر.

٩. سلێمان عەبدوڵا ئیسماعیل، تایبەتمەندییەکانی باران لە هەرێمی کوردستانی عێراق، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، (٢٠٠٦)، سلێمانی.

١٠.خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دۆزی کورد لە نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پێداچونەوەو ڕێخستنی: هیوا سادق سەلیم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، (٢٠١٣)، سلێمانی.

١١.عوسمان عەبدولڕەمان سمایل، کورد لە سوریا(١٩٢٠ – ١٩٤٦)، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، (٢٠٠١)، دهۆک.

١٢.حاجی عەفرینی، ئەوانی تر، عەفرین دەروازەی دەریای نێوەڕاست،چاپی یەکەم، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (٢٠٢١)، هەولێر.

١٣.سەرحەد ئێرکمێن، جۆن کەیڤس، جۆناتا سپایر، مێژووی پەیەدە، وەرگێرانی ماجید خەلیل، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، (٢٠١٧)، سلێمانی.

١٤.سفین جلال فتح اللە، بنچینە و بنەماکانی زانستی جوگرافیای سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، (٢٠١٤)، هەولێر.

١٥.عەبدوڵا غەفور، کوردستان دابەشی کارگێری تریتۆری (١٩٢٧ – ٢٠١٧)، چاپی سێیەم، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، (٢٠١٩).

١٦.عەبـدوڵا غەفـور، جوگرافیـای کوردسـتان، چاپـی چـوارەم، چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە، کوردسـتان، هەولێـر، (٢٠٠٥).

١٧.هـاورێ یاسـین محمدامیـن، دەروازەیـەک بـۆ جوگرافیـای سیاسـی و جیوپۆلەتیـک، چاپـی دووەم، ناوەنـدی غەزەلنـووس بـۆ چـاپ و بڵاوکردنـەوە، (٢٠١٥)، سـلێمانی.

١٨.هـاوڕێ یاسـین محمـد أمیـن، لێکۆڵینەوەیـەک لـە جوگرافیـای هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، چاپخانـەی کارۆ، چاپـی سـێیەم، (٢٠١٤)، سـلێمانی.

١٩.علـی أحمـد غانـم، جوگرافیـای ئاوهـەوا، وەرگێرانـی: گـۆران ڕەشـید، بڵاوکـراوەی پـڕۆژەی تیشـک، ژمـارە ٥٨، (٢٠٠٩).

٢٠.هـاوڕێ یاسـین محمـد أمیـن، جوگرافیـای دەرامەتـە سروشـتییەکان، چاپـی١، لـە بڵاوکراوەکانـی ناوەنـدی غەزەلنـووس، (٢٠١٥)، سـلێمانی.

٢١.سەرتیپ جەوهەر، خاکی ڕەش، چاپی یەکەم، (٢٠٢١).

٢٢.جـەزا تۆفیـق تالیـب، بایەخـی جیۆپۆلەتیکـی دانیشـتوانی هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، چاپـی یەکـەم، سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیژی کوردستان،(٢٠٠٥)،سـلێمانی.

٢٣.فاتیمـە قـادر مسـتەفا، دابەشـبوونی دانیشـتوانی شـاری هەولێـر، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ڕەنـج، سـلێمانی، (٢٠٠٨).

٢٤.هیـوا ئەمیـن شـوانی، جوگرافیـای دانیشـتوان، دەزگای لێکۆڵینـەوە و بڵاوکردنـەوەی موکریـان، چاپخانـەی موکریـان، هەولێـر، (٢٠٠٩).

٢٥.مصطفـی القمـش و ئەوانـی تـر، دەروازەیـەک بـۆ خزمەتگـوزاری کۆمەڵایەتـی، وەرگێرانی:عەبدوڵـڵا ئیسـماعیل حمـد و عبدالسـتار خـدر ئیبراهیـم، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی شـەهاب، هەولێـر.

٢٦.سـەردار عبدالرحـمان، بزاڤـی گەشـتوگوزار لـە هەرێمـی کوردسـتان، چاپـی یەکـەم، ناوەنـدی سـارا، سـلێمانی، (٢٠١٩).

٢٧.عەلـی شـەمدین، بزاوتـی کـوردی لە سـوریا و دیـاردەی ئینشـیقاق (١٩١٦ – ٢٠١٦)، وەرگێـڕان: شـاناز ڕەمـزی هیرانـی، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی حەمـدی، (٢٠١٨)، سـلێمانی.

٢٨.عەلـی حسـێن، تراژیدیـای کـورد لـە سـوریا، وەرگێڕانـی: سـەلام عەبدولکەریـم، چاپـی یەکـەم، (٢٠١٣)،سـلێمانی.

٢٩.علـی لبیـب، جوگرافیـای دانیشـتوان (جێگیـر و ناجێگیـر)، وەرگێرانـی: سـەعید بەشـیر خەرپانـی، چاپـی سـێیەم، کتێبخانـەی هـەژار موکریانـی، هەڵەبجـەی شـەهید، ٢٠١٦.

٣٠.ئەنـوەر محمـد فـەرەج، دەروازەیـەک بـۆ پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان، مەکتەبـی بیـرو هۆشـیاری (ی.ن.ک)، دەزگایـی چـاپ و پەخشـی حەمـدی، (٢٠٠٨)، سـلێمانی.

٣١.سەرتیپ جەوهەر، دیداری شام، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، (٢٠٢٠).

**ب.گۆڤارەکان:**


١. فـواد حەمـە خورشـید، جـەزا تۆفیـق طالـب، أصـل الکـرد، گۆڤـاری زانکـۆی سـلێمانی بەشـی B، ژمـارە (١٠)، لا-لا (١٤٧-١٦٠)، زانکـۆی سـلێمانی، (٢٠٠١)، سـلێمانی.

٢. سلێمان عەبدوڵا ئیسـماعیل، چەمـک و سـنووری هەرێمـی کوردسـتانی عێـراق، گۆڤـاری سـەنتەری برایەتـی، ژمـارە (١٤)، (١٩٩٩)، هەولێـر.

٣. ئـازاد نەقشـەبەندی، دەربـارەی دەستنیشـانکردنی سـنووری کوردسـتان، گۆڤـاری سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی، ژمـارە ٢، سـاڵی سـێیەم، لا-لا(٥ – ٢٥ )، (١٩٩٤)، سـلێمانی.

٤. مسـعود عبدالخالـق، سـایکس پیکـۆ و دیزاینـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت پـڕۆژەی کـوردی بـۆ چاکسـازیەکەی، گۆڤـاری زانکـۆی سـلێمانی بەشـی B زانسـتە مرۆڤایەتیـەکان، ژمـارە (٥٥)، لا-لا (٤٩٥-٥١٨)، زانکـۆی سـلێمانی، (٢٠١٨)، سـلێمانی.

٥. ئـارام عەلـی مسـتەفا، پەیماننامـە نێودەوڵەتییـەکان (کۆتایـی سـەدەی ١٩– چارەکـی یەکەمـی سـەدەی ٢٠) ڕۆڵ و هەڵوێسـتی کـورد و ڕوسـیا، گۆڤـاری زانکـۆی سـلێمانی بەشـی B زانسـتە مرۆڤایەتیـەکان، ژمـارە (٣٦)، لا-لا (٧-٣٢)، زانکـۆی سـلێمانی، (٢٠١٢)، سـلێمانی.

٦. فەریـد ئەسەسـەرد، پـڕۆژەی دەوڵەتـی کـوردی و سیسـتەمی نـوێ ی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، گۆڤـاری سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیژی، ژمـارە (١) سـاڵی چـوارەم، لا-لا (٣٦-٥٦)، (١٩٩٥)، سـلێمانی.

٧. ئـازاد نەقشـەبەندی، سـایکس پیکـۆ و کوردسـتان، گۆڤـاری سـەنتەری برایەتـی، ژمـارە (٧) سـاڵی دووەم، لا-لا (٢-٩)، (١٩٩٨)، هەولێـر.

٨. پشـکۆ حەمە تاهیـر عبدولڕەحمان، ڕەنگدانەوەی ڕێکەوتنامەی (سـایکس پیکـۆ- سـازانۆڤ ) لـە سـەر کوردسـتانی ژێر دەسـەڵاتی عوسـمانی ١٩١٦، گۆڤـاری زانکـۆی سـلێمانی بەشـی B زانسـتە مرۆڤایەتیەکان، ژمـارە (٥٥)، لا-لا (١٩٥-٢١٨)، زانکـۆی سـلێمانی، (٢٠١٨)، سـلێمانی.

٩. عومـەر هەمـزە سـاڵح، بایەخـی کوردسـتان لـە ڕووی جیۆپۆلەتیکـەوە، گۆڤـاری شرۆڤـە، ژمـارە (٢٠)، لا-لا (١٠٧-١٣٤)، (٢٠١٣)، هەولێـر.

١٠.خالیـــد مەحـــوی، ڕێککەوتننامـــەی ســـایکس بیکـــۆ هـــۆکاری لـــە دایکبوونـــی و ئـــاکام و ئەنجامـــی، گۆڤـــاری شرۆڤـــە، ژمـــارە ١٨، لا-لا(١١٧-١٢٤)، (٢٠١٣)، هەولێـــر .

١١.احمـد رفیـق کریـم، شـاد حەمیـد محمـد، گواسـتنەوە لـە بەندەکانـی ڕێکەوتنامـەی سـایکس _ پیکـۆ دا، گۆڤـاری زانکـۆی سلێمانی/بەشـی (B) زانسـتە مرۆڤایەتیـی – ژمـارە (٥٥)، (٢٠١٨).

١٢.خەلیـل ئیسـماعیل، دابەشـبوونی جوگرافی ئێزیدیەکان لـە عێراق، گۆڤاری سـەنتەری لێکۆڵینەوەی سـتراتیژی، ژمارە ٢، سـاڵی سێیەم (١٩٩٤) .

١٣.هـەژار هەمـزە سـەلیم، ئایینـدەی کوردسـتانی سـوریا لـە نێـوان ململانێی نێوخـۆی و هێـزە هەرێمـی و نێودەوڵەتییـەکان، گۆڤـاری ئایندەناسـی، سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی ئایندیـی، ژمـارە(٣)، هەرێمـی کوردسـتان، سـلێمانی، ئەیلولـی (٢٠٢٠).

١٤.سەنتەری ئەسباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە، ئایندەی پەیوەندییەکانی دوو ئەنجومەنە کوردیەکەی سوریا، وەرگێڕان: یاسین تەها محمد، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندیی، ژمارە(٣)، هەرێمی کوردستان، سلێمانی، ئەیلولی (٢٠٢٠).

١٥.شیڤان ئیبراهیم، هەرێمی کوردستان و قوڵایی ستراتیژی ڕۆژئاوایی کوردستان، وەرگیران: نەبەز ڕۆستەم، گۆڤاری شرۆڤە، ژمارە (٣١)، کوردستان/هەولێر، کانونی یەکەم (٢٠٢٠).

١٦.داستان جاسم، ئاڵنگارییەکانی بەردەم بایدن: ئۆتۆنۆمی کوردی و فراوانخوازی تورکیا، وەرگێران: پەرۆش محمد، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندیی، ژمارە(٩)، هەرێمی کوردستان، سلێمانی، ئەیلولی (٢٠٢١).

١٧.ژیلوان لەتیف یار ئەحمەد، بەڕێوەبردنی ڕووسیاییانەی قەیرانی سوریا و کاریگەری لە سەر ڕۆژئاوایی کوردستان، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندیی، ژمارە(٩)، هەرێمی کوردستان، سلێمانی، ئەیلولی (٢٠٢١).

١٨.زانا کەریم، ئایندەی بکەرە نادەوڵەتە چەکدارەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندیی، ژمارە (١٨) ساڵی چوارەم، هەرێمی کوردستان، سلێمانی، ئەیلولی (٢٠٢٣).

**ج. تێزی زانستی:**

١. ئەحمـەد ڕەفیـق کەریـم، ناوچـە دابڕاوەکانـی هەرێمـی کوردسـتان، ماسـتەرنامەی بڵاونەکـراوە، کۆلیـژی زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان، بەشـی جوگرافیـا، (٢٠٠٩)، زانکـۆی سـلێمانی.

٢. باسـم قاسـم سـلێمان گـۆران، شـیکردنەوەیەکی جوگرافـی بـۆ خزمەتگوزاریـە کۆمەڵایەتیـەکان لـە شـاری بـەردەڕەش، نامـەی ماسـتەر (بڵاونەکـراوە) زانکـۆی سـەڵاحەدین - هەولێـر، کۆلیـژی ئەدەبیـات، بەشـی جوگرافیـا، (٢٠٢٢).

٣. ئـاوات عەبدوڵـڵا عبدالقادر، سیاسـەتی حکومەتی سـوریا بەرامبەر پرسـی کـورد لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان (١٩٧٠-٢٠٠٤)، ماسـتەرنامەی بڵاونەکراوە، کۆلێـژی زانسـتە مرۆڤایەتیەکان، بەشـی مێـژوو، زانکۆی سـلێمانی، (٢٠٢٢).

٤. زمناکـۆ عثـمان صالـح، پەیوەندییـە هەرێمـی و نێودەوڵەتییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان، ماسـتەرنامەی بڵاونەکـراوە، کۆلیـژی زانسـتە مرۆڤایەتیـەکان، بەشـی جوگرافیـا، زانکـۆی سـلێمانی، (٢٠٢٣).

٥. پشـتیوان شـەفیق ئەحمـەد، شـیکردنەوە جوگرافـی بـۆ دابەشـبوونی دانیشـتوان لـە قـەزای ڕانییـە (١٩٥٧ – ٢٠٠٦)، نامـەی ماسـتەر، کۆلیـژی زانسـتە مرۆڤایەتیـەکان، بەشـی جوگرافیـا، زانکـۆی کۆیـە، (٢٠٠٩).

٦. کاوە رشـید کاکـی، قـەزای سـەید سـادق (توێژینەوەیـەک لـە جوگرافیـای دانیشـتوان)، ماسـتەرنامەی بڵاونەکـراوە، کۆلیـژی زانسـتە مرۆڤایەتیەکان، بەشـی جوگرافیـا، زانکـۆی سـلێمانی، (٢٠٢٢).

٧. سـیروان حسـێن ئیسـماعیل، شـیکردنەوەیەکی جوگرافـی بـۆ تایبەتمەندییەکانـی دانیشـتوان لـە قـەزای مەخمـور، ماسـتەرنامەی بڵاونەکـراوە،کۆلیـژی ئەدەبیـات،زانکـۆی سـەڵاحەدین،هەولێـر،(٢٠٠٨).

٨. سروشــت عثــمان ڕەشــید، شــیکردنەوەیەکی شــوێنی ئاســتەنگەکانی پەرەپێدانــی کشــتوکاڵێ لــە قــەزای شــەقڵاوە، نامــەی ماســتەر (بڵاونەکــراوە) زانکــۆی ســەڵاحەدین – هەولێــر، کۆلیــژی ئەدەبیــات، بەشــی جوگرافیــا، (٢٠٢٣).

٩. ئاودێـر لوقـمان ئەنـوە، قـەزای دەربەندیخـان (لێکۆڵینەوەیـەک لـە جوگرافیـای دانیشـتوان )، ماسـتەرنامەی بڵاونەکـراوە، کۆلیـژی زانسـتە مرۆڤایەتیـەکان، بەشـی جوگرافیـا، زانکـۆی سـلێمانی، (٢٠٢٢).

## د. چاپەمەنی ونوسراوە حکوییەکان:

١. الجمهوريـة العربيـة السـورية، رئاسـة مجلـس الـوزرء، المكتـب المركـزى للأحصـاء، دراسـة تحليليـة للمنشـأت الصناعيـة وفقـا لنتـأج تعـداد (٢٠٠٤).

٢. الجمهورية العربية السورية، رئاسة مجلس الوزرء، المكتب المركزى للأحصاء، الأحصاءات التجارية، بيانات خلاصة التجارة الخارجية (٢٠١٠–٢٠٢٠).

٣. الجمهوريـة العربيـة السـورية، رئاسـة مجلـس الـوزرء، المكتـب المركـزى للأحصـاء، الكتـاب الأحصـائي السـنوي (المجموعـة الأحصائيـة) لعـام (٢٠٢٢).

٤. الجمهوريـة العربيـة السـورية، رئاسـة مجلـس الـوزرء، المكتـب المركـزى للأحصـاء، الكتـاب الأحصـائي السـنوي، الدليـل السـياحي عـام (٢٠٢٢).

٥. الجمهوريـة العربيـة السـورية، رئاسـة مجلـس الـوزرء، المكتـب المركـزى للأحصـاء، الكتـاب الأحصـائي بيانـات الزراعيـة (٢٠١٠ - ٢٠١٩ ).

٦. الجمهوريـة العربيـة السـورية، رئاسـة مجلـس الـوزرء، المكتـب المركـزى للأحصـاء، المسـاحة و الانتـاج و الغلـة مـن (٢٠١٩)، قمـح، شـعير، عـدس.

٧. الجمهوريـة العربيـة السـورية، رئاسـة مجلـس الـوزرء، المكتـب المركـزى للأحصـاء، النتائـج الأجماليـة لتعـداد السـكان و المسـاكن لعـام (١٩٩٤ - ٢٠٠٤)، محافظـة (الحسـكة، حلـب، الرقـة، إدلـب).

## دووەم: سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:

### أ. الكتب:

١. عـلي جزيـري، الكـرد و كردسـتان (كردسـتان سـوريا أنموذجـا)، الطبعـة الأولـى، مطبعـة جامعـة صـلاح الديـن، (٢٠١٧)، أربيـل.

٢. خالـد عقـلان، هوشـنک أوسـى، الجـذور التاريخيـة للقضيـة الكرديـة، المعهـد المـصرى للدراسـات السياسـية و الاسـتراتيجية، (٢٠١٧)، اسـتانبول.

٣. سـلێمان عبداللـه اسـماعيل، السياسـة المائيـة لـدول حـوضي دجلـة والفـرات و انعكاسـاتها علـى القضيـة الكرديـة، الطبعـة الأولـى، مركـز كردسـتان للدراسـات الاسـتراتيجية، (٢٠٠٤)، السـلێمانية.

٤. هـاكان أوزأغلـو، أعيـان الكـرد والدولـة العثمانيـة، ترجمـة: خليـل علـى مـراد، الطبعـة الأولـى، مطبعـة جامعـة صـلاح الديـن، (٢٠١٦)، أربيـل.

٥. حسـن مجيـد الدجيلـى، ايـران و العـراق خـلال خمسـة قـرون، دار

الاضـواء للطباعـة والنـشر والتوزيـع، (١٩٩٩)، بيـروت.

٦. فـواد حمـه خورشـيد مصطفـى، القضيـة الكورديـة في المؤتمـرات الدوليـة، مطبعـة موكريـان، (٢٠٠١)، أربيـل.

٧. محمـد أميـن زكـى بـك، خلاصـة تاريـخ الكـرد و كردسـتان، ترجمـة: محمـد علـى عونـى، مطبعـة السـعادة، مكتبـة الجامعـة الأمريكيـة بالقاهيـرة، (١٩٣٦)، مـصر.

٨. عبدالرحمـن قاسـملو، كردسـتان و الكـرد دراسـة سياسـية و اقتصاديـة، ترجمـة: ثابـت منصـور، مطبعـة شـڤان، طبعـة الثانيـة، (٢٠٠٨)، سـليّمانية.

٩. محمـد جاسـم علـى شـعبان العانـى، الأقليـم و التخطيـط الأقليمـي، الطبعـة الأولـى، دار الصفـاء للنـشر و التوزيـع، (٢٠٠٦)، عـمان.

١٠. عـلي صالـح ميـراني، سياسـة التمييز القومـي و حملات التعريـب الحكومية في كوردسـتان – سـوريا، الطبعـة الأولـى مطبعة جامعة دهـوك، (٢٠١٠).

١١. إسـماعيل محمـد حصـاف، تأريـخ كردسـتان سـوريا المعـاصر (١٩١٦-١٩٤٦)، الجـزء الأول، الطبعـة الأولـى، مطبعـة جامعـة صـلاح الديـن، (٢٠١٧)، أربيـل.

١٢. محمـد محمـود إبراهيـم الديـب، الجغرافيـة السياسـية بالمنظـور المعاصر، مطبعـة محمـد عبدالكريـم، (٢٠٠٢)، قاهيرة.

١٣. محمـد محمـود إبراهيـم الديـب، الجغرافيـة السياسـية أسـس و تطبيقات، مطبعـة الانجلـو المصريـة، (١٩٩٠)، قاهيرة.

١٤. محمـد أزهـر السـماك، الجغرافيـة السياسـية الحديثـة، دار الكتـب

للطباعة والنشر، (١٩٩٣)، بدون مكان النشر.

١٥.على صالح ميرانى، الجزيرة العليا في ضوء كتابات الرحالة والوثائق، الطبعة الأولى، مطبعة جامعة صلاح الدين، (٢٠١٦)، أربيل.

١٦.مروان بركات، جبل الكرد – عفرين عبر العصور، الطبعة الثانية، شلير للطباعة والنشر، (٢٠١٩)، قامشلو.

١٧.جوردي تيجيل، كرد سوريا التاريخ و السياسة و المجتمع، ترجمة: محمد شمدين، الطبعة الأولى، دار الزمان، (٢٠٢١)، ديمشق.

١٨.جيرارد جاليانـد، شعب بدون وطن _ الكورد و كردستان، ترجمة: عبدالسلام النقشبندى، الطبعة الأولى، مطبعة اراس، أربيل.

١٩.هاريبت مونتغمري، كرد سوريا: وجود تعرض للإنكار، ترجمة: رضوان شيخو، الطبعة الأولى، مطبعة جامعة صلاح الدين،(٢٠٢٠)، أربيل.

٢٠.عادل عبدالسلام، جغرافية سورية الإقليمية، القسم الأول، جامعة ديمشق، كلية الأداب، مطبعة الروضة، (١٩٨١)، ديمشق.

٢١.أديب معوض، الأكراد في سوريا و لبنان – تأريخ، تقديم: فلك الدين كاكەيى، الطبعة الثانية، مطبعة أراس، (٢٠١٠)، أربيل.

٢٢.برهان نجم الدين شرفاني، كوردستان - سورية ضلال الأنتداب الفرنسى، الطبعة الأولى، دار الزمان، (٢٠٢١)، ديمشق.

٢٣.جزا توفيق طالب، المقومات الجيوبولتيكية للأمن القومي في إقليم كردستان، الطبعة الأولى، منشورات مركز كردستان للدراسات الأستراتيجية،(٢٠٠٥) السلێمانية.

٢٤.نافـع نـاصر القصـاب، محمد،صبـاح محمـود، عمـران عبدالجليـل، الجغرافيـة السياسـية، الجمهوريـة العراقيـة وزارة التعليـم العـالي والبحـث العلمـي، (بـدون سـنة طبـع)، بغـداد.

٢٥.نورالديـن زازا، (حياتـى الكرديـة أو صرخـة الشـعب الكـردى)، ترجمـة: رونـى محمـد دوملـى، دار أراس للطباعـة والنـشر، ط١، هوليـر، (٢٠٠١).

٢٦.قاسـم الدويـكات، الجغرافيـة السياسـية، طبعـة الأولـى، مركـز الكتـاب الأكاديمـى،(٢٠١١)، عـمان.

٢٧.محمـد ريـاض، الأحـوال العامـة في الجغرافيـة السياسـية والجيولوبولتيكيـة،ط١، دار النهضـة العربيـة، (١٩٩٧)، القاهيـرة.

٢٨.محمد حجازى، الجغرافية السياسية، ط١، دار السلام،(١٩٩٧)، القاهرة.

٢٩.ممـدوح طوبـال حمـو، البيئـة و الحـراج في منطقـة عفريـن – الكـرد، عفريـن، (٢٠١٥).

٣٠.أحمـد شريـف ماردينـى، محافظـة الحسـكة، دراسـة طبيعيـة، تاريخيـة، بشريـة، اقتصاديـة: تحـولات و افـاق مسـتقبلية، مطبعـة خالـد بـن وليـد، الطبعـة ١، (١٩٨٦)، ديمشـق.

٣١.أزاد محمـد أميـن، المقومـات الجغرافية الطبيعية لنشـوء و تطور السـياحة في المنطقـة الجبليـة في العـراق، مقدمة في الجغرافية السـياحية، (١٩٨٠).

٣٢.محمـد عبـدو علـى، جبـال الكـرد: المنطقـة عفريـن، الطبعـة الأولـى، (٢٠١٤)، عفريـن.

٣٣.جـواد مـلا، كوردسـتان والكـرد وطـن مـسروق و مغتصـب و مقسـم،

طبعـة ٣، (٢٠٠٨)، برليـن.

٣٤.على جزيرى، كردستان سوريا في المنظور الشوفينى، من مطبوعات الأكاديمية الكوردية، العدد (٥٠٤)، مطبعة جاميعة صلاحدين – أربيل (٢٠٢٢).

٣٥.عبدالصمـد داوود (بـرزان مجيـدو)، الحـزام العربـى في الجزيـرة سـوريا، لجنـة الأعـلام في الحـزب يكيتـى الكـردي في سـوريا، (٢٠١٥) قامشـلو.

٣٦.إسـماعيل محمـد حصـاف، تأريـخ كردسـتان سـوريا المعـاصر ١٩٦٣ – ١٩٧٥، الجـزء الثالـث، مطبعـة جامعـة صـلاح الديـن، (٢٠١٧)، أربيـل.

٣٧.محمـد طلـب هـلال، دراسـة عـن محافظـة الجزيـرة مـن نواحـي السياسـية – الأجتماعيـة – القوميـة، الطبعـة الأولـى، إشراف: رابطـة كاوه للثقافـة الكرديـة، مطبعـة الأتحـاد، (٢٠٠١)، برليـن، المانيـا.

٣٨.أزاد أحمـد علـى، الحـزام العربـى في الجزيـرة السـورية، مركـز روداو للدراسـات، (٢٠١٥) أربيـل.

٣٩.عبـد علـى حسـن الخفـاف و عبـد مغـور الريحانـى، جغرافيـة السـكان، مطبعـة جامعـة البـصرة، (١٩٨٣)، بـصرة.

٤٠.طـه حـمادي الحديثـي، جغرافيـة السـكان، طبعـة ٢، مطبعـة جامعـة الموصـل، (٢٠٠٠) الموصـل.

٤١.عبـاس فاضـل السـعدى، سـكان العـراق (دراسـة في أسسـه الديموغرافيـة الجغرافيـة )، الطبعـة١، الغفـران للخدمـات الطباعـة، (٢٠١٣) بغـداد .

٤٢.مظفـر نافـع السـائغ، تربيـة و ادارة ماشـية الحـم، الطبعـة الأولـى، دار الحكمـة، (١٩٩٢) البـصرة.

٤٣.رؤوف محمـد علـى، السـياحة في العـراق و دورهـا في التننيـة و الاعـمار، الطبعـة ٢، وزارة الثقافـة، (٢٠١٣)، بغـداد.

٤٤.محمـد جـمال بـاروت، التكويـن التأريخـي الحديـث للجزيـرة السـورية، المركـز العربـى للأبحـاث و دراسـة السياسـات، الطبعـة١، (٢٠١٣)، بيـروت.

٤٥.مهنـد الكاطـع، أكـراد سـورية (التأريـخ، الديموغرافيـة، السياسـة)، الطبعة الأولـى، دار القناديـل للنـشر والتوزيـع، (٢٠٢٠)، بغداد.

٤٦.جـوردي غورغـاس، الحركـة الكرديـة التركيـة في المنفـى، الطبعـة الأولـى، دار الفارابـى – أراس، (٢٠١٣)، بيـروت لبنـان.

٤٧.د. بلـه ج شـيرگوه، القضيـة الكرديـة، ماضـى الكـرد وحاضرهـم، (جمعيـة خويبـون الكرديـة الوطنيـة )، النـشرة الخامسـة – رابطـة كاوا للثقافـة الكرديـة، الطبعـة الأولـى، دار الكتـاب، (١٩٨٦)، بيـروت.

٤٨.إسـماعيل محمـد حصـاف، تأريـخ كردسـتان سـوريا المعـاصر ١٩١٦ – ١٩٤٦، الجـزء الأول، مطبعـة جامعـة صـلاح الديـن، (٢٠١٧)، أربيـل.

٤٩.محمـد عبـدو علـى، (جبـل الأكـراد – عفريـن)، دراسـة تاريخيـة و إجتماعيـة – توثيقيـة، طبعـة وزارة الثقافـة، (٢٠٠٩)، سـليّمانية .

٥٠.حسـين عمـر، (الكـرد في الأزمـة السـورية / فرصـة تاريخيـة و أداء مخيـب)، الطبعـة الأولـى، مركـز دراسـات روداو،(٢٠٢٢)، أربيـل، إقليـم كوردسـتان العـراق .

٥١.سـعد حقـى توفيـق، مبـادىء العلاقـات الدوليـة، الطبعـة الثالثـة، دار وائـل للنـشر، (٢٠٠٦)، ديمشـق.

**ب. المجلات الأكاديمية:**

١. غسان وليد الجوادى، اتفاقية سايكس بيكو السياق و التداعيات (١٩١٦ – ١٩٢٣) حول مستقبل كوردستان، مجلة زانكۆ سلێمانى، قسم B للدراسات الأنسانية، العدد (٥٥)، ص-ص (٧٣٥ – ٧٤٨)، (٢٠١٨)، سلێمانية.

٢. فـواد حمـه خورشـيد مصطفـى، جـزا توفيـق طالـب، سـايكس بيكـو الإعتبـارات الجيوبولتيكيـة و إنعكاسـاتها علـى مصيـر كوردسـتان، مجلـة زانكـۆ سـلێمانى، قسـم B للدراسـات الأنسـانية، العـدد (٥٥)، ص-ص (٥٣٩ – ٥٥٨)، (٢٠١٨)، سـلێمانية.

٣. محمـد عبـدو علـي، إمارة الاكراد المندية – الجنبلاطيـة في ولاية حلب (إمرة كلس)١٢٠٠م – ١٦٠٠م،مجلة الحوار، السنة ٢٥، العدد ٧٢،( ٢٠١٨).

٤. زهـراء عبـاس هنـدى، ظاهـر عبدالزهـرا الربيعـى، المـوارد المائيـة في الجمهوريـة العربيـة السـورية / الواقـع والمسـتقبل، مجلـة أبحـاث البـصرة ( العلـوم الأنسـانيّة ) المجلـد٣٨، العـدد١، السـنة(٢٠١٣).

٥. عمـر رسـول، الكـرد و الأعتقـال السـياسى فـى سـورية (١٩١٧ – ٢٠١٧)، مجلـة قلمـون، العـدد ٢، أب (٢٠١٧).

٦. خاليـد الـتركاوى، التجـارة الخاريجيـة للنظـام السـورى بعـد ٢٠١١، تقريـر تحليلـى، مركـز جسـور للدراسـات، (٢٠٢٢).

٧. حنـا عـزو بهنـان، قضيـة حـزب العـمال الكردسـتانى و إنعكسـات علـى العلاقـات العراقيـة – التركيـة ١٩٨٤ – ٢٠٠٧، مركـز الدراسـات الأقليميـة – جامعـة الموصـل، المجلـد٢، العـدد١٢، (٢٠٠٨).

٨. حامد محمد طه السـويداني، العلاقات التركية – السـورية (١٩٩٨ – ٢٠١١)، مجلة الدراسـات الأقليمية، جامعـة الموصل، مجلد(٩)، العدد (٢٧).

٩. هوشـنگ أوسـى، الحيـات المدنيـة و السياسـية الكورديـة في سـورية بيـن عامـي (١٨٩٨ – ٢٠١٧)، مجلـة قلمـون، العـدد(٢)، (٢٠١٧).

١٠.احمـد عبدالحـاظ فـواز، مسـتقبل أكـراد سـورية بيـن التحالفـات الإقليمية و التوازنـات الدوليـة، مركـز دراسـات الوحـدة العربيـة، مجلـة المسـتقبل العربـى، السـنة الأربعـون، العدد:السـبعون و الأربعمئـة، (٢٠١٨).

## ج. الرسائل و الأطاريح الجامعية:

١. عـلي صالـح ميـراني، الحركـة القوميـة الكورديـة في كوردسـتان – سـوريا (١٩٤٦ -١٩٧٠)، رسـالة ماجسـتير (غيـر منشـورة)، كليـة الاداب، جامعـة دهـوك، (٢٠٠٣).

٢. رؤوف راشـد خلـه، كينيـا دراسـة فى الجغرافية السياسـية، رسـالة ماجسـتير (غيـر منشـور)،معهد البحـوث و الدراسـات الأفريقيـة قسـم الجغرافيـة، جامعـة القاهيـرة، سـنة (٢٠٠٠).

٣. علاء جواد كاضم، تقيم جيوسياسي لمحاولة انفصال اقليم كردستان العراق، رسالة ماجستير (غير منشور)، كلية التربية، جامعة ميسان، (٢٠١٧).

٤. ايـاد جاسـم جبرالمـوالي، أقليـم تركسـتان الشرقيـة (سـيكيانج)، رسـالة ماجسـتير (غيـر منشـور)، كليـة التربيـة للعلـوم الأنسـانية، (٢٠٢٠).

٥. صالـح عبدالسـلام حسـين، مشـكيلات التنميـة الزراعـة و أفـاق تطويـر

القطاع الزراعى في محافظة الحسكة/سورية (٢٠١٠ - ٢٠١٩)، أطروحة دكتورا (غيرمنشور)، كلية الدراسات العليا، جامعة القران الكريم وتأصيل العلوم، (٢٠٢١).

٦. أحمد محمد سعيد، تقيم الموارد الطبيعية في حوض وادى ريان، رسالة ماجستير (غير منشورة)، الجاميعة الأردنية، كلية دراسات العليا، (٢٠٠٣).

٧. هيوا صادق سليم، التحليل الجغرافي لكفاءة التوزيع المكانى للخدمات التعليمية في مدينة أربيل، أطروحة دكتۆراه( غير منشورة)، جامعة صلاح الدين، كلية أداب، قسم الجغرافية، ٢٠١٢.

٨. صالح عبدالسلام حسين، مشكيلات التنمية الزراعة و أفاق تطوير القطاع الزراعى في محافظة الحسكة/سورية (٢٠١٠-٢٠١٩)، أطروحة دكتورا (غيرمنشور)، كلية الدراسات العليا، جامعة القران الكريم وتأصيل العلوم، (٢٠٢١).

٩. سميع جلاب منسي السهلانى، كفاءة التوزيع المكاني للخدمات المجتمعية (التعليمية، الصحية، الترفيهية)، في مدينة الشطرة، أطروحة دكتوراه، (غير منشور) جاميعة بصرة، كلية الأداب، قسم جغرافية، (٢٠١٢).

١٠. فلاح سمور جبور، الأستراتيجية الروسية إتجاه الشرق الأوسط في عهد بوتين (٢٠١٨ – ٢٠١٢)، رسالة ماجستير، مقدمة الى جامعة الشرق الأوسط، كلية العلوم و الأدب، قسم العلوم السياسية، الدوحة، (٢٠١٨).

١١. بن ملوكة ملكية، الأستراتيجية الروسية اتجاه أزمات الشرق الأوسط الأزمة السورية نموزجا، رسالة ماجستير، مقدمة الى جامعة زيان عاشور

جلفـة/ كليـة الحقـوق و العلـوم السياسـية، قسـم العلـوم السياسـة، (٢٠١٧).

## سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

1. Modern press, Elias, (1947), map of Kurdistan, Cairo.
2. Bruce Newbold, population geography published by Row man & Littlie, publishers printed in United States, (2010).
1. Linda bongers,behind the smoke screen the rise of Kurdish rojava from the Syrian ruins, masters theses for the master Islamic studies ,faculty of philosophy ,theology and religious studies at radboud university Nijmegen, (2017).

## چوارەم: پێگە ئەلیکترۆنییەکان:

١. سـيامند حاجـو، خريطـة فرنسـية تثبـت أن الكـورد يشـكلون الغالبيـة العظمـى مـن سـكان الجزيـرة قبـل ترسـيم الحـدود (٢٠٢٠).

https//:www.rudawarabia.net/arabic/opinion

٢. رضـوان باديـني، قـراءة في أطلـس الجغرافيـا البشريـة لشـمال سـوريا: التنـوع القومـي للسـكان (٢٠١١)

http//:sawtalkurd1.blogspot.com. 2012/

٣. الجمهوريـة العربيـة السـورية، وزارة الزراعـي، المجموعـة الأحصائيـة لعـام(٢٠٠٨ - ٢٠٢٠)

http//:moaar.gov.sy/category/statistical-group202-

4. https//:www.britannica.com/science/Calisols

5. https//:www.britannica.com/science/Fluvisol
6. https//:www.isric.org/explore/world-soil-distribution/leptosols
7. https//:www.britannica.com/science/Luvisols
8. https//:www.uidaho.edu/cals/soil-orders/vertisols
9. https//:www.greenarea.me/ar/71834/
10. https//:www.aawsat.com/home/article/915571/
11. https//:ahdictionary.com/word/search.html?q=petroleum
12. https//:www.bbc.com/arabic/middleeast46693867-
13. https//:www.trtarabi.com issues%/D8%A7%D984%%D986%%D9
14. https//:zaniary.com/blog621/e8ed16010a%/D8

١٥.المجردون و المحرمون من الجنسية – السورية منذ ١٩٦٢

https//:www.suwar-magazine.org/articles1700/
16. http//:www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis

١٧.المرسوم التشريعى لعام ٢٠١١ منح الجنسية السورية

http://parliament.gov.sy/arabic

١٨.تقرير حالة سكان سوريا (٢٠٢٣)

https//:www.syria.tv%/D8%B9%D8%AF%D8%AF

١٩.الطريق السريع (M٤) و أهمية الاستراتيجية فى الصراع السورى

https//:thelevantnews.com/article./

٢٠.مطار القامشلى الدولي

https//:www.marefa.org./

٢١.إبراهيم م.كابان، الأدارة الذاتية في شمال و شرق سوريا (روجأفا)، شبكة جيوستراتيجى للدراسات، (٢٠٢١)،

https//:www.geo-strategic.com/2021/02/blog-

٢٢.وحدة دراسات المشرق العربى، مستقبل الأدارة الذاتية الكردية في سورية في ظل المتغيرات الجديدة، مركز الأمارات للسياسات، (٢٠٢٢).

https//:epc.ae/ar/details/scenario/mustaqbal.

٢٣.چوونی پێشمەرگە بۆ ڕۆژئاوایی کوردستان

https//:www.kurdstan24.net/ckb/story

**پێنجەم: سەرچاوەی تر:**

١. ئاژانسی زانیاری وزە (eia)، سەرچاوەی سروشتی سوریا و ڕۆژئاوای کوردستان، وەرگێران: ئەنوەر کەریم بە دەستکاریەوە، ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، (٢٠١٩).

## پاشکۆی (١)

## ژمارە و جۆر و ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان (١٩٩٤ - ٢٠٢٣ )

| نشینگەی ئاوەدانی | ١٩٩٤ | | کۆی دانیشتوان | ٢٠٠٤ | | کۆی دانیشتوان | ڕێژەی گەشە | خەملاندنی دانیشتوان ٢٠٢٣ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | | نێر | مێ | | | |
| قامشلۆ | ١٧٩١٣٥ | ١٧٣٤٢٦ | ٣٥٢٥٦١ | ٢١٤٨٨٠ | ٢٠٨٤٨٨ | ٤٢٣٣٦٨ | ١,٨٥ | ٥٩٩٧٦٠ |
| دێرک/ المالكية | ٨٣٣٦٣ | ٨٢٨٠٢ | ١٦٦١٦٥ | ٩٥٠٩١ | ٩٤٥٤٣ | ١٨٩٦٣٤ | ١٣٣ | ٢٤٣٧٤٧ |
| حەسەکە | ١٤١٠٧٨ | ١٣٤١٧٢ | ٢٧٥٢٠ | ١٨٤٧٧٨ | ١٧٥٩٧٣ | ٣٦٠٧٥١ | ٢,٧٤ | ٦٠٢٩١٩ |
| سەرێ کانی | ٦٩٢٢٠ | ٦٨٤٤٣ | ١٣٧٦٦٣ | ٨٨٧٥٤ | ٨٨٣٩٦ | ١٧٧١٥٠ | ٢,٥٥ | ٢٨٥٨٣٧ |
| گرێ سپی | ٤٨٢٩١ | ٤٦٩٢٢ | ٩٥٢١٣ | ٦٤٩٤٢ | ٦٢٣٢٨ | ١٢٧٢٧٠ | ٢,٩٤ | ٢٢٠٧١٢ |
| کۆبانی | ٨١٦٢٣ | ٧٩٨٢٣ | ١٦١٤٤٦ | ٩٨٠٩٧ | ٩٤٤١٦ | ١٩٢٥١٣ | ١,٧٨ | ٢٦٠١٨٢ |
| جەرابلس | ٢٢٢٨٨ | ٢٢٤٧٣ | ٤٤٧٦١ | ٢٩٧١٧ | ٢٩١٧٢ | ٥٨٨٨٩ | ٢,٧٨ | ٩٩١٥١ |
| منبج | ٨٨٣٦٥ | ٨٤٦٧٨ | ١٧٣٠٤٣ | ١٢٨٨٠٣ | ١٢٢١٤١ | ٢٥٠٩٤٤ | ٣,٧٩ | ٥٠٨٧٨٢ |
| باب | ٩٥٧٧٢ | ٩٤٢٧٨ | ١٩٠٠٥٠ | ١٥٠١٦١ | ١٤٢٥٥٢ | ٢٩٢٧١٣ | ٤,٤١ | ٦٦٤٥٧٢ |
| ئەعزاز | ٩٦٤٥٦ | ٩٠٥٣٧ | ١٨٦٩٩٣ | ١٣٠٥٢٩ | ١٢١٢٤٠ | ٢٥١٧٦٩ | ٣,٠٢ | ٤٤٣١١٠ |
| چیای سمعان | ٢٥٩٤٣ | ٢٣٨٧٦ | ٤٩٨١٩ | ٣٥٤٨٠ | ٣٢٢٦٥ | ٦٧٧٤٥ | ٣,١٢ | ١٢١٤٤٩ |
| عەفرین | ٨١٩١٠ | ٨٠٧٢٠ | ١٦٢٦٣٠ | ٨٦٧١٦ | ٨٥٣٧٩ | ١٧٢٠٩٥ | ٠,٧٥ | ١٩٨٣٤٦ |
| حارم | ٧٨٣٨٠ | ٧٧٩٠٠ | ١٥٦٢٨٠ | ٩٠٤١٩ | ٨٥٠٦٣ | ١٧٥٤٨٢ | ١,١٧ | ٢١٨٨٨٥ |
| جسر الشغور | ٦٨٧٢٠ | ٦٧٣٩٠ | ١٣٦١١٠ | ٧٦٨٨٦ | ٧٣١٦٦ | ١٥٠٠٨٢ | ٠,٩٨ | ١٨٠٥٩٨ |
| کۆی هەرێم | ١١٦٠٥٤٤ | ١١٢٧٤٤٠ | ٢٢٨٧٩٨٤ | ١٤٧٥٢٥٣ | ١٤١٥١٢٢ | ٢٨٩٠٣٧٥ | ٢,٣٦ | ٤٥١٨١٦٦ |

**سەرچاوە:** کاری توێژەر پشت بەست بە: الجمهورية العربية السورية، رئاسة مجلس الوزرء، المكتب المركزى للأحصاء، النتائج الأجمالية لتعداد السكان و المساكن لعام (١٩٩٤ - ٢٠٠٤ )، محافظة (الحسكة، حلب، الرقة،إدلب)

## ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.